هەڵبژاردەیەك لە :

# ئاغا و شێخ و دەوڵەت

دەربارەی نەریتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان

نووسینی : م . م . **فان بروونەسن**

وەرگێڕ : **شێرکۆ هەژار**

- بەرگی دووەم -

٢٠٠٩/٢٦٢١

ئەسڵ :

M. M. van Bruinessen.
Agha, Shaikh and State.
On the social and political organization of Kurdistan. (diss.)
1978 Rijswijk.

( ناوی نووسەر بە ئەم نووسینە بە " فان برۆنسن" و " فان برۆنێسن"یش هاتووە ) .

---

پەراوێزی نووسەر خراوەتە داوێنی لاپەڕە و پەراوێزی وەرگێڕ بە ژمارە و دوای باسی نووسەر دێ .

## ناوەرۆك


لە فەسڵی چوارەم : شێخ : سۆفی و ئەولیا و سیاسی ١١-١٤٣

١ - رێ خۆش‌کردنێکی باسی ئەم فەسڵە ١٣-٢٤

تەجەسسومی‌خودا ١٤-١٥ ؛ پێغەمبەر ١٥-١٦ ؛ غەوس/ قوتب ١٦-١٧ ؛

مەهدی ١٨-١٩؛ سەید ١٩-٢٢؛ وەزیفەکانی‌دامودەزگایی ئاین ٢٢-٢٣؛

مەلا ٢٣ ؛ شێخ ٢٣-٢٤؛

٢ - تەریقەتی دەروێشی و سۆفیایەتی ٢٥-٢٨

٣ - تەریقەتی دەروێشی و سۆفیایەتی : سۆفیایەتیی بە برەو و بە نەزم ٢٩-٣٥

تەریقەت و سیلسیلە ٢٩-٣٠؛ مورشید ،مرید ،تایفە ٣٠-٣١؛ خەلیفە ٣١؛

لێکدانەوەیەکی تری مانای سیلسیلە ٣١؛ کەرامات ٣٢-٣٣؛

جیاوازی و یەکبوونی تەریقەتەکان ٣٤-٣٥؛

٤ - مێژووی تەریقەتی قادری بەغوونە ٣٦-٤٠

٥ - ئەولیای تری کوردستان ٤١-٤٢

٦ - شێخانی قادری لە کوردستان ٤٣-٤٧

راپەرینەکانی شێخ مەحموود ٤٤-٤٦؛ شێخانی تاڵەبانی ٤٦-٤٧؛

٧ - تەریقەت و نەزمی نەقشبەندی ٤٨-٥١

٨ - بۆچی تەریقەتی نەقشبەندی وا بەخێرایی بڵاوبووەوە ٥٢-٦٤

ئا- رەوشتی بابەتی تەریقەتی نەقشبەندی ٥٢-٥٥؛

ب - گۆڕانی کۆمەڵایەتی- سیاسیی لە کوردستاندا (زووی سەدەی ١٩)٥٥-٦٣؛

٩ - شەعایری تەریقەتی قادری ٦٥-٧٧

١٠- شەعایری نەقشبەندی ٧٨-٨٥

حاڵ‌گرتن لە شەعایری نەقشبەندیدا ٨٠-٨٣ ؛

نەسڵ و بیدعەت ٨٣-٨٥؛

١١- شێخ و خەلیفە؛ نێوان لەگەڵ شێخانی تردا ٨٦-٨٧

١٢- شێخ و تابیعانی ٨٨-٩٠

١٣- دەسەڵاتی ئابووریی شێخان ٩١-٩٢

١٤- دوو شێخ : شێخ عوسمانی دوڕوو و شێخ سەییدایێ جەزیرە ٩٣-١٠١

شێخ عوسمان ٩٣-٩٨ ؛

شێخ سەییدا ٩٨-١٠١ ؛

١٥- مەهدیەت ١٠٢-١٠٨

( راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٠٣-١٠٤)

١٦- لێکەوتنی دەسەڵاتی شێخان ١٠٩-١١٤

١٧- ژیانەوەی ئیسلامی : نوورجوولووك ١١٥-١١٧

پەراوێزی وەرگێڕ ١١٨-١٢٠

پاشکۆ : ١٢١-١٤٣

جەدوەلی ژمارە ١( لقی داری نەژادی ماڵی بەرزنجیی کە لەم نووسینەدا

ئاماژەیان پێکراوە) و تێبینی ١٢٣-١٢٧؛

جەدوەلی ژمارە ٢( ساداتی نەهری و شێخانی بارزان) و تێبینی ١٢٨- ١٣٤؛

جەدوەلی ژمارە٣ ( شێخانی بیارە/ تەوێڵە و شێخانی پالوو) و تێبینی ١٣٥-١٣٧؛

جەدوەلی ژمارە ٤( ماڵە نەقشبەندیی تری گرنگ) و تێبینی ١٣٨-١٣٩؛

جەدوەلی ژمارە٥( شێخانێکی تری نەقشبەندیی دەستڕۆیشتوو) و تێبینی ١٤٠-١٤٣؛

فهرستی ناو ١٤٤-١٥٢

لە سەرچاوەکانی نووسەر ١٥٣

( وەرگێڕاوی حەرفیی دەقی تەواوی) **فەسڵی پێنجەم : ڕاپەڕینی شێخ سەعید ١٥٥-٢٣٤**


١- سەرەتایەك ١٥٧-١٦١

تێبینییەك دەربارەی سەرچاوەکانی ئەم فەسڵە ١٥٧-١٦١

٢- مێژووی هۆشی نەتەوایەتیی کورد ١٦٢-١٦٨

دەورانی نەتەوایەتی ١٦٣-١٦٥؛

کورد : نەتەوەیەك ؟ ١٦٥-١٦٧؛

شەپۆلە نەتەوایەتیەکان لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا١٦٧-١٦٨؛

٣- کۆتایی ئیمپراتۆریی عوسمانی و لەدایك بوونی کۆماری تورکیا ١٦٩-١٧٧

کوشتاری ئەرمەنیان و هاتنی لەشکری رووس ١٦٩-١٧٠؛

ئاگربەس و دابەشکردنی ئیمپراتۆری ١٧٠-١٧١؛

شەڕی ئیستیقلالی تورك ١٧١-١٧٥؛

کۆماری تورکیا ١٧٥-١٧٦؛

مەسەلەی مووسڵ ١٧٦-١٧٧؛

٤- یەکەم ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد ١٧٨-١٩٦

ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی دوای شەڕو کەمالیەکان ١٨٥-١٩٦؛

ئازادی ١٩٢-١٩٦؛

٥- ڕاپەڕینی شێخ سەعید ١٩٧-٢١٧

هۆکاری ئاینی ١٩٧-١٩٩؛

لێتۆژینێکی ئەو سەردەمەی وەزعی ساڵی١٩٢٤ ١٩٩-٢٠١؛

هەڵگەڕانەوەی ئیحسان نووری لە لەشکر و ڕاکردنی ٢٠١-٢٠٢؛

نەخشەی نوێ بۆ ڕاپەڕینەکە ٢٠٣-٢٠٦؛

هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکە ٢٠٦-٢١١؛

لەناوبردنی ڕاپەڕینەکە ٢١١-٢١٧؛

٦- پشتگیریی دەرەوەو ناوەوە لە راپەڕینەکە ٢٢١-٢١٨

یارمەتیی ئینگلیس؟ ٢١٩-٢١٨؛

چەك ٢٢٠؛

ئۆپۆزیسیۆنی تورك ٢٢٠-٢٢١؛

٧- بەشداریی کوردان ٢٢٧-٢٢٢

کوردی ناعەشیرەت ٢٢٥؛

ئەعیانی شارستان ٢٢٧-٢٢٦؛

چینی خوارووی شارستان ٢٢٧؛

٨- تەریقەتی نەقشبەندی و راپەڕینەکە ٢٣١-٢٢٨

٩- سیفەتی ئاینی بەرامبەر نەتەوایەتیی راپەڕینەکە ٢٣٤-٢٣٢

پەراوێزی وەرگێڕ ٢٣٥

فهرستی ناو ٢٤٣-٢٣٦

سەرچاوەکانی ئەم فەسڵەی نووسەر ٢٤٤

(سەرچاوەی تری نووسەر) ٢٤٦-٢٤٥


نـەخشە :


مەرکەزە گرنگەکانی ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندی ٤٩

ناوچەی کە راپەڕینی شێخ سەعید گرتیەوە ٢٠٧

ناوچەکانی راپەڕین لە کۆتایی مارتدا(١٩٢٥) ٢٠٩


شـکڵ :


پێکهاتن و شکڵی پەرەسەندنی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لە کوردستان ٥٣

وێـــــه :　　　　　« له فسڵی چوارەم »


| | |
|---|---|
| چاکێك له شوێنێکی ناوەندی کوردستان | ٣٣ |
| وێنەی گۆڕی مەلاوناخالیدلە نزیکەوەو دیمەنی لەدەرەوەوە - لە دیمەشق | ٥٠ |
| مەجلیسی قادری - خانەقای غەوساباد لە مهاباد | ٦٧ |
| دەروێشی قادری به شیر خۆی دەبڕێ | ٦٩و٧٠ |
| دەروێشی قادری لە زیکردا حاڵیان گرتووە - خانەقای شێخ عوبەید لە عاموودێ،سووریا | ٧٦ |
| دەروێشی قادری شووشەخواردن پیشان دەدەن - عاموودێ | ٧٧ |
| مریدێکی نەقشبەندیی بەرگی سۆفی دەبەردا | ٧٩ |
| خانەقاو میوانخانەی شێخ عوسمان لە دوڕوو | ٩٥ |
| شێخ سەییدا | ٩٩ |
| شێخ زیادین ، حەزرەتێ نوورشین | ١٤٢ |


« راپەڕینی شێخ سەعید »


| | |
|---|---|
| شێخ سەعید | ١٥٥ |
| مەلاحەسەن هشیار | ١٥٩ |
| سەیدعەبدولقادر | ١٧٩ |
| خالیدبەگ (جبران) | ١٨٣ |
| کاریکاتۆری رۆژنامەی تورکی ( جمهوریەت) دەربارەی راپەڕینەکە | ٢١٤- ٢١٦، ٢١٩ |

له

# فەسڵی چوارەم

## شێخ :

## سۆفی و ئەولیاو سیاسی

## ١- ڕێ خۆش کردنێکی باسی ئەم فەسڵە

پێشتر ( بەتایبەتی لە فەسلی دووەم-٥ دا) باسی عەشیرەتمان کرد ، گوتمان ئەوانەی بیانەوێ لە قەڵەمڕەویی عەشیرەتی خۆیاندا بە مەرکەزو دەسەڵات بگەن، بەدەگمەن وادەبێ حیساب هەر بۆ تواناو لێهاتوویی خۆیان بکەن . ئەوانە نەك هەرئەوە کە زۆریان دەستەیەك پیاو( واتا تاقمێك پیاوکوژی دڕ) بۆ ئەوە بەکاردێنن کە ڕێزو دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن، ئەگەر بە باشی بزانن خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتخوازانی تری بەکێشەوهەراشدا ڕێك- دەخەن،بەڵکو ئەگەر هەر شوێنێکی دەرەوەش بە سەرچاوەیەکی دەسەڵات پێکەوەنان تێبگەن و بزانن دەتوانن بۆ خۆیانی بەکاربێنن دەکەونە سەری و بەکاری دێنن . وەنەبێ ئەمە هەرلە کوردەواریدا وابێ، ئەمەش یەکێکە لەو چەند شتانەی کە ڕەنگە لە هەموو کۆمەڵگایەکی عەشیرەتیدا هەبن . وەنەبێ ئەو سەرچاوانەی دەرەوەش کە بۆ دەسەڵات پێکەوەنان بەکاردێن لە کۆمەڵگایەکەوە تا بە یەکی تر دەگا زۆر جیاواز بن، دەکرێ هەموویان بە گشتی لە ژێر دوو ناودا کۆبکەینەوە: خودا و دەوڵەت*. ڕاستی، بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کسانێك لەکۆمەڵگای خۆیاندا بەرزببنەوە بەبێ ئەوەی یەکێك لەو دووسەرچاوانەی دەرەوە بۆ دەسەڵات وێكخنان بقۆزنەوە . گەورەترین ڕابەری کوردی ئەم سەدەیە مەلامستەفای بـارزانی کەڵکی فراوانی لە هەردووکیان وەرگرت و، دەکرێ هەمان شت - بە ڕادەیەکی تۆزێك کەمتر- دەربارەی ڕەقیبە سەرەکیەکەی جەلال تاڵەبانی‌یش بگوترێ(١) . لە فەسلی پێشوودا باسی سیاسەتی عەشـیرەت و دەوڵـەتانی دەوروبەر کرا، لەم فەسڵەدا باسی ئەو بەشەی ژیانی ئاینی دەکەین کە گەورەترین دەور لە سیاسەتدا دەبینێ . وێكخنانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لە ڕێی خۆگرێ دان بە خوداوە چەندین ڕێی هەیە . لە کوردستاندا، شێخ لەوەدا ئەوپەڕی سەرکەوتوون . ئەم فەسڵە،کەواتە، پێش هەموو شتێ، بۆ باسی ئەو ئـەولیا ( پیر ) و ڕابەرە ئاینیە بەبرەوانە و ئەو تەریقەتانەی دەروێشیە کە ئەهلەکەیان نەزمێك گرتوونیەوە . بـەڵام با جارێ قسەیەك دەربارەی چەند شتێکی ئیسلامەتی لەو ڕووەوە( پێوەندی بە خوداوە ) بکەین .

---

* دیارە من یەکەم کەسێك نیم کە بڵێ تاك لە ڕێی ئەو دووانەوە دەسەڵات بەسەر تاکی تردا پەیدا دەکا ، ئانارشیستی گەورە باکونین خوداو دەوڵەت بە دوو دوژمنی سەرەکیی تاکی ئازادو، بە کۆسپی گەورەی ڕێی کۆمەڵگای یەکسانی بێ چەوسانەوە دادەنێ .

## تەجەسسومی خودا

دیارە، ڕێگای هەرە ڕاستەوخۆی دەسەڵات وێکخان لە خوداوە ئەوەیە پیاو بڵێ : من خـوّم خـودام . بەڵام ئەمە مەسەلەیەکە،بەهەرحاڵ زۆر خەتەرە، تەنانەت ئەو سۆفیانەش کەگەیشتوونەتە پلەی سنوورنەمان لەنێوان خۆیان و خودادا، وەك چارەنووسی"مەنسووری حەللاج"*ی بەناوبانگ پیشانی دا، وا ژیرانەترە ئەو قسەیە بە دەنگی بەرز نـەکەن . مسوڵمانی ئەسڵ، پێوەندیی وا ڕاستەوخۆ بە خوداوە بە شیرك ( شِرك، شەریك دانان بۆ خودا) دادەنێن کە گەورەترین گوناهە . لەبەرئەوە قەت سوننیەك نەبووە شتی وا بڵێ**، بـەڵام شێخە سەفەویەکانی ئەهلی بیدعەت جونەیدو ئیسماعیل (ی کە بوو بە شای ئێران)، بەهەرحاڵ، ڕێك ئەو شتەیان گوت و زۆریشی تێدا سەرکەوتن ( بڕوانە بەرگی یەکەم لاپەڕە ١٤٥-١٤٦) . لە مەزهەبە بیدعەتیەکانی ئەمڕۆ،Ahl-e Haqq ئەهلی حەق دەڵێن خودا و چەندین تەجەللی لە تەجەللیەکانی چەندجار شکڵی مرۆڤی وەخۆ گرتووە و لەوانەیە هـەر بۆ سەردەمێکیش چوونە قالبی لەشی مرۆڤێکی زیندوو بەکاربێنێ .

چەندین ڕابەری گەورەی ئاینی- سیاسیی ئەم مەزهەبە بەوە بەناوبانگ بوون کە " پەرێشـکێکی خودایی"یان هەبووە . لەوانەیە سەید بەراکە Seyyid Berake ( کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لە " تووت شامی " لە ڕۆژئاوای کرماشان ژیاوە) نموونەی هەرە پڕنیازو سەرکەوتووی ئەم ڕۆژگارانەی دوایی بێ . واباوە کە خودا

---

* حوسەین ئیبن مەنسوور ئەل حەللاج، کە دەیگوت " أنا الحق" ( واتا من حەقم، مەبەست : من خودام)، ساڵی ٩٢٢ لە بەغدا لەخاچ دراوە(!) . هەندێ شێخی قادری ( بەساختە) دەیخەنە سیلسیلە (ی ڕووحی)یانەوە . من لە سنە شیعری ئاینییشم دەربارەی حەللاج لە دەروێشان بیست و ،کەسانێکی نەخوێندەوار زۆر چاك مانای " أنا الحق" یان بۆ شی کردەوە . بەڵام دیساهەر، ئەوەی بەتەواوی لایەنگری حەللاج بێ هەر بە ئەهلی کفر دادەنرێ و خۆی لێ بە دوور دەگیرێ .

** کارمەندانی ئینگلیس نووسیویانە گوایا، یەکێك لە مریدەکانی شێخ ئەحمەدی بـارزانی ( برای ڕابەری نەتەوەیی مەلا مستەفا) ساڵی١٩٢٧ شێخ ئەحمەدی بەتەجەسسومی خودا داناوە . بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو مریدە زۆری دوای ئەوە پێ نەچووە کە مردووەو قسەکەی لەبیر خەڵك چووەتەوە ( بڕ- Trimingham تریمینگهەم (١٩٧١) : ٢٥؛ لۆنگریك (١٩٥٣) : ١٩٤) .

چەند جار لەودا تەجەللیی کردووە، دەورێکی سیاسیی لەبەرچاوی لە ناوچەکەدا دیوە و تەنانەت توانیویەتی تەواوی فەلسەفەی نەزمی ئەهلی حەقگەری بە بارێکدا بخا کە وەبەر ئارەزووی سیاسیی خۆی بکەوێ*. سەید نەسرەدین ی تۆرەمەی ئەو، کە شەرەفی ئەوەم پێبڕا میوانی بم، باسی هیچ ئیلاهیەتێك بۆخۆی ناکا، ئەسڵەن لە لاف بەدوورترین و سادەترین کەسێکە، بەڵام هەموو تابیعەکانی پڕیشکێکی خودایی تێدا بەدی دەکەن ( کە وادیارە باوکی - کە هێشتا ماوە - نیەتی !)، و هەرکاتێ وەخۆی بگرێ لەوانەیە بە موتڵەقی ملکەچی ببن .

## پێغەمبەر

لە یەزدانیەت سەلامەتتر ئەوەیە پیاو باسی ئەوە بکا کە وەحیی لە یەزدانەوە وەرگرتووە . مسوڵمانی ئەسڵ ، محەمەد بە دوا ڕەسووڵ Rasul ( پەیامبەر) دادەنێن، واتا دوا مرۆڤێکە کە خودا کتێبی بۆ بنێرێ . کەواتە، خۆ بە پێغەمبەر دانان لاریکردنە لە ئیسلامەتی ئەسڵ . چەند مەزهەبێکی زۆرکەم، بەهەرحاڵ، ئەو مەرکەزە بۆ دامەزرێنەریان یا بۆ ڕابەرێکی تر قایل بوون، بەڵام ئیتر ئەوەبوو ڕابەرانی بە شەخسیەت و وەحی( یا کە وادەبوو دوایی وەحیان بۆ بهاتایە) ی بزووتنەوەی پێغەمبەرایەتی، زۆرتر خۆیان لە ناوی ڕەسووڵ دەبوارد و ناوێکی تریان لە فەرهەنگی وشەی زۆرو زەوەندی باتینیەتی ئیسلام بۆ خۆ هەڵدەبژارد( یا دەیاندرایێ) : ئیمام، قوتب، غەوس، باب، مەهدی و ...ئیدیی لەم بابەتە . من ئاگاداری چەند بزووتنەوەیەکم لە کوردستاندا کە بەتەواوی پێغەمبەرێتی یا مەهدێتیین، بەڵام زۆر بزووتنەوەی سیاسیش هەبوون کە بەئاشکرا "بۆن و بەرامەیەکی پێغەمبەرێتی"یان هەبووە . ئەوە بە ڕێکەوت نیە کە زۆربەی ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی کورد لەلایەن شێخانەوە ڕابەری کراون، کە لە هەرە پەیڕەوانی شێوە کۆنە ئەسڵەکەی ئاینیش نەبوون .

---

* " ئەهلی حەق "ی داڵەهوو Dalehû ئێستا دوو دەستەن : دەستەی بابایادگار و دەستەی ئیبراهیم ( کە تەجەسسومی فەیزی ئیلاهی بوون) . بابایادگاریەکان دەڵێن ئیبراهیم مرۆڤێکی ئاسایی بووەو تەنانەت بە کوشتنی یادگاریشی تاوانبار دەکەن ( لە ڕاستیدا، وەلیەکی تر بە ناوی " عەلی قەڵەندەر" ی کە بە تەجەسسومی بابایادگار ناسراوە، لە هەلومەرجێکی ناڕووندا کوژراوە ) . ئیبراهیمیەکان شتی وا بە یادگار ناڵێن . هەندێ زانای گەورەی ئیبراهیمیەکان پێیان گوتم کە چیرۆکەکە لە ئەساسەوە دەستکردی سەیدبەراکە بووە، کە هەوڵی داوە ( و سەریش کەوتووە) ڕەقیبانی سیاسیی (ئیبراهیمی) پێ بێ هێز بکا .

ئەوە بۆخۆی شتێکە ،کە ساڵی ١٩٧٥، لە کاتی گەورەترین شەڕی نەتەوایەتیدا کە قەت بوویێ، لە زۆرکەسم دەبیست گاڵتەیان بە ئاینی تەقلیدی دەکردو دەیانگوت : ئاینی من کوردستانە، پێغەمبەری من بارزانی‌یە . کە باس هاتە سەر ئێرە، ئەوەش بڵێین هەرچەندە بارزانی خۆی شێخ نیە، بەڵام لە تۆرەمەی بنەماڵەیەکی بەناوبانگی شێخانە .

## غەوس / قوتب

نەزمێکی پڕکاری بیری سۆفیایەتی، زوو لە مێژووی ئیسلامدا پەرەی سەند ، کە باسی پەیژەیەکی مەرتەبەی رووحیی تێدا بوو ، لەسەر ئەساسی ئەو بیرە بوو کە دوای ئەوەی دەرگای پێغەمبەرایەتی داخرا ، ئیتر " ئەولیا " بوون کە ئەرکی کەوتنە نێوان خودا و خەڵکیان بە ئەنجام دەگەیاند . لەوانەیە یەکەم داڕشتنی ئەو بیرە ئەوەی تیرمیدی " التِّرمِذِي at-Tirmidhi " بێ ( دوایی سەدەی نۆ- سەرەتای سەدەی دەی زاینی ، بڕ- Schimmel شیمل : ٥٦-٥٧) . ئەولیا هەمیشە بە رووح کۆ دەبنەوە و کاروباری دنیا هەڵدەسووڕێنن ( لەوانەیە بە هەزاران میل لێك دوور بن و قەت بە لەش یەکتر نەبینن) . بە پلەی سەرووی ئەو پەیژەی مەرتەبەی رووحیە دەگوترێ : قوتب qutb ( نوختەی ئەوپەڕ، تەوەرە) یا غـەوس " غَـوث Ghawth " ( هیمداد، یارمەتیدەر ) . هەر زەمانە غەوسی خۆی هەیە، کە زۆرتر هەر وایە کە نـاناسرێ . وەلیەکی گەورە " عەبدول قادری گـەیلانی Gilani " کە تەریقەتی قادری بە ناوی ئەوەوە ناسراوە، بەگشتی دوای مردنی بە غەوسی زەمانی خۆی قەبووڵ کراوە . چەندین شێخی کوردی سەردەمانی دوایی، ناویان لە سنوورێکی تەسکتردا بە غەوس رۆیشتووە* . غەوس یا

---

* شێخ عەبدوسسەلامی یەکەمی بارزان ناوی غەوسی لە خۆ ناوە . ئێستاش‌هەر بەگشتی بە شێخ سبغەتوڵڵای خیزان Sibğetullah دەگوترێ" غەوسی خیزان " . جاری دووەم کە لە دوڕوو بووم، هەندێ نەقشبەندیی لوبنانم لەوێ دیتن،لای من ئەوەیان درکاند کە قەناعەتیان بەوە هەبوو شێخ عوسمانی دوڕوو غەوسی ئەم سەردەمە بوو . جارێکیان لە ماڵی ئاغایەکی کوردی جەزیرەی سووریادا ، لەگەڵ کوڕی ئاغادا زۆر سەرگەرمی باسی غەوس و مانای غەوس بووین، ئاغا - کە زۆری لە باسی ئەکادیمیانەی ئێمە بیست - هەڵیدایە گوتی : " غەوس، غەوس ... ئێوە باسی غەوس دەکەن و ناشزانن غەوس چیە، با من پێتان بڵێم چۆن غەوس دەناسرێتەوە، غەوس ئەوەیە بە بەر باراندا بڕوا و تەڕ نەبێ، شێخی من براهیم حەقی غەوس بوو ، زۆر جاران دیتوومە چۆن لە بارانی ←

قوتب، ڕێك لە دوای محەممەدی پێغەمبەر شەفیعی هەرە گەورەیە لەگەڵ خودادا . ناوی قوتب لە سەردەمانی دواییدا نرخی کەم بووەتەوە، بەگشتی بە گەورە رابەری هەر تەریقەتێکی سۆفیایەتی دەڵێن قوتب، کە وای لێ هاتووە چەندین ئەقتاب aqtab ( زۆری قوتب ) لەم سەردەمەی ئێمەدا هەن . ناوی غەوس‌یش بە هەمان دەرد چووە، بەوە کە چەندین شێخ ( یا تابیعانیان) وێکڕا لە یەك زەماندا باسی غەوسێتیی خۆیان دەکەن، ئەویش هەندێك لە شکۆ و هەیبەتی داشکاوە .

لە خوار پلەی غەوسەوە، پێنج پلەی پیرۆزی هەن، کە ئەل هوجەیری ( ناوەندی سەدەی یازدەی زاینی) بەم جۆرە - لە سەرەوە بۆ خوارەوە - یان ریز دەکا :

٣ نوقەبا ( سەرپەرشتان، سەرکاران)

٤ ئەوتاد ( پشتیوانان)

٧ ئەبرار ( چاکەکاران، لەخواترسان)

٤٠ ئەبدال ( بریکاران، جێگرەوان)

٣٠٠ ئەخیار ( چاکان)

(نیکڵسن Nicholson ١٩٦٣ : ١٢٤)

وەك لە تێبینی‌یەکانی لووسی‌گارنێت Lucy Garnett دەردەکەوێ روونـە، ئـەم بیرەی پەیژەی مەرتەبەی ئەولیایە، لە پێنانە سەدەی بیستەمیشدا لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا هەر هـەبووە* . ئـەهلی ئاین بە گشتی قەناعەتیان بەوە هەیە کە وەلی ( یا زۆرتر وایە دەڵێن " ئەولیا"**) هەن، کە واسیتەی نێوان خوداو خەڵکن و، بەوەش کە هەندێك وەلی لە هەندێك وەلیی تر پیرۆزترن، بـەڵام ئەو مەسـەلەیە هەموو زۆر بـە موبهەمیە . " وەلی" مەرج نیە " شێخ " بێ، هەموو شێخێکیش وەلی نیە، بـەڵام مەیلێکی وا بەگشتی لە ناو کـوردی ئەهلی ئایندا هەیە کە ئەو دوو دەستەیە دەکەن بە یەك .

---

← بە ڕێژنەدا چووەتە دەرەوە بە بێ ئەوەی تەڕ ببێ..." .

* لووسی گارنێت بە کەموسکێك جیاوازی ئەم مەرتەبانە باس دەکا ( وادیارە لە دەروێشانی وەرگرتووە ) . ( گارنێت ١٩١٢ : ٣٤-٣٧ ) .

**" وەلی" یەکێکە، زۆرەکەی : " ئەولیا"یە . بەڵام تورك و وادەبێ کوردیش بە یەکێکیش هەر دەڵێن ئەولیا.

## مـەهـدی

من کە لێرەدا باسی کوردی مسوڵمانی سوننی دەنووسم، ناچمە ناو باسی مەبەستی ئیمام و باب و ئیتری کە زۆرتر پێوەندیان بە شیعەیەتی و مەزهەبەکانی ئەوپەڕی بیدعەتیەوە هەیە. بەڵام یەکێك لەوانە شایانی ئەوەیە باسی بکەم، چونکە - هەر نەبێ لە رووی تیۆریەوە - هێزێکی شاردراوەی زۆری بۆ بەسیج دانی جەماوەر لە دەروونندا بەدی دەکرێ: مەبەستم لە "مەهدی"یە. ئەمیش ئەساسێکی بۆ لە قورئاندا بەرچاو نـاکەوێ. سەرچاوەکەی: بڕوای ناو خەڵکە، بیرەکە لەناو خەڵکدا هەبوو و لەدواییدا جێی خۆی بە رەسمی لە ئیسلامدا کردەوەو، بوو بە بەشێك لە فەلسەفەی زیهنیی ئیسلام*( واتا بە پێچەوانەی ئەو مەبەستانەی وەك ئەوەی غەوس، کە سەرچاوەیان لە فەلسەفەی زیهنیی ئیسلامەوە هەڵدەگرت و وردە- وردە کەوتنەعەقیدەی بەبرەوی خەڵکەوە). مامۆستای ئاینی باسی ئەوەیان بۆ دەکردم کە هەر چەند حەدیسێکی کەم دەربارەی مەهدی هەن و ئەوانەش زەعیفن ( واتا زنجیرەی گێڕانەوەکەیان جێ بڕوا نیە)، بەڵام دەیانگوت زانایانی ئیسلام ئەوحەدیسانەیان پێ راست بوون. من لە جیاتی ئەوەی ئەو حەدیسانە لە کتێبەکانی حەدیسەوە وەرگرم، قسەی مەلا ( کاهینی دێی مسوڵمانان) یەکی کورد دەنووسم کە بۆی باس کردم :

> کە ئاخرەتی زەمانان نزیك بۆوە،دین زەعیف بوو،وەختێ چاکەکارو لەخواترس دەچەوسێنرێنەوە، وەختێ نـاعەدالەتی حوکمی ئەم دنیایە دەکا، زەلامێکی بەسیفاتی لە ئینسان بەدەر، مـەهدی، دەگات. پیاوێکی لە عەشیرەتی قورەیـش ( عەشیرەتی پێغەمبەر) دەبێ و، لە قودسـەوە دێ. هەموو دنیا حوکم دەکا، عەدالەت و دینی تێ دەخاتەوە،هەموو خەڵك دەکاتە مسوڵمان. جا ٤٠ رۆژ حوکمی ئەم دنیایە دەکا( کە رۆژەکان لە رۆژانی ئەم دنیایە زۆر درێژتر دەبن). دوای ئەو ٤٠ رۆژە،بەهەرحاڵ، دەجاڵ (دەستبڕو دەغەڵکار،وەك ئەنتی کرایست(دژ بەمەسیح)ی مەسیحیەت) دێت. ئەویش بیچمی مرۆڤی هەیە، کوێرە، بەڵام زۆر بەهێزە. هەوڵ دەدا دین تێك بداو - بـە

---

* زۆر دەربارەی مەهدێتی نووسراوە. بڕ- " مەهدی"ی ماکدونەڵد MacDonald( لە ئەنسیکلۆپێدیی ئیسلام - بە ئەڵمانی/ چاپی یەکەم ) ، و قامووسی ئیسلام Dictionary of Islam ی هیووز Hughes ( چیبی لە هیندستان بیستووەو لە " مشكاة المصابيح "دا چی گوتراوە)

هێزێکی‌که خودا داویەتێ- لەوەدا موەفەق دەبێ که خەڵکێکی زۆر له ئیسلام‌هەڵگێڕێتەوه . ئەمه زەمانێکی کارەسات دەبێ، خواردن و خواردنەوەی تێدا کەم دەست دەکەوێ، ڕۆژ له مەغریبەوه هەڵدێ و له مەشریقدا ئاوا دەبێ .

بـەڵام دوای ئەوه، عیسا له ئاسـمانەوه به کۆڵەکەیەکی سپیدا دادەگەڕێتە خوارەوه بۆ دیمەشق ( به یەکێك له منارەکانی مزگەوتی‌گەورەی ئەمەوی له دیمەشق دەگوترێ منارەی عیسا ) . عیسا بانگی دەجاڵ دەکا،که دەجاڵ گوێی له دەنگی دەبێ دەترسێ و دەکەوێتە راکردن . عیسا شوێنی دەکەوێ و له قودس دەیگرێ و به مەرگی دەگەیەنێ . که ئەوەی کرد، ئەوجا نۆرەی عیسایه ٤٠ ڕۆژ حوکم بکا ( ڕۆژی یەکەمیان ئەوەندەی ساڵێکه، ڕۆژی دووەم مانگێکه، سێیەم حەفتەیەکه، ٣٧ ڕۆژەکەی تر ڕۆژی ڕۆژئاساییین )، ئەحکامی محەمەد بەجێ دەهێنێ . دوای ئەو چل ڕۆژه، دەرگای تۆبه دادەخرێ، ئەوەی ئیمانی نەهێنابێ تازه ڕزگار نابێ . ئیسرافیلی مەلایکەت بۆ جاری یەکەم ده شەیپوورەکەی دەتووڕێنێ و، هەرچی کایناتی زیندووی سەرعەرده دەمرێ . عەرد چل ڕۆژان چۆل دەبێ، باران دەبارێ، بارانێکی که وەك نوتفەیه . لەگەڵ دەنگی دووەمی شـەیپووری ئیسـرافیل هات، گشت له مردن هەڵدەستن . بەر له هەموان، محەمەدی پێغەمبـەر له لایەن مەلایکەتانەوه شیار دەکرێ، بوراق ( ئەو حەیوانە باڵدارەی وەك ئەسپە، که جارێك محەمەدی به حەوت ئاسماندا بردووه ) دەهێنرێ . محەمەد سواری دەبێ تا لەو سەرووەوه شاهیدی هەستانی بەشەر له مردن، قەزاوەتی دوای ئەوەو، هەڵاواردنی ئیماندارانی له بێ ئیمانان بێ* .

سـەیـد

" سەید " ئەوانەن که دەڵێن له تۆرەمەی پێغەمبەر یا سەحابە(هاوڕێکانی)ن . دیاره ئەمه زۆر له داواکردنی پێغەمبەرایەتی سـەلامەتتره، هەرچەنده مەرج نیه تەئسیرێکی زۆری هەبێ . سەید، زۆریان بەگشتی بێ- دەسەڵات و نـاخۆشەویستن . هەر ڕێك ئەو له تۆرەمەی پێغەمبەربوونەیه له بەرچاوی خەڵکیان دەخا، چونکـه

---

* چیرۆکی تر هەن دەڵێن دەجاڵ پێش مەهدی دێ و، عیسا وەزیفەی نامێنێ . لەو چەند ڕاپەڕینانەی مەهدێتی له کوردستاندا وا دەگوترا . دیاره وا بەکەڵکتره‌و له ڕاپەڕینی دژی بێگانەو دژی نوێ‌خوازیدا هاسانتر بەکاردێ: دەکرێ بێگانەی داگیرکەر (ئینگلیس، رووس) یا ئەهلی‌ئیسلاحاتی دنیایی(ئەتاتورك) بەهاسانی بکرێنە دەجاڵ .

جگە لەو خزمایەتیە - ی کە وادەبێ جێ گومانیش بێ - بەهرەو هونەرێکی تریان نیە و دەشیانەوێ خەڵك لە سەر ئەو ئەساسە پارەو پووڵیان بدەنێ . تەبیعی، پێوەندیی پێچەوانەیی ژمارەو نرخە سەید ( زۆر: سادات)ی کورد-ستان وا بێ برەو دەکا ( تا ژمارە زۆرتر بێ ، نرخ - بە پێچەوانە - کەمتر دەبێ ) . لە هەموو شوێنێکی کورد-ستانیان دەبینی، هەرچەندە بە نەژاد عارەبیشن بەڵام بە تەواوی بوون بە کورد . سەید لە ژن هێناندا نزیکەی حەقەن وایە" سەیدە"( سەیدی مێ) یەك دەهێنێ، بەم جۆرە بەرەی تایبەتی سەیدان لە ناو کورددا ، بەڵام بەجیا لە بەرەی تری کورد ، هەن .

یەکێك لەو سەیدانەی دیتمن پێی گوتم کە لە تایفەی سەیدەکانی ماوەلۆیی بوو ، کە ئەوانە لە تۆرەمەی سەیدئەحمەدماوەلۆیی ناوێکن، تایفەیەکە لە دەوری ۲۰۰ ماڵێك پێکدێ، کە زۆرتر هەر لە نزیکی مهاباد ( کوردستانی ئێران ) دەژین و یەکجار زۆر هەژارن ( بەهۆی ئەوە کە ژمارەیەکی زۆریان لەوێ هەن و باربووی مسوڵمانانی خێرەوەمەند بەشی ئەوە ناکا باری هەژارییان لە سەر سووك بکا ) . باوکی ئەو سەیدەی قسەی بۆ دەکردم و خزمێکی، لە مهاباد رۆیشتوون و چوونەتە کوردستانی عیراق، ئێستا لە دێیەك لەناو مەنگوڕان دەژین، هەژارترینی کسانێکی دێیەکەیانن، نە زەویان هەیە و نە مەڕ، بە دارفرۆشی دەژین، بارەدار ( بۆ ئاوردوو ) لەگردەڵانی ئەو ناوەوە دەبەنە شاری قەڵادزێی نزیك، دەیفرۆشن، جگەلەوە وردەکاری لابەلاییش بۆ دێهاتیەکانی تر دەکەن . سەید باسی ژن هێنانی خۆی بۆ کردم، کە هیچ سەیدەیەکی لەو جێیە دەست نەکەوتووە بیهێنێ و هیچ دێهاتیەکی تریش نەبووە کچی خۆی بداتێ . دوایی، کچێکی لەوێ هەڵگرتووە و چووەتە دێیەکی نزیك تا کسانێك ( ریش سپیی هەردوو دێ ) کەوتوونە نێوانەوەو داك و بابی کچیان رازی کردوون، ئێستا ماڵی خەزووری ناوبەناو یارمەتیی دەدەن، ئەرزاق و شتی دەدەنێ . زانیاریەکی راستەوخۆم دەربارەی هەلومەرجی ژیانی ئێستای بەرەی ماوەلۆیی‌ی نزیکی مهاباد نیە . لە سەقز، دوو کسم لێ دیتن خەڵکی دێیەکی نزیك بوون، زۆر پەرپووت و هەژار بوون، پێیان گوتم کە سێ دێ لەو نزیکانە هەبوون کە هەموو هەر سەیدی ماوەلۆیی بوون و ، چەندماڵێکیان ژیانێکی ئاسوودەیان هەبووە بەڵام زۆربەیان وەك ئەو دووانە خۆیان هەژار بوون .

سەید ، لەلایەکەوە بەهۆی هەژاری و نەداریەکەیەوەیە ئەو سووکایەتیەی پێ دەبڕێ کە بەشی خەڵکی سەرنەکەو-تووە لە زۆربەی کۆمەڵگایاندا، لە لایەکی تریشەوە خۆ دەبێ لە تۆرەمەی پێغەمبەربوون ڕێزێکی هەبێ. ئـەوە مەرکەزی سەیدان لای زۆربەی خەڵك بە شێوەیەکیسەیر ئاڵۆز دەکا، ئەوەیە زۆرتر وادەبێ ئەو هەستە بە قسەی سەیرو گاڵتە دەردەخرێ : لە چەندین شوێن سەرنجی ئەوەم دا کە سەید بابەتی خۆشی گاڵتەن ( و زۆرتریش وایە زۆر بە حەوسەلەو لێبوردن ) .

بەڵام سەید ، وەنەبێ هەمووهەر هەژارو بێدەسەڵات بن . ئەوانەی هەندێ دەسەڵات و رەواجیان هەیە، وێدەچێ سەیدێتیەکەشیان ئەو دەسەڵات و رەواجەیان بۆ پتر بکا . نموونەی روونی لە کوردستـاندا ئەوەی شێخەکانی تـەریقەتی قـادریە، کە نزیکەی هەموو سـەیدن و، بەوە کە بە نـەژاد دەگەنەوە پێغەمبەر لای تابیعانیان لە شێخانی تر لەپێشترن * .

بەهەمان شێوە، ئەو ئاغا کوردانەی هەوڵ دەدەن (یا هەوڵیان داوە) نەژادی خۆیان بگەیەننەوە ناودارانی ئیسلام ( کە دیارە زۆرتر عارەب بوون ) کەم نین،( کە ئاشکرایە وابووە ساختەی خۆیان بووە ) تا جۆرە بەڵگەیەك بۆ مەرکەزی خۆیان پەیدا بکەن . هەرچەندە روون نیە مەرکەزی بنەماڵەیەك لەوانە چەندە لە سایەی نەژادیەوە بێ - رەنگە لایعەشیرەت یا کەرتیعەشیرەتان بەوهۆیەوە لە کێشەوهەرادا بە ناوبژیکەر قەبووڵ کرابن و لەدواییدا لەو رێیەوە دەسەڵاتی خۆیان سەپاندبێ - بەڵام حەقەن ئەو مەسەلەی نەژادەشیان هێزێکی داوەتە مەرکەزیان . زۆر سەرۆکی گەورە، نەژادی خۆیان بردووەتەوە سەر یەکێك لەو چوار بەرەیە :

١- ئۆمەری : لە بەرەی عومەر ئیبنول خەتتاب ( بەغوونە : بەرەی گیراقی ، بڕ- پێرستی ناوی فەسڵی دووەم) .

٢- خالدی Xalidî : لە بەرەی خالیدئیبنول وەلید ( میرانی بۆتان خۆیان لەوبەرەیە داناوە، شەرەفنامە بە روونی باسی دەکا، ماڵی " زەیدان" Zeydan ( رابەرانی عەشیرەتی پنیانیشی هەکاری )یش خۆیان لە هـەمان بەرە داناوە) . ئەوە کە خالید قەت هیچ ئەولادێکی نەبووبێ، وێ ناچێ قەت بەرپەرچ دانەوەیەکی ئەو خۆبردنەوە سەر ئەو نەژادەی لێ پەیدا بووبێ .

* هەرچەندە سەیدەکانی قادری ویستوویانە شێخایەتیەکە هەر بۆ خۆیان ئیحتیکار بکەن، بەڵام بەلای کەم یەك ماڵە شێخانی قادری هەن کە سەید نین : تاڵەبانیەکان .

٣- عەباسیەکان : لە بەرەی خەلیفە عەباسیەکان ( ئەو قسەیە بۆ میرانی هەکاری و میرانی بادینان هەبووە) .
ئیتر ئەوە کە کوردایەتی پەرەی سەندووەو، ئەولادی مالّی بەدرخان ئێستا مەرکەزو ناوێکی زۆریان لە ناوی بەدرخان بەگی بۆتان و راپەرینی لە دژی عوسمانیەکانەوە پێپراوە، کە حەزدەکەن بە یەکەم راپەرینی نەتەوەیی گەورەی کوردی پێشکەش بکەن، ئەمە خۆی شتێکە کە ئێستا ئینکاری ئەوە دەکەن خالدی بن ! .
خولاسە، لە بەرەی پێغەمبەر یا قارەمانانی تری ئیسلامەوە هاتن، بەتەنیا، دەسەلات و رەواج لە ناو کورداندا بۆ پیاو دابین ناکا، بەلام ئەگەرکەسانێك بەبێ ئەوە سەرکەوتووبن و ئەوەشیان بۆ بێتە سەر،رەنگە سەرکەوتنە-کەیان پتر بێ .

## وەزیفەکانی دامودەزگایی ئاین

ئەو پەیژەی مەرتەبەیەی شیعەیەتی رێك دەخا، چوارچێوەیەکی هاوئاهەنگیی چالاکیی‌ئاینی بە رابەریی گەورە-پیاوی ئاین کە دەورێکی زۆر دیاری لە سیاسەتی ئێراندا هەبووە، لای سوننیان نیە . مەرکەزی هەرە ژووری ئاینییان" قازی" و " مفتی"یە . قازی حوکمی ئیسلام بەجێ دەهێنێ، مفتی بەرپرسی ئاگادارکردن و پەرەپێ-دانی ئەحکامی ئاینە، هەرتك، ئیدارەی تایبەتی خۆیان هەبوو، وێرای ئیدارەی مەدەنی کاریان دەکرد بەلام سەربەخۆبوون . تەواوی دەسەلاتی داوەری تائیسلاحاتی سەدەی نۆزدە - بە تیۆری - بەدەست ئەو دووانە بوو ( بەراستی، قانوون، بەتایبەتی لە کوردستاندا، زۆرترهەر بە دەستی میرو ئاغاوەتی نیوە سەربەخۆ بوو، بڕ- ل ١٩٣-١٩٥ی بەرگی یەکەم ) . مفتی مافی ئەوەی هەبوو حوکمی شەرع لە هەر مەسەلەیەکی نوێدا بە فەتوایەك رابگەیەنێت، دەیتوانی بە فەتوایەك ( لە شێوەی وەلامی پرسیارێکدا کە خراوەتە بەردەمی ) لە هەلوێستێکی تایبەتی و ناسکدا تەئسیری زۆر بکاتە سەر باری رووداوە سیاسیەکان . بەوجۆرە شکانی میری رواندز بەدەست لەشکری تورکەوە بە فەتوایەکی مفتیی ناوچەکەی هاسان کرایەوە، فەتواکە باسی ئەوەبوو هەر کەسێك شەڕی لەشکری خەلیفە- سولتان بکا کافر دەبێ و تەلاقی دەکەوێ ( جوەیدە : ١٧١)* .
دەسەلاتی - بەتایبەتی- " قازی" ( " مفتی"یش، بەلام بە رادەیەکی کەمتر)، هەرچەندە لەسەر ئەساسی قانوونی خوداش بوو، بەلام دیساهەر بەتوندی لەسەر پشتگیریی دەولەتی عوسمانی دەوەستا . هەندێك مفتی و قازی،

---

* میری رواندز لە فەسلّی سێیەم / ١٠ دا باس کرا . (٢)

بە زیرەکیی هەڵسووڕاندنی ئیدارەکانیان، سامان و دەسەڵاتیان پێکەوەناو چوونە ریزی خاوەن زەویە شارنشینە دیارەکانی کوردستان،بەڵام - ئەوەندەی من بزانم - قەت تابیعیان وەدووخۆ نەداون و بەدەگمەن دەوری گرنگیان لە سیاسەتی عەشیرەتی کورددا هەبووە*، ئەو مەیدانە هەر بۆ شێخەکان ماوەتەوە .

## مەلا

ئیدارەی مەلا ( ئەگەر بە چاوی ڕۆژئاوایی سەیر بکرێ ) تاقە ئیدارەیەکی رووحانیەتی سوننیەکانە** . مەلا لە دێدا کاروباری ئاینی بەجێدێنێ و ،دەرسی قورئان بە منداڵان دەڵێ . تا خوێندگەی نوێ لە دێدا نەکرابۆوە،مەلا خوێندەوارترین کەسی دێ بوو لە کاروباری دین و دنیادا ، زۆرتریش گەڕابوو ،چونکە هەموو مەلایەك هیچ نەبێ یەك یان دوو دێی تری بۆ خوێندن کردووە . بەڵام ئەمڕۆ لە زۆر دێدا لاوی وا هەن لە مەلا خوێندەوارترن و زۆر لە خەڵکی دێهاتیش دەزانن کە مەلا لە مەسەلەی ئاین بەولاوە شتێکی ئەوتۆ بڕ ناکا . من لە دوو دێدا مەلای بەدەسەڵاتم دیتن، خەڵکەکە گوێیان لێ دەگرتن چونکە بەڕاستی ژیر بوون (نازانم ئەگەرهەر بە ڕێکەوت بێ،بەڵام هەردوومەلای بەدەسەڵاتی دیتمن کوردی نەتەوەیی زۆرخوێنگەرم بوون و لە پێڕەویی ئاینیدا زۆر وشك نەبوون) . لە زۆر دێی تردا ، بەهەرحاڵ، زۆرکەس مەلایان پێ زەلامێکی ئەحمەق بوو . قەت نە بیستوومەو نە خوێندوومە-تەوە مەلایەك بە مەرکەزێکی گرنگی سیاسی گەیشتبێ .

## شێخ

شێخ هەموو ئەو دەورانە دەبینن کە باسمان کردن . دەوری یەکەمی شێخ بەهەرحاڵ ئەوەیە کە پیاوێکی پیرۆزە، خەڵك بەدڵ و گیان دڵسۆزین و، ڕابەرو ڕێ شاندەری تەریقەتیشە . بەوە کە خەڵك بڕوایان پێ هەیەو دڵسۆزی

---

* لە سەردەمی تورکی لاودا ( ساڵانی ١٩١٠) مەحکەمەی شەرع خرانە ژێر چاوەدێریی زۆری حکومەتەوە، ساڵی ١٩٤٤ هەر بەتەواوی لە کۆماری تورکیا هەڵگیران . وەزیفەی قازی نەما . مفتی مانەوە، بەڵام هێچ جۆرە دەسەڵاتێکیان نەما .

** مەلاش هەموو یەکسان نین، پلەیان جیاوازە . ئیمام پێشنوێژی دەکا، خەتیب بەرپرسی گوتاری هەینیە و زانینی پتری دەوێ .

و مل‌کەچییان لە خزمەتیدا وابووە بە رادەیەکی نزیك لە پەرستن بووە، بەهاسانی خۆی کردووەتە پێغەمبەر، مەهدی و (لە ئەوپەڕیشدا) خودا، یا تەنانەت وابووە مریدەکانی بە زۆر بەسەریاندا سەپاندووە کە وا بکا. بەهۆی ئەو ڕێزەوە کە لێی دەگیرێ، بۆ ناوبژیکەری تابلێی میسالی‌یە (کە دەسەڵاتی سیاسیی لێ پێ دەبڕێ) . لە ڕێی دەروێشەکانیەوە پێوەندی لەگەڵ هەموو کوردستاندا هەیەو دەتوانێ جەماوەری زۆر بەسیج بدا .

زۆر تەریقەتی دەروێشی لە دنیای ئیسلامدا هەن، بەڵام لەکوردستان تەنیا دوو هەن : قادری و نەقشبەندی . هەموو شێخێك سەر بە یەکێك لەو دووانەیە . لێرە بەدوای ئەم فەسڵە بۆ باسی ئەم تەریقەتانە و شێخەکانیان تەرخان کراوە .

## ٢- تەریقەتی دەروێشی و سۆفیایەتی

مەلا حەسەن هشیار، ئێستا لە سالآنی حەفتای تەمەندایەو لە سووریا دەژی، لە یەکەمکەسانێك بووە کە رەگەڵ راپەڕینی نەتەوەیی کوردی ١٩٢٥ی بە رابەریی شێخ سەعید کەوتوون . بەوە کە ئەوسا لاوێکی بە هێزوگوڕ بووە ( لە لەشکری تورکدا بووە) و خزمی شێخ سەعیدیش بووە، بووە بە یەکێك لە ئەفسەرە یارمەتیدەرەکانی شێخ سەعید . بۆ زۆر زانیاریی کە دەربارەی ئەو قۆناغەی مێژووی کوردکە هەمە قەرزداری ئەوم . ئەو بە شێوەیەك باسی شێخ سەعید دەگێڕێتەوە کە ، زۆر لەوەی رۆژنامەگەریی تورك جیاوازە کە بە وێنەی پیاوێکی ئاینیی وشك و سەختگری کۆنەپەرست و عەقڵ دواکەوتوویان پیشان داوە . مەلاحەسەن دەیەوێ رووی تری شەخسیەتی شێخ سەعید پیشان بدا : نەتەوەییەتی و دژ بە چەوساندنەوە بوونی . شێخ سەعید جارێکیان لە باسی شێخانێکی تری هەمان تەریقەتی خۆی ( نەقشبەندی) دا، کە نەیانویستووە کوردایەتی بکەن و وادیارە هەر چاویان لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بووە، گوتوویە : کە شاهێ نەقشبەند تاقمێك جەردە ( شەرکەتێ گانگستەر şerketê gangster) ی لە کوردستانی ئێمەدا دامەزراندووە* .

" شاهێ نەقشبەند " نازناوی سۆفیەکی سەدەیچاردەیە،ناوی بە دامەزرێنەری تەریقەتێك دەرچووە کە ئێستاش هەر بە ناوی ئەوەوەیە و، لە کوردستاندا گەورەترتن تەئسیری هەبووە . نەقشبەندی و تەریقەتە رەقیبەکەی (قادری)،تاقە دوو رێکخراو بوون کە توانیویانە هەموو سنوورێکیعەشیرەتی لە کوردستاندا ببڕن و، سەربەخۆ بن لە دەوڵەت و تەنانەت هیچ منەتێکیشیان پێ نەبێ . تەریقەتی نەقشبەندی، هەموو کوردستانی تەنیوەتەوەو گەیشتووەتەوە بەشەکانی دەوروبەریش لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا . ئەو بەراوردکردنەی نەقشبەندی بە تاقمێکی جینایەتکار کە شێخ سەعید کردوویە، بەراوردکردنێکی زۆر بەجێیە . لە رووی رێکخستنەوە وەکو

---

* رەنگە سەیر بێتە بەرچاو چۆن شێخ سەعید ساڵی ١٩٢٥ وشەی" گانگستەر " ی رۆژئاوایی زانیوەو، لەوانەیە وابێ کە مەلاحەسەن بۆخۆی ئەوەی بەکارهێنابێ،بەڵام زۆریش دەکرێ کە شێخ سەعید زانیبێتی . شێخ بە رێکوپێکی پێوەندیی لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵە نەتەوەییەکانیئەستەمبووڵداو،ئەوانیش زۆر پێوەندیان بە نوێنەرانی هەمەچەشنەی ئەوروپایی و ئەمریکاییەوە هەبووەو زانیاریی زۆر راست و تەواویان دەربارەی ئەوە هەبووە کە لە هەندەران چ باس بووە .

" مافیا"یە . رێوشوێنێکی پەیژەی مەرتەبەی تێدا هەیە، بەڵام مەرکەزیەتێکی رێکوپێکی نیە، مەرکەزی ناوچەیی تا رادەیەك سەربەخۆ هەن و دەسەڵاتیان بەگوێرەی رۆژگار زیادو کەم دەکا . هەرتك لا، ئەندامانێکی چالاکیانهەن کە جەرگەیان پێکدێنن و پێرەوانێکی زۆر زۆرتریش کە پارە دەدەن . بەڵام بەهەرحاڵ، شێخ سەعید مەبەستی لەم شێوە رێکخستنە نەبووە کە هەڤاڵانیهاوتەریقەتی خۆی بە جەردە ناوبردووە،مەبەستی لە ئاکاری زۆربەی شێخەکان بووە کە خەڵکی ئەودێهاتە هەش بەسەرانەیان بە ژێردەستەیی و بێچارەیی رامکردوون و بێ - بەزەیی کەوتوونەتە چەوساندنەوەیان . جێگری کۆنسولی بریتانیا لە " وان " ( Bertram Dikson بێرترام دیکسن) پەنجا ساڵ بەرلەوە هەمان بیروباوەڕی دەربڕیوە : " ... هەندێك ( شێخ ) کەمێك لە جـەردە گەڕاونەوە، بەڵام دەسەڵاتیان بەسەر ئاغاوەتی بچووکدا زۆرە،و زۆرتر هەر وایە دەتوانن ناچاریانکەن بە ئارەزووی ئـەوان بکەن" (دیکسن (١٩١٠):٣٧٠) . هەر ئەو دیکسنـە سەرنجی رەقابەتی سەختی نێوان شێخانی هاوتەریقەتی داوە ( هەر کەسە ویستوویە مەرکەزیەتی خۆی لە تێکڕای دنیای تەریقەتی بێمەرکەزیەتدا زیاد بکا ) . لە سەردەمی ئەودا ناوچەی ئۆرەمەرOramar ی هەکاری ( ناوەندی کوردستان) بە کێشەوهەرای نێوان شێخانی شەمدینان و بارزان و بامەڕنی شێواوە،کە لە ناوچەی پەنایەکتردا بوون و کێشەیەکی تەواویان لەسەر دەسەڵات لەنێواندا بووە ( هەمان سەرچاوە) . هەرچەندە وادیارە شێخ سەعید رەخنەی لە تەریقەتەکەی ( یا هەر نەبێ لە شێخەکانی تری تەریقەتەکەی ) هەبووە، بەڵام خۆی و بزووتنەوەی نەتەوەیی کە ئەو یەکێك لە رابەرەکانی بوو، بۆ راکێشانی خەڵك کاریان لەسەر هەمان تەریقەت وێستابوو . بە بێ تۆڕی تەریقەتی نەقشبەندی نەیدەتوانی ئەوەندە شەڕکەری زۆر بەسیج بداو، ئەو بڕوایە بە پیرۆزیی ئەو نەبوایە شەڕکەر ئەوەندە بەگەرمی شـەڕیان - نەدەکرد .

یەکەم جار لەباسی راپەڕینی شێخ سەعیددا بوو کە تەریقەتی نەقشبەندی و قادری سەرنجیان راکێشام . وێ- دەچوو ئەو تەریقەتانە توانیبێتیان ( و لەوانەیە واشیان کردبێ) هەمان وەزیفە لەناو کورددا بەئەنجام بدەن کە تەریقەتی سەنووسی لە ناو عەشیرەتە بەدوەکانی بەرقە ( رۆژهەڵاتی لیبیا) دا بە ئەنجامیان دا، واتا لە رێی تەریقەتەوە سنووری نێوان عەشیرەتان پێشێل بکرێ و، پێش بە دوژمنایەتیی نێوان عەشیرەتان و لێك پەرت و بڵاوبوونیان بگیرێ . تەریقەتی سەنووسی تەریقەتێکی سۆفیایەتی بوو، دەستی بەسەر کێشەوهەرای عەشیرە- تاندا گرت و بە یەکپارچەیی شەڕی سەربەخۆیی نەتەوایەتی پێ کردن . دوایی، دوای ئەوە کە چەندین کەسم لەوانە دیتن کە لە راپەڕینی شێخ سەعیددا بوون و سەرچاوەو ئەسنادیشم سەیرکردن،بۆم دەرکەوت کە راپەڕینی

شێخ سەعید و ئەوەی سەنووسی لە زۆر شتدا لێك جیاواز بوون و لە زۆری تریشدا وەك یەك چوون : وادیارە تەریقەت لای کوردان کەمتر قالبی رێکخراو و نەریتێك بووە لەوە کە من بۆی چووبووم، مەسەلە زۆرتر خودی شێخ بووە کە بە سیفەتی پیاوێکی پیرۆز لە ئارادا بووە . راپەرینەکە بە دوورو درێژی لە فەسلّی پێنجەمدا باس دەکرێ .

شتێکی تریش لەو تەریقەتانە مەفتوونی کردم ( بەوەی لە سەفەرەکانی پێشتردا بە رێکەوت بەرچاوم کەوتبوو و لە خوێندنەوەش) وای بۆ چووم کە خەڵکی سەر بەوتەریقەتانە زۆرتر لە چین وتوێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاوە هاتبن . ئەمە بە پێچەوانەی وەزعی زۆر تەریقەتی ترە کە زۆر نەجیبزادانەن و تەنانەت خۆیان لە خەڵك بە زل دەگرن، لەبەرئەوە وادەبێ تەریقەتی نەقشبەندی و قادری بە " دیموکراتی" ناودەبرێن، کە بەزەحمەت دەکرێ بە ناوی هەرەبەجێ دابنرێ . ئەم تەریقەتانە تاقە رێکخراو و نەریتێکن کە دەرگایان بۆ چەوساوان کراوەتەوە و، دەمگوت لەوانەیە ئەو چەوساوانە ئەو تەریقەتانەیان لەهەندێ حاڵەتدا بۆ شەڕی چینایەتی بەکارهێنابێ . کاتێ باسەکەی بارت (١٩٥٣) یشم خوێندەوە، شتێ وام تێدا دیت کەمێك ئەو بیرەم بۆ بسەلمێنێ . بارت باسی ئەوە دەکا کاتێك سەری لە ناوچەی هەمەوەندان داوە، مسکێنەکان ( لە لایەن ئاغاکانەوە)" بەوە تاوانبار دەکران کە پێوەندیی دەروێشایەتیان بۆ مەبەستی سیاسی بەکارهێناوە تاکو هەموومسکێنەکانی دەوروبەریان ( ئاوەها! ) لە بزووتنەوەیەکی بەرگریدا رێكبخەن " ( بارت ( ١٩٥٣) : ٥٩١) . تەبیعی بەم قسەیەی ئاغایان، تەریقەت ( لێرەدا تەریقەتی قادری) ئەوەبووە ببێ بە ئامرازێکی شەڕی چینایەتی . بەداخەوە،بارت لەوەندە پتری لەسەر نەرۆیشتبوو، بەڵام من ئەوەندەی تر باسی ئەو تەریقەتانەم چووە دڵەوە، وێ دەچوون هەڵگری باری خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بن، روون وئاشکراترین باسێك بن بۆ لێکۆڵینەوەی هەرکەسێکی حەز لەباسی کێشەی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی بکا .

> بە رێکەوت، قەت لێم روون نەبۆوە مسکێنی کوردستانی باشوور چەندە تەریقەتی قادرییان قەت بەوجۆرە بەکارهێنابێ کە ئاغاکان لێی ترساون . لەبەر وەزعی سیاسی نەمتوانی سەر لەمەڵبەندی هەمەوەندان بدەم، کەسانێکی خەڵکیئەوێش کە قسەم لەگەڵ کردن وەبیریان نەدەهات تەریقەتەکە بەڕاستی هیچ لەو چەند شەڕو هەرایانەدا بووبێ کە دواتر لەنێوان مسکێن و ئاغایاندا قەوماون . راستە، لە دوای کۆدێتای قاسم (١٩٥٨) ، کاتێ " الحزب الشیوعی العراقی " لە باری نهێنی دەرچوو و، خاوەن زەوی لەلایەن موقاوەمەی شەعبییەوە moqawama ash-sh'abiyye ( کە

تا رادەیەك بەدەست الحزب الشیوعی العراقی‌یەوە بوو) هێرشیان برایە سەر، لەپڕ دەرکەوت کە دەستڕۆیشتووترین شێخی قادریی ئەو ناوە " شێخ لەتیف" ئەندامی الحزب الشیوعی العراقی بوو، بەڵام دیارە ئەمە زیرەکی بەخەرج دانێکی سیاسیی شێخ لەتیف بوو، بۆ رزگارکردنی زەویە- کانی لە چنگی دەست بەسەرداگرتنی حکومەت بەکاری هات (٣).

لە لێکۆڵینەوەدا بۆم دەرکەوت ئەوەی من چاوەڕوانم دەکرد ( کە تەریقەت بۆ چەوساوان بەکارهاتبێ) وا نەبوو، تـەریقەت لە نـەتەوایەتیی ئێستادا دەورێکیان نیـە و، لە دوژمنایەتیی چینایەتیشدا ئەگەر هەڵوێستێکیان هەبووبێت، ئەوە لەجیاتی ئەوە کە بینە چوارچێوەیەك نارەزاییەـەژاران دەربڕن، چوون لایەنی بەرامبەر ی دژ بە بەرژەوەندی ئەوانیان گرتووە، بەڵام دیساهەر، شارەزایی من کەمە و... کوردسـتان زۆر . تەریقەتی قـادری لە مهاباد وەکو ئەوەی عامووده‌ێ (سووریا) یا مەیدان ( تورکیا) نیە . جیاوازیی نێوان نـەقشبەندیان تەنانەت لەوەش پترە، لە ئەوپەڕی شێوەی ئەسڵی هەندێ لقی لە کوردستانی تورکیاوە تا بە شووڵ لێ هەڵکێشانی زێدە- ڕۆیی مەزهەبی هەقەHeqqeی عیراق دەگا* . ڕێشی تێدەچێ هەندێ چالاکیی شارراوەی ئەو تـەریقەتانە لە ئەو هەمان شوێنانەدا هەبووبن کە من چووم و پێم نەزانیبێ . لەبەرئەوە ناچارم بەگوێرەی ئەوەندە زانیاریەی بە دەستمەوەیە وای بەرمەوە سەر یەك کە بڵێم : تەریقەت لە هیچ شوێنێکی کوردستاندا دەورێکی گرنگی لە بەسیج دان و ڕێکخستنی خەڵکی چەوساوەی نەتەوایەتی و چینایەتیدا نیە ( یا : چیتر نەماوە) . لێرەوە دەچمە سەر باسی شێوەی کاری ئەو تەریقەتانە و شێخەکان و مریدەکانیان، بەوجۆرەی کە خۆم دیتوومە یا بۆیان باس کردووم . پێشەکی پێویستە هەندێ زانیاری دەربارەی تەریقەتی دەروێش و سۆفیان بەگشتی و دەربارەی مێژووی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی و هاتنە کوردستانیان باس بکەین .

---

* هەقە بووە بە ناوی تابیعانی شێخی نەقشبەندیی ئەهلی بیدعەت عەبدول کەریمی سەرگەڵوو( لە عیراق) و جێگرانی . بڕ- پاشکۆی ئەم فەسڵە : جەدوەلی ١، تێبینیی ژمارە ٤ .

## ٣- تەریقەتی دەروێشی و سۆفیایەتی : سۆفیایەتیی بە برەو و بە نەزم

لە سەدەی چاردەدا بوو، کە بۆ یەکەم جار تەریقەتی لەبابەتی ئەم تەریقەتانەی ئێستای سۆفیایەتی پەیدابوون . لە سەدەی پازدەو شازدەدا بە هەموو دنیادا بڵاوبوونەوە*. سۆفی لە سەرەتادا کەسانێك بوون ژیانێکی زاهیدا- نەیان دوور لە خەڵك بەسەردەبرد ،جگە لە خودی ژیانی عیرفانی و وەرزشی رووحی بۆ تێکەڵ بوونی راستەوخۆ بە خـودا یا بە حەقیقەت مەبەستێکی تریان نـەبوو، کاریان بەوە نەبوو بچن تیۆری بۆئەو ژیانەیان دابنێن و، نـەزمی رامان بۆ تەفسیری ئەو تەرزە رەفتارە دابرێژن . لەوانەیە بەهۆی جلوبەرگی زبری خوری (صوف) ی دەبەریان‌کردووە،خەڵك ناویان لێ نابن سۆفی ( sufi سووفی ) . وابووە یەك مرید یا چەند مریدێکی کەمیان هەبووە، بـەڵام وەنـەبێ هیچ خوێندن و زانستێکیان دابنێ، هەر ئەوبووە یارمەتیان داون تا ئەوانیش بتوانن وەك خۆیان بکەونە سەرهەمان رێ . دواتر وای لێ‌هات ئەو سۆفیە یارمەتیدەرە تادەهات پتر شێوەی مامۆستای وەخۆ دەگرت، تا لەدواییدا بە پێوەندیەکی نێوان مریدەکانی (یا مرۆڤ بەگشتی) و خودا سەیردەکرا . هەر لەو کاتەدا، باسی فەلسەفەیی دەربارەی ئەو جۆرە رەفتارەو، شی‌کردنەوەی بەو عیبارەتانەی کە لەگەڵ ئەسڵی ئایندا دەهاتنەوە باوبوو . ئیتر نەزمی سۆفیایەتی پێ‌گەیشتن، شێوەی کەم تا زۆر داڕێژراو وهونەری رامان و بیرکرد- نەوەو تێڕوانینیش بەهەمان جۆر، تا وای لێ‌هات مرید دەیانتوانی بە ماوەیەکی تا رادەیەك کەم،بە رادەیەکی عیرفان بگەن کە بەلای کەم ئەوەندەی ئەوەی مامۆستاکانیان دەبوو .

### تەریقەت و سیلسیلە

تریمینگهەم زۆر بە چاکی مانای تەریقەتی لێکداوەتەوە : " ... تەرزە کردەوەیەك... بۆ رێ‌شاندانی ئەو کەسەی لەدوو ئەوەیە،کە بەهۆی تەرزە بیروهەست و کارێك زنجیرە قۆناغێکی یەك لەدوایەك ببڕێ و... بگاتە حەقیقەتی پیرۆز" ( تریمینگهەم (١٩٧١) : ٣-٤) . تەریقەت لە ئەسڵدا ئەوەبووە . دواتر ( سەدەی١٣ی زاینی)، مانای خوێندگەیەکی بیرو کارامەیی دەدا کە پێوەندی بە ناوی سۆفیەکی تایبەتیەوە بوو . دوای ئەوە کە سۆفیـەکی گـەورە دەمرد، تـەریقەتەکەی دەمایەوە و مرید و مریدی مرید بە زنجیرە ( بە عارەبی : "سِلسِـلە" ) ئـەو

---

* لێ‌نۆڕینێکی باش ئەوەی تریمینگهەمـە (١٩٧١)، فەسڵی ٣: "پێکهاتنی ( / پێکهێنانی) تایفان " .

تەریقەتەیان دەهێنا . کەواتە سیلسیلەی مامۆستای سۆفی، داری پێوەندیی رووحییەتی، کە دەیگەیەنێتەوە دامەزرێنەری تەریقەتەکەو، مەرکەزی دیاردەکا و وەك ئەوەیە پیاو - ئەگەر بکرێ - بڵێ : سیلسیلە کارتی هەویەتی ئەو سۆفییە . لەبەرئەوەبوو، سۆفییەکانی دوایی، ئەوەندەی بۆیان بکرایە ناوی سۆفییئەسڵ وناودار-یان دەخستنەوە سیلسیلەیانەوەو،ئەو ناوانەیان لێ وەلادەدان کە بیانزانیایە سەرێشەی دنیایان( لەگەڵ سوڵتان، حاکمی ناوچە و ...ئیدیدا ) تووش دەکەن . بەوجۆرە، زۆر گەو ( ئاڵقە ) لەخۆوە هەڵبەستراوەو خراوەتە ئەو سیلسیلانەوە . جگە لەوە، زنجیرەی تەریقەت لە دامەزرێنەرەکەیەوە بەرەژووریش برا وگەیەندرایە یەکێك لە نزیکانی پێغەمبەر، کە دەکرێ هەندێ زانستی نهێنیی لە پێغەمبەر وەرگرتبێ .

مورشید، مرید murid ، تایفە

مامۆستای سۆفی لە سەدەی ٩ تا ١٣ دا پێی دەگوترا " شێخ shaikh " ( پیرەمێرد) یا مورشید (teacher مامۆستا، رێشاندەر)، زۆرترهەر لە " زاویە، خانەقا" یەکدا دەمایەوە و مریدەکانی بەدەوریەوە بوون . مرید، لە سەرەتادا ئەم شێخ و ئەو شێخیان زۆر دەکرد، دوایی وای لێهات کە دەبوو سوێندی وەفاداری بۆ تەریقەتە -کەو بۆ شێخی نوێنەری تەریقەتەکە بخۆن . ئیتر پێوەندیی مورشیدومرید مەرکەزیتر بوو،مرید دەبوو بە تەواوی بە قسەی مورشیدیان بکەن و،پێیان وابوو هەرکەسێکی بیەوێ لەسەر تەریقەت بێ دەبێ حەتمەن مورشیدێکی هەبێ . ئەم وەفاداریە بەرامبەر بە شێخ و بەو کەسەی بە دامەزرێنەری تەریقەتەکە ناسراوە،کەسانی هاوتەریقە-تیشی زۆر لێك نزیك کردنەوە : وەك خێزانێکی گەورەیان لێ هات، کە ئەوە لە بەکارهێنانی ناوی" تایفە"شدا خۆ دەنوێنێ* .

نەتیجەیەکی تری زیادبوونی رێزلێنانی شێخ ئەوەبوو براکانی و کوڕەکانیشی بەشداری ئەو پیرۆزیە بن : شوێنەکەی بە میرات دەگیرا .

کاتێ تایفەکان (ی ئەم تەریقەتانەی ئێستایان لێ پەیدا بوون) بە پتەوی دامەزران، قەبووڵ کردنی سۆفیایەتیان کەم تازۆر بۆخۆیان پاوان کرد. کەسێکی لە تایفەیەك لەو تایفانە نەبوایە،ناوی لە دەستەی تەریقەتێکدا نەبوایە،

---

* تریمینگهەم دەڵێ ناوی تایفە هەر لە ٢٠٠ی کۆچییەوە ( دەوری ٨٠٠ی زایینی) لە میسر بەکارهاتووە (١٩٧١) : ٥ . تەریقەتی بەتەواوی، ئەوەی راستی بێ، تا سەدەی پازدەی زایینی نەگەیشتبوو .

زەحمەت بوو بە مامۆستای رووحی قەبووڵ بکرێ . تاقە یەك رێ بۆ بوونە شێخی یەکێك لەو تەریقەتانە هەیە، ئەویش ئەوەیە شێخێکی تری ئەو تەریقەتە "ئیجازە"ی مامۆستایەتیی بدا . بە نیسبەت کوڕەشێخ، بەگشتی وابوو بەڵگەی نەدەویست کە بەلای‌کەم یەکێك لە کوڕەکانی شێخ - زۆرتر کوڕی گەورە - حەقەن ئیجازەی لە باوکی وەرگرتووە . لەبەر ئەوە زۆرسیلسیلە پێوەندیی باوك - کوڕیان وێڕای ئەوەی مورشید- مرید تێداهەیە .

## خەلیفە

وادەبێ شێخ بۆئەوە کە دەسەڵاتی خۆیان یا تەریقەتەکەیان بگەیەننە بەشێکی زۆرتری وڵات، نوێنەران بۆخۆیان دادەنێن ( پێیان‌دەگوترێ " خەلیفە") و دەیاننێرنە شوێنی تر تەریقەتەکە بڵاوبکەنەوە و خەڵکی سەر بەو تەریقەتە هەڵسوورێنن . دوایی دێمە سەر باسی ئەوە کە چۆن دەکرێ پیاو ببێ بە خەلیفە . لە هەندێ تەریقەتدا دەکرێ خەلیفە ببنە شێخ و مورشیدی سەربەخۆ و، خەلیفە بۆخۆیان دانێن . لە هەندێ تەریقەتدا وا نیە . لە تەریقەتی " قادری"دا - هەندێ حاڵەتی زۆرکەمی لێ‌دەرچێ - قەت خەلیفە نابێ بە شێخ، هەرکوڕی شێخ دەبێ بە شێخ، کوڕی خەلیفە دەکرێ ببێ بە خەلیفە بەڵام دەبێ خەلیفایەتیەکەی دیسان لەلایەن شێخەوە رابگەیەندرێ . کەچی لە تەریقەتی " نەقشبەندی"دا زۆر باوە کە خەلیفە ئیجازەی ئیرشادی سەربەخۆ وەردەگرێ . ئا ئەوەبوو کە تەریقەتی نەقشبەندیی لە سەدەی نۆزدەدا وا بەزوویی پێ‌گەیاند ( دوایی دێینە سەری- لقی ٨ی ئەم فەسڵە ) .

## لێکدانەوەیەکی تری مانای سیلسیلە

ئێستا سیلسیلە زۆرلە ناو خەڵکدا بەوەش لێکدەدرێتەوە کە :" زنجیرەی بەرەکەتە، خودا داویە بە پێغەمبەر و لە پێغەمبەرەوە بە زنجیرەیەکی ئەولیادا هاتووەتە خوارەوە و گەیشتووەتە شێخ، شێخیش ئەو بەرەکەتە لە رێی خەلیفەوە دەگەیەنێتە مرید " . ئەو بەرەکەتەی سیلسیلە، وا لە پیاو دەکا خۆ بخزێنێتە سیلسیلەیەکی جێ‌باوەڕەوە، واتا - تا هەرنەبێ، بەناو - بگاتەوە شێخێك . وەك ئێستاش لە هەندێ بەشی کوردستاندا دەڵێن : " ئەو کەسەی شێخێکی نەبێ، شەیتان شێخیەتی" . ئەمە بیرێکە شێخەکان خۆیان - بۆ مەبەستی زۆر ئاشکرا- بەدڵ هانی دەدەن .

## کەرامات

کە مەسەلە هاتە سەرئەوەی پیاو تەنیا لە رێی شێخەوە بەرەکەتی پێ‌بگا، ئەوەش دێتە پێشەوە کە پیاو بەڵگەی سەربەخۆی هەبێ کە ئەو شێخەی ئەو هەڵیبژاردووە بەڕاستی خۆشەویستی خودایە و دەتوانێ بەرەکات "ببەشێتەوە". ئەمەش ئەوەیە شێخ توانای موعجیزاتی‌هەبێ، کە بەڵگەی دەرەوەی ئەوەیە کە شێخ " کەرامەت" ( زۆر:کەرامات)ی هەیە . کەراماتی ئەولیای‌گەورە دوای مردنیشیان کاردەکا ،خەڵك دەچنە زیارەتی مەرقەدیان، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەراماتەی شێخ نەخۆش چاك بکاتەوە یا خەون لە غەیبەوە بێنێ* .

کەراماتی دەدرێنە پاڵ شێخان زۆرن، هەندێك لەوانە لە بابەتێکن کە هیچ رۆژئاواییەك بەموعجیزاتیان دانانێ ( وەك : چاك کردنەوەی برینێك بە ماوەیەك کە بەبێ شێخیش بەوماوەیە هەر چا دەبۆوە،یا گوناهکارێك هێنانە سەر رێی دینداری)، هەندێك لە زانیاریی لەمێژینەن ( وەك : بەکارهێنانی دەرمانی گیا )، هەندێکی تر لەسەر ئەساسی بڕوا و خەیاڵ و تەنانەت کەڵەك بازی و دەستبڕینیشن . زۆر لەو موعجیزاتە لای زۆربەی رۆژئاواییان لە رێکەوتی رووت بەولاوە حیسابێکیان بۆ ناکرێ ( وەك : نوێژکردن بۆ باران، خەڵك ئەو هەمووە نوێژانەیان لەبیرچوونەوە کە بۆ باران کراون و هیچیان نەبارانددووە، کەچی ئەو چەند جارە کەمەیان لەیادە کە دوای نوێژ باران باریوە ) . هەندێکی کەمیش هەن کە بەهاسانی رەت ناکرێنەوە، دەچنەوە خانەی شتی خاریق . وا دیارە دەبێ هەندێ شێخ ( لە راستیدا، زۆرکەمیان) بتوانن شتی وا ببینن کە لە خەڵکی تر نەدیدەن،بە خەون یا دیدی

---

* سۆفیایەتی، دیارە زۆری لە فەرهەنگی پێش ئیسلامەتی وەرگرتووە، ئەوە بەتایبەتی لە ئاسیای مەرکەزی زۆرلەبەرچاوە کە مەرقەدی ئەولیای مسوڵمانان و بووداییان وەك یەك دارئالایان لێ چەقێندراون، زۆر بە زەحمەت، مەگەر بە نووسینی سەر ئالاکان لێك جیابکرێنەوە . لە کوردستانیش شتێکی لەوبابەتەیە . پیاو داروبەردی شکڵ سەیر دەبینێ کە بە کۆنەپەڕۆیان داپۆشراون، خەڵکی ئەهلی خوازونیاز بۆ چاك بوونەوە لە نەخۆشیو شتی وا، لێیان گرێ داون . زۆرتر وایە پیاو دەبینێ ئەو تیتاڵانە بە مەرقەدی هەمە جۆرە ئەولیاوە یا دارێکی نزیکەوە گرێدراون، واش دەبێ هیچ نیشانەیەك لە ئارادا نیە کە ئەو زیارەتگایە رۆژێك گۆڕێك بووبێ، وەك گەڕانەوەیەکی سەر جۆرە پەرستنێکی سەرەتایی تەبیعەت بە بیردا بێنێ . لە پرسیندا، وەڵامی خەڵك زۆرتر هەرئەوەیە کە پیاوێکی پیرۆزی لێ نێژراوەو ناوی لەبیر چووەتەوە، تەفسیرێکی ئاشکرای بۆ ئەوە نەوەکا ئەو کارەیان بەر بت پەرستی بکەوێ .

غەیب پێشەکی لە ڕووداوی دواتر ئاگاداربن ( دوایی چیرۆکی موعجیزەی شێخ سەییدا باس دەکەم - ل ١٠٠- ١٠١) . کاتێ پیاو شێخێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێ،هەرچەندە ڕەنگە وشەی"هەڵبژاردن" زۆر بەجێش نەبێ،چونکە زۆرتر هەر وایە تێکڕای عەشیرەت بەکۆمەڵ سەر بەیەك شێخن،بەڵام بەهەرحاڵ، ناتەبیعی نیە پیاو لەوحاڵەتەدا هەست بەوە بکا و پێویستیشی بەوە هەبێ قەناعەت بەخۆی بکا کە ئەو شێخەی ئەو باشە،کە بە ڕاستی لە شێخەکانی تر باشترە . ئەمە بەوە دەگا دنیایەك چیرۆك دەربارەی موعجیزاتی شێخان بکەوێتە دەمی خەڵك و هەرکەسەو لەخۆیەوە هەندێ شاخ و باڵی تری لێ بڕوێنێ و،- وادەبێ یەکجار زۆر- ڕەقابەتیشی لەگەڵ تابیعانی شێخانی تردا لێ پەیدا دەبێ . دوایی، نموونە لە هەردوو بابەت دێنێنەوە .



چاکێك لە شوێنێکی ناوەندی کوردستان

## جیاوازی و یەکبوونی تەریقەتەکان

دەروێش هەندێك لەوگۆڕانانەی تەریقەتی کە ئەوروپایی باسیان دەکەن، دەسەلمێنن، بەڵام ئەوانە لە" رواڵەت"دا دەبینن نەك لە"دەروون"دا، دەروون ناگۆڕێ چونکە خودا ناگۆڕێ و محەممەدیش دوا پێغەمبەری خودایە کە دەبێ ئەو تەریقەتانە لە ئیلهامی ئەوەوە بن،( دەروون لای کۆلکەزانای تەریقەت لە کوردستان،وێڕای میراتی"بەرز"ی عیرفانی، شتی واش دەگرێتەوە کە خەڵکی تر بە خەرافات و پاشماوەی جاهیلیەتیان دادەنێن ) . خودا یەکە، کەواتە تەریقەتەکانیش دەبێ رێگای جیاواز بن بۆ هەمان یەك مەبەست، لە راستیشدا هەرچەندە وادەبێ هەندێ مریدی نەزان تەریقەتی خۆیان لە ژووری تەریقەتەکانی تر دادەنێن، بەڵام بەگشتی تورووق ( طُرُق، زۆری تەریقەت) لای هەموان دەسەلمێندرێن . کە هەرا و دەمەقاڵێیش بکەوێتە نێوان ئەهلی تەریقەتە جیاوازەکانەوە، قسە بە تەریقەتی یەکتر ناڵێن، پەلاماردان خودی شێخێکی تایبەتی دەگرێتەوە ( ئەوەیە تاوانبار دەکرێ کە تەریقەتی راستەقینەی تێکداوە ) ، چەند تیوری دەربارەی بوونی ئەوەندە تەریقەتە هەن، هەموو لەوەدا یەکن کە " لەمێژوو بەدەر ahistorical "ـن ( ئەساسی گۆڕانی مێژوویيان قەبووڵ نیە ) . شێخێکی قادری پێی‌گوتم کە هەموتەریقەتەکان لە چوار لقی تورووقن کە لە پیغەمبەرەوە دراونە چوارخەلیفەی راشیدی (بەهەق هیدایەت-کراو) :

| | |
|---|---|
| ئەبوبەکر | تەریقەتی نەقشبەندیی وەرگرتووە |
| عومەر | کوبرەوی |
| عوسمان | سوهرەوەردی |
| عەلی | قادری |

نەقشبەندی وقادری، راستە کە سیلسیلەی خۆیان دەگەیەننەوە ئەبوبەکرو عەلی،دوور نیە شێخ دووەکانی‌تری لەخۆیەوە بەوشێوەیە هەڵبەستبێ تا قسەکەی بگونجێنێ . کوبرەوی و سوهرەوەردی لە کوردستان نین و لە ئەدەبیاتیشدا باسم نەدیتنەوە بەوشێوەیە لێیان بدوێن . شێخێکی قادری، جیاوازیی تەریقەتەکانی بردەوە سەر جیاوازیی شەخسیەتی چوار خەلیفەکان : پێغەمبەر، هەر خەلیفەیەو تەریقەتی بابەتی خۆی دایێ، ئەبوبەکر پیاوێکی لەسەرەخۆ و بێ‌دەنگ بوو و حەزی دەکرد بچێ بۆخۆی لە گۆشەیەکی لەخەڵك نەدیاردا قورئان بخوێنێ، لەبەرئەوەیە دەبینی دەنگ بەرزکردنەوەو هەڵپەڕینdance لە تەریقەتی نەقشبەندیدا نیە و لەجیاتی ئەوە رامانی بێ دەنگ هەیە، بەڵام عەلی پیاوێکی بە هێزوگوڕ و بزێو بوو، قورئانی بە دەنگی زۆر بەگوڕ و بەرز دەخوێند،

به‌وه‌ رووبه‌ڕووی بێ دینان ده‌بۆوه‌، تووڕه‌ی ده‌کردن و دوایی هه‌ر به‌وه‌ ده‌یهێنانه‌ سه‌ر رێی راست، له‌به‌رئه‌وه‌یه‌ ته‌ریقه‌تی قادری زۆر به‌ده‌نگه‌- ده‌نگه‌، به‌ ده‌فه‌و خوێندنه‌وه‌ی به‌ده‌نگی به‌رزو هه‌ڵپه‌ڕینه‌ و، شانۆیه‌کی تماشاییه‌ به‌ چه‌قۆ و شیر و ماری ژه‌هرداره‌وه‌ .

## ٤- مێژووی تەریقەتی قادری بەغوونە

مێژووی یەك بەیەكی گـەوەكانی ئـەم سیلسیلەیە وەدەست نـایەت، ئەسڵەن ئەوەی پیاو لە كتێبی مێژوودا دەیخوێنێتەوەو ئەوەی لە خەڵكی سەر بەو تەریقەتانەی دەبیسێ یەكترناگرنەوە : شێخێكی وەك عەبدولقادری گەیلانی (Gilani گیلانی)، كە تەریقەتی قادری بەناوی ئەوە، لە دوای مردنی بە دامەزرێنەری ئەو تەریقەتە ناسراوە، چیرۆك و ئەفسانەی زۆری دەربارەی ژیان و موعجیزاتی لە كوردستان هەیە و مەرقەدەكەی لە بەغدا لەوانەیە كە هەرە زۆرترین زیارەت دەكرێن . شێخ عەبدولقادر(١٠٧٧-١١٦٦) لە گیلان * لەدایك بووە، بە زوویی چووەتە بەغداو بووە بە زانایاكی فیقهی ئیسلامی (مەزهەبی حەنبەلی) . بەڵگە هەیە ( بڕ- تریمینگهەم ٤١-٤٢) كە لەسەرەتادا بە هیچ جۆرێك خۆشیی لە سۆفیایەتیی نـەهاتووە، هەرچەندە لە ساڵانی ناوەندی تەمەندا چووە چەندساڵ لە چۆل و بیاباندا بە شێوەی زاهیدێك بە وەرزشی رووحیی سۆفیایەتیی بردووەتە سەر، دوای ساڵانی پەنجای تەمەنی، بووە بە واعیزێكی خەڵك بەڵام نـەك مامۆستای سۆفیایەتی . یەكەم نووسینی كە بە وەلی و خاوەن موعجیزەی باس كردووە ئەوەیە كە سەدەو نیوێك دوای مردنی نووسراوە . بەڵگەی بوونی چەند مەركەزێكی قادری لە عیراق و سووریادا تەنیا لە دەوروبەری ساڵی ١٣٠٠دا بەدەست دەكەوێ . بڵاو- بوونەوەی بە هەموو دنیای ئیسلامدا لەوانەیە پێش سەدەی ١٥ نەبووبێ . پێوەندیی تەریقەتی قادریی كورد- ستان بە شێخ عەبدولقادرەوە زۆر تەماوییە . ماڵە شێخێكی گرنگی كە وابووە بە " ساداتێ نەهری" ناسراون ( ناوەندی كوردستان) خۆیان دەبەنەوە سەر عەبدولعەزیزی كوڕی شێخ عەبدولقادر، كە گوایا بۆ فێركردنی تەریقەت هاتووەتە كوردستان،بەڵام ئەم قسەیە زۆر لێڵ و جێگومانە . بەڵگەی ئەسڵی ماڵە شێخانی بەرزنجی ( بەرزەنجی Berzencî ) كە گرنگترین ماڵە شێخی قادرین لە كوردستاندا، كەمێك پترە: دەوری ساڵی ١٣٦٠، دوو سەیدی برا بە ناوی سەید مووساو سەیدعیسا لە هەمەدانەوە هاتوونەتە شارەزوور و لە بەرزەنج Berzenc دامەزراون . دەڵێن ئەوان تەریقەتی قادرییان هێناوەتە باشووری كوردستان . سەید مووسا بێ وەجاخ بووە،

---

* زۆرترینی نووسەران بە گیلان ی ئوستانی قەزوینیان داناوە . بەڵام گیلان یێكی تریش لە كوردستانی باشوور ( باشووری رێگای بەغدا - كرماشان ) هەیە . زۆربەی كورد ،بێ كەمترین گومانێك،گیلان ی كوردستان بە جێی لەدایك بوونی عەبدولقادر دادەنێن .

شێخانی بەرزنجی لە سەیدعیسان . ئەوەی راستی بێ، ساداتی نـەهری و شێخە تاڵەبانیەکانی لێ دەرچێ، هەموو شێخە قادریەکانی تری کوردستانی من ئاگادارم ناوی سەیدعیسایان لە سیلسیلەدا هەیە ( وابووە بە " قوتب ئەل عارفین" ناوبراوە) . نموونەی سیلسیلەیەك ( کە لە سیلسیلەدا زۆرترهەر وایە هەر ناوی گرنگترین گەوەکانی باس دەکرێ) لێرەدا دەخەمە بەرچاو کە لە " خەلیفە حاج سەید وەفا سەلامی" ی سنەم وەرگرتووە،بە شێوەی خوێندنەوە فارسیەکەی خۆی ( بەوجۆرەی کە لە تەشریفاتی حەفتانەدا دەخوێندرێتەوە) :

دیارە، ئەسڵی هەموو شتێك خودایە، خودا نەك هەر قورئان بگرە مانای شارراوەی قورئان و هەموو تەریقەتە - کانیشی بە جبرائیلدا بۆمحەمەد ناردووە . محەمەد ،عەلی ی ئامۆزا( nephew برازا/ خوشکەزا) و زاوای فێری تەریقەتی قادریی کردووە، دوای ئەوە تەریقەتەکە دەگاتە :

٣- حەسەنی بەسری، ٤- حەبیبی عەجەم، ٥- داود تائی، ٦- مەعرووفی کەرخی، ٧- جونەیدی بەغدادی، ٨- ئەبوبەکر شبلی، ٩- عەلیهەکاری، ١٠- ئەبو یوسوف تەرسوسی، ١١- ئەبوسەعید مەغزوونی ئل موبارەکە، ١٢- عەبدەلقادرگیلانی ( قوتب)، ١٣- عەبدەلجەبار( کوڕی عەبدەلقادر)، ١٤- ئەحمەدی رفاعی ( قوتب)، ١٥- ئەحمەدی بەدەوی ( قوتب)، ، ١٦- ئیبراهیم دەسوقی ( Dasukhi دەسوخی ) ( قوتب )، ١٧- عیسا بەرزنجی و مووسا بەرزنجی، ١٨- ئیسماعیل وولیانی، ١٩- عەلی کۆسە دۆڵ پەموو( Qos-e Dolpembe قۆس-ێ دۆلپەمبە)، ٢٠- حوسێن ( کوڕی عەلی کۆسە)، ٢١- حاجی سوڵح عەبدوسسەلام ( کوڕی حوسێن)، ٢٢- حاج سەیدوەفا سەلامی .

ئەم سیلسیلەیە تا رادەیەك کورتە، وادەبێ زۆر درێژتر دەبێ، وادەبێ کورتتریش دەبێ . تەبیعی، هەر باس - کردنی ناوە هەرە بەناوبانگەکان لە سیلسیلەدا وادەکا سەدان ساڵ بکەوێتە نێوان یەکێك و ئەوەی دوای ئەو، بەڵام شتێکی تر هەیە : مەرج نیـە سۆفی فێربوون و ئیجازە وەرگرتنی هەر لە کەسێکەوە بێ کە هاودەم و هاو رێی بووبێ، زۆر وادەبێ شێخێکی گەورە کە لەمێژە مردووە دێتە بەرچاوی و تەریقەتی دەداتێ . ئـەم جۆرە پێوەندیە رووحییە زۆر لە پێوەندیی تری ئاسایی بەگرنگتر دادەنرێ، ئیتر ناوی ئەو کەسانەی لە مردنی شێخە گەورەکەوە تا ئەم شێخە تازەیە ( ی تەریقەتی لێ وەردەگرێ ) لە سیلسیلە دەسڕێنەوە ( سیلسیلەکە وا رێك دەخرێتەوە کە ناوی شێخی تازە رێك بە دوای ئەو شێخە گەورەیەوە بێ کە لە کۆنەوە مردووە ) . دیارە دەکرێ لەو رێیەوە ناوی وا بکەوێتە سیلسیلەوە کە قەت " بەڕاستی" پێوەندی بە تەریقەتەکەوە نەبووبێ، بەڵام زۆر بەناوبانگ بووە یا زۆر لەسەر رێو شوێنی ئەسڵی ئیسلامەتی بووەو، خۆ بەستنەوە بەو بۆ شاردنەوە-

یەکی سەلامەت و بێ ترسی رووی"بیدعەتکاری" رەنگە بەکەڵك بێ . خەتی نێوان عەقیدەی راستی روئیاو ساختەچێتی زۆر باریکە . لەوانەیە ناوی جونەیدی بەغدادی لەو سیلسیلەیەدا نموونەیەکی کۆنی ئەم قسەیە-مان بێ . جونەید ، مامۆستاو پێڕەوی عورف و تەقلیدوگرانی و مەنگی، ناوی لە زۆر سیلسیلەدا هەیە،کەچی ئەبو یەزیدی بیستام ( بسطام ) کە یەکەم نموونەی سۆفیایەتیی بە وەجدونەشوەت بووە کە بە دەنگی بەرزو زمانی تیژی پڕ بە دەم هاواری دەرچوونی لەعورف و تەقلید کردووە، زۆر سەرنجی پیاو رادەکێشێ کە ناوی لە سیلسیلەکاندا نیە، هەرچەندە ئەویش بەلای کەم ئەوەندەی جونەید تەئسیری هەبووەو ئێستاش هەیەتی* .

ئەم سیلسیلەیە، تا جونەید وەکو ئەوەی چەندێکی زۆر کەمی ترە ( بەنموونە : سیلسیلەی پێشینی کە لە کتێبی تریمینگهەمدا هەیە ( (١٩٧١) : ٢٦٢) . تریمینگهەم سەرنجی ئەوەی داوە کە ناوی عەلی هەتا سەدەی ١١ی زایینی لە سیلسیلاندا نەبووە . بەگوێرەی سیلسیلەی هەرە پێشینی بەدەستەوەیە، حەسەنی بەسری تەریقەتی لە ئەنەس ئیبن مالیك و ئەویش لە پێغەمبەری وەرگرتووە ( هەمان سەرچاوە : ٢٦١) .

لە دوو خانەقای تردا ( یەکیان لە سنە و ئەوی تر لە مهاباد) سیلسیلەیەکی ترم پەیداکرد کە عەلی بە یەکەم حەوت ئیمامی شیعە ( ی دازدە ئیمام) دا دەگاتە عەبدولقادری گەیلانی، نەك لە رێی ئەو وەلیانەوە کە لەم سیلسیلەیەدا باس کراون ( کە سوننی و شیعە وەك یەك رێزیان لێدەنێن ) . ئەوە خۆی لەخۆیدا سەیر نیە، بەوە کە سەیدعیساو سەید مووسا بە تۆرەمەی ئیمام مووسای کازم ( کاظم) باسکراون، رەنگە ئەم سیلسیلەیە بە سیلسیلەی بەرەی نەژادی دانرابێ تاوەکو هی رووحیی ئەو دوو برایە . بەهەرحاڵ، لای شیعە، ئیمامەکان خاوەن زانیاریی شاراوەن . زۆر لەوانەیە، لەبەر ئەوەو هۆی سیاسیش بووبێ ( ئێران دەوڵەتێکی شیعەیە، لە سنەش هەرچەندە کوردەکانی نزیکەی هەمووهەر سوننین بەڵام دانیشتوانی شیعەی زۆرە) کە هەندێ شێخ ئەم سیلسیلەیەی دواییان پەسندکردووە تا ئەوەی پێشوو . قادری، بەتایبەتی ئەوانەی سنە،بەوە ناسراون کە لەگەڵ شیعەدا نەرم و نیانن، وادەبێ ئەوان و دەروێشەکانی تەریقەتی نیعمەتوڵڵاهی ( ی شیعە) سەر بە مەجلیسی یەکتردا دەکەن . ئەم نێوانە نەرم و نیانە ( بە پێچەوانەی بە بێ رێز سەیرکردنی یەکتری سوننی و شیعە ) بەوە

---

* " مەنسووری حەللاج" یش، هەرچەندە زۆربەی سۆفیەکان زۆر بە رێزەوە باسی دەکەن، بەڵام ناوی قەت لە سیلسیلەکاندا نیە . ئەوەی راستی بێ، چەندین قادری پێیان گوتم کە ناوی مەنسوور لە سیلسیلەکانیاندا هەیە، هەرچەندە کاتێ دەیانخوێندەوە قەت ناوی نەبوو .

روون دەکەنەوە کە : جیاوازیی سوننی و شیعە لە دیوی" زاهیری" (ظاهر)یەوەیە، کە بێتە سەر دیوی" باتینی" ( باطن) - کە دەروێش دەبێ هەر لەوێوە سەیری شت بکا- ئەسڵەن هیچ جیاوازیەکیان لەنێواندا نیە . ئەبوبەکر شبلی، کە لای جونەید خوێندکار بووە، لە " سیلسیلەی قادری ی کتێبی براون Brownیشدا هەیە (١٨٦٨ : ٥٠-٥١) . ئەبوسەعید مەغزوونی ئل موبارەکش بەهەمان جۆر(وادیارە ناوی ئەبوسەعید موبارەك موخەرریمی بووەو شێواوە، کە زانایەکی ئاینیی حەنبەلی بووە، دەرسی بە عەبدولقادر گوتووە - دەرسی مەزهەبی حەنبەلی، نەك تەریقەتی سۆفیایەتی ) . بەڵام وەلیی ژمارە ٩و١٠ (عەلیهەکاری و ئەبو یوسوف تەرسوسی)یم بەهەرحاڵ نە لە هیچ سیلسیلەیەکی تردا بەرچاوکەوت و نە لە هیچ سەرچاوەیەکیشدا .

لە هەموو ئەو سیلسیلانەدا کە وەدەستمکەوتوون، دوو سەدەی نێوان سەردەمی عەبدولقادرو هاتنەکوردستانی تەریقەتەکەی زۆر نـادیارە . عەبدولجەباری کوڕی عەبدولقادر، ئەوەی راستی بێ، باسێکی لە ئەدەبیات و کتێباندا نیە، دەبێ هەر لەبەر ئەوە ناوی کەوتبێتە ناوەوە چونکە گۆڕەکەی لەشوێنێکی لەبەرچاوە : لەبەردەمی گۆڕی باوکی،وەك پاسدارێك چەقیوە . سێیەکانی تر،لەوانەیە کارێکیان بە تەریقەتیقادری نەدابێ . ئەحمەدی رفاعی (١١٠٦-١١٨٢) هاودەمی عەبدولقادر بووە،وەلیەکی ناسراو بووە لە باشووریعیراق و،لە سەردەمی خۆیدا خەڵکی زۆری دووکەوتووە، بەراستی دەکرێ بە دامەزرێنەری تەریقەتی رفاعی دابنرێ ( پێیان دەڵێن " دەروێشانی بە وەلوەلە"، بەهۆی زیکری بە دەنگی بەرزو دۆخی نەشوەتی نـائاسایی کە تێدا بە سەر ئاگردا دەرۆن و بە زەرگ و چەقۆ لە خۆ دەدەن و...ئیدی لەوبابەتە*. بەگوێرەی چیرۆکان، دەبێ عەبدولقادرو ئەحمەدی رفاعی خزم بووبن، وابووە بە مام و برازا( یا خاڵ/ خوارزا) ناوبراون ( براون (١٨٦٨) :٥٢) . لە ئەفسانەکانی رفاعیدا، عەبدولقادر بە رێشاندەری رووحیی ئەحمەد باسکراوە، بـەڵام بەگوێرەی بەڵگەی مێژوویی هیچ خزمایەتیەکیان لە نێواندا نەبووە . ئەحمەدی بەدەوی ( ژمارە ١٥) و ئیبراهیم دەسوقی ( ژمارە ١٦) دامەزرێنە- رانی ئەو تەریقەتانەی میسر بوون، کە وادیارە هەر تەنیا لە سنووری میسریشدا بڵاوبوونەوەو ماونەوە . دەڵێن ئەو دووانە مریدی رفاعی بوون، هەرچەندە شتی وا لە رووی کاتەوە دوور دێتە بەرچاو . ناوی ئەو دووانە لەم سیلسیلەیەدا مەتەڵێکە بە من هەڵنایەو، لە سیلسیلەکانی تری قادریدا کە وەدەستمخستوون نین . رەنگە هەر

* بۆ باسێکی بەتەرزی کۆنی جەلسەی رفاعییان لە باکووری ئەفریقا بڕوانە بەرهەمە نایابەکەی لێن (١٨٣٦) .

لەبەرئەوە ناوی رفاعی کەوتبێتە ئەوێ چونکە تەبیعەتی ئاکاری رفاعی وقادرییکوردی وێکدەچن : زیکری بە دەنگی بەرزو بەپێوە، وێرای تەکانیتوندی لەش، زەرگ و چەقۆو شیر لەخۆدان،قووت دانی شووشەی شکاو و بزمار و ژەهرو .. ئیدی لەو بابەتانە ( بڕوانە باسی مەجلیسی قادری لە لقی٩ ی ئەم فەسڵەدا) . تەریقەتی رفاعییە نەك قادری،کە بەتایبەتی بەوجۆرە کردارانە ناسراوە . براون،لەهیچ کوێی بەرهەمە چەندبەرگیەکەیدا دەربارەی تەریقەتە دەروێشیەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی (١٨٦٨) باسی ئەوکردارانەی تەریقەتی قادری ناکا، منیش نە قەت بیستوومە و نە قەت خوێندووشمەتەوە دەروێشی قادری لە شوێنێکی تری جگە لە کوردستان خوویان دابێتە کرداری وا . کەواتە، بەدوور نایەتە بەرچاو،لقی کوردی تەریقەتی قادری کەوتبێتە بەرتەئسیری تەریقەتی رفاعییەوە . ئەوەندەی من بزانم، خانەقای بەتەواوی رفاعی لە کوردستان نین، بەڵام رەنگە ( وەك هەندێك کەس پێیان گوتم) لە رابردوودا هەبووبن،ئێستاش چەندێکی کەمی وا لە سووریاهەن کە لە کوردستان دوور نین .

کەواتە ئەم سیلسیلەیە ( و هی تریش) گرێی ئەوەمان بۆ نـاکاتەوە بزانین عیساو مووسای بەرزنجی چۆن و لە کوێوە ئەم تەریقەتەیان وەرگرتووە . لقی کـوردی تەریقەتەکە لە لیستەی پڕکاری دەستە ولقەکانی قادریی تریمینگهەمدا باس نەکراوە ((١٩٧١):٢٧١-٢٧٣)،لە شوێنی تریشدا لە نووسراواندا تووشی نەبووم . رەنگە بکرێ هەرئەوتەنیایی و دابڕانەی قادرییکورد لە لقەکانی تری تەریقەتەکە،تەبیعەتی جیاوازیشی روون کاتەوە . وادیارە هەرنەبێ لە سەیدعیسا بەم لاوە تەریقەت لە باوکەوە بە کوڕ گەیشتووە ( نـەك لە شێخەوە بە هەرچ مریدێکی ) . بە قسەی ئەدمۆندز ((١٩٧١): ٧٠) هەموو شێخەکانی قادری ( تاڵەبانیەکانی نەبێ) لە نەژادی " بابارەسووڵ گەورە"یەکن کە دەکەوێتە نۆیەم پشتی دوای سەیدعیسا . بابارەسووڵ ١٨ کوڕی هەبووە،کە شەشیان بەرەیان دەوامی کردووە، هەرشەش ناوی شێخیان لە خۆ ناوە، بەرەیەکی زۆریان لێ کەوتووەتەوە و ئێستا زۆر لقن، لە سەر تا سەری کوردستان هەن و هەر لقەو ژمارەیەك شێخیان هەیە . ئیتر ئەوەیە بەشی داوێنی سیلسیلەکە خزمایەتیی شێخ و لقەکانی تری ماڵی بەرزنجی پیشان دەدا . لە پاشکۆی ئەم فەسڵەدا، دارێکی نەژادی ماڵە شێخانی بەرزنجی ( زۆرتر لە سەر ئەساسی زانیاریی ئەدمۆندز ( ١٩٧٥) رێكخراوە) ( جەدوەلی ژمارە ١)، عەلی کۆسە دۆڵپەموو( ژمارە١٩ی سیلسیلەکەی حاج سەید وەفا سەلامی ) لەوێدا لە سێیەم پشتی دوای بابارەسووڵدا جێی گرتووە . خزمایەتی لەگەڵ لقەکانی تری بنەماڵەکەدا راست لەبەرچاوە .

## ٥- ئەولیای تری کوردستان

لە سەرەتای سەدەی ١٩دا، هەر تەریقەتی قادری لە کوردستان هەبووە، وادیارە هەر شێخەکانی قادری تاقە رابەرانی گرنگی ئاینی بوون . لە دەورانی بەرلەوەدا ، وەك لە سیاحەتنامەی ئەولیاچەلەبیدا باس‌کراوە،چەندین تەریقەتی سۆفیایەتی لە شارەکانی کوردستان هەبوون . جگە لەو تەریقەتانە، هەمیشە پیاوی پیرۆزی تر ( هەر بە ناوی شێخ، یا ئەولیاش) هەبوون،کە راستەوخۆ سەر بە هیچ تەریقەتێك نەبوون، بەڵام هەمان کاری شێخانی تەریقەتیان کردووە : مامۆستای رووحی بوون، ئەهلی‌موعجیزە بوون،و قسەیان بۆ ناوبژی‌کردن لەکێشەوهەرا-یاندا کردووە . هەندێ ئەولیای کە لەهەموو دنیای ئیسلامدا بەناوبانگ بوون،لە کوردستان ژیاون و ئێستاش مەرقەدیان زیارەت دەکرێن، من خۆم - بەغوونە- چوومە سەر ئەم گۆڕانە :

- ئووەیس ئەلقەرەنی ( کورد پێی دەڵێن " وێسول قرانی") : پیاوێکی خەڵکی یەمەن، هاوکاتی پێغەمبەر بووە بەڵام قەت نەیدیوە، بەگوێرەی ئەفسانە دەبێ ئاشنایەتیی رازی رووحیی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر لە رووحی پێغەمبەرەوە پێ‌گەیشتبێ( کورد پێیان‌گوتم کە محەمەد لە رێی میعراج (سەفەری شەوی بە ئاسماندا) وێسول قرانیی دیتووە) . مەرقەدی لە نزیکی بتلیس ( کوردستانی تورکیا) لەو مەرقەدانەیە کە زۆرترین زیارەت دەکرێن .
- ئەبولوەفا ( کۆچی دوایی ١١٠٧ ) : جەردەیەکی کورد بووە، دوایی وازی لە جەردەیی هێناوە و بووە بە وەلیەکی ئەوەندە بەناوبانگ کە پێی گوتراوە تاج ئەلعارفین . لە رێی ئەوەوە بووە کە تەقلیدی سۆفیایەتیی بەغدا تەئسیری کردووەتە مەزهەبی سۆفیایەتیی ناوداری تورکی ئەنادۆڵ ( تریمینگهەم(١٩٧١) : ٤٩-٥٠، ٧٠) . ئێستاش خەڵك دەچنە زیارەتی لە سێرت .
- پیاوێکی کە ئـەگەر لەجیاتی ئەوەی بە زمانی کوردیی‌خۆی نووسیوە بەعارەبی بنووسیایە زۆر بەناوبانگ دەبوو : شێخ ئەحمەد ، کە لە کوردستاندا بەگشتی بە مەلایێ جەزەری بەناوبانگە ( کۆچی دوایی١١٦٠( ؟!-وەرگێڕ) ) . سۆفیەکی گەورە بووە و دیوانێکی شیعری زۆر نایابی عیرفانیی بەجێ هێشتووە کە ئێستاش خوێندنەوەی لە ناو کورد(ی خوێندەوار)دا زۆر باوی هەیە . ئێستاش خەڵك ئەوە دەگێڕنەوە کە لە کاتێکدا دەرسی عیرفانیی گوتووە،ئەو بەردەی لەسەری دانیشتووە ئەوەندە گەرم بووە ژن هەویریان پێوەداوە، نانیان پێ برژاندووە . خەڵك دەچنە زیارەتی گۆڕەکەی لە جزرە( لە " مەدرەسا سۆر") هەرچەندە ناوبانگی ئەوەشی

نیە کە هێزی موعجیزاتی هەبێ .

ــ پیاوێکی ( تورك؟) ئەهلی عیرفان بەناوی ئیبراهیم حەقی ئەرزورومەلو،لە سەدەی ١٨دا لە دێی تیللۆ( ئێستا ناوی کراوە بە " ئایدینلار " ) ی نزیکی سێرت ژیاوە . " مەعریفەت نامە" کەی یەکێك لە دوا نووسینە مەوسووعەمییەکانی زانست و فەلسەفە و عیرفانە . لەو مەعریفەت نامەیەوە بەدەردەکەوێ کە تەریقەتی نەقشبەندیی وەرگرتووە، هەرچەندە وێناچێ بە کەسانی تری گەیاندبێ .

وێرای ئەو گەورەپیاوانە، زۆری تریش هەبوون پلەوپایەیان کەمتر بووە، هەندێکیان بەڕاستی زاهید بوون و هەمیشە لە تێڕوانین و ئەندیشەدا نقوم بوون، ئیدیش هەبوون کەسانێکی دڵڕەق و چاو لە دەسەڵات بوون و دەرفەتیان لە هەستی ئاینیی هاوئاینانی سادە هێناوە، زۆربەیان بە رادەیەك لە هەرتك سیمایان هەبووە .

زۆربەی شاری بچووك و دێی گرنگ، یەك مەرقەد یا پتری ئەولیای ناوچەییان لێیە، زۆرتر وایە ناویان لەیاد چووەتەوەوهەر پێیان دەڵێن شێخ . خەڵك بە نیازی ئاینی روویان لێ دەنێن: بۆ دوعای بەتەئسیر، چاك بوونەوە لە نەخۆشی، پارێزگاری لە خەتەر . هەندێك زیارەتگا وا باوە کە کەراماتیگشتییان هەیە، هەندێکی تر بۆ چاك بوونەوە لە فلانە نەخۆشی یا بۆمنداڵ بوونی نەزۆکان بەتەئسیرن . ئەم مەرقەدانە (و شوێنی تریش کە خاوەنی کەراماتن، بڕوانە پەراوێزی داوێنی لاپەڕە ٣٢ ) بەگشتی پێیان دەگوترێ : زیارەت . ئەوانەی دێنە زیارەت، زۆرتر هەر وایە پەڕۆیەك یا تیتاڵێك لە جلوبەرگیان دەکەنەوە و بە گۆڕەکەوە یا بە دارێکی پەنایەوەگرێ دەدەن،بەڵام ناڵێن بۆچی وادەکەن (رەنگە لەبەرئەوەبێ پێیان وابێ، وەڵامەکە، ئەگەر بیری لێ بکەنەوە، بە زەحمەت بەر ئیسلامی ئەسڵ بکەوێ ) .

لەوانەیە هەندێ شێخی ناوچەیی، ئەگەر هەر بە سیفەتی راوێژکاری فەرمانڕەوایانی بەدەسەڵاتی نـاوچەییش بووبێ، دەسەڵاتێکی زۆریان لە ژیانی خۆیاندا وەدەست خستبێ . بەهەرحاڵ، ئەوەندەی من بزانم، نـەبـوونە بنەماڵـەی فـەرمانڕەوا یا خـەلیفەیان بڵاونـەکردوونەوە، لەبەرئەوە تـەئسیریان لە رووی زەمـان و شـوێنەوە زۆر نەبووە، دەکرێ دوای مردنیشیان خەڵك چووبنە سەرگۆڕیان، بەڵام وا ئەمیش کارێکی ساڵحانەی تا دێ بێ مانای لێ دێ .

ئیتر ئەوەبوو لە دەوری ١٨٠٠دا تەنیا دوو بنەماڵەی شێخان لە کوردستان دەوامیان هـەبوو، و هەردوو لە سەر تەریقەتی قادری بوون : بەرزنجی و ساداتێ نەهری .

## ٦- شێخانی قادری لە کوردستان

چەند شتێك دەسەڵاتی ماڵە شێخانی قادرییان پترو بەردەوامتر کرد :

ـ یەکەم : ناوی" قادری"، واتا سەر بە شێخ عەبدولقادری خاوەن مەرکەزو ناوی گەورەوگران لای مسوڵمانان ( کە تەنانەت بە نەژادیش خۆیان دەبەنەوە سەر ئەو ) .

ـ دووەم : ماڵی بەرزنجی (و بە رادەیەکی زۆرکەمتر: ساداتێ نەهریش توانیان لە چەندین شوێنی کوردستاندا پەل بهاوێن و خۆدامەزرێنن، ئەوجا تەئسیرو دەسەڵات و سامانێکی وەدەستیان خست بە میرات پاراستیان و زیادیانکرد . ئەو میراتگریەی ئەوانیش لەوەی شێخانی تر پتر قەبووڵ بوو چونکە سەیدیش بوون ( و تەنانەت وابووە خۆیان بە نەژادی خودیعەبدولقادریش باسکردووە) و ئەوەش مافێکی تری میراتگریی بۆسەلماندوون .

ـ سێیەم : هەر تەنیا ئەوان لە کوردستاندا کۆڕی دەروێشانیان هەبوو ( تەریقەتەکانی شارستان نەمابوون، تەریقەتی نەقشبەندیش دەبوو دوای ١٨٠٨ ئەوجا دیسا بهێنرێتە(وە) ئاراوە) . شێخانی قادری ( یا خەلیفە-کانیان) سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەی حەفتەیی دەروێشەکانیان دەکرد . ئەوانەی دەروێشی تەواو بوون، هەر بەشێکی کەمی تابیعانی ئەو شێخانەیان پێکدێنا، بەڵام زۆر خوێن گەرم و بە راستیان بوو و تابلێی لە پرۆپاگەندەکردندا بۆ شێخەکانیان بەکەڵك بوون . ناردنی خەلیفان بۆ ئەو شوێنانەی دەستی شێخانی قادریی نەگەیشتبووێ، دوایی کارێکی کرد کە تۆڕی قادری پەل بهاوێتە هەموو کوردستانەوە . هەرچەندە هەمووی سەر بە چەند مەرکەزێکی کەم بوو، کە بریتی بوون لە لقە سەرەکیەکانی ماڵەکە، بەڵام ئەو تۆڕە بەتەواویش مەرکەزی نەبوو : هەندێك لە لقەکانی ئەوماڵە دەسەڵاتی لقی مەرکەزیی بەرزنجەیان قەبووڵ نەبوو*. شێخانی بەرزنجی توانیان ئەگەر هەر تەنیا بەهۆی دەسەڵاتیان بەسەر ئاغای عەشیرەتی و دەرەبەگە خاوەن زەویەکانیشدا بووبێ، زەوی و زارێکی یەکجار زۆرو دەسەڵاتێکی دنیایی زۆر وەدەستبخەن .

لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، یەکێك لەو شێخانە، شێخ مەحمود ( بڕوانە پاشکۆ، جەدوەلی ١، ژمارە ١٠) ناو و

* وادیارە ساداتێ نەهری نە تۆڕی وایان دروست کردووە و نە بوونە چەند لق ( ی رەقیبی یەکتر ) . وادیارە قەت لە یەك کاتدا لە یەك شێخ پتریان نەبووە .

ناوبانگی دنیایی - بە رابەرێکی نەتەوەیی کورد و سیاسیەکی دژی ئینگلیس - پەیدا کرد ،کە تەنانەت ساڵی ١٩٢٢ خۆی کردە پادشای کوردستان .

راپەرینەکانی شێخ مەحموود

شێخ مەحموود ئەو سەردەمە سەرۆکی ماڵی بەرزنجی بوو و بەوە رەنگە دەستڕۆیشتووترین پیاوی کورد- ستانی باشوور بووبێ . ئینگلیس، کە عیراقیان لەشەڕی جیهانیی یەکەمدا داگیرکردبوو،لەدوای ئاگر- بەسی ١٩١٨/١٠/١٠دا نەخشەی دامەزراندنی ژمارەیەك(؟- وەرگێڕ) دەوڵەتی نیوە سەربەخۆیکوردیان بەدەستەوەبوو تا بیانکەن بە لەمپەر لەنێوان میسۆپۆتامیا و بەشەکانی تری کە لە ئیمپراتۆریی عوسمانی دەمانەوە . دیارە، شێخ مەحموود لەبەرچاوترین رابەرێك بوو بۆ حوکمێکی ناڕاستەوخۆی وای هەڵبژێرن . ئەوەبوو کرا بە حوکمداری بەشێکی زۆری کوردستان و دەبوو ئەفسەرێکی سیاسی ( ی ئینگلیس ) " یارمەتی" بدا . مشاوری یەکەمی ( مێجەر نۆئێل)، کە وادیارە کێشەی گەورەی لەگەڵیدا نەبووە، بە زوویی ( لە نیسانی١٩١٩دا) گۆڕا و مێجەرسۆن ی زۆر بەدەماری خرایە جێ . سۆن لای وابوو کە ئەو دەیزانی چی بۆکورد باش بوو و،بەوە ناسرابوو کە رقی لە شێخی وەك خۆی زۆر بەدەمار بوو . نەتیجە ئەوەبوو کە راپەڕینێکی دژی ئینگلیس بەرپابوو کە هەموو عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانە ( جگە لە زۆربەی بەشەکانی جاف)ی تێدا بەشدار بوون . شێخ خۆی بە فەرمانڕەوایەکی سەربەخۆ راگەیاند . شاڵاوێکی زۆری ویست تا راپەرینەکە دامرکێنرایەوەو، شێخ دوورخرایەوە . ئینگلیس، ساڵی ١٩٢٢، بە هەر حاڵ ناچار بوون شێخ مەحموود بهێننەوە سلێمانی چونکە وادیاربوو تورك لە پڕۆپاگەندەی دژیئینگلیس لە ناوکورددا زۆرسەرکەوتوو بوون . ئینگلیس و تورك (ی نەتەوەیی مستەفاکەمال) سەرگەرمی شەڕێکی سەختی پڕۆپاگەندە بوون کە کورد بەلای خۆیاندا راکێشن . مەسەلەکە بەڕاستی ویلایەتی مووسڵ ی بە نەوت دەوڵەمەند بوو( زۆربەی باشووری کوردستانی دەگرتەوە) کە بخرێتەکۆماری تورکیاوە یا وەعیراقی ژێر ئینتیدابی بریتانیا بخرێ . کوردی نەتەوەیی داوای دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیان کرد . ئینگلیس، بەڵێنی (نیمچە-) سەربەخۆییان دا و بە ئومێدی ئەوەبوون بە ئاشت کردنەوەی شێخ مەحموود کوردان بەلای خۆیاندا بێنن . ترسی لەدەست دانی نەوتی مووسڵ بەسەر ترسی یاخی بوونێکی نوێی شێخ مەحموود کەوت، ئەفسەری سیاسی ئەدمۆندز لە نووسینێکی زەق و ئاشکرای نائاساییدا نووسیویە دەڵێ :"... ئێمە لەوە نائومێدبووین کە بتوانین بە توانای خۆمان پێش بە تورکان بگرین،

ئەوەبوو مەحموودمان بۆ پشتگرتنی هەستی نەتەوایەتیی کـورد هێنایەوە، چونکە ئەمە ئیتر تاقە رێیەك بوو کە بۆمان مابۆوە..." (١٩٧٥) : ٣٠٤) . ئەوەی ئینگلیس زۆری پێ تووڕە دەبوون ئەوەبوو: شێخ مەحمود هەر بەردەوام هەوڵی دەدا دەوڵەتێکی کوردی سـەربەخۆ بە رابەریی خۆی لەو وەزعە پێك بهێنێ، هەوڵی دەدا بریتانیا و تورکیا لەدژی یەکتر بەکاربێنێ و، پێوەندیی پتەوی لەگـەڵ نـەتـەوەییـەکـانی بەشەکانی تری کوردستاندا هەر درێژە پێ دەدا. تەنیا لە مانگێکی دوای ئەوەدا کە کرابوو بە حوکمداری کوردستان،ناوی خۆی کرد بە پادشای کوردستان ( نوامبری١٩٢٢) . پێوەندیی نهێنیی لەگەڵ تورکاندا دامەزراندبوو و لە شوباتی ١٩٢٣دا یاخیبوونی ئاشکرای لە ئینگلیسان دیسان هەڵگیرساندبووەوە . پایتەختەکەی ( سلێمانی) لەلایەن هێزی هەوایی بریتانیاوە بوردومان کرا و لەشکری ناردرایە سەر . لە مانگی مایسدا، شێخ نـاچار کشایەوە ناو سنووری ئێران و لەوێوە هێرشی بۆ ناو عیراق دەهێنا . لە حوزەیرانی ١٩٢٧دا خۆی تەسلیمی ئینگلیس کرد .

جاف نەبێت ( کە لەژێر دەسەڵاتی ئاینیی بەرزنجیەکاندا نەبوون و نین)،هەمووعەشیرەتەکانی ناوچەی سلێمانی وێڕای چەندین عەشیرەتی باکووری ئەو ناوچەیە پشتگیریی ئەو راپەرینانەیان کرد* . ئەگەر ئەو ئیحتیکارەی دەسەڵاتی ئاینی و سیاسیەی کە بەرزنجی لە راستیدا هەیانبوو،سەدەیەك بەرلەوە نەشکابایە، ئەوا ئەم راپەرینانە پتر وڵاتیان دادەگرت و، شکاندنیان - ئەگەر هەر لە توانابەدەر نەبوایە - زەحمەتتر دەبوو .

لە لیوای کەرکوك،زۆربەی زۆری خەڵك (بەگوێرەی راپۆرتی ئەفسەرێکی سیاسیی یاریدەدەری ئینگلیس ٨٠٪) پێشنیارێکی ئینگلیسیان رەت کردەوە کە دەربارەی ئەوەبوو لیواکەیان بخرێتە ژێردەسەڵاتی شێخ مەحموودی کە ئەوسا تازە دامەزرابوو . لەکاتی راپەرینیشدا ،هەرتەنیا بەشێکی زۆرکەمیان ( لەناوچەیەکی پەناسلێمانی) پشتیان گرت . هۆیەکی گرنگی ئەمە ئەوەبوو کە ماڵە شێخانێکی تر ئەوناوەیان گرتبۆوە،کە تـاڵەبانیەکان بوون،

---

* شێخ توانی بەشێکی جاف بخاتە لای خۆی، ئەوەش بەهۆی کێشەوهەرایەکی ناوخۆی بنەماڵەی رابەر بوو ( لیس Lees ( ١٩٢٨) : ٢٥٧و بەدوا) . بە هەمان شێوە بەشێکی بچووکی هەندێ عەشیرەتان کەوتنە لای ئینگلیس . شێخ یارمەتیەکی باشی لەپیاوانی زبری هەورامی پێگەیشت کە بنەماڵەکەی هەمیشە تەئسیری زۆری لەناویاندا هەبووە، و بە قسەی یەکێك لەوانەی بەشدارییان کردووە، هەندێ "بەختیاری"( باشووری رۆژهەڵاتی کوردستانی تەواو، ئێران) یش یارمەتیان داوە .

و زۆربەی دانیشتوانی لیوای کەرکووك زۆرتر دڵسۆزو ملکەچی ( ئاینی و سیاسیی ) ئـەوان بوون تا هی بەرزنجیەکان .

## شێخانی تاڵەبانی

لە سـەرچاوە بریتانیەکانەوە ئاشـکرایە کە لەو سەردەمەدا ماڵی تاڵەبانی دەستڕۆیشتووترین ماڵ بوون لەو لیوایەدا ( بەڤوونە: ئەدمۆندز(١٩٥٧):٢٦٩-٢٧١)، ڕەقابەتی دەسەڵاتیان لەگەڵ ماڵی بەرزنجیەکاندا هەبووە . بەوە کە بەرزنجی زۆرترهەر دژی ئینگلیس بوون، سەیر نیە کە تاڵەبانی زۆرتر سەر بە ئینگلیس بوون .

لە ساڵانی ١٩٢٠دا ، لە چەندین ناوچەی کەرکووکدا وابوو کە : شێخێکی تاڵەبانیی لێ نیشتەجێ ببوو،خزم و تابیعانی بەدەورەوەو زۆرتر بە تەرزی ئاغایەکی عەشیرەت بوو .

> ڕاپۆرتێکی ئەو سەردەمەی ئینگلیسەکان، بەم جۆرە باسی هێزی ئەو ماڵە دەکا :
>
> " بە جووتیارانێکەوە کە سەربە ماڵەکە بوون :
>
> ــ شێخ حەمید : ٧٠٠ ماڵ، ٣٠٠ سوار، ٤٠٠ پیادە .
>
> ــ شێخ محەمەد ڕەئووف : ٢٠٠ ماڵ، ٥٠ سوار .
>
> ــ شێخ تاهیر : ١٥٠ ماڵ، ٦٠ سوار . "
>
> کەواتە ئەو ماڵە هێزێکیعەسکەریشیان هەبوو . بەڵام شێخانی تاڵەبانی هەرئەو سێیانە نەبوون، تەنانەت دەستڕۆیشتووترین شێخیان نەخراوەتە ئەو لیستەیەوە : شێخ عەلی ( دوایی کوڕەکەی ( محەمەدعەلی) جێیگرتەوە) ،کە لە شاری کەرکووك دەژیا ،دەستڕۆیشتووترین سەرناسی ئەوێ بوو .

هەرچەندە دەسەڵاتی ئەو ماڵە لەو سەردەمەدا زۆرتر لە عەشیرەتی دەکا تاوەکو ئاینی، بەڵام ئەوە بەرادەی یەکەم لەسایەی دەسەڵاتی ئاینیی چەند پشتی ڕابردوویانەوە پێکهاتبوو و ئەو تەرزە مەرکەزە عەشیرەتیەیان زۆر تازە بوو. لە دەمەوکۆتایی سەدەیهەژدەدا"مەلامەحموود"ی دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە ئیجازەی لە شێخ ئەحمەدێکی هیندستانی( کە بەسەفەر چووبووە ئەوناوە) وەرگرتبوو: کە دەرسی تەریقەتی قادری بداو بیگەیەنێتە دەستی تر . ئیتر ئەو مەلامەحمودەی کە مسکێنێکی عەشیرەتی زەنگەنە بوو، وا بەناوبانگ بوو کە گەورەئاغای عەشیرەت کچێکی ( یا کچە نەوەیەکی) خۆی لێ مارە کرد . بەوجۆرە،مەرکەزی ئاینی و" نەجیبزادەیی" عەشیرەتی لێرەدا گەیەندرانەوە یەك و، بەوە ڕێی پشتی داهاتوو بۆ جێگرتنەوەی مەرکەزی باووباپیران خۆشکرا. ئەوەمان زۆر لێ

روون نیە ئایا دەسەڵاتی ئەوماڵە لە سنووری عەشیرەتی گەورەی زەنگەنە تێپەڕیکردووە یان نا، یا ئەوە کە ئایا تابیعانی خۆیان بە تەرزی دەروێش ئاسایی ڕێکخستبێ یان نا( بەڵگە لێرەدا زۆر نەرێنی( وەڵام بە " نا ") دێتە بەر چاو) . ئەندامێکی ئەو ماڵە، جەلال تاڵەبانی ( لە لقی کۆی سەنجاق)، لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ئەم سەردەمانی دواییەدا بە مەرکەزێکی بەرچاو گەیشت، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کورد-ستانی عیراق بوو و، بوو بە ستراتیجیستێکی بەرجەستەی پارتیزانی (٤)، و دوایی رەقیبی سەرەکیی بارزانی بوو لەسەر رابەرایەتیەکەی نەتەوەی کورد . بەشێکی هۆی سەرکەوتنی لە سەرەتادا بێگومان(؟ـ وەرگێڕ) بەهۆی ناوبانگی بنەماڵەکەیەوە بووە (٥) ( وێڕای شایستەیی شەخسییکە ئینکارناکرێ) . ئەندامێکیتری ئەوبنەماڵەیە، موکەڕەم تاڵەبانی، ئەندامێکی رابەری" الحزب الشیوعی العراقی"یە و ئێستا (١٩٧٧) وەزیرێکی حکومەتی عیراقە(٦) .کەواتە ئاشکرایە کەتاڵەبانی دەستی بەرزنجیانیان لەلیوایکەرکوك بەستووە . لقێکیماڵی بەرزنجی لەم لیوایە هەیە ( لە کرێچنە)، بەڵام وادیارە زۆربەی مریدەکانیان لە بەشەکانی تری کوردستانن ( خەلیفەی زۆر-یان لە کوردستانی ئێران هەن ) .

لێدانی سەختتری وەدەسەڵاتی قادری- و بەوە وە بەرزنجیش-کەوت ئەوەبوو کە لە سەرەتای سەدەی١٩دا تەریقە-تی نەقشبەندی کەوتە کوردستانەوە . ئەم تەریقەتە بە ماوەیەکی زۆرسەیرکەم بە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاو-بووەوە . هەندێ شێخی قادری تەریقەتیان گۆڕی و بوون بە نەقشبەندی، لە شوێنی تر شێخی نوێ پەیدابوون و ئەوانیش خەلیفەکانیان ناردنە ناوچەکانی دەوروبەر . بەزوویی بەشێکی زۆری خەڵکی رەمەکی، سۆزی ئاینی و رێز - و پووڵ و پیتاك - یان لە تەریقەتی قادرییەوە وەرچەرخاندە لای تەریقەتی نەقشبەندی، یا : لە شێخانی قادرییەوە بۆ لای شێخانی نەقشبەندی . ئەو هەمووە چالاکیە بە هی کەسێکی زۆر تایبەتی دانراوە : مەولانا خالید، کە دوای وەرگرتنی تەریقەتی قادری چووە هیندستان و، لەوێ ئیجازەی ئەوەی وەرگرت تەریقەتی نەقشبەندی فێربکاو ئیجازەی ئیرشادی بدا . کە گەڕایەوە کوردستان، زۆر شێخی دامەزراندن و بە هەموو گۆشەوکەنارێکی کوردستانیدا ناردن .

## ٧- تەریقەت و نەزمی نەقشبەندی

مێژووی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئاسیای مەرکەزییەوە دەست پێ دەکا، بە ناوی بەهائەدین نەقشبەند(ی بوخارا ١٣١٨-١٣٨٩)ەوەیە کە نە دامەزرێنەرو نە رێکخەری نەزمی تەریقەتەکە بووە،بەڵام هەرچۆنێ بێ،پێوەندیی ئەو بە تەریقەتی نەقشبەندی‌یەوە لەوەی قادری بە عەبدولقادرەوە پتر دەسەلمێ . بەهائەدین بە پێشەوایەکی گرنگی تەریقەتێك ناسراوە کە بەرلەو عەبدولخالیق غوژداوانی ( نزیکی بوخارا، کۆچی دوایی ١٢٢٠) دامەزرێنەری یەکەمی بووە . بەهائەدین خۆی بە تۆرەمەی رووحیی ئەو داناوەو،لە زۆر ئەسنادی تەریقەتدا ئاماژە بەوەکراوە کە عەبدولخالیق وبەهائەدین تەریقەتەکەیان دامەزراندووە. گوتمان دەبێ سیلسیلەی رەسمیی‌تەریقەت بگەیەندرێتەوە پێغەمبەر، ئەمان دەڵێن کە لە رێی ئەبوبەکرەوە هاتووە، ئەو کەسەی لە ناوەندی وڵاتانی ئیسلامیەوە هێناویەتە ناوەندی ئاسیا ناوی یوسوف هەمەدانی بووە (١٠٤٩-١١٤٠) . بە عەبدولخالیق دەگوترێ خەلیفەی چوارەمی یوسوف . ئەم دارە رەسمیەی تەریقەت ناتوانێ تەفسیری لەئینکارنەهاتی ئاسیای مەرکەزی ( وردتر: بوودایی ) لەو داب و رێوشوێنەدا بشارێتەوە کە لە تەریقەتی نەقشبەندیدا بەکاردێن . هەندێك لەو هەشت ئەحکامەی کە عەبدولخالیق داپڕشتوون و ئەو سێیانەی کە بەهائەدین وێی‌خستوون*،نزیکەی وەك ئەو دەستوورو ئامۆژگاریا-نەن کە دراون بە ئەندیشمەندەکانی بوودایی ( بەتایبەتی لە بووداییەتی تێبێتدا)، لەکاتێکدا کە بە هیچ جۆرێك لەوانە ناکەن کە لە تەریقەتەکانی تری ئیسلامدا بەرچاوم کەوتوون .


تەریقەتەکە - وەك پێشوتر گوترا - لە سەردەمی "بەهائەدین" دا هەبوو بەڵام بە نەزمێك رێکنەخرابوو، تا - بەگشتی وا دادەنرێ کە - مریدێکی زۆر نەناسراو و تەماویی پشتی دووەم بە ناوی ناسیرەدین عوبەیدوڵڵا ئەلئەحرارAl-Ahrar(١٤٠٤-١٤٩٠) ئەونەزمەی دایێ . مریدەکانی دواتر،تەریقەتیان لە هیندستان وتورکیادا

---

* تریمینگهەم (١٩٧١) : ٢٠٣-٢٠٤، و سوبهان Subhan: ١٩١-١٩٢ باسیان کردوون . لە هەشت ئەحکامی عەبدولخالیق : هۆش دەر دەم ( هۆش لە کاتی هەناسەدا)، نەزەر بەر قەدەم ( سەیرکردنی هەنگاو)، خەلوەت دەر ئەنجومەن ( تەنیایی لەناو خەڵکدا) . لە سێیەکانی کە بەهائەدین وێی‌خستوون : وقووفی زەمانی ( تێڕامانی کاتی کە مرۆڤ چ بە باشی چ بە خراپی بەسەری دەبا)، وقووفی قەلبی ( پیاو دڵی خۆی وا بهێنێتە بەرچاو کە ناوی ئەڵڵاهـ بە نووسینی عارەبێ ( ألله) لێ‌هەڵکەندراوە) .

بڵاوکردەوە ( دەوری ساڵی ١٥٠٠ ) . لە دەلهی ( دەهلی ) بوو ، نەك لە تورکیا ( یا لە مەککە، مەرکەزی گەورەی پڕۆپاگەندەی نەقشبەندی)، کە مەولاناخالید تەریقەتی لە شێخ عەبدوڵڵا دەهلەوی وەرگرت .

مەولاناخالید ( یا بە ناوی راستەقینەی خۆی : زیادین خالید ،" مەولانا" نازناوە) کوردێکی لە عەشیرەتی جاف بوو . دوای خوێندنی ئاینی لە مەدرەسەکانیmedreses سنە و سلێمانی و بەغدا، بوو بە مەلا لە سلێمانی . نەقشبەندیی کورد ئێستاش چیرۆکی ئەوە دەگێڕنەوە کە چۆن خەونێکی وەحی ناردوویە کە بە شوێن عیرفاندا روو لە هیندستان بکات . لە رێی هیندستان، یا رەنگە کەمێك پێش ئەوە بووبێ، ماوەیەك لە خزمەت شێخ عەبدوڵڵای سەرۆکی ساداتێ نەهریدا ماوەتەوە ( بڕوانە پاشکۆ، جەدوەلی ژمارە ٢ )، کە لەسەردەستی ئەو تەریقەتی قادریی وەرگرتووە . ئەوە بۆخۆی مەسئەلەیەکە کە تەریقەتی قادریی لە شێخ عەبدوڵڵاوە وەرگرتووە




+++++++ ( کەم تا زۆر) سنووری کوردستان

■ بارەگای خەلیفەکانی مەولاناخالید

□ بارەگای شێخانی تری نەقشبەندی ( خەلیفەی خەلیفەو..تیدی)

⟵ پێوەندیی خەلیفە - شێخ

نەخشەی ژمارە ١٣ مەرکەزە گرنگەکانی ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندی





**وێنەی گۆڕی مەولاناخالید لەنزیکەوەو دیمەنی لەدەرەوەوە - لە دیمەشق**

نەك لە شارەکەی خۆی ( سلێمانی) کە شێخی رابەری بەرزنجیی لێ بووە . عەشیرەتەکەشی ( جاف) دواتر لەگەڵ شێخانی بەرزنجیدا ناڕێك بوون، ئەوەبوو شێخ مارف (مەعرووف Me'rûf)ی نۆدێ بوو بە دوژمنی سەرسەختی مەولاناخالید . زیادین چەند ساڵی بە خوێندن لەگەڵ شێخ عەبدوڵلادا لە دەلهی بەسەربرد . دوای ئەوەی ئیجازەی گەیاندنی تەریقەتی نەقشبەندیی وەرگرت و گەڕایەوە عیراق ( دەوری١٨٠٨)، گاهێ لە بەغداو گاهێ لە سلێمانی، تا ساڵی ١٩٢٠ ناچار لە سلێمانی رایکردو چووە دیمەشق و ئیتر لەوێ مایەوە .

مەولانا خالید لە بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندیدا ئەوپەڕی چالاك بوو، تەنانەت توانی هەندێ شێخی قادرییش بهێنێتە سەر تەریقەتەکەی، لەوانە : مامۆستاکەی پێشووی خۆی ( شێخ عەبدوڵلا) و " شێخ ئەحمەدی سەردار"ی لقی سەرگەڵوویماڵی بەرزنجی ( ئیتر هەر دوو لەوساوە هەر نەقشبەندی مانەوە) . جگە لەوەش، ژمارەی زۆری مریدی بۆ تەریقەتەکە پەیداکرد و هەندێکیانی کردە شێخی تەریقەتەکە . شێخە نوێیەکانیش بەدەوری خۆیان بوون بە مەرکەزی دووەم بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە: ئەوانیش خەلیفەیان دانان و- بەمافێکی هەیانبوو - هەندێکیان لێ کردن بە شێخ . بەم جۆرە تۆڕەکەیان زووبەزوو کوردستانی داگرت ( بڕ- نەخشەی ژمارە ١٣ کە هەر ناوی ئەو ماڵە شێخانەی تێدایە کە زۆر بەناوبانگ بوون، واتا تەنیا هەر بەشێك لە شێخە نەقشبەندیەکانی کوردستان) . ئەو دەسەڵاتە بوو، کە ماڵە شێخەکان لێرەدا وەدەستیان خست، وای لێکردن دواتر دەوری سەرەکی لە نەتەوایەتیی کورددا ببینن . شێخ عوبەیدوڵلاو شێخ سەعیدی پالوو و مەلامستەفای بارزانی، رابەرانی بزووتنەوەی گرنگی نەتەوایەتی، لە تۆرەمەی شێخانێك بوون/ هەن کە تەریقەتیان لە مەولانا خالید وەرگرتووە .

هەروەك دەکرێ چاوەڕوان بکرێ، ئەوگەورەبوونەی وا زووی تەریقەتی نەقشبەندی بووە مایەی ئێرەیی پێبردنی شێخانێکی قادری، دیارە بەتایبەتی ئەوانەی بەر لەوە دەستڕۆیشتووترین کەسانێك بیوون لە کوردستان و ئێستا ئەو مەرکەزەیان لەدەست چووبوو . شێخ مارفی نۆدێ، سەرۆکی ماڵی بەرزنجی لە سلێمانی، بوو بە دوژمنی سەرسەختی مەولاناخالید و، لەگەڵ دەستەی پیاوانی ئاینیی شاری سلێمانیدا رێك بوو، کە ئەوانیش بە دەستڕۆیشتوویی ئەوەندە زۆر و رێزێکی ئەفسانەیی کە خالید هەیبوو ئەوەندە شاد نەبوون، ئیتر جۆرە رەقابەت و ئێرەییەك هەمیشە هەر لەنێوان شێخانی نەقشبەندی و قادریدا ماوەتەوە .

## ٨- بۆچی تەریقەتی نەقشبەندی وا بە خێرایی بڵاوبووەوە


نزیکەی هەرکەسێکی هەر شتێکی لەسەر تەریقەت یا شێخانی کوردستـان نووسیبێ، باسی ئەوەی کردووە کە تەریقەتی نەقشبەندی دوای ئەوەی مەولاناخالیدهێنای، دەستبەجێ بەکوردستاندا بڵاوبووەوە . ئەو نووسەرانە، بەهەرحاڵ، هەوڵیان نـەداوە هۆی ئەوە روون بکەنەوە . گێڕانەوەی ئەوە بۆ شەخسیەتی شێخیش، بەتایبەتی کە دەبینین تەریقەت لەدوای مردنی شێخ دەوری سیاسیی زۆرگرنگی لەکوردستانداهەبووە،ناکرێ وەڵامێك بێ بۆ ئەو مەسئەلەیە . من پێموایە دەبێ هەوڵ بدەین وەڵامی ئەوە لە یەکێك لەم دووانە یا لەهەردووکیاندا وەدۆزین :

ئا- رەوشتی تایبەتی تەریقەتی نەقشبەندی ( ئەوەی بەفوونە لە تەریقەتی قادریی جیادەکاتەوە) .

ب- هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی کوردستان لەکاتی داهاتنی ئەو تەریقەتەدا .

### ئا- رەوشتی بابەتی تەریقەتی نەقشبەندی

زۆر نەقشبەندی، بەرزیی رووحیی تەریقەتەکەیان و رەوشت بەرزیی شێخەکانیان دەکەنە هۆی بڵاوبوونەوەی وا خێرای تەریقەتەکەیان . هەرچەندە منیش لەوەدا هاوبیری ئەوانم کە شێوەی رامانی نەقشبەندی، بەتایبەتی بەو جۆرەی کە بە سەرپەرشتیی پیاوێکی بەراستی ژیر و بیر رووناك enlightened ی وەك شێخ عوسمانی دوڕوو (بڕ- ل -٩٣-٩٨) دەکرێ، نرخی رووحیی پتری لەو دابـودەستووورە زبرو ناهەموارانەی قادرییان هەیە کە بۆحاڵ- گرتن بەکار دێنن، بەڵام ئەوە قەت ئەوگرێیە بۆ من ناکاتەوە، بۆچی دەبێ سەرکەوتنی دنیایی لەسایەی بەرزیی رووحی و ئەخلاقی بێت؟، جگە لەوە کە من پێموایە کە شتی کۆمەلایەتی دەبێ بە زانستیکۆمەڵناسی روون - ببێتەوە . دیارە، لێرەدا دەکرێ بڵێین شێوەی رێکخستنی نەقشبەندی لەوەی قادری بەتەئسیرتر بوو . گوتمان خەلیفەی قادری نـەدەبوونە شێخ و کوڕەکانیشیان راستەوخۆ نـەدەبوونە خەلیفە . شێخایەتی هەر بە ساداتی بەرزنجی و ساداتی نەهری بڕابووەوە، ماڵە تاڵەبانییش تاقە حاڵەتێکە من پێ بزانم کە لەم دواییانەدا ئیجازەی شێخایەتیان وەرگرتبێ . بەڵام چەندین خەلیفەی مەولاناخالید بوونە شێخ و ،بەوە مافی ئەوەیان هەبوو ئەوانیش خەلیفە بۆخۆ دانێن و، ئەمانیش بەهەمان دەورداا دەچوون(دەبوونە شێخ و خەلیفەیان بۆخۆ دادەنا) . بەڵام ئەمە، بەهەرحاڵ،هەرلە سنوورێکیکەمدا بوو . زۆربەی خەلیفەکانی نەقشبەندی نەبوونە شێخی خاوەن مافی ئەوە کە ئیجازەی شێخایەتی بدەن و، زۆربەی شێخەکانیش تەنیا چەند دانە خەلیفەیەکی کەمیان بۆخۆ داناوە . دەکرێ




● بەرەی شێخانی کە ئیجازەی ئیرشاد دەدەن .

○ خەلیفە( کە " ئیجازە" نادەن)

—— پێوەندیی شێخ- خەلیفە

شکڵی ژمارە ٨ : پێکهاتن و شکڵی پەرەسەندنی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لە کوردستان

جیاوازیی نێوان رێکخستنی دووتەریقەتەکە بە شکڵی ژمارە ٨ ـ ئا " پیشان بدەین . نوختە رەشەکان شێخن، بازنە بچکۆلەکان خەلیفەن، خەتی نێوان ئەو دووانەش پێوەندیی شێخ و خەلیفەیە، شێخانی قادری لە دەستی چەپ و نەقشبەندی لە دەستەراستی شکڵەکەن . لە" ئا"دا قادریەکانم بە سێ ماڵ داناون کەیەکێکیان(بەرزنجی) لقی زۆرتری هەیە، خەتی پێوەندیم لەنێوان شێخانی بەرزنجی و دوو ماڵەشێخەکانی تردا لەبەرئەوە نەکێشاوە کە دەمەوێ بڵێم پێوەندیی ئەوانە ئەوەندە پتەو نیە، وەك ئەوەیە کە لە نێوان شێخ و خەلیفەدا هەیە . جیاوازیی رێکخراوی دوو تەریقەتەکە لەم شکڵەدا لەوەدایە کە خەلیفەکانی قادری ( لە " ئا"دا ) تادوایی ( ب، ج ) وەك خۆیان بە خەلیفە مانەوەو نەبوون بە شێخانێك کە ئەوانیش مەرکەزی دووەم بۆ بڵاوبوونەوەی تەریقەت پێکبێنن، کەچی نەقشبەندیەکان وانین، سەیربکە چۆن ژمارەی شێخان ( ئا ) زیادیکردووە ( ب ) و شێخی نوێ بوونە مەرکەزی نوێی بڵاوبوونەوەی تەریقەت، کە هەرلقە نوێیە دەوروبەری خۆی- وادەبێ بەهەندێ شێخیقادرییشەوە- دەخاتە ژێر باڵەوە . هەرچەندە ئەم شکڵە بارێکی تەواویش وەك هەبووە دەرنابڕێ، چونکە یەکێتیی ماڵە بەرزنجییش لەلایەك و تێکڕای نەقشبەندییش لەلایەکەی تر لەوە پتر پیشان دەدا کە لە راستیدا هەیە . ئەو شێخانەی زۆرلێك نزیك بوون، زوو دوای مردنی مەولاناخالید کێشەوهەرایان لێ پەیدابووە،ئێستائیتر پێوەند- یەك بە مەرکەزی تەریقەتەوە نەماوە( ج ) . کەسێك نیە بە سەرۆکی هەموو تەریقەتی نەقشبەندی دابنرێ و کەس نەبووە جێی مەولاناخالید بگرێتەوە . هەندێك هەن، شێخانی بیارە/ تەوێڵە بە جێگرانی مەولاناخالید دادەنێن، هەندێکی تریش" شێخ ئەحمەدیکەفتەر Kefter" ی دیمەشق - بەناو- بە سەرۆکی تەریقەت دادەنێن، بەڵام ئەوە لەهیچ حاڵەتێکدا لە باری رێکخراوەیی تەریقەتدا رەنگێکی نەداوەتەوە . مرید هەرشێخی خۆیان زیارەت دەکەن و رێز هەر لە مورشیدانی شێخانیان (یا تۆرەمەیان) دەگرن و جگەلەوانە پێوەندیان بەکەسێکی تری مەرکەزی لە تەریقەتدا نیە . ئەوەی راستی بێ، ناتەبایی زۆر لەنێوان ماڵە شێخاندا هەیە، هەندێ بەرەی واشیان هەن کە بە ناردنی پێکەوەی کوڕانیان بۆ خوێندن و بە ژن و ژنخوازیی لەیەکتر نێوانیان زۆر پتەوکردووە . پاشکۆی ئەم فەسڵە، کە دەربارەی داری بەرەی شێخەگرنگەکانە، هەندێ لەو پێوەندیانە پیشان دەدا .

لێکدابڕانی تا رادەیەکی نەقشبەندییان، نەیهێشت ئەوەی کە سەنووسی لەبەرقەی لیبیا کردیان نەقشبەندییش لە کوردستان بیکەن، واتا دەست بە سەر کێشەوهەرای عەشیرەتاندا بگرن تا وڵات لە ژێر ئاڵای مەرکەزیەتی ئەواندایەك بگرێ . بەڵام دیسا ئەوەهەر راستە کەتەریقەتی نەقشبەندی بۆ پێگەیشتنی خێراترو بۆ یەكگرتنێکی گەورەتر- ئەگەرهەر بۆماوەیەکیش بێت - لە تەریقەتی قادری لەبارترە . لەوەش بگەڕێتەوە،شێخانینەقشبەندیی

ناوچەیی کارێکیان لە کوردستاندا کرد کە تەریقەتەکە پێی نەکرا: خەڵکیان هێنایە سەر ئەوە کە دڵسۆزییان بۆ شتێکی لە سنووری تەسکی عەشیرەتگەری بەولاوەتر بچێ (بڕوانە باسی راپەڕینی شێخ سەعید ،فەسڵی پێنجەم). بەوجۆرە، شێوەی رێکخستنی تەریقەتی نەقشبەندی بوو کە ئەو تەشەنەکردنە خێرایەی - بەشێکی لەسەر حیسابی تەریقەتی قادری - بۆ پێکهێنا، بەڵام ئایا ئەمە بەڕاستی ئەومەسەلەیە روون دەکاتەوە ؟ پێم وانیە . تەریقەتی نەقشبەندی، پێشووتریش کەوتووەتە کوردستانـەوە و تەریقەتی تریش بە هەمان شێوە، کەچی هیچیان وەك نەقشبەندیی ئەم سەردەمە بەوجۆرە هەموو یا بەشی زۆری کوردستانیان دانـەگرتووە . کەواتە دەبێ گـۆڕانێکی وا کەوتبێتە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیەوە کە رێی بڵاوبوونەوەی تـەریقـەتەکە یا زیادبوونی شـێخـەکـانی وا خۆش کردبێ .

ب - گۆڕانی کۆمەڵایەتی- سیاسی لە کوردستان ( زووی سەدەی ١٩)

کوردستان، بەتایبەتی ئەو بەشانەی بەرعوسمانی کەوتبوون، لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩دا لە گەرمەی گۆڕانی سیاسیی زۆردا بوو( بڕ-لاپەڕە ٢٠٨ی بەرگی یەکەم) . " ریچ "ی کە تا ئێستا چەند جار ئاماژەم بە نووسینی کردووە، هەرخۆی نیشانەی یەکێك لەو گۆڕانانەیە ( کە گۆڕانەکانی تری بەدوو خۆیدا هێنا، واتا: وەناوکەوتنی ئیمپریالیزمی ئەوروپایی) . ریچ لە ١٨٠٨ تا ١٨٢١ " بالیۆز balyoz "ی شیرکەتی رۆژهەڵاتی هیندستانی بریتانی بوو لە بەغدا* . دیارە، بە رێکەوت نیە کە ئەو باشترین سەرچاوەیە دەربارەی ئەو سەردەمانەی کورد- ستان . زوو بەدوای ئەودا، زۆر ئەوروپایی تر بۆ توێژینەوەو لێتێگەیشتن روویان لەکوردستان کردو، زۆرتر- یشیان لەپاڵ مەبەستی ئاینی و زانستیدا کاروبارێکیان هەبوو کە خزمەت بە بەرژەوەندی بازرگانی و سیاسەتی وڵاتەکانیان بوو . بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت بەتایبەتی شوێنیان دیاربوو، لەوانی تر پتر مانەوە و کارەکانیان لەبەرچاوتر بوون ( لەوانە : دروست کردنی کلیسا و خوێندگەی قەڵاتاسایی) . شایعە و ترسی رێککەوتنی هێزە ئەوروپاییەکان ( زۆرتر : بریتانیا ، فەرەنسا ، رووسیا) -کە تەئسیریان بەسەر ئیدارەیعوسمانیدا ئەوەنەبوو خەڵك نەیبینێ - لەگەڵ کۆمەڵە مەسیحیەکانی ئەو ناوچانەدا ( کە یەکێتیەکی ئاشکرای بەرژەوەندیان وێکڕا هەبوو) لە

---

* نامیلکەی ( نهێنیی ) ئیستیخباراتی هێزی دەریایی ئینگلیس بە ناوی" عیراق و خەلیجی فارس" (١٩٤٤) دەڵێ : ریچ " ماوەیەکی زۆر پیاوی دووەمی عیراق " بوو ( ل ٢٦٤) .

دژی مسوڵمانان*، حەقەن نێوانی کوردو کۆمەڵە مەسیحیەکانی کوردستانی ئەوەندەی تر شێواندووە . دیارە رابەرانی ئاینی لەعەلومەرجی وادا دەتوانن بە هاسانی لە رێی بەکارهێنانی هەستی دژی مەسیحی و بێگانان دەسەڵات پەیدابکەن و، ئا رێك ئەوەبوو کە رووی‌دا .

تەئسیری ئەم رووداوانە لەلایەك و، بڕیاری تێکدانی ئەمارەتە نیوە سەربەخۆیەکانی کورد ( کە چەند جارێك ئەفسەری ئەڵمان لەوەدا یارمەتیی عوسمانییان دا)** لەلایەکی تر، لێكئالان . عوسمانی، لەورۆژەوە کوردستان

---

* کوردو مەسیحی،هەرتك لا، چاوەڕوانییان لە بڵاوکەرەوەکانی‌مەسیحیەت هەبوو . مەسیحی نەیاندەشاردەوەو بەئاشکرا دەیانگوت کەبەتەمای ئەوەبوون فەرەنسی یائینگلیس(ودواتر ئەمریکایی) بیانپارێزن . زۆرئینگلیسی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت و جاسووسی تر گلەییان لەوەبوو کە کورد مەبەستی ئەوان " بە هەڵە تێ‌گەیشتوون " و تێکڕایان بە رێ‌خۆشکەرانی داگیرکردنی‌ئینگلیس داناون . ریچ زۆر زەحمەتیی لەوەدا دیوە بۆئەوکەسانەی‌لایان میوان بووە روون بکاتەوە کە ئینگلیس هەر لەبەر ئەوە ئەو لەشکرە گەورەوگرانەی هەبووە چونکە ئەوانی تریش هەیانبووەو، هێرشی سەر هیندستانیش هەر لەبەرئەوەبووە کە دوژمنان هێرشیان بۆ بردووە . ریچ بە قسەی خزمێکی میر پێکەنیوە کە پێی‌گوتووە رەنگە ئینگلیس نەخشەیان دەربارەی عیراق بەدەستەوە بووبن ( ریچ ١ : ٩٨ و بەدوا ) . ساڵێك دوای ئەوە، هەر ئەو ریچە لەسەر مافی بازرگانیی ئینگلیس لەگەڵ والیی بەغدادا تێك‌چوو و واپۆڕی شەڕی ناردە دیجلە . سەدەیەکی پێ‌چوو، جا ئینگلیس بە عەسکەر عیراقیان داگیرکرد .

" ئێنسوەرت"یش ( جاسووسێکی تری ئینگلیس) شتێکی لە هەمان بابەتی باس‌کردووە . ساڵی ١٨٤٠ وێڕای چەند کلدانیەکی مەسیحی بە ناوەندی کوردستاندا سەفەری کردووە . لەرێگا، ئاغایەکی کوردیان دیتووە، ئاغاکە رووی تێ کردوون : " ئەوە لێرە چ دەکەن ؟ مەگەر نازانن فەرەنگ لەم وڵاتە رێ نادرێن ؟ فریودانی تێدا نیە ! دەبێ بزانم ئێوە کێن و کاروپیشەتان چیە، کێ ئەوانەی هێناوەتە ئێرە ؟ " . یەکێك لە کلدانیەکان بە فیزێکەوە سەیرێکی کردووەو گوتوویە : من . ئاغاکوردەکە، کە بە تاقی تەنیا بووە، سەیرێکی کلدانیەکانی کردووەو زۆر بە ئارامی و لەسەرەخۆ گوتوویە : " ئێوەن پێشاهەنگی ئەوانەن کە دێن ئەم وڵاتە بگرن، لەبەرئەوە باشترین شت ئەوەیە لەپێشدا ئەوەی هەتانە لێتان بستێنێن، خۆ دوایی هەرچی هەمان بێ هەر دەبێ بە هی ئێوە ( ئێنسوەرت(١٨٤٢)، ٢: ٤٢) .

** فۆن مۆلتکە (١٨٤١) : لە چەندین شوێن . مۆلتکە یەکێك بووە لەو ئەفسەرە ئەڵمانانەی کە بوونە ←

کەوتبووە ئیمپراتۆریەکەیانەوە(سەدەی ١٦) بەشی زۆریان بە تەرزێکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێی بنەماڵەکوردەکانەوە حوکم دەکرد . دەسەڵاتی مەرکەزیی لە سەدەی ١٧و١٨دا کەمتر بیوو نەك پتر، بەڵام سوڵتانەکان لە سەرەتای سەدەی١٩دا - بە سوڵتان مەحموودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩) دەست پێ کرا- زنجیرەیەك ئیسلاحاتی عەسکەری و ئیدارییان بۆ سەپاندنی حوکمیمەرکەزی و ڕاستەوخۆیان دەست پێ کرد . ئیتر حاکمان لە مەرکەزەوە دانران و ئەمانە لە دەسەڵاتی یەك بەیەکی بنەماڵە فەرمانڕەواکانیان دا . بە نەمانی ئەو بنەماڵانە ( کە وێکڕا وڵاتێکی زۆریان لەژێر حوکمی بەهێزو سەخت و - بەڵام بەگشتی- دادپەروەریاندا بوو) نەزم وئاسایشیش نەما . کە میر لەئارادا نەما،عەشیرەت بە ڕابەریی ئاغای بچووك کەوتنەگیانی یەکترو هەرکەسەیان خولیای ئەوەبوو ئەوەندەی بۆی بلوایە خۆی ئەو بۆشاییە (ی کە لە نەمانی میر پەیدابیوو) پڕ بکاتەوە . بێ قانوونی و نائاسایشی، جێی حوکمی زبر( بەڵام جێبڕواو شایستەی حیساب بۆکردن)ی میرانیگرتەوە . دوژمنایەتی و شەڕوهەرایعەشیرەتی، تێکڕای وڵاتی داگرت (٧) . ئیدارەی عوسمانی جارێ ئەوە نەبوو شیرازەی پچڕاوی پێ گرێ بدرێتەوە : ئاغاکان نەیاندەویست، بۆ خەڵکە ڕەمەکیەکەش دامودەزگایەکی لەوەبەدەر بێگانە بوو کە بڕوایەکی پێ بکرایە . تاقە شتێکی لەدەست کارمەندانی دەوڵەت دەهات ئەوەبوو ئەو ئاغایانەی زۆر زێدە سەرێشەیان دەنایەوە بکوژن یا بخەنە زیندانەوە یا دوور بخەنەوە . " دامرکاندن" و" ئاشتی هێنانەوە ئارا"،بەهەرحاڵ،هەمان شت نین . ئەوەیە خەڵك لە ڕۆژگاری قەیران و پڕ لە دوژمنایەتیی وادا، بۆ وەدەست هێنانی ئاشتی و ئاسایشێکی کە لە ژیانی ڕۆژانەی دنیادا نیانە، ڕوو دەکەنە ئاین .

وەك چەندین جار باسمان کرد، شێخ تاقە کەسانێکی خەڵکی وڵات بوون کە دەسەڵاتیان بە سنووری نەریتی عەشیرەتێك نەدەبڕایەوە، دەستیان دەڕۆیشت و تابیعی حکومەتیش نەبوون، لەبەرئەوە دەیانتوانی بکەونە نێوانەوە، ناوبژیی کێشەوهەرا بکەن و ناتەبایی کەمبکەنەوە . لە سەروبەندێکدا کە ئەوهەمووە دوژمنایەتی و پێکهەڵپڕژانە لەپڕێکا دنیا دادەگرێ، شێخ بۆئەوەی بەڵکو دەست بەسەر ئەو هەلومەرجە پڕ لە بەرەڵڵاییەدا بگرن زۆر پێویست دەبن . شێخیش - کەمێکیان نەبێت کە هەر لەگەڵ دنیای غەیبدا خەریکن - دۆخی وا بۆ بەرینکردنی دەسەڵاتیان بەکاردێنن . چیرۆکی" سوتۆ و تاتۆ" باسێکی بێهاوتای ئەو ڕەفتارە سیاسیەی شێخە،

---

← ڕاوێژکارانی لەشکری عوسمانی، لە ئابڵۆقەدانی کۆشکی فەرمانڕەوای کورد " سەعید بەگ" و دامرکاندنەوەی کوردستانی باکووردا بەشداربووە .

کە چیرۆکێکی راستەقینەیە، پیاوی کاری نووسینی شێخ محەممەدسدیقی نەهری بۆ "نیکیتین"ی گێراوەتەوە، نیکیتین و سۆنSoane(١٩٢٣) وەریانگێراوە . بەڵام دیارە وەنەبێ هەرکاتێك و لەهەرکوێ شێخ هەرەپێویست بوو ئیترگورج شێخێکی بۆ حازروبزر بەدەستەوە بێ . دەبێ وادیاربێ کە مرۆڤێك بێت خودا ناردبێتی . دە ئەو مرۆڤە لەم حاڵەتەدا مەولاناخالید بوو، کە بە رێکەوت لەوکاتەدا هات (١٨٠٨ لە هیندستانەوە گەیشتە بەغدا، ١٨٢٦ لە دیمەشق کۆچی دوایی کرد) . کاتێك مەولاناخالید دەستی بە پڕۆپاگەندەی کرد، دەسەڵاتی زۆربەی میران لە ئاوابووندا بوو، بەڵام هەندێکی کەمیان لە دواسەردەمی شکۆیاندا بوون . بۆتان، هەکاری، بابان، سۆران (بڕ- بەرگی یەکەم ل ٢٠٩ و بەدوویدا) . بەوە، پێویستیبوونی شێخان لێرەدا ئەوەندە بەتەوژم نەبووە، شوێنێکی کە میر حوکمیکردبێ - وەك لە چەندین باساندا دەبینین - قانوون ونەزم (ی میر نەك هی حکومەت) بەگشتی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە*. ئەوەی راستی بێ،وێناچێ ئەو شێخانەی کە مەولاناخالیدخۆی ناردوونی

---

* میری کۆر، هەرکە خۆی دامەزراند ،هەرچی پێیبڵێی کاری تاوان - بەتایبەتی جەردەیی-ی لە قەڵەمڕەویەکەیدا نەهێشت . ئینگلیسێك (فرێزەر) ساڵی ١٨٣٤ گەشتی ئەو ناوەی کردووە،نووسیویە:" بە چەند رەفتارێکیکەم، ئەسڵەن هەر پیشەی رێگری لەئاراهەڵگیراوە: هەرکەسێك شتێکی یەکی تری پێ بگیرێ،دەست بەجێ لەوێ بێ بەزەیی سزا دەدرێ یا هەر دەکوژرێ". هەر ئەو دەڵێ :" ئەگەر بێتو کەسێك لەوشوێنانەدا کە بەتەواوی دەکەونە قەڵەمڕەویی میرەوە،کیسەیەك زێڕ لەسەر رێ ببینێ کەوتووە،دەستی بۆ ناباو دەچێ سەرۆکی یەکەم دێ ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش دەبێ پیاوێك بنێرێ کیسەکەی بۆ بهێنێ و، لای خۆی دەپارێزێ تا خاوەنی پەیدادەبێ و وەریدەگرێتەوە (فرێزەر(١٨٤٠)،١: ٦٥-٦٦) .

تۆماری بەزمانی ئاسووریش هەن کە ئەوانیش قسەی لە هەمان بابەتیان تێدا نووسراوە . شێر Scher (١٩١٠) ژمارەیەك تۆماری بڵاوکردنەوە کە - بەفوونە- شتی وایان تێدا نووسراوە : "... پیرەمێردێك ئەم چیرۆکەی بۆ گێرامەوە گوتی : جارێکیان لە شەقڵاوەوە دەچوومە رواندز، لە رێگا کیسەیەکم دیتەوە پڕ بوو لە زێڕ، بەڵام لە ترسی میری کۆر نەموێرا دەستی بۆ بەرم . توورەکە خورمایەکیشم پێبوو بەدیاری بۆ خزم و دۆستانم هێنابوو، لە رێگا لێم ون بوو . کاتێ لەوسەر لە رواندز گەڕامەوە، سەیرم کرد کیسە زێڕەکە لە هەمان شوێنی خۆی نەبزوا- بوو و، توورەکە خورماکەش لەوێ بوو، کەس زاتی نەکردبوو دەستیان بۆ بەرێ " . منیش لێرەدا گوتم : "باشە خۆکەسی لێ نەبوو تا بتبینێ،دەبوو زێڕەکەت بۆخۆت هەڵبگرتایە". پیاوەکە بە رەنگ ودەنگێکی بەسەنگەوە←

ئەو تەئسیرە زۆرەیان بووبێ کە دوایی کورەکانیان پەیدایان کرد. بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت لە ١٨٣٥بەم لاوە رێی ناوەندی کوردستانیان "کردەوە". دوای ئەوەی هێزێکی گەورەی لەشکری عوسمانی بە فەرماندەیی رەشید محەمەدپاشا میری رواندزی شکاندو، محەمەدپاشائینجەبەیرەقداری پرنیازو زۆردار، بەڵام بیروکارلەدەستهاتوو، کرا بە حاکمی ویلایەتی مووسڵ (کە زۆربەی ناوەندو باشووری کوردستانی دەگرتەوە)، ئیتر نێوانی مسوڵمان و مەسیحیەکان لە کوردستاندا بەزوویی بەرەوخراپتردەچوو. کوردەکانی ئەمارەتی بۆتان ساڵی ١٨٤٣ پەلاماری ناوچەی تیارییان دا(کە مەسیحیی نستۆرییعەشیرەتی لێدەژیان)، نزیکەی دەهەزار پیاویان لێکوشتن و ژن و منداڵێکی زۆریشیان لێ بە کۆیلە لەگەڵ خۆ هێنان. هەروەك تەنانەت لایاردیش ددانی پێدا ناوە، هەڵگیرسانی ئەو بارە - هەرنەبێ بەشێکی- خەتای دروست کردنی ئەو خوێندگە قەڵا ئاسایی و خانووە شەوانەرۆژیە بووە کە بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت دروستیانکردووە. هەرچەندە لایارد ئەوهەستی دژی مەسیحیەتەی کوردان بەتایبەتی لە شێخ تاهای وشك و بەتەعەسوب دەگرێ کە لە دەرباری بەدرخان بەگی میری بۆتاندا ژیاوە* .

لەونێوانەدا لێدانی فەرمانڕەوایانی کوردی نیوەسەربەخۆ بە ئەوپەڕی توندی بەردەوام بوو. ساڵی ١٨٣٤ میری

---

←گوتی: "ئەوە پیاوی میر لە بۆسەیەکدا خۆیان شاردبۆوەو دیتیانم؟، منیش بۆ بەدبەختیم دەستم بۆ کیسەکە بردو گرتیانم وبردیانمە لای پاشا، پاشا فەرمانیدەدا هەردەست بەجێ لەوێ سەریان دەبڕیم(شێر(١٩١٠): ١٣٨).

نەزم و قانوون بەوشێوەیە لە هەموو ئەمارەتەکاندا رانەگیرابوو. ریچ (ساڵی ١٩٢٠) نووسیویە کە فەرمانڕەوا - یانی ئامێدی بەهۆی نەژادیانەوە (تۆرەمەی خەلیفە عەباسیەکان) بە بەربڵاوی رێزیان لێ دەگیرا، بەڵام هێزێکیان بە سەر عەشیرەتەکانی ناوچەکەیاندا نەبوو کە بەربوونە گیانی یەکترو، باجیشیان لەوانە بە دەست نەدەگەیشت (ریچ، ١ : ١٥٣).

* لایارد (١٨٤٩) : ٢٢٨ . شێخ تاها"... تەئسیرێکی یەکجار زۆری بەسەر خەڵکە کوردەکەدا هەیە، کە بە وەلی و خاوەنی کەراماتی لێ دەنۆڕن "، "بەدرخان بەگی هان دەدا رووحی ئاینیی بەوە بسەلێنێ کە دیسان خوێنی کلدانیان بڕێژێ، کە ئەوەبوو میر هەر لەوساڵەدا کردی. ئەم شێخە ئەوەندە خۆی پێ بەرز بووە، کاتێ بە سواری چووەتە شارەوە دەموچاوی خۆی داپۆشیوە نەوەکا مەسیحیەکان سەیری بکەن و بەو سەیرکردنەیان گڵاوی بکەن (هەمان سەرچاوە). بە تەعلیقیکی لایارد لە کتێبێکی دواتریدا (١٨٣٥، ١: ٣٧٦)، دەکرێ ئەوە شێخ تاهای یەکەمی ماڵی ساداتێ نەهری بووبێ (بڕ- پاشکۆ، جەدوەلی ژمارە ٢).

رواندز گیرا ،بادینان ( ی کە میری رواندز داگیری کردبوو) ئۆتۆنۆمیی دەست نەکەوتەوەو راستەوخۆ بە والیی مووسڵ حوکم کرا ( کە نەك هەر پێشی بە شەڕی نێوان عەشیرەتان نەدەگرت، بەڵکە ئاگریشی خۆش - دەکرد، سیاسەتی " لێك کردن و حوکم کردن" ی بەکاردێنا ) . فۆن مۆلتکەی ئەڵمان ساڵی ١٨٣٩ رەگەڵ ئەو شالاوانەی لەشکری عوسمانیدا بوو کە ژمارەیەك فەرمانڕەوایانی بچووکی کوردیان شکاند. ساڵی ١٨٤٥، عوسمانی، بە تەوژمی نارەزایی ئینگلیس لە رەفتاری بێبەزەییانەی بەدرخان بەگ بەرامبەر بە نەستۆریەکان، توانی - ئەگەر زۆر بەزەحمەتیش - ئەم فەرمانڕەوا کوردەو هاوپەیمانەکەی ( نوروڵلابەگی هەکاری) بشکێنێ . لەدواییدا، والیی بەغدا ساڵی ١٨٤٧ بەسەر هێزی دوا فەرمانڕەوای بابان ( ئەحمەدپاشا) دا سەرکەوت . لەو پشێوی و بێنەزمیەدا کە دوای نەمانی ئەمارەتەکان هات، شێخ گەشانەوە . لەکاتێکدا کە جاران هیچ شێخێك لەوانەی دەیانناسین رابەرێکی سیاسیی گەورە نەبوو، لەم سەردەمەبەدوا نزیکەی هەموو رابەرە سیاسیە گرنگە-کانی کوردستان شێخ بوون یا بەلای کەم لە ماڵە شێخان بوون . سەیرکردنێکی لەنزیکترەوەی زۆربەی ماڵە شێخە گرنگەکانی کوردستان پیشانی دەدا کە بەرزبوونەوەی سیاسیان زوو بەدوای رووخانی ئەمارەتەکاندا بووە ( پاشکۆیەکەش بۆ زانیاریی پتر سەیر بکە ) .

١- ساداتێ نەهری : وادیارە میری شەمدینان و ئەم شێخانە، سەردەمێك لەم ناوچەیە ( باشووری هەکاری) دا، لە دوو سەرەوە دەوریان دیتووە . شێخ سەیدتاهای یەکەم دەسەڵاتێکی زۆری لە ئەمارەتی بۆتاندا بە بزواندنی هەستی ئاینی و هاندانی کوردان لەدژی مەسیحیەکان پەیداکرد؛ دوای گیرانی بەدرخان بەگ، رایکرد چووە نەهری - مەرکەزی میری بچووکی شەمدینان مووسابەگ . کاتێ لایارد ساڵی١٨٤٩ چووەتە نەهری، لەوانەیە مووسابەگ دوامیرێك بووبێ کە بەرەسمی ملی بۆ تورکان نەدابێ . بەهەرحاڵ، مەرکەزی لەق بوو و،دەسەڵاتی بۆ سەیدتاها لەدەست دەدا ( لایارد (١٨٥٣)،١:٣٧٦) . لە سەردەمی عوبەیدوڵلای کوڕی تاهادا، هەموو دەسەڵاتی دنیایی کەوتبووە دەستی شێخەوە، کە حوکمی قەڵەمڕەویەکی زۆری دەکرد . لە دوا ساڵانی چلدا دەسەڵاتێکی نوێ لە باشووری شەمدینان بەخێرایی دەهاتە پێش کە : ئاغای نوێی عەشیرەتی زیباری Zîbarî ( نەمەت ئاغا Nemet Axa) بوو . ئەم عەشیرەتە پێشتر سەر بە ئەمارەتی بادینان بوو، بەڵام کاتێ نەمەت ئاغا جێی باوکی گرتەوە، والیی موسڵ بوو کە عابای دامەزراندنی لەومەرکەزەدا بۆنارد(و بەوە هێنایەوە بەرتابیعیە - تیەوە، ئەمە - بە رێکەوت- نموونەی هەرەپێشینە کە دیتم حوکمی ناڕاستەوخۆ لە رێی ئاغایەکی عەشیرەتەوە نەك

لە ڕێی میرەوە،پیشان بدات) . ئەم ئاغایە بەخێرایی دەسەڵاتی بەسەرعەشیرەتەکانی دەوروبەریشیدا*و تەنانەت بەسەرهەندێ بەشی شەمدینانیشدا سەپاند. ئاغای عەشیرەتی تر لە ڕێی ئەوەوە باجیان دەدا بە والیی مووسڵ .
ڕەنگە لەبەرامبەر ئەو دەسەڵات پەیداکردنەی نەمەت ئاغادا بووبێ کە سەیدتاها خەلیفەی خۆی عەبدورەحمان بارزانی ( کە بە " تاجەدین"یش ناسراوە) ناردووەتە دێی " بارزان "ی ناوچەی زیباری ، لەوساکەوە و تا ئێستا شێخانی بارزان و ئاغایانی زیباری دوژمنی سەختی یەکترن .

٢- بارزان : لە لێواری باشووری وڵاتی زیباریدا هەڵکەوتووە،دەکەوێتە سەرسنووریعەشیرەتانی تری بچووکەوە کە شوێنێکی میسالیانەیە بۆ خۆدامەزراندنی شێخ،کە دەکەوێتە نێوان دەستەی جیاوازەوەو دەکرێ لە کێشە و هەرایاندا بکەوێتە نێوانەوەو دەوری ناوبژیکەری ببینێ . بەزوویی وای لێهات ئاغایانی زیباری شێخانی بارزانیان بە خەتەرترین ڕەقیبانی خۆیان دەدیت . بەهەرحاڵ ئەوە خۆی لەخۆیدا شتێکە کە وادیارە لە١٩١٠دا ڕەقیبانی سەرەکیی شێخی ئەوسای بارزان ( عەبدوسسەلامی دووەم) ئاغایانی زیباری نەبوون، دوو "شێخ"ی تر بوون : محەمەد سدیقی نەهری و بەهادین (؟- نووسەر)ی بامەرنی**. بنج و بناوانی ئەمەی دواییانم بۆ نەچۆوە سەریەك . ئەمیش شێخێکی نەقشبەندی بووەو- بە دەقی قسەی ئەفسەرێکی سیاسیی بریتانی -" دەسەڵاتێکی رووحیی زۆری لە سەرتاسەری گردەکاندا" هەبووە " کە خۆی تارادەیەك و، ڕەئووفیکوڕی بە رادەیەکی زۆرتر، بۆ پتر پێ ڕاکێشانیان بۆمەبەستی تایبەتی خۆیان و خۆدەوڵەمەندکردن لەسەرحیسابی مەسیحیەکان، بەکاریان - هێناوە". باجەر ی کە لە نووسیندا زۆر لەسەر باسی گەرو دەهۆی سیاسیی ناوچەی بادینانی دوای نەمانی ئەمارەتەکە ڕۆیشتووە، بەلای باسی هیچ شێخێکدا نەچووە . کەواتە سەرهەڵدانی هەردوومالە شێخان ماوەیەك دوای رووخانی ئەمارەتەکە بووە .

٣- نوختەیەکی بەهێزی کە بەلای قەبووڵ کردنی ئەم بیرەیدا دەشکێنێتەوە ئەوەیە کە نەك هەرشێخانی نەقشبەندی،بگرە ماڵە شێخانیکۆنی قادریی بەرزنجەش گرنگترین دەسەڵاتی سیاسیان تەنیا لەدوای ئاوابوونی ڕۆژی باباندا پەیداکرد. چونکە وەك ئەدمۆندز ئاگادارمان دەکا (١٩٥٧: ٧٣-٧٤)،ئەوە شێخ مارفی ڕەقیبی بەغیلی

---

* لایارد ئیشارەتی بەم عەشیرەتانە کردووە : شیروان، گری Girî، برادۆست، شەمدینان (! - نووسەر) .
نەمەت ئاغا لە ئاکرێ Aqraوە تا سنووری ئێرانی بەدەستەوە بووە ( لایارد ( ١٨٥٣)،١: ٣٧٠-٣٧٤) .

** دیکسن (١٩١٠) : ٣٧٠ .

مەولاناخالیدنەبوو ،بەڵام کاك ئەحمەدی کوڕی بوو کە زۆر بەرز بووەوەو ،کە دەوری رابەریی ئەو ماڵە لە سیاسەتی ناوچەکەدا لەوەوە دەست پێ دەکا، کەواتە بەرزبوونەوەکەی زۆر لەگەڵ بێهێزبوون و رووخانی حوکمی باباندا دێتەوە .

راستیەکی کە پێوەندیی راستەوخۆی بەمەوە هەیە ئەوەیە کە هەموو ئەو ماڵە شێخانەی لە سەدەی رابردوودا هەندێ لە رووی سیاسیەوە بەدەرکەوتن، لەو بەشانەی کوردستان نیشتەجێ بوون کە زۆرترین عەشیرەتگەرییان تێدابووە، واتا لەو شوێنانە بوون کە مەڵبەندی عەشیرەتی بچووك بوون و دوژمنایەتی و کێشەوهەرای تری عەشیرەتییان زۆر بووە . لەناوعەشیرەتیگەورەی بە رابەریی بەهێزدا( وەك جاف،کە قەت نەچوونە ژێردەسەڵاتی بەرزنجیەکان و تەنانەت زۆرتر وابوو دژیشیان بوون * و لە ناوچەی دەرەبەگایەتیی تەواودا ( وەك پێدەشتی دیاربەکرو هەولێر) کە کێشەوهەرای عەشیرەتییان تێدا نەدەقەوما یا زۆر کەم وادەبوو بیانبێ، قەت شێخێکی زۆر دەستڕۆیشتوو پەیدا نەبووە . دیارە ئەمە بە پێچەوانەی ئەو قسەیە دێتە بەرچاو کە دەڵێ شێخ زۆرتر وا دیتراون کە زۆربەی تابیعانی دڵسۆزیان لە چینی هەرەچەوساوە و توێژی هەرەخوارووی کۆمەڵگا، زۆرتر لە جووتیارانی ناعەشیرەت، پێکهێناوە . شێخانی بارزان بوونە لایەنگرو پارێزگارانی جووتیارانی چەوساوەی ناعەشیرەت لەبەرامبەر ئاغایانی زیباری ( و ئاغایانی تر ) دا . "بارت"یش دەڵێ ئاغاکانی هەمەوەند لەوە ترساون مسکێن تەریقەتی قادری بۆ رێکخستنی ریزەکانی خۆیان لەدژی ئەوان بەکاربێنن . منیش دەروێشی هەرەچالاك و دڵسۆزم بەگشتی لەوانەدا دیت کە جووتیاری بچووك یا بێ زەوی، لەبابەتی پرۆلیتاری بێهەست ( لومپین )، یا پیشەوەری بچووك بوون . لەبەرئەوە دەبێ ئەو بیرە لەو بنەمایە بێ کە ناوچەی "دەرەبەگی" بە جووتیارانی زۆری چەوساوەیان شوێنی میسالی بن بۆ شێخان لێ نیشتەجێ بن و تابیع بۆخۆ تێدا سازدەن . بەهەرحاڵ،ئەوتابیعانەی لە چینی خوارەوە دێن، بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی شێخ ( دەکرێ بڵێین حاڵەتی شێخانی بارزانی لێ دەرچێت) کەم گرنگن . لە راستیدا هەرچی شێخن زۆرنەجیبزادانەن : زۆرتر هەوڵ دەدەن سەروکار-یان لەگەڵ ئاغایانداهەبێ . سوودبینین لە وەزعی ئاغاوەت وکێشەوهەرایان بەتەئسیرترین رێگایەکە بۆ سوود-

* ساڵی ١٩٢٠ نەبێت، کە بەشێکی ئەم عەشیرەتە (جاف) بەهۆی کێشەوهەرایەکی ناو بنەماڵەی رابەر، سەردەمێك لایەنی شێخی گرت، بەهەرحاڵ، بێ ئەوە کە ببێتە تابیعی ( لیس ١٩٢٨) .

بینین لە تێکڕای عەشیرەتان و زۆرتریش هەروابووە . شێخی گەورە عوبەیدوڵڵای نەهری - بەغوونە - دەسەڵاتی زۆر بووە چونکە زۆر ئاغا (و بەوە هەموو عەشیرەتیش ) بەیعەتیان پێ کردووە ( وەفاداری و پێبەندیی خۆیان پێ ڕاگەیاندووە)، شێخ مەحموودی بەرزنجی‌یش بەهەمان شێوە . زۆر وادەبێ شێخ کچەئاغایان دێنن، ئەمە بۆ شێخ مانای سەلماندنی بەرزیی پلەو مەرکەزی دەدا ، جۆرە دابین کردنێکی نێوانی هەردوولا شە ( کە، بەهەرحاڵ، وەنەبێ زۆریش پشتی پێ ببەسترێ) کە لە شەڕو ڕەقابەتی دەسەڵاتداریدا زۆر لەگەڵ یەکتردا بێ‌لوتف نـەبن و لە بەرامبەر لایەنێکی سێیەمدا یارمەتیی یەکتر بدەن . دەکرێ پیاو بڵێ : کاتێ دەسەڵاتی شێخ دامەزرا و دەستەی تابیعان تۆڕێکیان لە ناوچەکاندا پێکهێنا و بە ڕێکوپێکی یەکتریان بەسەر کردەوە، ڕێی تێدەچێ ئەندامانی ئەو تۆڕە، تەریقەت بۆ مەبەستی تر، تەنانەت بۆ تـاوانیش بەکاربێنن، بەڵام ئەمە بەهەرحاڵ هۆکارێکی دامەزرانی دەسەڵاتی شێخ نیە . لەوەش بگەڕێتەوە، زەحمەتە پیاو بڕوای بەوەبێ شێخ ڕێ بدەن مریدەکانیان تەریقەت بکەنە ئامرازی شەڕی چینایەتی . شێخ لەتیفی بەرزنجی خۆی،مورشید( ؟!!- وەرگێڕ)ی مسکێنە شۆڕشگێڕەکانی کە بارت باسیان دەکا ، یەکێك بوو لە گەورەترین خاوەن زەویەکانی محافەزەکەی .

گۆڕانێکی سێیەمی کۆمەڵایەتی- ئابووریی کەمێ دواتر رووی دا و مەرکەزی ژمارەیەك ماڵە شێخی دەستڕۆ- یشتووی قایەمکرد : نووسینی زەوی ( تاپۆ، تاپوو tapu) بوو . تاپۆ یەکێك لە ئیسلاحاتە گەورەکانی ئیدارەی عوسمانی بوو لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا (بڕ- فەسڵی ٣، لقی١٢) . ئەوانەی کەڵکیان لێ دیت : ئاغا، شێخ، بازرگانی دەوڵەمەند و کارمەندانی نـاوچەیی حکومەت بوون . کارمەندانی حکومەت قسەیان لەگەڵ ئەواندا بوو و ئەوانیش زۆربەی زەویەکانیان بە ناوی خۆیان دەنووسی . شێخ ئەم زەویانەشیان ( کە لەم ڕێیەوە وەدەستهێنا) خستە سەر ئەوەی کە هـەیانبوو و لە تابیعەکانیان پێبڕابوو . ئەوە لە کۆنەوە داب بووە کە زەوی " وەقف" بکرێن : چیان لێ پەیدا بوایە ( یان بەشێکی ئەوە ) بۆ ئەرکی مزگەوت، زیارەتگا و شتی لەو بابەتە تەرخان دەکرا . ئەو شێخانەی زەویی وەقفیان درابوویێ، زۆرتر هەر وابوو ئەو زەویانەیان وەك مڵکی شەخسیی خۆیان بەکاردێنا . بەم جۆرە شێخانی بەرزنجی بوونە کەسانێك لە دەوڵەمەندترین خاوەن زەویەکانی ناوچەی سلێمانی و ئەمەش بۆخۆی شتێك بوو دەسەڵاتی سیاسیی زیادکردن .

کەواتە، دەکرێ بەڵگەی بیری ئەم لقەی ئەم فەسڵە بەم جۆرە خولاسە بکەینەوە :

کۆششی هیدایەت کردنی مەولاناخالید کارێکی‌کرد ژمارەی شێخان لە سێ دەساڵی یەکەمی سەدەی ١٩دا لە

کوردستان زیادبکا. چالاکیی بڵاوکەرەوەکانی مەسیحیەت و ترسی کەوتنە بەردەسەڵاتی مەسیحییان بەهۆی دەستڕۆیشتنی ئەوروپاییانەوە، کوردیان وا لێ کرد بەتایبەتی هەستی بە پرۆپاگەندەیەك بجووڵێ کە لە باسی هەویەتی مسوڵمانەتیدا پێ دابگرێ و دژی مەسیحییان بێ . کەسیەکەس نەبوون و نەمانی ئاسایشێکی کە دوای بێ هێز بوون و رووخانی ( یا تێكشکاندنی) ئەمارەتە کوردەکان وڵاتی بەگشتی گرتەوە، کارێکی کرد خەڵك با بدەنەوە سەر ئاین ( واتا رووبکەنە شێخان ) تا بە سەر ئەو ئاسایش و دڵنیاییەدا بکەون کە لە ژیانی رۆژانەی دنیایاندا لێی بێ بەش بوون . کەواتە تەئسیری شێخان لە ناو خەڵکدا بە بەربڵاوی زیادی کرد . بە نەمانی فەرمانڕەوایی میران، کێشەوهەرای عەشیرەتی و رەقابەت و پێك هەڵپڕژانی ئاغاوەتی بچووك،لەپڕو زۆر سەیر وڵاتی داگرت،هەم زۆر زۆرتر بوون وهەم زۆر سەختتریش بوون . هەر شێخ بوون - بەوە کە لە چوارچێوەی عەشیرەتێکدا نەترنجابوون - دەیانتوانی بکەونە نێوانەوەو ئەو کێشەوهەرایانە چارەسەر بکەن ، بەو کەوتنەنێوان و ناوبژی کردنە، توانیان دەسەڵات و سامانی خۆیان لەسەر حیسابی خاوەنی کێشەوهەراکان زیادبکەن . بەو جۆرە، شێخ بوون بە دەستڕۆیشتووترین رابەران( ی لە خەڵکی وڵات ، نابێگانە) لە کوردستاندا و، بوونە مەرکەزی ئاشکرای هەست وعاتیفەی نەتەوایەتی . نووسینی زەوی( تاپۆ) هەلی ئەوەی بۆ زۆر شێخان رەخساند کە دەسەڵاتی دنیایان پتەو بکەن و بە رەسمی ببنە خاوەن زەوی .

## ٩- شەعایری تەریقەتی قادری

تا ئێرە، باس هەر لە مێژووی سۆفیایەتی و ئەو تەریقەتانەی دەروێشی بوو کە لە کوردستان هەن . لەم لقە ولقی باسی دوای ئەمەدا باسی چۆنیەتیی کارکردنی ئێستایان دەکەم .

یەکەم جارێکی دەروێشم دیتن، ئەوەبوو کە لە سەفەرێکی پێشوومدا (١٩٧٣) دەستەیەك دەروێشی قادریم لە مهاباد( کوردستانی ئێران) چاو پێ کەوت . دەروێشی قادریی مهاباد حەفتەی دوو جار، پێنجشەم و دووشەم شەو ( لەوێ پێیان دەڵێن شەوی هەینی و سێشەم )، لە خانەقا( یا تەکیە) دا، " مەجلیسmajlis یان دەگرت .

دوو خانەقا لە مهاباد هەن : یەکێکیان ئەوەی مریدەکانی شێخ عەبدولکەریمی کرپچنەیە و ئەوی تریان خانەقای بەرەی شێخ بابای غەوساباده ( بڕ- پاشکۆ، جەدوەلی ژمارە ١ : ٧و١١)*. هەر ئەگەر شتێکی تایبەتی بێتەپێش - تۆ بڵێ شێخێك لە شارێکی ترەوە بە سەردان بێت - ئەوسا سەر بە خانەقای یەکتردا دەکەن . بەوە کە شێخەکان لە شوێنی تر دەژین، خەلیفە سەرپەرشتیی مەجلیس دەکەن . چەندجار چوومە مەجلیسی هەردوولایان . ئەوەی من لە خانەقای کرپچنەم دیت بەم جۆرە بوو :

ژووری خانەقا لە مزگەوتێکی سادە دەکا، میحرابێکی تێدایە، بەڵام بێ مینبەرە . رەسمێکی پێغەمبەرمحەمەد (؟!!- وەرگێڕ) و وێنەیەکی شێخ عەبدولکەریم و یەکی باپیری بەدیوارەوەن وئاڵایەکی سەوزیش کە ناوی ئەڵڵا و محەمەد و هەر چوارخەلیفەی راشیدی ( ئەبوبەکر،عومەر،عوسمان،عەلی) پێوەیە . هەرخانەقایەکی تریش کە من دیتبێتم کەم تا زۆرهەروەك ئەم بووە: هەندێکیان وێنەوئاڵای پترو ناوی سیلسیلەی شێخانیشیان بەدیوارەوە بوو. وێنەی شێخان، ئاڵا، دەف و تەپڵ kettle-drums (؟!) و، شتی دەمتیژی کە لە مەراسیمدا بەکاردێن، شکڵی خانەقا لە مزگەوتێکی ئاسایی جیادەکەنەوە . خانەقای نەقشبەندی - بەگشتی- زۆرتر رووت و سادەن، ئەوجا جگە لەوە، نەقشبەندی زۆرتر وایە مەجلیسیان لە مزگەوتێکی ئاساییدا دەگرن .

مەجلیس دەبوو دوای نوێژی مەغریب دەست پێ بکا، دەروێش یەك بە دوا یەکدا وەژوور دەکەوتن . ئەوانەی

---

* مرید زۆرتر ئاماژە بە ناوی بارەگای شێخ دەکەن تاوەکو ناوی خودی خۆی و، زۆرتر مریدی بنەماڵەکەین تاوەکو شێخی حازری . بەڤوونە دەڵێن " شێخی غەوساباد"، بە دوو خانەقاکەی مهاباد دەڵێن " خانەقای غەوساباد" و " خانەقای کرپچنە".


هـەژار و پایەکـەمتر بوون، زووتر دەهاتن . ئەوانەی - بەهۆی کاروپیشەو سـامانیان - خۆیان بـە زلتر دادەنا، هەوڵیان دەدا هەندێ درەنگتر بگەن . ئەوەی دەهاتە ژوورەوە " سەلام عەلەیکوم"ێکی لە حازران دەکرد و راست بەرەو میحراب دەچوو، میحراب و ئاڵای سەوزی ماچ دەکرد ( و دوای ئەوە کەللەیەکی لەسەرەخۆی بە ریزی بە ناوچەوانی دەگەیاندێ) . وادەبوو لە خواری وێنەکانی پێغەمبەرو شێخانیش دیواریان ماچ دەکرد . دوای ئەوە دەهاتن لەگەڵ حازران دادەنیشتن، سیغار(جگەرە)ێکیان دەکێشا (!- نووسەر)، چایەکیان دەخواردەوە ( کە لەو بەینەدا کورێك سازی کردبوو) و لەسەرەخۆ پێکەوە دەکەوتنە باس و خواسی رووداوی رۆژانە . کە خەلیفە هاتە ژوورەوە، تێکرا هەستانە سەرپێ و، تەنیا کاتێك کە خەلیفە دانیشت جا ئەوانیش دانیشتنەوە . ئاڵقەیەکیان - هەرچۆنێ رێككەوت - سازدا، خەلیفە لەبەردەمی میحراب بوو و، ئەوانەی کۆك و پۆشتەتر بوون لە خەلیفەوە نزیکتر بوون . دوای ماوەیەك، خەلیفە ئیشارەتی ئەوەی دا کە دەبویست دەست پێ بکرێ . سیغار کوژێنرانەوە، پیاڵەوپیاڵەی چا وەلادران . خەلیفە مەجلیسی بە دوعایەکی کورت ( بە عارەبی ) کردەوە : یەکێك لەو دوعا سەرەکیانەی بۆ پێغەمبەرو ئومەتی و بۆ سەحابەو ئەولیای ئەوەڵی ئیسلامن . جا درێژەی دایێ: دوعا بۆغەوسی ئەعزەم و تێکرای هەرچی سیلسیلەی تەریقەتیقادری ونەقشبەندی و سوهرەوەردی وکوبرەوی و چیستیChisti بوو . لەوبەینەشدا ناوبەناو دەوەستا تا خەڵکەکە لەبەرەخۆ ( بە پستەپست ) دوعای خۆیان بکەن ( بەڵام ئەویش هەر شکڵێك بوو) . دوای ئەم ئەدعیەیە، دەروێش ملیان لە زیکر نا، ئەمەیان دەگوت :

یا هوو، یا هوو، یا مەن هوو، یا مەن لەیسە ئیللا هوو

یا ئەڵڵاهـ، دایم ئەڵڵاهـ

یا ئەڵڵاهـ، مەولام ئەڵڵاهـ


ئەوەیان بە دەنگێکی بەرزو بە هەوایەکی تایبەتی دەگوت، کە دەروێشێکی کوێر بە دەنگێکی خۆش و بەخۆوە لەمەدا رابەریی دەکردن و پێی دەگوتن کامە دوعا بە زیکر بڵێن و چەند جار بڵێنەوە . ئەو حافزەم هەموو رۆژێ دەدیت، بەرامبەر بەوهوتێلەی لێی دەمامەوە، لەوبەری شەقام دادەنیشت سواڵی دەکرد، ئەوە بەڕاستی سەرنجی زۆر راکێشام، ئەو پیاوە ئەوە نەبوو وەك سواڵکەران ( بەتایبەتی ئەوانەی ئێران) خۆی سووك و چرووك بکا، نا، لێرە لە خانەقادا کە بەو دەنگە دڵێرو بڕوا بەخۆیەی بەعارەبیەکی زۆر رەوان زیکری دەکرد، ویقارێکی زۆری هەبوو کە لە ئینکار نەدەهات . وێ دەچوو هەر ئەو جلوبەرگی پاك وخاوێنی بەتایبەتی بۆ ئەو مەجلیسە دەبەر-کردبێ، ئەوانی تر هەربەو جلوبەرگی‌کاری رۆژانەیانەوە هاتبوون . بە مێزەری سپیی بەسەریەوە( کە نیشانەیەکی



مەجلیسی قادری . خانەقای غەوسئاباد، مهاباد

مەلایەتیە) دیاربوو پلەیەکی خوێندنی رەسمیی ئاینی تەواوکردبوو . تەسبیحێکی درێژی پێبوو ، زیکری دەژمارد ( دەوری ده زیکرێکی جیاواز ، زۆربەیان حەوت جاردەگوتران ) . دوای ئەوە ، هەمان دەروێشی حافز هاتە سەر سیلسیلەی عەبدولکەریمی کرپچنە ، تاقە جیاوازیەکی لەو سیلسیلەدا هەبوو ئەوەبوو بەهائەدینی نەقشبەندی-شی تێخرابوو ( کە بەوە دەبێ شێخ عەبدولکەریم ئیجازەی تەریقەتی نەقشبەندییشی هەبووبێ ، چونکە قەت ناوی بەهائەدینم لە سیلسیلەی ئاسایی قادریدا نەدیوە) . پاش ئەوە ، دیسان ملیان لە زیکرێکی تر نا (بە ناوی " زیکری حق") : دەروێش شەهادەتیان دەگوت : " لا ئیلاهە ئیللەڵڵاهـ" ، بەڵام چەند سەدجار ، ئەم جارە بەپێوە بوون و ، لەناوقەد بەرەژووریان بە هەوایەکی تایبەتی لەگەڵ شەهادەتدا با دەدا ( لەگەڵ " لائیلاهە " دا بە لای چەپدا دەهاتنەوەو لەگەڵ " ئیللەڵڵاهـ"دا بە لای راستدا) . بۆ من ، قسەکان هەر تەنیا ئەوەبوون دە خەوم بخەن ( تەئسیری هیپنۆتی) . دەبێ بۆ ئەوانەی بەشداری زیکرەکە بوون ، بەوهەناسەدانە بەپەلەو لەسەریەکەو بەوهەواو ئاهەنگە تایبەتیەو بەو حەرەکاتەی سەر و بەشی سەرووی لەش لەگەڵدا ، تەئسیری زۆر پتر کردبێ . لە " لا ئیلاهە ئیللەڵڵاهـ" ـەوە چوونە سەرهەوایەکی کورتتر: " ئەڵڵاهـ ، ئەڵڵاهـ ، ئەڵڵاهـ،...". دەف هاتە پاڵ ، حەرەکاتی لەش تادەهات بە توندی و وەحشەتی پتری خۆی دەگەیشت . ئیتر دەروێش بە دوای دەروێشدا مێزەریان لێکردەوە و پرچی درێژیان پەرێشان کرد(دەروێشی قادری زۆرتر وایە پرچ دەهێڵنەوە،دەیبەستن و وەبن مێزەری دەدەن ،بەڵام لە زیکردا بەرەڵای دەکەن ، ئیتر ئەو دیمەنەی کە بەبێ ئەوە دنیایەك تەئسیر لە پیاو دەکا ئەوەشی دێتە سەر و ، ئەوەندەی تر سامناك دەبێ ) . ئێستا هەندێك لە حاڵدا بوون ( یا بە ساختە وایان پیشان دەدا) و لەو زیکرەدا زریکەی بەسامیان لێ هەڵدەستا . دوای چەند سەد جار " ئەڵڵاهـ ، ئەڵڵاهـ"یش ئیتر شت خوێندن تەواو بوو ، دەف هەر بەردوام بوون ، توندی و وەحشەتی حەرەکاتی دەروێشان تەنانەت پتر بوو . لەپڕ ، یەکێك هەڵبەزیەوە ، پڕی دا زەرگێك ( دەوری ٤٠ سەنتیمیترێك درێژو پێنج میللیمیترێك ئەستوور ، دەسکی دار و ، زنجیری کورتی مەعدەنی وێ خرابوون) ، بە دەنگی بەرز هاواریکرد ، سوورێکی بە خانەقادا پێدا ، زەرگی بەرزکردبووەوە وەك بیەوێ سەرنجی هەموانی بۆ رابکێشێ . هەرچەندە لەوەشی دەکرد لە حاڵدا بێ ، بەڵام دیساهەر دەیویست دڵنیا بێت لەوە کە خەلیفەو منی بێگانە چاك چاومان لێیەتی . دوای ئەوە هات و لەبەردەمی من چۆکی دادا ، دەمی داپچڕاندو سەری تەواو کێشایە دواوە ، سەرەتیژەکەی زەرگی دە بنی زمانی ڕاکرد ، بەقایم پاڵی پێوەنا ، بەجۆرێك کە نووکی زەرگ لە ژێر چەناگەیەوە دەرچوو ، هەستا و دەورێکی خانەقای دا ، دوای پێنج دەقیقەیەك زەرگی هەڵکێشایەوە و سەری پەنجەی گەورەی توند بەسەر برینەکەیدا هێنا ، لە تاقە یەك قەترەخوێن پتری لێ نەهات .

دوای چەند دەقیقەیەك، وێکڕا سەروچا خورایەوە . دەروێشی تر لەوبەینەدا خۆیان لە ناوقەد بەرەژوور رووت- کردبووەوە، زەرگی لە هەمان بابەتیان پێبوو و دە ئەمڵا و ئەولای خۆیان ڕادەکرد . دەروێشێك شیرێکی بە بەدەستەوە بوو و، بە دەمە تیژەکەی دەستی بە لێدانی سنگی رووتی خۆی کردو چەند برینێکی سەختیی تێکرد. یەکی تر چنگێگ بزماری قووت دا و پەرداخێ ( لیوانێك) ئاوی بەسەردا کرد . ئەم هەمووە شتانە - هەرچەندە لەخۆیاندا تابڵێی تماشایی بوون - زۆربەسادەیی وتەبیعی دەکران و روون بوو کە فێڵ و فەرەجێك دەکاردانەبوو. دواتر،لە خانەقای تردا، شتی وەك ئەمانەم پتر دەدیت : شووشە دەکرۆژرا/ دەجوورا و دەخورا ،دەرمانی ژەهراوی



دەروێشی قادری بە شیر خۆی دەبڕێ . خانەقای غەوساباد ، مهاباد

(ی پاك كردنەوەو شتی وا) دەخورایەوە، تەلی رووتی‌كارەبا دەگیرا، راچڵەكینەكان دەریاندەخست كە بە راستی كارەبایان لەسەر بوو، یان دوو پیاو شیرێكیان رادەداشت، لێواری (زۆر) تیژی روولەسەروو، پیاوێكی سێیەم لە ناوەندبەرەژووری رووت دەهات بە سەر ئەو شیرەدا دەچەمایەوە و، پیاوێكی چوارەم دەچووە سەر پشتی، وادەبوو كە قورساییەكەی وای دەكرد دەمی تیژی شیرەكە چاك بە زگی دەروێشی چەماوەدا بچێ، دوایی دەبوو شیرەكە زۆربەپارێزەوە وەلادرێ، جێ برینی شیر بە لەشی دەروێشەوە دەدیترا، ئەوجا خەلیفە دەستێكی بە برینەكەدا دەهێنا و هەندێ لیك (یا تف) ی لێ‌دەدا. دەڵێن عەبدولقادر یەكەم كەسێك بووە برینی وا چاك كردووە-



تەوە . بە کەرامەتی ئەو بووە ئەو برینە بەوجۆرە چارەکراوە و، ئیتر ئەو کەرامەتەی عەبدولقادر لە سیلسیلەی قادریدا بە میرات هاتووە و خەلیفەکانیشی جوان و قازاخ بەکاری دێنن . وەنەبێ بڵێی ئەو دەروێشانە هەموو، خۆیان بریندار دەکرد، نـا ، هەندێ هەر لە بەردەمی ئەوانی تر هەڵدەبەزینەوە، هی تریش هەبوون هەر حەرەکاتی مەوزوون و هەناسەی بەپەلەیان هەبوو و هیچی دی . کاتێ لەدواییدا دەنگی دەف بڕا،هەموو دانیشتن و پرچیان بەستەوەو مێزەریان پێچایەوە، چا هێنرا و،بار زۆرسووك و رەحەت و دوور لە رەسمیات بووەوە. هەندێکی پێچوو ئەوجا دەروێشێك دەستی دا دەفێك و بەدەف لێدانەوە هەندێ شیعری ئاینیی بەگۆرانیگوت . دوای چەندشیعر-ێکی تر بەدوادا- کە دەروێش لەوبەینەدا وایان پیشان دەدا دیسان لەحاڵدا بن - خەلیفە مەجلیسی بە دوعایەکی کورت کۆتایی پێ هێنا و هەموو بڵاوەیان لێکرد .

هەموو ئەو مەجلیسانەی قادریی کە من دیتمن ( مهاباد، سنە، بانە - ئێران ؛ عاموودێ - سووریا)، کەم تا زۆر هەمان تەرز بوون . چرا لە کاتی زیکردا کز دەکرێن یا هەر دەکوژێنرێنەوە، کە وێدەچێ چوونە حاڵ بەوە وە هاسانتر بکەوێ . هەرچەندە چوونە حاڵ دیاربوو زۆر بەڕاستی بوون ( لە چەند حاڵەتێکی کەمدا کە وا نەبوون ئاشکرا بوون و دیاربوو کە ئێشیان پێدەگەیشت)، بەڵام دیساهەر ئاگایان لەوەبوو ئەوەندەی بتوانن سەرنج بۆ کارەکانیان رابکێشن و، بەر لە دەست پێ کردن، بە قەو دەیانزریکاند . زۆریان دەبوو دڵنیابوونایە کە منی لاوەکی هەموو شتم دەدیت . بەڵام بەهەرحاڵ، دیارە گرنگترین کەسی لەوێ بوو خەلیفە بوو (خەلیفە نوێنەری شێخە، شێخ نوێنەری عەبدولقادرە، ئەمیش نوێنەری پێغەمبەرە و پێغەمبەریش نوێنەری خودایە) . خەلیفەش چاوی لەوەبوو دەروێش لەحاڵدا خۆیان زۆر نەئێشێنن، ئەمینا رایدەگرتن، دەستی بەسەر بریندا دەهێنان و هەندێ لیکی تێ هەڵدەسوو . هیچ دەروێشێك لەوانەی من دیتمن، قەت نەبوو خۆی زۆر بریندار بکا : خۆیان لە جێی هەرە ناسکی لەش دەبوارد . بەڵام تاقە شتێکی زۆر سەیر و سەرسووڕمێن ئەوەیە، ئەوانە بە ئەو زەرگ و چەقۆ و شیرانەی کە قەت پاکیان ناکەنەوە چۆن برینیان پیس ناکا . دەروێش ئەوە لە کەراماتێك دەزانن کە لە شێخ عەبدولقادرەوە بە سیلسیلە گەیشتووەتە شێخ وخەلیفەی حازری،بەڵام دەڵێن ئەوەی شتی وا بکا دەبێ پێشەکی ئیجازەی لە شێخ یا خەلیفەکەیەوە وەرگرتبێ، ئەمینا ئەگەر ئیجازەی نەبێ و زەرگ و شیری وا لەخۆ بدا حەقمەن دەمرێ .

ئەو دەروێشانە، بۆچی وا لە خۆیان دەکەن ؟ پیاو مێژووی ئەوە نازانێ . دەبێ ئەم بەزمە - وەك هەندێ کەس

دەڵێن- لەهیندستان یا ناوەندیئاسیاوەهاتبێ، بەڵام بەڵگەیەکی واش نیە ئەمە بەتەواوی بۆ پیاو ساغ بکاتەوە. دەروێشیکوردستان لەوەدا وەك ئەوانەی هیندستان یا ناوەندی ئاسیا نین کە ئەوکارانە بۆ خۆ ئێشاندن ونەوس دامراندن بکەن،یا بۆ ئەوەی پێی بچنە حاڵەوە (هەرچەندە ئەم جیاوازیەش مانای ئەوە نیە لەوانیان وەرنەگرتبێ). هەندێ قسە لە باسی بنەمای ئەم کردەوانەی دەروێشان لەناو شارەزاکانی قادرییاندا باوە. شێخێك"خۆ بریندار کردن"ی بە" حاڵ"ێکی زۆر بەرز دانا کە تەنیا کسانێکی تایبەتی هەن بتوانن بیکەن،و گورج دوای ئەوە گوتی کە خۆی قەت" حاڵ"ی وای نـەگرتووە، حاڵ مەزیەتێکی تایبەتیە. وادیاربوو شێخ مەزیەتی تری هەبوون، بەهەر حاڵ،مەبەستی ئەوەبوو کە درویش بێ ئیختیار وا دەکەن،هێزێکی یەزدانی پاڵیان پێوە دەنێ دەست بدەنە شیرو زەرگان. زۆربەی ئەو قادریانەی ئەو مەسەلەیەم لەگەڵدا کردنەوە، ئەوەندە بە گرنگ گرتنی ئەو کردارانەیان لە تەریقەتی قادریدا لەلایەکەوە دەبردەوە سەر ئەوە کە ئەو کردارانە بە شـارەزا و لاوەکیانیش پیشـان دەدا کە ئیسلامە تاقە ئاینی هەقە و بەتایبەتی تەریقەتی قادرییە کە هێزی خاریقی پێ ئیکرام کراوە ( چونکە عەبدول- قادر بووە کە توانای موعجیزەیی چاك کردنی برینی وای وەرگرتووە). لە راستیشدا، ئەوەبوو دوای چەند کردارێکی تماشاییانەی لەو بابەتانەی باسمکردن، داوام لێ کرا کە ببمە مسوڵمان، دوای ئەوە کە بە چاوی خۆم دیتم چۆن خودا دڵسۆزانی خۆی دەپاراست.

> تەنانەت جارێك بە هەزار ناڵیعەلی لە خەتەنەکرانێکی بەزۆر رزگاربووم. خەلیفە پێی وابوو ئەو کردارانەی لەوێ کران ئەوەندە قەناعەتیان بە پیاو دەکرد کە رێیەکیان بۆ نەدەهێشتمەوە مەگەر ئەوەی ببمە مسوڵمان. کە نەمویست ببم، ویستی شیرێکم بداتێ و یارمەتیم بدا تا بەوە لە خۆم بدەم،تاکو بەڵگەی ترم بداتێ کە چ دەسەڵاتێکی ئاینیی لەدەستدایە. ئەوەش نەبوو بڵێی خەلیفە بەگاڵتەی بووبێ یا ویستبێتی بە شۆخی کردن سەر بخاتە سەری زەلامێکی غەریبەوە، نەخێر، هەمان گەڕی لە هەندێ کوڕگەلی ئەو ناوەش ئاڵاند کە هاتبوون بۆخۆ سەیری مەجلیس بکەن.

لـە لایەکی ترەوە، ئەو دەروێشـەی دەیوێرا شتی وا بکا، بـەوە ئیمانی خۆی بە خوداو تەریقەت پیشان دەدا ( تەوەککول لە ئەدەبیاتی سۆفیایەتیدا لە مەقامەکانیتەریقەت بووە). ئەوە دەمانخاتە سەر روویەکی تری وەڵام- دانەوەی ئەم"بۆچی"یەمان. دەروێش وەنەبێ هەموو بچنەحاڵەوە،ئەوانەی دەشچن هەموو زەرگ وشیرلەخۆنادەن. ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن، هەمیشە لەوانەن کە لە ژیانی دنیاییدا لە توێژی هەرە خواروون : بێکار، پیشەوەری بچووك،بازرگانی بچووك. ئەوانە دەتوانن لە خانەقادا تۆڵەی ئەو پلە نزمەیکۆمەڵایەتیان بکەنەوە،لێرەدا شتێك

بکەن کە خەڵکی‌تر پێیان ناکرێ . هەرچەندە راستە،ئەوەی لە خانەقادا دەکرێ کاری بەودنیا داوە،بەڵام بەچاوی ئەوانەی دەیکەن ئەوەنیە کە هیچ کارێکی بەم دنیایە نەدابێ .

یەکێ لەو دەروێشانەی باشیان دەناسم، رۆژنامە فرۆشێکە لە شوێنێك کە بەدەگمەن کسێکی تێدا هەڵدەکەوێ بیەوێ رۆژنامە بخوێنێتەوە،هەر رۆژنامەفرۆشی خۆی ئەوەندەی لێ پەیدانابێ . پیاوێکی ئەوەندە زیت و زیندووش نیە،هەرکوێ دەچێ خەڵك سەر دەخەنە سەری و گاڵتەی پێ‌دە-کەن . جارێکیان دانیشتبووم لەگەڵ چەند لاوێکدا قسەم دەکرد، دەروێش پەیدابوو، سەلامێکی لێ‌کردم . یەکێك لەوانە بە گاڵتە پێ‌کردنەوە - کە من پێم ناخۆش بوو - قسەیەکی زۆر سووکی تێ‌گرت، دیاربوو دەروێش زۆری پێ ئێشا . من خۆم لە قسە ناخۆشەکە نەبیست کرد، وەڵامی سەلامەکەیم ئەوەندەی توانیم ئاسایی دایەوەو کەمێکیشم دواند . ئەوجا دەروێش لێی گێڕامەوە کە ئەوشەوە بچمە خانەقا : " ئەگەر بێی، شتێکی بەڕاستی باشت پیشان‌دەدەم . ئەوانە( ئیشارە-تێکی بە لاوەکان کرد) هیچ لەو شتانە ناگەن " .

دەروێش بڕوای بەوە هەیە کە ئەو کردارانە لەدواییدا هەر بۆ خودان، بەڵام دەیەوێ دەروێشی تریش و بەتایبەتی خەلیفە ببینن . چونکە ئەوە پیاویش بۆخۆی زانی کە شتی وای پێ دەکرێ کە لەتواناى خەڵکی ئاسایی بەدەرە، ئەگەر خەڵکی تریش پێی نەزانن کەڵکی چیە ؟ ( ئەوەش بوو کە منێکی غەریب زەحمەتیەکم بۆ چوونە مەجلیس لە رێدا نەبوو ) .

دوو جار وا رێك‌کەوت خەلیفە نەهاتبووە مەجلیس . دەروێش زیکری خۆیان کردو دنیایەك شیعریان خوێندەوە و بەگۆرانیی گوت، بەڵام زەرگ و شیر بۆ خۆ لەوگۆشەیە کەوتبوون دەستیان بۆنەبرا*، تەنانەت حاڵ‌گرتنەکەش زۆر گەرم نەبوو . کەچی جارێکی تر دوو شێخ میوانی مەجلیسی خانەقای غەوساباد بوون، دەروێشێکی زۆری هەردوو دەستەی قادریی لێ بوو، زیکرێکیان دەکرد کە قەت من زیکری ئەوەندە گەرمم لێ نەدیتوون . زۆر دەروێش زۆر شتیان کرد - تەنانەت پیرەمێردێکی لەڕو بێ هێزیان تێدابوو کە بەتەواوی حاڵی نەگرتبوو و کاتێ

---

* من هەر دوایی بیرم لەوە کردەوە کە تۆ بڵێی بە بێ ئیجازەی خەلیفە، دەروێش هەقیان نەبێ لە خۆیدەن ؟ . ئەوەی راستی بێ قەت پرسیارەکەم وا نەکرد . دەیانگوت دەروێش هەر ئەگەر خەلیفە ئیجازەی بدا دەتوانێ وا بکا، بەڵام قەت لەوە نەگەیشتم کە ئایا خەلیفە دەبێ هەر جارە ئیجازەی سەر لەنوێ بدا ؟ .

شیریان لێ وەلادا وەختابوو لەبەر ئێش و ئازاری زگی بپوورێتەوە . شێخ و خەلیفە ئەم هەستەی تۆڵەکردنەوەی پەستیی دنیایی مریدانیان زۆر ئاگا لێیە . کە دەچووە مەجلیس، زۆر وادەبوو پێش دەستپێکردنی مەجلیس و دوای ئەوەش، لەگەڵ خەلیفە یا شێخداو لەگەڵ ئەو دەروێشانەشدا کە دەمانەوە قسەوباسمان دادەمەزراند. زۆر جار ئەوەیان پێ دەگوتمەوە ( و دەروێشیش پێیان لەسەر دادەگرتەوە) کە : بەڵێ حەقەن عیلمی دنیا هەیە، بەڵام کەڵکی دایمی نیە ( زایلە)، تاقە شتێك کە حیسابی بۆبکرێ گەنجینەی رووحی وعیلمی دڵەو، ئەمیش هەرتەنیا لە خانەقا دەست دەکەوێ . کەواتە، تەریقەت بۆ دامرکاندنی گرێی مەحروومیەت بەکاردێ، پیاو دەخاتە سەر تەسلیم بوون و تەوەککول و، بەگشتی وەزیفەی هەڵوەشاندنی شۆڕشگێڕیەتی هەیە . بەڵام شەرتیش نیە وابێ : چەند بزووتنەوەی مەسیحای ( مەهدیەت) هەبوون پێوەندییان بەو تەریقەتانەوە هەبووە . کە بەداخەوە کەمیان لێ دەزانین ( بڕ- لقی ١٥ ی ئەم فەسڵە) . هەرچەندە ژمارەیەك لەوانە، مەگەرهەر ئەگەر مانای شۆڕشگێڕیەتیان بۆ لەبەریەك بکێشین،بتوانین ئەو ناوەیان وەپاڵ بدەین . لە هەموو ئەوانەدا، تابیع بەتەواوی گوێ لە مشتی شێخ بوون و بە شادیەوە ئامادە بوون خۆیانی بۆ بەکوشت بدەن: کە لە بنەمادا هەمانهەڵوێستی ئەو دەروێشانەیە کە زەرگ لە خۆ دەدەن .

دوا ئاماژەیەکم بە مەسەلەی حاڵگرتن ئەوەیە کە : وەنەبێ هەرکەسێك بیەوێ، بتوانێ بە هاسانی حاڵ بگرێ، زۆرتری خەڵك دەبێ فێری بن، هی وا هەن قەت ناتوانن بکەونەحاڵەوە . وێدەچێ ئەو قسەیەی خەڵك راست بێت کە : پیاوی سادە تا رادەیەك بە هاسانی دەکەونە حاڵەوەو،خەڵکی زاناو خوێندەوار زۆر بەزەحمەت بۆیان پێکدێ یان هەر نایتوانن . بەهەرحاڵ، منیش هەر وای بۆ دەچم . دەبێ ئەمیش هۆیەکی تری ئەوەبێ کە هەمیشە " سادەترین"ی خەڵك زەرگ و شیر لە خۆدان دەکەن . مەشق کردن و فێربوون وادیارە ئەوەندە دەوری هەیە کە تەنانەت دەروێشێك وا لێ بکا کەی بیەوێ بتوانێ حاڵ بگرێ . تەنانەت دەروێش بێ ئەوەی بیشیەوێ، وەك خۆشم دیتوومە،هەرئەوەندە هەوایەکی دەفە یا شیعرێکی ئایینیی بەرگوێ بکەوێ،لەخۆیەوە دادەگیرسێ،وادیارە شیر و زەرگ لە خۆدانەکەشی هەر وایە . وابووە دەروێشم دیتوون، لە پڕ و چاوەنۆڕنەکراو، چوونەتە حاڵەوە و حەرەکاتی وایان کردووە وەك شتی وەك زەرگ و شیر لە خۆ بدەن .

دەروێشێکی نیعمەتوڵڵاهی، چیرۆکێکی زۆرخۆشی دەربارەی ئەو مەسەلەیەی ئەوانە بۆ گێرامەوە کە لە حاڵدا بێ ئیختیار دەکەونە ئازاردانی خۆیان . نیعمەتوڵڵاهی، تەریقەتێکی دەروێشیی

نەجیبزادانەی شیعەیە و، خانەقایەکیشی لە سنە هەیە . خەلیفەیەکی قادری لەوێ نێوانی زۆر باشی لەگەڵ ئەو دەروێشە نیعمەتوڵلاهیانەدا هەیە، وادەبێ خۆی و مریدەکانی سەر لە خانەقای مەرکەزی نیعمەتوڵلاهیان لە تاران دەدەن، کە خەڵك زۆر بە تاسەوە دێن گوێ بۆ شیعری سۆفیایەتیی بە گۆرانی رادێرن . یەکێك لەو دەروێشە قادریانە ببوو بە نیعمەتوڵلاهی و، دەچووە مەجلیسی حەفتانەیان لە سنە . جارێکیان، لە پڕ لەکاتی شیعرخوێندنەوەدا حاڵی گرت، چاوێکی بە دەوروبەریدا بۆ شتێکی تیژ گێڕا، بەڵام بەوە کە تەریقەتی نیعمەتوڵلاهی خۆ قەڵت وبڕکردنی قەبووڵ نیە، هیچی لەوبابەتەی لێ نەبوو ،ئەوجاهەڵبەزیەوەو، زۆر بە قەو سەری بە دیواردا کێشا. دەروێشی نیعمەتوڵلاهیی زەندەقچوو فریای ئەوە نەکەوتن زوو پێشی بگرن . کاتێ دەروێشی سەرزەدە کەوت، ترسان حەیاتی لێبڕابێ، چونکە سەرلە دیواردانەکەی دەنگی وا هات وەك کەللە سەری شەق بووبێ . بەڵام کە هات، دەرکەوت هیچی لێنەهاتبوو، دەنگەکە بەهەرحاڵ،دەرکەوت کە دەنگی قەڵەش بردنی دیوارەکە بوو .

من خۆم شتێکی لەو بابەتەم لە کاتی زیکرێکدا لە عاموودێ (سووریا) چاو پێکەوت، بەڵام لەوە دڵنیا نیم کە حاڵەتێکی فێگرتنی ئاسایی نەبووبێ . جحێڵێك لەپڕ ملی لێ نا ، خۆی بەوعەردەدا گلۆر دەکردەوەو ،لەشی دەلەرزی و رادەچڵەکی و ،سەری خۆی لە دیواردەدا. هێزەکەی لەوەدانەبوو: سێ پیاوی بەهێزی لای منی ویست تا توانیان بیگرن و نەهێڵن مێشکی خۆی بپژێنێ . ئیتر تۆزقاڵێك (نیوە-) ئیختیارێکی تێدا نەمابووەوە، بەتەواوی ئیجباری بوو .

رەنگەهەندێ دەروێش هەر بەڕاستی فێدار بن، واتا حاڵەتێکی نەخۆشیی لەشیان وایان لێ بکا . زۆر دەروێش فێر بوون بە هاسانی دەچنە حاڵەوە، حاڵگرتوو زۆرتر وایە لە فێگرتوو دەکا یا هەر رێك وەك ئەوە . رەنگە بەهۆی ئەو وێکچوونەی دیمەنی ئەو دوو حاڵەتە جیاوازە ( حاڵگرتن، فێگرتن) بێ کە فێدار لای دەروێشان و پیاوانی ئاینی رێزێکی تایبەتیان لێ دەنرێ .

گۆرانی و شیعری ئەو شەعایرە چەند جۆرن : هەندێك لە کەلەپووری بەرزی سۆفیایەتین ( - تۆ بڵێ- لە دیوانی شەمسی تەبریزی ) ، یا شیعری شێخانی تەریقەتن کە لاسایی شێوەی ئەوکەلەپوورەن، هەندێکی تر رووداوی





دەروێشی قادری لە زیکردا حاڵیان گرتووە . خانەقای شێخ عوبەید ، عاموودێ، سووریا

گرنگی مێژووی ئیسلام باس دەکەن، یا کرداری زوهدو موعجیزاتی هەندێ شێخی گەورە. من تەنانەت گۆرانیەکی وەهای دەروێشانم لەگەڵ خۆشم هێنا ( دەروێشێکی زۆر پیری قادری دەیگوت ) کە هی دەورانی شەڕی جیهانیی یەکەم بوو، هاواری بۆ غەزا دەکرد لە دژی نەتەوە مەسیحیەکان* .



دەروێشی قادری شووشە خواردن پیشان دەدەن ، عاموودێ

---

* بەم گۆرانیە ( ی کە بەگژ " ئەو ئەرمەنیە سەگانە " دا دەچێ)، پیاو دەڵێ دەبێ کاربەدستانی عوسمانی تەریقەتیان بۆ هاندانی کوشتاری ئەرمەنیەکان بەکارهێنابێ . دەروێش تا ئەم دواییانەش ئەو گۆرانیانەیان لە هەر شوێنێکی چوویان دەگوت . دەبێ دەروێشی گەڕیدە بۆ پڕۆپاگەندە بەکاربووبن ( ناوبانگی شێخ و نوشتەی و ئەوەندە قسەیان دەربارە گەیاندووەتە ئەو هەمووە شوێنانە ) .

## ١٠- شەعایری نەقشبەندی

مەجلیسی نەقشبەندی زۆر لەوەی قادری جیاوازە، ئەویش هەر زۆرتر وایە حەفتەی جارێك یا دووان لە نێوان نوێژی شێوان ( مەغریب) و خەوتنان ( عیشا )دا دادەنرێ . شەعایر( کە نەقشبەندی پێی دەڵێن " خەقە")ێکی لە گوندی " دوڕوو"ی شێخ عوسماندا دیتم بەم جۆرە بوو :

خـانەقا، هەمان مزگەوتی دێ بوو . خەڵك دێن نوێژی شێوان بە ئیمامەتی مەلایەك لەو مەلایانە دەکەن کە سەردەمێك یا هەر هەمیشە لای شێخ دەمێننەوە . کە نوێژ تەواو بوو، بە جەغزێ دادەنیشن ( حەلقە دەبەستن) و چرا دەکوژێننەوەو خەقە دەست پێ دەکا. شێخ لەوێ نیە . زۆرترهەروایە نایەت، بشیەت شتێکی وا ناکات لە- بەرچاو بێ، بەڵام هەموو دەڵێن کە تەشریف هێنانی شێخ دەروونیان پترگڕ دەدا . مەلایەك لە مەلاکان (یا چەند دانەیەك بە نۆرە) دەست بە خوێندنی حەدیس و قورئان دەکا، ناو بەناویش بێ دەنگیەکی تێ دەکەوێ کە( لەبەر خۆوە) هەندێ حەدیس یا سوورەت یا ئایەتی قورئان دەخوێنن،هەرکام بوو(حەدیس یا بەشێکی قورئانی تایبە - تیی بۆ ئەوە دیارکراو نیە )، مەلا پێیان دەڵێ کامەیان بخوێنن و هەریەکەو چەندجار . ئەوجا بەشی رامان، ئەندیشەی مردن، دەست پێ دەکا . بەشداران مردنی خۆیان دەهێننە بەرچاو : وا لە گۆڕدا درێژ بوون و دوو فریشتە هاتوونە سەریان پرسیاری ژیانیان لێ دەکەن . ئەمە ٥ تا ١٠ دەقیقەیەك دەخایەنێت . جا ئاهـ و نووزەی بە دەنگی بەرز پەردەی ئەو بێ دەنگیە دەدڕێ ( زۆر لە گریانی ئاسایی بـەقـەوتر، بەئەقڵم دەیانەوێ پیشانی ئەوانی تر بدەن کە چۆن بەچاکی دیمەنی مردنیان لەبەرچاوەو،کە ناتەواوی چەند بە ئێش و ئازارە، بەوە موحیتە- کەش بۆ چوونە حاڵ ئامادەتر دەکەن ) . ئەوجا دێنە سەر گرنگترین بەش : مەلا دەست پێ کردنی " رابیتەشێخ" رادەگەیەنێ، واتا مرید "هەوڵ دەدەن " رابیتە( پێوەندی) ی رووحییان لەگەڵ شێخدا هەبێ . چاویان دەنووقێنن و هەوڵ دەدەن شێخ بهێننە بەر چاوی خۆیان . کە دیمەنی شێخیان بە روونی هاتە بەرچاو، ئەوسا ئەوە دەهێننە بەرچاویان کە وا شێخ دەیانباتە خزمەتی پێغەمبەر و، پێغەمبەریش دەیانباتە نزیکی حوزووری پـەروەردگار (خودا) . ئەمیش ٥ تا ١٥ دەقیقەیەك دەخایەنێت و زۆرتر هەروایە بە بێدەنگیەکی تەواو بەئەنجام دەدرێ . بە خوێندنی چەند سوورەتێکی ترو خوێندنەوەی سیلسیلە، بەشی نەقشبەندێتیی مەجلیس تەواو دەبێ .

چونکە شێخ عوسمان ئیجازەی قادرییشی هەیە، زیکرێکی کورتی قادرییشی بەدوادا دێ ( ئەوەندەی من بزانم، شێخ عوسمان تاقە شێخێکی نەقشبەندیە کە هەردوو زیکری پێکەوە دامەزراندبێ . شێخی تری نـەقشبەندیی



مریدێکی نەقشبەندیی بەرگی سۆفی دەبەردا

کە دەڵێن ئیجازەی قادرییشیان هەیە، قەت زیکری قادری ناکەن) ، شەهادەت ( لا ئیلاهە ئیللەڵڵاهـ ) بە ئاهەنگی تایبەتی دەوری سەد جارێك دەگوترێ . دوای ئەوە، دەوری دووسەد جارێك " ئەڵڵاهـ ..." (بە درێژ-کردنەوەو وەلوەلە) دەڵێن . ئەمان هەراوهەنگامەی تماشایی و شیرو زەرگ لە خۆدانیان نیە . لێرە ئەو جۆرە شتانە بە تێگەیشتنێکی جلفی سۆفیایەتیی دادەنێن و سەرزەنشتی دەکەن . کاتێك خەتمە تەواودەبێ ئیترنزیکی نوێژی خەوتنانە، چرا هەڵدەکرێن، بانگ دەدرێ، خەڵکی تری گوند دێن و هەموو وێکڕا نوێژدەکەن .
دوڕوو، جگە لەو رەگەڵ خستنەی زیکری قادری، لە شتێکی تریشدا وەکو شوێنانی تر ناچێ . خەتمە لێرە رۆژێ دووجار دەکرێ، دوای نوێژی نیوەڕۆ و دوای نوێژی شێوان . لە زۆربەی شوێنەکانی تر هەر حەفتەی جارێك یا دوو جارە .

تاقە شوێنێکی تری لە خەتمەیەکیدا بووم، لە سووریا لە دێی حلوە ی شێخ عەلوانی کوڕی براهیم حەقی بوو( بر-پاشکۆ، جەدوەلی ژمارە ٤ : ٢٣) . دوای دوعاو لە پێغەمبەر پاڕانەوە، هەرکەسەو چەند سوورەت یا ئایەتێکی

قورئانی (بەبێ‌دەنگ) خوێند ، -بڵێین- شێخ دەیگوت : ئیخلاسەششەریفە ( ألإخلاص، سوورەتی ١١٢) و، مرید بە تەسبیحەکانیان دەیانژمارد ٣٣جاریان دەگوتەوەو ئیدی بەوجۆرە . بەوەی خەتمەی ئێرە ماوەیەك دوای نوێژی شێوان دەستی پێ‌کردبوو، بەوەندەیە گەیشتنە کاتی نوێژی خەوتنان . شێخ ئیمامەتی نوێژی کرد. دوای ئەوە، هەموو ئەڵقەیەکیان بەست و شێخ دەستی بە وەعزکرد ( رادیۆ و تەلەفزیۆن و داهێنانەکانی تری شەیتانی کە ئیمانی خەڵك زەعیف دەکەن بەلەعنەت کرد) . دوای وەعز، چوونەحاڵ دەستی پێ کرد: لەپێشدا چوونەحاڵی مردن، ئەوجا" خادم" فەرمانی بە هەموان دا کە چاویان بنووقێنن، رابیتەشێخ دەست پێ دەکا . رابیتەشێخ زۆر درێژکرایەوە، بەڵام ئەو گەرم وگوڕیەی ئەوەی لای شێخ عوسمانی ( کە بۆغەریبێکیش دیار بوو) نەبوو . چەند مرید هەوڵیان دا بە پفە- پف و سەر راوەشاندنی خێرا- خێرا بکەونە حاڵەوە . هاتن تەواو بن، یاریدەدەری شێخ بە دوو لەمریدەکانی‌گوت هەستن،ئەوجا هەرسێك بەدەوری خانەقادا سووڕانەوەو شتێکی یەکنەغمەیی ئاینییان دەگوت ( کە بە عارەبی بوو تێی نەگەیشتم) . شێخیش بەدەوری ئەڵقەی مریداندا هات و سەرو" ئەڵلاهوئەکبەر"-ێکی چڕپاندە گوێیان و، ئیتر بەوە دەستیان لە حاڵ و حەرەکات بەردەدا و چاویان دەکردەوە . شێخ چووە بەر میحراب و سیلسیلەی خۆی خوێندەوە . خەتمە تەواو بوو،مرید لە دەوری شێخ هاڵان دەستی ماچ بکەن و هەندێ پرسیاری تایبەتی خۆیانی لێ بکەن یا هەرئەوەتا مەرەخەس بن .

## حاڵ گرتن لە شەعایری نەقشبەندیدا

خەتمەی نەقشبەندیم کە دیت، زۆر شتی بوودایییەکانی تیبێتی وەبیرهێنامەوە ( یا رەنگە ئەگەر بڵێم " ئاسیای مەرکەزی"بەجێتربێ، چونکە وەنەبێ مەزهەبە بوودایییەکانی تریش ئەو شتانەیان بەکەمترگرتبێ) . کە بە تەریقە-تی نەقشبەندی پتر ئاشنابووم، بەهەرحاڵ پەیم بەوەبرد کە لێرەدا ناوەرۆکێکی زۆر جیاوازیان دراوەتێ :

١- خوێندنەوەی بێ‌دەنگی چەندین جار لەسەریەك لە قورئان، مۆنترا خوێندنی بوودایییان زۆر وەبیر پیاو دەهێنێتەوە ( لە چەندین مەزهەبی بوودایییان (ی تیبێت) دا ئەو دابە هەیە کە مۆنترایەکی تایبەتی دەدرێ بە شاگردان، نابێ لای کەسی ئاشکرابکەن، بۆیێ دەبێ بێ‌دەنگ بیخوێننەوە) . بە قسەی نیکڵسن ( ١٩٦٣: ١٧) " سۆفی تەسبیح بەکارهێنان لە دێرنشینە بوودایییەکان فێربوون " .

٢- بوودایییە تیبێتیەکانیش حاڵگرتنی مەرگیان هەیە، کە باس لەوەیە گەرچی شتی دنیایی هەیە حەقەن لە زاتی خۆیدا مەحکووم بە نەمانە . نەقشبەندیی کورد، بەهەرحاڵ، هەر دەچوونە حاڵی دوای مردن .

سۆفیەکی سادە بۆی گێرامەوە : من ئەوە دەهێنمەبەرچاوی خۆم کە چۆن دوای مردنم شۆراوم، کفن و دەفن کراوم . دوای ئەوە کە خزم و خوێش لەسەر گۆڕم نەماون و ڕۆیشتوون، فریشتەیەك دێتە سەرم و دەپرسێ:" کێ خوداتە ؟"، منیش وەڵامێکی کە دەزانم ڕاستە دەدەمەوە : " خودای تۆ خودای منیشە". ئەوجا دەڵێ : " لەسەر کام دینیت ؟"، منیش دەڵێم : " ئیسلام" . " کێ پێغەمبەرتە ؟"، " پێغەمبەری تۆ و من محەممەدە". " ئیعتیقادت بەچیە ؟ "، " بە قورئانی مەجید". دوای ئەو سین و جیمە، سجیلی ژیانم دەخوێندرێتەوە، ئەوجا ئەو دوو فریشتەیەی هەموو کرداری چاك و خراپیان نووسیوم، چاکە و خراپەم بەراورد دەکەن . ئەگەر تای خراپەم دابێتەوە، ئەوا تا ڕۆژی قیامەت لەگۆڕەکەمدا دەسووتێم، کە قیامەت هات بڕیاردەدرێ بچمە جەهەنەم یا بەهەشت . من ئەو شتانە بەتەواوی دەهێنمە بەرچاوی خۆم و دەیانبینم و ئەوە وام لێ دەکا لە ژیانی ڕۆژانەم بیربکەمەوە .

چوونە حاڵ و وەبەرچاوهێنانی مردن لای هەموو مریدانی نەقشبەندی وەك یەك ناکرێ . هەندێکیان دەیانگوت کە شێخ قەت پێی نەگوتوون چۆنی بکەن . پێموایە زۆرشێخهەن تەفسیروتەئویلی تایبەتیخۆیان لەومەسەلەیەدا هەیە . ئەوەش لەوانەیە خەتای ئەوەبێ شێخ کاتی خۆی ئەوەندە بەگەرمی خوویان دابێتە بڵاوکردنەوەی تەریقەت کە خەلیفەی زۆروبۆریان لا لە تاقە یەك یا دووخەلیفەی وا باشتر بووبێ کە بە دوورودرێژی خەریکی خوێندن و فێربوون بووبن . ئەم قسەیە بەنیسبەت زۆر بیدعەتی تریش لەم تەریقەتەدا، کە وا بەئەسڵ ناسراوە، تەواوە .

هەندێ مریدی تا ڕادەیەك زانا، باسی حاڵگرتنی خۆیان بۆ دەکردم کە دەربارەی چوار پرسیارەکەی فریشتە ( هەموو مسوڵمانێك وەڵامی ئەو چوار پرسیارە فێردەکرێ) و مانای قووڵتری نهێنیی وەڵامەکانە .

شێخێك لە تورکیا ( شێخ سەیفەدین ئایدین Seyfdîn Aydin،لە ئینکاپی، نزیکی سێرت Siirt) پێیگوتم کە هیچ شێوەیەك لەوانەی کە باس کران بۆ چوونەحاڵ پێ ڕاست نەبوو . دەیگوت : " من وا دێنمە بەرچاوم کە لە گۆڕدام، بە تاقی تەنیام، بێ هیچ کەسێکی یارمەتیەکم بدا ، هەر لەگەڵ خودادایە کە دەکرێ پێوەندیم هەبێ، ئەوەی پێی بڵێی ئادەمیزاد لەئارادا نەماوە " . کاتێ ئاماژەم بەوەکرد کە لەوانەیە ئەمەی ئەو دەیکا لە سەرچاوە یەکی غەیرە ئیسلامییەوە هاتبێ، حەدیسێکی بۆ هێنامەوە کە بەگوێرەی ئەوە پێغەمبەر ، دوای هەموو نوێژێکی بەیانی، چووەتە حاڵی وەبەرچاوهێنانی مردنەوە .

٣- رابیتە : لە رامانی تانترایی تیبێتیدا، مرۆڤ دەیەوێ بوودا یا مەعبوودانی بوودایی بهێنێتە بەرچاو و، لە دواییدا بەشێوەیەك بە حاڵەتی مەبەستی دەگا . لە رابیتەشدا، مرید شێخ دەهێننە بەرچاویان و لە رێی ئەوەوە پێوەندی لەگەڵ پەروەردگار دادەمەزرێنن . هەندێك وای دیننە بەرچاو کە شێخ دەیانباتە بەردەمی پێغەمبەر یا تەنانەت بەردەمی خودا . زۆرتر وایە، وای دێننە بەرچاو کە لوتفی خودا بەرشێخ دەکەوێ و لەویشەوە بە مریدەکە دەگات . زۆریان ئەمە بە شکڵی تیشکێکی رووناکی دەهێننە بەرچاو، کە لە خوداوە دێ و ناوچەوانی شێخ دەنگێوێ( بەگوێرەی هەندێکیان، ئەو تیشکە لە خوداوە بە هەموو سیلسیلەی شێخدا دێ تا دەگاتە شێخ) و لە شێخەوە وێنەی دەداتە دڵی مرید . کاتێ ئەو رووناکیە وەدڵی مرید کەوت، مرید چەندسەد جارێك "ئەڵڵاهـ" دەڵێتەوە - دەبێ دڵی بە تەجلیلەوە هاواری خودا بکا- و دەچێتە حاڵەتی یەکێتیی خۆی وخوداوە . دەکرێ پیاو لەشی بە هەندێ شتی وەك : هەناسەدانی خێرا، راچڵەکاندنی هەموو لەش یا هەر سەر یا دەست و...ئیدیی لەو بابەتە، بۆ گەیشتنە نەشوەت (وەجد) وەکاربخا .

ئەم جۆرە چوونەحاڵە - ئەوەندەی من بزانم - لە تەریقەتەکانی تردا نیە . لام وایە زەحمەتە تەئسیری بوودایی لێرەدا ئینکار بکرێ . هەندێ بەڵگە لەسەر ئەوە هەیە کە تەریقەتی نەقشبەندی لە رووی سەرچاوەی مێژووییەوە لە ژێر تەئسیری بوودابیەت (ی ناوەندی ئاسیا) دا بووە . لەوانەیە لە سەردەمی هیندستانیدا، هەندێ رەنگ و رووی پێکەوەگونجاندنی شتی( ئاینیی) جیاوازی پتر وەخۆ گرتبێ، هەرچەندە لە هیندستان وا باوە کە رەفتاری تەریقەتی نەقشبەندی، لە گشت تەریقەتەکان، پتر لەسەر دابی هەرە ئەسڵی خۆیەتی ( شتی ئاینی تری تێکەڵ- نەکراوە) ( سوبهان : ١٩٠) .

پیاو ئەم چەشنە حاڵگرتنە هەرچی چۆنێك لێك بداتەوە، ئەوەندە هەیە، بۆ هەستی تێکەڵ بوون بە خودا و پاك - کردنەوەیگیان زۆر بە تەئسیرە . شێخ لەهیچ تەریقەتێکی تردا ئەوەندەی ئێرە بە روونی پێوەندیی نێوان خوداو مرۆڤ نیە . ئەمە مەیلی شێخ کردنەخودا، یا- بەلای کەم- هێنانە ریزی پێغەمبەر، کە وادەبێ لە مریدی کەمزانی نەقشبەندی دەبینرێ، لە پیاو دەگەیەنێت . هەر لەبەر ئەوەش بوو وەهابی تەریقەتەکانی دەروێشایەتیان چەوسا- ندنەوە، ئەوان دژی سۆفیایەتی نەبوون، بەڵام دژی ئەو ئەولیاپەرستیەبوون کە سۆفیایەتی تێیڕۆچووبوو . بیری ئەوە کە دەکرێ واسیتەیەك لەنێوان مرۆڤ و خودادا هەبێ، لای ئەوان بەلەعنەت کراوە (و دەکرێ) .

ئێمە لە رۆژئاوا بەگشتی خەون و خەیاڵ بەتەواوی لە واقیع (ی کراو و دیتراو) جیادەکەینەوە، هەرچەندە ئەوەش

دەسەلمێندرێ کە ئەودووانە پێوەندیەکیان هەرهەیە : لەوانەیە خەون خەبەری داهاتوو بهێنێ،وادەبێ بە بیر چوونە حاڵەتێك هـەمان تەئسیری بەواقیع چوونە ئەو حاڵەتەی بۆ لەشی مرۆڤ ببێ ( وەك : شکاندنەوەی رەوانی و هەندێ نەخۆشیی لەحاڵەتی رەوانیەوە) . رۆژئاوایی (و ئەو رۆژهەڵاتیانەی لەسەرشۆپی ئەوان) ) بەگشتی بەسەر- هاتی چوونەحاڵ هەر بە بەرهەمێکی زیهن دادەنێن و هیچی دی، بەڵام لە کوردستان - و لەوەدا لە هەموو دنیای ئیسلامدا - خەون واقیعیکە لە شوێنێکی تر روودەدا، " بەسەرهاتی رووحە کە لە کاتی خەودا لەش جێ‌دێڵێ ". پیاو دەتوانێ لەمەوە تێبگا چۆن زۆرخەڵکی سادە هەن ئەوەی لەحاڵدا دەیبینن بەتەواوی لە رووداوی راستەقینە جیا ناکەنەوە و بڕوایان بەوە هـەیە کە رووحیان بەڕاستی لە ڕێی شێخەوە چووەتە لای خودا . کەواتە شتێکی تەبیعیە کە خەڵك، شێخێکی کە پێیان وابێ ئەوەندەی لەدەست دێ بەخاوەن توانایيەکی تایبەتی دابنێن . ئەمە هەندێ بەرەو روونکردنەوەی ئەوەمان دەبا کە بۆچی بەتایبەتیلای نەقشبەندی (ی کورد) وایە کە مرید بەتەواوی دڵسۆزو گوێ‌لەمشتی شێخەو بڕوای پێ‌هەیەو کوێرانەو بێ چەندوچۆن بەقسەی دەکا . دەڵێن، شێخانی بـارزان ئەگەر بە تابیعانیان بڵێن خۆ لە رۆخی چیاوە فڕێ بدەنە خوارەوە، بێ سێ و دوو لێ کردن دەستبەجێ خۆهەڵدە- دێرن . هەندێ ڕاپەڕینی بە رابەریی شێخانیش،کە تێکڕای دانیشتوان تێدا دوای شێخ کەوتوون،ئەوبەقسەکردنە کوێرانەیە دەخەنە بەرچاوی پیاو ، چەندین شێخی نەقشبەندی، بەتایبەتی لە سەردەمی قەیراندا ، هەبوون تابیعا- نیان بە پێغەمبەر یا بە مەهدییان داناون (بڕ- لقی ١٥ی ئەم فەسڵە) . شێوەی زێدەڕۆیی بیدعەت پتر کەوتووەتە تەریقەتی نەقشبەندی و بەتایبەتی ناو جووتیارانی نەزانی سادەیەوە، تاوەکو قادری .

## ئەسڵ و بیدعەت

ئەوپەڕی شوێن‌کەوتنی ئەسڵ و ئەوپەڕی بیدعەتیش لە رەفتارو عەقیدەی نەقشبەندیدا هـەن . پێشـتر گوتمان تەریقەتی نەقشبەندی لە هیندسـتان ( کە بنج و بناوانی لقی کوردیی تەریقەتەکە لەوێوەیە) لە ناوتەریقەتەکانی سوننیدا بە هەرەئەسڵ بەناوبانگە . لە کوردستانیشدا بەهەرحاڵ،هەرە لەبەرچاو ئەوانەن کە بیدعەتیان بەدەورەوە باوە . مەزهەبێکی وەکو هەقە - بەڤوونە-، کە شێخ عەبدولکەریمی نەقشبەندیی سەرگەڵوو دایناوە،بە بەرەلایی جنسی و شەعایری ناپاك تاوانبار دەکرێ، ئەو مەزهەبە جۆرە ژیانێکی primitive communism کۆمونیزمی سەرەتایی لە چەند دێیەکی‌کوردستانی‌عیراقدا سازداوە(بڕ- پاشکۆ،جەدوەلی ژمارە ١) . تابیعانی شێخ ئەحمەدی بـارزان لە ساڵانی ١٩٢٠دا بە خواردنی گۆشتی بەراز و شەراب خواردنەوە تاوانبارکراون، ناوبانگی ماڵەکە

تەواو بە زێدەڕۆییکردن ڕۆیشتووە (بڕ- پاشکۆ، جەدوەلی ژمارە٢) . ئەوەی لە کرداری بیدعەت پتر بڵاو بوو- بێتەوە باوەڕی بیدعەتیە، تەنانەت وادەبێ تابیعانی شێخانی هەرە سەختگری ئەسڵ دەیانبێ :

ــ لە هەندێ شوێنی کوردستانی تورکیا ، خەڵك هەمن بڕوایان بەوەیە کە شێخ لە ڕۆژی قیامەتدا مریدەکانی دەخاتەگیرفانیەوەو لە سیراتی موستەقیمیان دەپەڕێنێتەوەو دەیانباتە بەهەشت*. وێ دەچێ لە رابیتەشێخەوە بەو نەتیجە پەڕپووتە گەیشتبن .

ــ زۆرکەس لە کوردستانی تورکیا پێیانگوتم کە شێخەکانیان دەتوانن بفڕن، مەبەستیش لە ئەو هەمان فڕینەی باڵندە بوو . شێخێك لەوانە، لەم ڕێیەوە، یارمەتیی مریدێکی داوە ،کە عەسکەر بووە و چووەتە شەڕی داگیرکردنی قبرس، ئەوەبووە ئەم بەتاقی تەنیا بیست عەسکەری یۆنانیی قبرسی بە دیل گرتووە .

ــ هەندێ شێخ بە مەهدی دانراون ( بڕ- لقی١٥ی ئەم فەسلە ) .

دەبێ بیدعەت بەلای کەم لە دوو ڕێگاوە وا کەوتبێتە تەریقەتی نەقشبەندیەوە ( ئەو تەریقەتەی - بێ ئەوە - ئەوەندە ئەسڵ) :

یەك - ئەو چوونەحاڵەی کە باسمان کردو گوتمان شێخ بەرز دەکاتەوە،

دوو - دەبێ، لە بڵاوبوونەوەی خێرای تەریقەتەکەدا ، مریدی هێشتا تەواوپەروەردەنەبوو کرابنە خەلیفە، ئیتر ڕەفتاری بیدعەتی لە ئارادا بوون و عونسوری تەقلیدی سۆفیایەتیی بەرزی کە ئەوانە هەر بە نیوەچڵی لێی تێگەیشتوون یا هەر لێی حاڵی نەبوون لێکدراون و پێکەوە کەوتوونەتە تەریقەتەکەوە .

شارەزایان دوو ڕێباز لە ئیسلامدا لێك جیادەکەنەوە، کە بەڕاستیش نوێنەرانی ئەو دووانە زۆرتر وا دیتراون کە دژی یەکدی بوون : ڕەفتاری خوێنگەرمی وعاتیفەیسۆفیایەتی(ی خەڵك) لەلایەك و، زانستی زانایان(عولەما)

---

* بۆزەرسلان لە کتێبەکەیدا " ئیسلامیەت ئاچسندان شەیهلیك- ئاغالك" ( شێخایەتی- ئاغایەتی لەگۆشەی ئیسلامەوە) بەگژ ئەم خەرافاتە ( و زۆری تریش) دا دەچێ . بۆزەرسلان لەکاتی نووسینی ئەو کتێبەدا مفتیی قولب Kulp( ویلایەتی دیاربەکر) و نەتەوەییەکی خاوەنی بیروڕای ئیسلاحیی کۆمەڵایەتی بووە . ویستوویە هێرش بەرێتە سەر شێخایەتی بەوە کە دەزگای دادۆشین بووەو گەلی هەژارو نەزان هێشتووەتەوە . بۆ ئەوە کە ڕەخنەگرتنەکەی بەتەشسیر لێ بکا ، بەڵگەی قورئان و حەدیسی بەبەرداکردووە، کە ئەوە وەك ڕەخنەگرتنی ( لە ڕووی سیاسیەوە محافەزەکار)ی وەهابیەکانی لێ کردووە .

لەلایەکی ترەوە . بەڵام لە کوردستاندا بەهەرحاڵ زۆرتر وایە ئەو دووانە زۆر دژی یەکتر نین و، تەنانەت وادەبێ پێکەوەش بن . بزووتنەوەی" نوورجوو"ی تورکیا، کە لە بزووتنەوە هەرە سەختگرەکانی( لەبابەتی ئەل ئیخوانول موسلیموون( ألإخوان المسلمون)ی وڵاتانی عارەبە) . بەئەسڵ لە دەستەودایەرەی نەقشبەندیی کوردەوە سەری هەڵێناوە . شێخانی نەقشبەندی بەتوندی پشتگیریی لێ دەکەن : زۆر مەدرەسەی ئاینی ( ی نیوە قاچاغ ) ی کە زانستی ئاشکراو لەمێژینەیی ئاین بە دەرس دەڵێن، پێوەندیان بە شێخانی نەقشبەندیەوە هەیە . رەنگە ئەمە لەوەوە هاتبێ کە ئەتاتورك تەکیەی داخستوون و شێخی چەوساندوونەوە، ئیتر ئەمان هەرئەوەیان بۆ ماوەتەوە بەناوی مەلایەتیەوە دەستێکیان بڕوا . بەڵام لەوشوێنانەشدا کە ئازادن زۆرترهەروایە کە هەردوو ڕێباز پێکەوە دەڕۆن : شێخ عوسمان لە دوڕوو زۆر مەلای بەدەورەوەن و دێیەکە مەرکەزێکی خوێندنی زانستی ئەسڵ و پێڕەویی دەروێشایەتیشە . شێخی قادرییش، چەندین هەمن عولەماشن : وەك ئەندامانی ماڵی بەرزنجی لە سلێمانی و چەند شێخێك لە عاموودێ (سووریا) . ئەم شێخانە تابیعی وایان هەن زۆرئەسڵی ئیسلامەتی زۆر بەتوندی دەگرن و، هی واشیان هەن وەك ئەولیا دەیانپەرستن و بڕوای بیدعەتییان دەربارەیان هەیە .

## ١١- شێخ و خەلیفە، نێوان لەگەڵ شێخانی تردا

دەکرێ شێخ یەك ( یا پتر) لە مریدە هەرە دڵگەرم و دڵسۆزەکانی بکاتە خەلیفە و بینێرێتە ناوچەیەکی تر تا تەریقەت بڵاوبکاتەوە،یا باشتربڵێین : تا دەسەڵاتی بۆ شێخ تێدا پەیدابکا. مەرجی رەسمیی بوونە خەلیفە زۆرن : دەبێ کابرا پلەیەکی خوێندنی (بڵێین : مەلایەتی) بڕیبێ،و چلە (یا: خەلوەت)ی بەسەربەرێ ( رۆژەکانی بەرۆژوو بێ و خواردن و خواردنەوەی شەوانی لایەنیهەرەکەم بێ) . ئیتر دیارە مەگەرشێخ خۆی مەرجێکی تری بۆ دانێ، ئەینا دەکرێ دوای چلەکەی ئیجازەی ئیرشادی تەریقەت و رابەریکردنی مەجلیس وەرگرێ . ئیجازەی قادری مافی ئەوەش دەدا کە بە دەروێشان بڵێ خۆیان بکوتن وببڕن و شایستەیی چارەکردنی برینەکانیشیان دەبەخشێ . خەلیفە هەر گوێ لە مشتی شێخەکەی دەبێ . گوتمان خەلیفەی قادری - بەگشتی وایە کە - نابنە شێخ و ناتوانن خەلیفە بۆخۆ دامەزرێنن . لای نەقشبەندیان دەکرێ خەلیفە ببێتە شێخ، بەڵام نازانم شێخی نەقشبەندی بە چ مەرج و وەزعێك ئیجازەی شێخایەتی دەداتە خەلیفەکەی، چونکە وێدەچێ ئەمە بۆ بەرژەوەندی ئابووری و سیاسیی شێخ ئەوەندە باش نەبێ . ئەگەرخەلیفە ببێتە شێخ، سەربەخۆتر دەبێ و دەبێتە رەقیبی مورشیدی خۆی . پێبەندی و دڵسۆزیی مریدان ( کە پارەی تێدایە) پتر بۆ شێخی نوێ تەواو دەبێ و، شێخی ئەسڵی هەردەسەڵاتی ناڕاستەوخۆی دەبێ . من بە دوو حاڵەت دەزانم کە خەلیفە، بەبێ ئەوەی شێخەکەی ویستبێتی، بووەتە شێخ : عەبدوڕەحمان بارزانی ( تاجەدین ) خەلیفەی سەیدتاهای نەهری بوو، کاتێ مرد، عەبدوسسەلامی برای - بە پێچەوانەی ویستی سەیدتاها - جێی گرتەوە، تەنانەت خۆی کردە شێخیش . لای هەقەش : حەمە سووری خەلیفەی مامە رەزا Mamê Riza رابەریی گرتە دەست . لەم حاڵەتانەدا خەلیفە ئەساسێکی سەربەخۆی دەسەڵات و هێزی هەبوو و توانی خۆی سەربەخۆ بکا، بەڵام ئەوە بەهەرحاڵ قاعیدە نییە . زۆر خەلیفە لەلایەن مورشیدەکانیانەوە کراونە شێخ و دوای ئەوەش نێوانێکی رێزو وەفاداری و تەنانەت بەقسەکردنیش، میسالیانە لە نەسلەکانی دواتریشدا هەرماوەتەوە . ئەوەیە دەبینی پایەی کۆمەڵایەتیی هەندێ ماڵە شێخ لەبەر ئەوە لەوەی هەندێ ماڵە شێخی تر بەرزترە چونکە باوەگەورەی ئەوان مورشیدی باوەگەورەی ئەمان بووە .

یەکێك لەو شێخانەی دەیانناسم، بۆی گێڕامەوە کە دەزگای ئیستیخباراتێکی وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رێی کوڕی مورشیدی باوکیەوە ( کە کاری بۆ ئەو دەزگایە کردووە) تەوژمیان بۆهێناوە . بەوە تووشی قەیرانێکی ویژدانیی زۆر گەورە بووە، چونکە لەلایەکەوە

پێی نزیکەی لەتوانابـەدەر بووە کە بە قسەی ئەو شێخە پایەبەرزە نـەکات و، لەلایەکی تریشەوە - بەقسەی خۆی - قێزی لەوە هاتووەتەوە شتی وا بکا .

ئەم جۆرە پێوەندیە کێشەوهەرای نێوان شێخانێکی کە بە ئەسڵ مورشیدو خەلیفە نەبوون داناگرێ، هی وا کـە ئەوەندە لێك نزیك بژین دەبێ لەسەر هەمان مریدان رەقابەت بکەن . رەقابەت و دوژمنایەتی دەبێتە رێبازە ئاساییەکە نەك لێ دەرچوونی . رەقابەت و دوژمنایەتی لەوانەیە ئەوەندە توند بێ، ئیعلانی شەڕ بکەن لە گەڵ یەکتردا، وەك لەنێوان شێخ ئەحمەدی بـارزانی و شێخ رەشیدی لۆلان (ی رابەری رووحیی عەشیرەتی گەورەی برادۆست) دا ( کە هەردوو نەقشبەندی بوون ) رووی داوە(٨) . لە ساڵانی ١٩٢٠ ـەوە تا دواساڵانی ١٩٦٠،ناو بە ناو، شەڕیان لەنێواندا قەوماوە، کە هۆکارێکی شێوان بووە لە شەڕی نەتەوەیی کورددا : برادۆست، بە هۆی دوژمنایەتیی لەمێژینەیان لەگەڵ بارزانیاندا، لایەنی حکومەتی عیراقیان گرت* .

زۆربەی شێخان لەگەڵ رەقیبانیاندا نەرمن و، دەتوانن وابن، چونکە مریدەکانیان لە سووك کردنی شێخانی ترو بەرزکردنەوەی مەناقبی شێخی خۆیان زۆر بە تەعەسسوبترن، ئەمانن رەقابەت و دوژمنایەتیان وا زۆر گەورە دەکەن .

> مریدەکانی شێخ ئەحمەدی غزنەڤیXiznevî - بەڤوونە - خۆ لە مسوڵمانی تر ناگەیەنن، بە ناپاکیان دەزانن . بەتایبەتی مریدەکانی شێخ براهیم حەقی رەقیب و کوڕەکانیین کە بە ناپاك دادەنرێن، ئەگەر یەکێکیـان لێ بە قاپێك ئاو بخواتەوە، مریدەکانی غزنەڤی تازە دەست بۆ ئەوقاپە نـابەن، دەڵێن گڵاو بووە . یەکێك لە مریدەکانی براهیم حەقی تۆڵەی لێ کردنەوە : چووە دێی تەل مەعرووفی شێخ ئەحمەد، سەتڵێك ئاوی لە چاڵاوی دێیەکە هەڵێنجا، دەمی تێ نا لێی خواردەوەو، ئەوی تری کردەوە ناو چاڵاوەکەوە...

---

* ئێستا شەڕێکی قەوارەبچووکی پێشمەرگە لەکوردستانیعیراقدا هەیە . دوو دەستەی رەقیب بەیەکتر : تابیعانی بارزانی و چەند قۆڵیکۆمەڵانی چەپیی (؟!!- وەرگێر) بە رابەریی تاڵەبانی . شەڕ لەگەڵ هێزی حکومەتداو هەندێ جار لەگەڵ یەکتریشدا دەکەن . وادیارە برادۆست دیسان دوژمنایەتیەکەیان لەگەڵ بـارزانیـەکاندا مل لێ ناوەتەوە، بـەڵام وەکو جاران هاوکاریی حکومەت ناکەن و، لەبەرامبەر دەستەی تاڵەبانیشدا بێلایەن دەمێننەوە .

## ١٢- شێخ و تابیعانی

تابیعانی شێخ هەر ئەوانە نین کە بە رێکوپێکی دەچنە لای خۆی یا دەچنە خانەقاکەی و بەشداریی مەجلیس دەکەن . زۆرتر وایە تێکڕای عەشیرەت خۆیان بە مریدی شێخێك دادەنێن . ئەوەتا ، لە دوو عەشیرەتی گرنگی دەوروبەری مهاباد : مامەش و مەنگوڕ ، یەکەمیان مریدی غەوساباد ( واتا : شێخ باباسەعیدو تۆرەمەی ئەو) و ئەوی تریان مریدی "خانەقا" (دێی شێخێکی تری قادری)ـن . ئەوەندەی من بۆم چووەوە سەریەك، عەشیرەتێك لەوناوچەیە نیە بەتێکڕایی مریدی کرێچنە بن، خانەقای کرێچنە هەر تەنیا خەڵکی (هەژاری) شاری هەیە .

نێوانی زۆربەی خەڵکی عەشیرەت لەگەڵ شێخدا ، زۆر سەتحیە : ئەگەر شێخ زۆر دوور نەبێ، زۆرتر وایە ساڵی جارێك یا دووان دەچنە لای و دیاری (پارە یا شتێ)یەکی بۆدەبەن . ئەگەر منداڵێکیان نەخۆش بێ،ژنێك نەزۆك بێ، یا سەفەرێکی دوور لەپێش بێ ( - تۆ بڵێ - پیاوێ دەچێتە سەربازی)، دەچنە لای شێخ و داوای دوعایەك و /یا نوشتەیەکی لێ دەکەن . دەکرێ لە حاڵەتی کێشەوهەراشدا ( هەر لە کێشەی بچووك لەسەر میراتەوە بگرە تا دەگاتە دوژمنایەتیی خوێنێنی چەند کەسی تێدا بکوژرێ ) بچنە لای شێخ تا بکەوێتە نێوانەوە یا حوکم لە مەسەلەدا بدا . زۆر شێخ مریدیان لە چەند عەشیرەتدا هەن، لەبەرئەوە دەتوانن بکەونە نێوان ئەو عەشیرەتانەوە ( وەنەبێ کەم وابێ بەتایبەتی شوێنێکی چاك و بەکەڵك لەسەر سنووری قەڵەمڕەویی دوو یا سێ عەشیرەت بۆ خۆ پەیداکەن ) .

هەرچەندە " مرید " مانای پێوەندیەکی <u>رووحی</u> بەشێخەوە دەدا ، بـەڵام پێوەندیی پیاوی رەمەکیی عەشیرەت بە شێخەوە نزیکەی هیچ کارێکی بەوە نەداوە . لام وایە قادریەکان تەنانەت لە نەقشبەندیەکان پتر وان . خەڵك بۆ ئیرشادی رووحی نیـە کە دەچنە لای شێخ، بۆ ئەوە دەچنە لای کە نوشتەیەکیان لێ دەستکەوێ کە بکرێ خۆیان یا منداڵیان لە خەتەرو نەخۆشی بپارێزێ، یا فایدەی تر ( بەرەکات)یان لە دیتنی شێخ پێ ببڕێ . لەبەر ئەوە ناوبانگی موعجیزە لەدەستهاتن تابڵێی بۆ شێخ گرنگە . هەندێ شێخ بژیشکی سەرکەوتوون ( بە گیا بە دەرمان بەکارهێنان)، هەندێ غەیب دەبینن، زۆریان بە کردار رەوانناسی زۆرتەواون و دەزانن چۆن تەئسیربکەنە خەڵك . ئەو شتانە، دەکرێ خەڵك رابکێشنە زیارەت .

" مـرید" بە مانای وردتر، ئەوانەن کە وەرزشی رووحی دەکەن . لە سەرتاسەری دنیای ئیسلامدا ناوی sufi سووفی و derviş دەرڤیش بۆ ئەو جۆرە کەسانە بەکاردێ، بەڵام ناوەکان زۆر تێکەڵ دەکرێن ، لە کوردستان بە

هەرحاڵ "دەروێش derwêş" بە تابیعانی تەریقەتی قادری و بەکەسانێکی گەڕیدە(ی ڕەبەنی سواڵکەر) دەڵێن.
بە تابیعانی تەریقەتی نەقشبەندی (و بەگشتی بە پیاوی پیرو خەریکی ئەودنیا) دەڵێن "سۆفی sofî".
نەقشبەندی زۆر بە ئاشکرا دەڵێن کە ناوی دەروێشیان قەبووڵ نیە،مانایەکی خراپی دواکەوتوویی و خەرافاتی تێدا دەبینن. ئەوکەسەی بیەوێ ببێتە دەروێش یا سۆفی، دەبێ لەپێشدا لەبەردەمی شێخ یا خەلیفەدا تۆبە (تۆبێ tobê) بکا و لەوساوە دەبێتە مریدیان. لای قادرییان زۆرتر وایە دەروێش کە تۆبەی کرد ئیجازەی شیرو زەرگ لە خۆ دانی دەدرێتێ کە لە نەتیجەی نەترسێ و ئیتر لەودەمەوە کەرامەتی عەبدولقادر دەیپارێزێ.
هەندێ شێخ تۆبە هەر بەو مریدانە دەکەن کە ئامادەن ژیانیان لەوەبەدوا بۆ عیبادەت تەرخان بکەن (زۆرتر پیاوی پیرن). شێخی تر هەن تۆبە بە هەرکەسێك دەکەن و گوێ بە تەمەنی نادەن، بەگومانم بۆ زیادکردنی تابیعانە وادەکەن. پیاو ئەمە بەتایبەتی لەو شوێنانە دەبینێ کە شێخەکانی ڕەقابەتی یەکتر دەکەن، وەك لە جەزیرەی سووریادا، کە کات و کۆششێکی زۆری بۆ دادەنێن، بەو دەوروبەرەدا دەگەڕێن و ئەوەندەی بۆیان بکرێ تۆبە بە خەڵك دەکەن. ئەوە کە تۆبە بە ئەسڵ بۆئەوە بووە پیاو جارێك بڕیاری ئەوە بدا ئیتر لەگوناه دوور بکەوێتەوەو پشت لە دنیا و ڕوو لە دین بکا، بۆئەوە دەبێ هەر لە پیاوی پیر چاوەڕوان بکرێ، لێرەدا لای ئەمان گۆڕاوە. ئەمان بەزۆر تۆبە بە منداڵی پێنج- شەش ساڵی دەکەن، وەنەبێ هەر جارێکیش بێ و ئیدی ببڕێتەوە، نەخێر،هەمو ساڵێك دەبێ نوێی بکەنەوە، وادیارە بۆ سەلماندنی وەفادارییانە بە شێخ. تۆبە،بە چاوی ئیماندار- ێکی ڕەمەکی،بووەتە شەعایری پاکسازیەکی ڕێکوپێکی بەردەوام. لێرەدا دیمەنێکی ئاسایە ببینی: شێخێك و تابیعە هەرە نزیکەکانی، زۆربەیان بە ریشی درێژو جلوبەرگی سپیی مەعسوومانە، بە قافڵەیەك ئۆتۆمبیل بە دێهاتدا دەگەڕێن، هەر دێیەکی گەیشتنێ لێی دەوەستن و، شێخ داوای تۆبە لە خەڵکی دێ دەکا، و پارەیە- کیشیان لێ دەستێنێ.

> تۆبە لێرەدا شتێکە کە بەبەرچاوەوە ڕوودەدا. من کۆمەڵێك خەڵکم دیتن، لە خانەقای قادریی عاموودێ تۆبەیان دەکرد. شێخ هەستایە سەرپێ و هەردوو باڵی لێك ڕاکێشا، پێنج مرید (کە کوڕێکی هەشت ساڵییان تێدابوو) دەستیان خستەسەر و وشە بەوشە دوعایەکیان لە دووی شێخ گوتەوە. بەزەحمەت شێخ هیچ بیرێکی لای ئەو مریدانە بوو،کە دوعاکە تەواو بوو دەستبەجێ ملی نا لە گاڵتەکردن لەگەڵ خەڵکەکەی تری لەوێ بوون، هەرچەندە تەشریفاتەکەش جارێ تەواو نەببوو. جامێك ئاو هێنرا، شێخ دوعایەکی لەسەر خوێند،

قومێکی لێ خواردەوە، دوعایەکی تری خوێندو فوو یا تفێکی دە ئاوەکە کرد . ئەوجا شێخ و پێنج مریدەکە سەروقومێکیان لێ خواردەوە،دوای ئەوە بەوانەی تریاندا گێڕا کە لەوێ بوون، ئەوانیش هەریەکەو قومێکیان لێ خواردەوە .

لێرە لە هەندێ تەشریفاتی وەك ئەوەی لە نوێژی باراندا هەیە ( کە لەم سەروبەندەدا ئیتر کەم وادەبێ بکرێ ) دەڵێن دەبێ هەموو بەشداران تۆبەکار بن ( واتا تۆبەیان کردبێ و لەوساوە بە گوناهـ نـەیانشکاندبێ ) . ئـەو شێخانەی ئەم مەراسیمانەیان هەڵدەسووڕاند ، لەپێشدا تۆبەیان بە هەموو بەشداران دەکرد .

## ١٣- دەسەڵاتی ئابووریی شێخان

وەك پێشتر گوتمان، زۆر شێخ، وێڕای ناوبانگی پیرۆزی و دینداریەکی هەیانە، لە ئابووری و سیاسەتیشدا وریا و چاوکراوەن . ناوبانگی ئەوەی کە شێخ کەرامەتی هەیە ( واتا موعجیزەی لەدەست دێ ) حەقەن یەکێکە لە مسۆگەرترین رێیەکانی دەوڵەمەندبوون : تا بە پیرۆزتر ناسرابێ، مریدی زۆرتری دەست دەکەوێ و خەڵك زۆرتر دەچنە زیارەتی، کە لەلایەکەوە دەبێ نان و چایان بداتێ، بەڵام لەلایەکیتریشەوە ئەوان پارە یا شتی تری بەدیاری بۆ دێنن . زۆر شێخ بوونە خاوەنی زەوی و زاری زۆر: بە دیاری، بە کڕین، یا بە زەوت کردن . بەوە کە دەڵێن کار-کردن بۆ شێخ شایستەیی تایبەتی هەیە، شێخ دەتوانێ تەنانەت لە خاوەن زەویی تر پتر جووتیاری بچەوسێنێتەوە، مافی ئاغایەتیشی بەسەردا بسەپێنێ، کە ئاغای عەشیرەت چیتر بۆیان ناکرێ . کوڕی جووتیار دەبێ خزمەتی ماڵی شێخ و مریدی وەکیلی بکا، خزمەتی میوان بکاو...ئیدی، کە بەگشتی وایە بێ‌ئەوەی هیچی بدرێتێ جگە لە بەرەکەتی ئەوە کە لە خزمەتی شێخدایە . وادەبێ شێخ داهاتی تریشی دەبێ . شێخانی خیزان - بەنموونە- زۆر ئاشیان لە ناوچەیەکی گەورەی باکووری وان ( دوور لە دێی خۆیان ) هەن . هەندێك هەر ئاشی ئاون، بەڵام زۆربەیان بە مەکینە(ماتۆر) کاردەکەن ، شێخ تەنیا کاتێك دژی داهاتنی شتی نوێ دەبن ئەگەر بزانن بەرژەوەندی خۆیانی تێدا نیە . دێهاتی، بە نۆرەکار ئاشی شێخ دەگێڕن، بە بێ پارە ( چونکە کێ دەوێرێ داوای کرێی‌کاری خزمەت بە شێخ بکا ؟ ) . دیارە زۆر کەس باراشیان دەبەنە ئاشی شێخ و هەقی ئاش دەدەن : خەڵك ئاشی شێخیان پێ لەهەرئاشێکی تر باشترە چونکە پێیان وایە بەرەکەتی تایبەتی تێدایە . ئەو تۆڕەی خەلیفان کە شێخ لێرە هەیەتی، ئەویش سەرپەرشتی جێبەرِوای بۆ دابین دەکا .

دەسەڵاتی ئابووریی شێخ و دەستڕۆیشتنی سیاسیی، هێز دەدەنە یەکتر . نموونەیەکی لەبەرچاو ئەوەی نووسینی زەویە ( بڕ- لقی١٢ی فەسڵی سێیەم ) : ئەو شێخانەی لەکاتی ئەو نووسینەدا دەسەڵاتی سیاسیان هەبوو، توانیان ببنە خاوەنی زەوی و زاری زۆر . دەوڵەمەندی و رێز دەیانکا بە زاوای پەسندی ئاغاوەتی عەشیرەت . ژن هێنان لە ئاغاوەت برەوی سیاسیان دەباتە پێش و، بەوە دەستیشیان پتر دەڕوا . ئەوجا، بەوە کە دەتوانن تا چوار ژن بهێنن، مەرج نیە هێنانی ژنێك لەعەشیرەتێك هەر بەلای ئەو عەشیرەتەیاندا بخا . بەهۆی تێکەڵاویی لەگەڵ ماڵە ئاغایاندا، دەکرێ لە کێشەوهەرایاندا رووی لێ نێن، کە شێخی زیرەك هەمیشە دەتوانێ بە قازانجی خۆی بشکێنێتەوە . دەکرێ ئەوانەی کە زۆر بەسیاسەتن، تەنانەت خۆیان ئاگری کێشەوهەرا لەنێوان ئاغایاندا بنێنەوە

تا سواری ملی هەردوولایان بېن . نموونەیەکی زۆر چاکی ئەوەی چۆن دەکرێ شێخێك بەم جۆرە دەست بەسەر دارایی ئاغایەکدا بگرێ، ئەو چیرۆکە ( راستەقینەیە)ی سوتۆ و تاتۆیە ( نیکیتین و سۆن، ١٩٢٣) .

لەوانەیە بەکارهێنانی ئاغایان نەبێ، بەڵام ( زێدە-) چەوساندنەوەی جووتیاران بێ که لەدواییدا دەبێتە هۆی رووخانی شێخان . ساڵی ١٩٥٩، جووتیارانی یاخی، کە لەلایەن حکومەتی قاسمەوە هان درابوون، زۆر خاوەن زەویان ( لە عیراقەوە) بۆ ئێران راو نان،کە ژمارەیەك شێخیشیان تێدابوو* . لە لقی١٦ی ئەم فەسڵەدا راپەڕینێکی دژی شێخێك ( لە بامەڕنی) بە دوورودرێژی باس دەکرێ .

* ئەرفەع ( ١٩٦٦ : ١٣٢-١٣٣) لیستەیەکی ناوی ئەو خاوەن زەویە دەسەڵاتدارانەی کردووە کە ساڵی ١٩٥٩ چوون پەنایان بردووەتە بەر ئێران، ١٠ شێخیان تێدایە .

## ١٤- دوو شێخ : شێخ عوسمانی دوڕوو و شێخ سەییدای جەزیرە

### شێخ عوسمان

دوڕوو Durû، دێیەکی بچووکی کوردستانی ئێرانە،کەوتووەتە دۆڵێکی بەپیتەوە، نزیکی سنووری عیراق، ڕێك لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەورامانە، دەوری ٣٠ ماڵێك و خانووەکانی ماڵی شێخی تێدایە . چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لێرە هەندێ زەویی بەسەر جووتیاراندا دابەش کردووە، بەڵام زۆربەی زەوی ئێستاش هەر مڵکی شێخە : کێڵگە و باغ و بێستان . ماوەیەکی کەمی لێ مامەوە، خەڵکەکەی نەیاندەویست زۆر شت دەربارەی پێوەندیی مڵکایەتی و نیسبەتی شێخ و شەریکەبەشانی لەبەرهەم باس بکەن . چەند دووکانێکی لێیە، بەهۆی هاتنی خەڵکی زۆر و مانەوەی چەند ڕۆژیان، کاری ئەو دووکانانە خراپ نیە . دوو خانەقا و جێی مانەوەی میوانانی لێن . بە زستان، دەستەیەك خانووی تازەبابەت وگەورە بەکاردێن کە لە دەرەوەی دێ لە دەشتایین . بە هاوین، خەڵك دەچنە دێوە کە فێنکترەو لە بەرزاییەکدا دەڕوانێتە دەشتەکە .

جگە لە جووتیاران و دووکاندرانی دێ و شێخ و هەندێ قەوم و قیلەی، ژمارەیەك مریدو مەلاو فەقێش هەن هەر لەوێ دەمێننەوە . شێخ دێیەکەی هەم کردووە بە مەرکەزێکی خوێندن و هەم بە مەزارێکی ئەهلیتەقواش . فەقێ لەهەموو دەستە سوننیەکانی ئێران - زۆرترکوردو تورکەمەن - دێنە ئێرە و ژمارەیان هەمیشە وەك یەك نیە . دوو کەس بۆ پارێزگاریی گیانی ( یەکیان کوڕە ئاغایەکی هەورامیە ) و چەند خزمەتکارێکیشی لێیە . ئەگەر پێویست بکا، جووتیاران ومندالانیشیان خزمەتکاریی دەکەن . مریدی کە هەرلەوێ دەمێننەوە،نەكهەرکوردی لە سەرتاسەریکوردستانیعیراق و ئێرانن، بەڵکوکۆنە مەسیحیی مسوڵمانبوو(ئاسووری)،تورکەمەنی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران،عارەبی لوبنان،و تەنانەت ئەمریکاییەکیشی لێ بوو کە مسوڵمان ببوو و شێخێکی میسری ناردبوویە ئەوێ . هەندێ پیرەمێردی واشیان تێدایە وێ دەچێ مانەوەیان لەوێ زۆرتر بۆ ئەوە بێ کە نان و ئاوێکیان هەیەو ناترسن دەریانکەن، نەك ئەوە کە حەزلە سۆفیایەتی بکەن . ئەم مریدانە، ڕۆژ بە قورئان خوێندن بەسەردەبەن، یا هەر دادەنیشن و هیچ ناکەن . کاتێکی زۆر بە نوێژ دەچێ، کە وێڕای ئەوەندە ڕەکاعەتە فەرزە ژمارەیەك ڕەکاعەتی تری موستەحەبیشی وێدەخەن، لە ڕەکاعەتیشدا تاڵووکە نین ( بە پێچەوانەی زۆربەی مسوڵمانی ڕەمەکی کە بە پەلەپەل نوێژەکەیان دەکەن ) . دوای نوێژ، تەسبیحات دەکەن، واتا تەسبیح بەدەستەوە دەگرن و ڕستەی کورتی عارەبی دەڵێن : ئەڵڵاهو ئەکبەر، ئەستەغفیروڵڵا، ئەل حەمدو لیللا، هەریەکەو ٣٣


جار یا چەند ٣٣جارێك و جارەکان بە تەسبیحەکانیان دەژمێرن .

ڕۆژانە دوو خەتە دەکەن، بەرەبەیان و دوای ڕۆژئاوابوون، زۆربەی سۆفیەکانی نیشتەجێی ئێرە و چەند میوا-نێکیشی تێدا بەشدار دەبن . زۆربەی دێهاتیی رەمەکی هەر بۆ نوێژ دێنە ئەم مزگەوت و خانەقایە و بەشداری خەتە نابن . شێخ ئاوڕێکی تایبەتی لەو مریدانەی نیشتەجێی ئێرە نـاداتەوە، ئەوە نیە بڵێی وەك شێخانی تر سەعاتی تایبەتی بۆ ئیرشادی رووحی تەرخان کردبێ ( مریدە ئەمریکاییەکە گلەیی لەوە دەکرد کە شێخ هەموو کاتەکەی بەوە بەسەردەبات خەڵك بێنە زیارەتی و ئەوەش هەر تەنیا بۆ ئەوە کە دەستی ماچ بکەن، بەڵام بەهەر حاڵ کەسێك لە مریدە شەرقیەکان نەبوو گلەیی بکا ) . وادیارە دەبێ نزیك بوون لە شێخ و دیداری رووحیی لە رابیتەدا و بە رێکوپێکی هەڵی چەند قسەیەکی لەگەڵدا هەبێ بەس بێ . مـەلاکانی نیشتەجێی ئێر ە دەرسـی عارەبی و فیقهـ بە شاگردان دەڵێن، دەبێ وەڵامی پرسیاری عەقیدەتیی میوانانیش( کە بۆ زیارەت دێن) بدەنە-وەو، نوێژو خەتەش بکەن . یەکێکیان کارگێڕی شێخە ( سکرتێرایەتیی دەکا ) .

هەموو ڕۆژێك خەڵکێك هەن بێنە زیارەتی دوڕوو: بە هاوین ڕۆژانە ٥ تا ١٠ کەس دێن، بە زستان وادەبێ ڕۆژی بە ٣٠ تا ٤٠ کەس دەگات . زۆربەیان دێن زیارەتی رێکوپێکی بەردەوامی خۆیان بەئەنجام بدەن، هەندێك بۆ مەبەستی تایبەتی دێن : شێخ تەگبیرێکیان بۆ بکا ، نەخۆشێك چارە بکرێ، نوشتەیەك بۆ قەزاوبەڵایان و...ئیدی . دەکرێ زیارەتی شێخ کاتی زۆری بوێ، زۆرتر وایە خەڵکێکی زۆر چاوەڕێ دەکەن ڕێی چوونە خزمەتی شێخیان بدرێ و، پاڵەپستۆی یەکتردەدەن . یەکێك لە پارێزگارانی شێخ ڕێیان دەدا دوو- دوو یا سێ- سێ بچنە ژوور، بەڵام هەر تەنیا لەو سەعاتەدا کە بۆ زیارەت تەرخان کراون . شێخیش پەلەی نیـە : زۆرتر وایە دەبێ خەڵك ڕۆژێکی تەواو چاوەڕێکەن تا لەدواییدا بتوانن شێخ ببینن و دەستی ماچ بکەن . کەسانی دەوڵەمەندو دەست -ڕۆیشتوو لە خەڵکی تر زووتر ڕێ دەدرێن . خەڵك دەبێ پێش ڕۆیشتنیش جارێکی تر بچنەوە خزمەتی وئیجازەی مەرەخەس بوونی لێ داوابکەن، واتا دەبێ جارێکی تریش چاوەڕێی ئەوە بکەنەوە ڕێی چوونە خزمەتی شێخیان بدرێ، ئەوساش لەوانەیە زۆر بە سانایی بڵێ : نـا . کەسانێکم لەوێ دیتن پێنج ڕۆژ بوو چاوەڕێیان دەکرد، کاری زەروریان لە مەزراکانیان هەبوو و، هەموو ڕۆژێك داوای مەرەخەس بوونیان لە شێخ دەکرد و شێخیش هەموو ڕۆژێك دەیگوت : نا، وا باشترە ڕۆژێکی تر بمێننەوە " . من لەپێشدا دەمگوت رەنگە شێخ بیەوێ بەوە فێری ئارامی و خۆراگرتنیان بکا، بـەڵام کە دیتم شێخ قەت خەڵکی دەوڵەمەندو دەستڕۆیشتووی ئـەوەندە ڕانەدەگرت، لەگومانی پێشووم کەوتمەگومانەوە، بەڵام - بۆ ئەوانەی دوایی - تۆ بڵێی لەبەرئەوە نەبێ کە کاتێ

بیانەوێ بڕۆن، شێخ ئیجازەشیان نەدا هەربڕۆن؟ . ڕۆژێکیان کاربەدەستێکی گەورەی حکومەت بە هەلیکۆپتەر لە سنەوە هات، چی میوانی هەژاری ئەوناوە بوو ناردران بچن بۆخۆ پیاسەبکەن، و دەست بەجێ کاربەدەستی حکومەت چوو شێخی دیت و دوای ئەوەش دەست بە جێ لێیدا ڕۆیشت .

دوو جار شێخ ڕێی دام لە سەعاتەکانی زیارەتدا لای دانیشم . لێرەش فەرق و جودایی کردن ئاشکرا بوو : خەڵکی ڕەمەکی بە پێوە لە خزمەت شێخدا دەوەستان، و دەوڵەمەندو دەستڕۆیشتوو پێیان دەگوترا دانیشن . یەکێك لە پارێزگارەکانی، میوانی دەهێنانە ژوورەوەو بەرێشی دەکردن . شێخ زۆر دۆستانە دەیدواندن، زۆر - تریان پەشۆکابوون و دەبوو ئارام بکرێنەوە . شێخ لێی دەپرسین : چۆنن، خزمی کێن، بەچی بەرێ دەچن، خەلەو خەرمان چۆن بووە و، پرسیاری خەڵکێکی هاودێیانی لێ دەکردن . ئەگەر مەسەلە هەر زیارەتێکی ئاسایی بۆ گەیشتنە خزمەت شێخ بوایە، قسەوباس هەر بەوەندە دەبڕایەوە، شێخ کۆمایەك نوشتەی لای خۆی دانابوو ،ئەو کەسە خۆی ویستبای نوشتەیەکیشی لێ دەدایە . پارچە کاغەزێك، دوعایەك یا چەند ئایەتێکی قورئانی بە دەستی شێخ لەسەر نووسرابوو ( ئیتر تەفسیری خودی دوعا یا ئایەتەکان کەراماتی شێخیشی هاتبوو ە سەر) . هەموو کەسێك چنگێك نوقڵیشی لە کیسێکی زەلام دەدرایێ . خزمەتکارێك دەیگەیاندە دەستی شێخ و، شێخ بە دەستی خۆی دەیدا بە کابرا، واتا دەبوو بە متفەرك . لە ڕۆیشتندا دەستی شێخیان ماچ دەکرد و، زۆربەیان



خانەقا و میوانخانەی شێخ عوسمان لە دوڕوو

پارەیەکیان بە ئەسپاییەك دەخزاندە گیرفانیەوە . زۆرکەس نەخۆشیان هێنابوو، شێخ لەپێشدا دەیپرسی کوێی دێشێ، ئەوجا ماوەیەکی باش مات دەبوو و سەیری نەخۆشەکەی دەکرد بێئەوە کە دەستی لێ بدا ،هەر بەتەرکیز تێیدەڕوانی و بیری دەکردەوە . کاتێ بیری ساغ دەکردەوە،هەندێ گیا(ی دەرمان) و دەرمانی سادە، پێچەك (ی برینپێچی) و شتی لەوبابەتەی دەدایێ . ئەگەر دەرد سەخت بوایە، پسووڵەیەکی دەدایێ بچێتە لای بژیشکێك لە شار کە بە خۆڕایی چارەی بکا . ئەگەر نەخۆشیەکەی پێ ڕەوانی بوایە، هەر چنگێکی لەو نوقڵەی دەدایێ کە باسمانکرد. کاتێ لێم پرسی چۆن نەخۆشیی پێ تەشخیس دەکرا ،گوتی کە لە باوکیەوە فێری بژیشکیی لەمێژ-ینەیی بووەو کە ئیلهامی ئیلاهیی وەردەگرت چۆن باشترین چارەی ئەو خەڵکە بکا .

نوشتە چەند جۆرن : هەیە بۆ پاراستنی منداڵانە لە کەوتن و مەترسیی بچووکی لەوبابەتە، هەیە بۆ زگ کردنی نەزۆکانە و...ئیدی . هەموو هەر پارچە کاغەزێك و ئایەتی قورئانی گونجاوی مەبەستی لەسەرنووسراوە ، زۆرتر وایە خەڵك بەرگێکی پەڕۆی بۆ دەدروون و بە جلوبەرگیانەوەی دەکەن . ڕۆژێکیان شێخم دیت خەریکی ئامادە-کردنی نوشتەیەکی زۆرتایبەتیی لەجۆرێکی بەناوبانگ بوو کەگوللەبەندیان پێدەگوت . شێخ عوسمان یەکێکە لە چەند شێخێکی زۆرکەمی ( یا لەوانەیە تاقە شێخێك بێ لەوانە مابێتەوە) کە دەڵێن توانا ( و پیرۆزیی پێدا-ویستی) ی ئەوەیان هەیە گوللەبەند بکەن کە خەڵك لە گوللەو تەقەمەنی بپارێزێ* . پیاوی کە ئەو گوللەبەندەی داواکردبوو، کوردێکی کوردستانی عیراق بوو، مامۆستای خوێندگە بوو لە دێیەك کە بەردەوام بوردومان دەکرا ( لە شەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥دا بوو) . نوشتەکە دوورودرێژ بوو،تەلیسم و ئایاتی قورئان بوو، شێخ خستیە نێوان

---

* گوللەبەند لەکوردستاندا دیارە زۆر بەنرخە،دەبێتە هۆی ناوبانگی زۆری ئەو شێخەی دەتوانێ دروستی بکا. لە کوردستان، لە هەموان بەناوبانگتر لەوەدا " کاك ئەحمەدی شێخ "ی بەرزنجی بووە ( تەنانەت دەڵێن سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم گوللەبەندێکی ئەوی پێبووە ) . پیاوەکانی شێخ مەحموودیش گوایا زۆر بە ئـازایی شەڕیان کردووە چونکە گوللەبەندی شێخ مەحموودیان پێبووەو پێیان وابووە گوللە کاریان تێ ناکا .

گوللەبەند وەنەبێ هەر سەنعەتی کورد بێ . من لە خوراسان باسی گوللەبەندم لە خەڵك بیست، پیاوێك بۆی - گێڕامەوە کە چەند سـاڵێك پێش ئەوە گوللەبەندێکیـان بۆ تاقی کردنەوە کردووەتە ملی کـەڵـەشـێرێکەوە و هەرچەندی کردوویانەو تەقەیان لێ کردووە حەیوانی بێچارەیان بۆ نـەکوژراوە، گوللەبەندەکە دەستکردی شێخ مەلا حوسێن ناوێك بووە کە ناوی لای خەڵك بە " جادووگەر " ڕۆیشتووە .

دوو پارچه مقه‌وای چوارگۆشه‌وه و به په‌مووی پێچایه‌وه و په‌ڕۆیه‌كی به‌ده‌وره‌وه دروو، به پیاوه‌كه‌ی گوت له قۆڵی ببه‌ستێ و وابكا بكه‌وێته ژێرهه‌نگڵیه‌وه، و هه‌ر كه دیتی خه‌ته‌رێك پێش هات وه‌ریگێڕێته سه‌ره‌وه .

شێخ عوسمان ناوبانگێكی زۆری ئه‌وه‌ی هه‌یه كه خه‌ڵكی عه‌قڵ‌شێواو چاك ده‌كاته‌وه . چه‌ندینیان له‌و ماوه‌یه‌دا بۆ هێنا كه من له‌وێ بووم، چه‌ند رۆژێك له‌وێ مانه‌وه، ده‌بێ ددان به‌وه‌دا بنێم ئه‌وه‌نده‌ی له ره‌فتاری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌وانه‌دا ده‌دیترا، به‌و چه‌ند رۆژه‌ی له‌وێ بوون باشتربوونیان سه‌رنجی راده‌كێشا .

لێ دوانی ئه‌وه‌ی لای شێخ عوسمان چ باسه، به بێ گێڕانه‌وه‌ی چیرۆكی هه‌موو موعجیزه‌كانی ناته‌واو ده‌بێ . من لێره‌دا هه‌ر به دوو چیرۆك ده‌یبڕمه‌وه كه من له هه‌موانم لا خۆشتر بوون :

> مه‌لایه‌ك له سنه، كه له بۆره ئاشنایه‌تیه‌ك پتر ی له‌گه‌ڵ شێخدا نه‌بوو، پێغه‌مبه‌ری له خه‌ونێكیدا دیت ( پێغه‌مبه‌رو فاتمه و عه‌لی زۆر دێنه خه‌ونی ئه‌هلی ته‌قوای وڵاتانی ئیسلامه‌تی، كه به دیتنی راسته‌قینه داده‌نرێن) . پێغه‌مبه‌ر فه‌رمووی با زۆرتر بچێته زیاره‌تی شێخ‌عوسمان" چونكه شێخ عوسمان حه‌بیبی منه، ئه‌وه‌ت له‌بیربێ" . مه‌لا له‌پێشدا زۆر گوێی به خه‌ونه‌كه‌ی نه‌دا . چه‌ند رۆژێك دوای ئه‌وه، هه‌مان خه‌ونی به‌هه‌مان شێوه دیته‌وه . به‌یانیه‌كه‌ی دوای ئه‌و شه‌وه، مه‌لا چووه دوڕوو و هه‌رچ كه‌سێكی دیتی خه‌ونه‌كه‌ی بۆ گێڕایه‌وه ( ئه‌وه‌ی ئه‌م چیرۆكه‌ی بۆ من گێڕایه‌وه گوتی من خۆم له ده‌می مه‌لاكه‌م بیستووه) .

چیرۆكی‌دووه‌م موعجیزه‌یه و ته‌علیقی خۆشیشه له‌سه‌رئه‌وه كه شا له‌لایه‌ن خه‌ڵكه‌وه چۆن سه‌یرده‌كرێ . پیاوێكی چه‌رچی (فرۆشیاری گه‌ڕیده) كه له دوڕووه‌وه له‌گه‌ڵیدا سه‌فه‌ری باكوورم ده‌كرد ،بۆی گێڕامه‌وه . كابرا له شێخان به‌گشتی یه‌ك دنیا به‌گومان بوو ( ده‌یگوت : ساخته‌چی و چه‌وسێنه‌رن)، به‌ڵام زۆر په‌سندی شێخ عوسمانی ده‌دا . گوتی :

> به‌ر له سێ ساڵ، شێخ ده‌عوه‌تی چوونه لای شا كرابوو ( دوایی ده‌رمخست كه راستی ده‌كرد) . له ژووری كه شا میوانانی لێ ده‌بینێ، كورسیه‌كان هه‌موو كاره‌بایان له‌سه‌ره، هه‌چ كاتێ شا ببینێ كه وا یه‌كێ له‌و میوانانه‌ی ده‌یه‌وێ تووشی به‌ڵایه‌كی بكا، ده‌ست به‌جێ ده‌ست به دوگمه‌یه‌كدا دێنێ كه به سه‌ر جێ‌ده‌ستی كورسیه‌كه‌یه‌وه‌یه‌تی (!) و له‌كاره‌بای ده‌دا و ده‌یكوژێ . شێخ ویستی پیشانی شای بدا بزانێ كێی له‌به‌رده‌مه، به هێزو ده‌سه‌ڵاتی موعجیزه‌یی خۆی، كارێكی به كورسی كرد هه‌رچی‌كاره‌بای ئه‌و شاری تارانه بوو كوژایه‌وه . هه‌رچه‌ندی شاره‌زایان كردیان و


کەرەندیان نە بۆیان دۆزرایەوە ئەم کارەبایە بۆچی کوژایەوەو نە بۆیان هەڵکرایەوە ، کاتێ کەس هیچی بۆ نەکرا - لەوبەینەدا چەند سەعاتێك بەسەرچوو - شێخ بە زەردەخەنەیەکەوە سەیرێکی شای کرد ، شتێکی گونجاوی باسی هێزی مرۆڤ و خودای گوت و رووناکیی خستەوە تاران . لەودەمەوە شا دەزانێ کە شێخ عوسمان گەورەترین ئەولیایەکی زیندووە و هەموو ساڵێك زیارەتی دەکا .

دواتر لە دانیشتوانێکی تارانم بیست کە بەڕاستی جارێك پێش سێ ساڵ هەموو چرای تاران کوژاونەوە و نەیانزانیوە مەسەلە چ بووە، بەگشتی بە کاری وێرانکاری دانرابوو . بەوەی کەم تا زۆر لەوهەمان کاتەدا بووە کە شێخ چووەتە لای شا، وادیارە هەندێ مرید پێوەندیەکیان لەنێوان دوو رووداوەکەدا داناوەو، ئەم چیرۆکەی نزیکی کلاسیکەی روو بە رووی یەکتر بوونەوەی هێزەکانی دنیا و ئەوانەی خودای لێ پێك هاتووە .

## شێخ سەییدا Saîda

شێخێکی تری گەورە، شێخ سەییدای جەزیرە ( جزرە) بوو، کە ساڵی ١٩٧١ مرد . ماوەیەك لەگەڵ کوڕەکەی ( نورولڵا)دا بووم، کە فێری‌کردم وەك مسوڵمانێك بژیم . لە هەرکوێیەك کوردی تورکیا یا سووریام بدینایە سەیرم دەکرد شێخ سەییدایان دەناسی و بەگشتی رێزیان دەگرت . هەرتەنیا ئەوانەی لاو و لە رووی سیاسیەوە نەتەوەیی پێشڤەروو بوون، بە خاین و یەکێك لەو هێزانەی خراپەیان دادەنا کە کوردستانیان دواکەوتوو هێشتبوونەوەو دەهێشتەوە . شێخ هەمیشە خۆی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی بەدوورگرتووەو تەنانەت دەڵێن لای کاربەدەستانی تورك خەبەری لە نەتەوەییەکانی ئەو ناوە داوە . کاتێ ئەتاتورك تەکیەکانی داخستبوون و زۆر شێخی بەهۆی پێوەندیان بە راپەڕینە نەتەوەییەکانی‌کوردەوە چەوساندبوونەوە، شێخ سەییدا قەت خۆی تێ‌نەگە-یەندرابوو . تەنانەت کەوایەکی رێزلێ‌نانیشی لە ئەتاتورك وەرگرتووە ( خەڵك وا دەڵێن ) . بەوجۆرە توانیویە دەسەڵاتی خۆی لەسەر حیسابی شێخەکانی تر زیادبکات . تەکیەکەی ئەویش داخرابوو، بەڵام هەر بەردەوام خەتمەی بە دزی لە مزگەوتێکدا دەکرد . هەرچەندە مەرکەزی فێرکردنی ئاینیی لەمێژینەیی لە شوێنی تر داخرابوون، مەدرەسەی ئەو هەر دەیتوانی درێژە بە کاری خۆی بدا و، ئێستاش هەیە، بەشێکە لە تۆڕی نیوە - نهێنیی رێکخراوی ئاینیی کۆنەپەرستی" نوورجوو" ان، من چەند مسوڵمانێکی چالاکی سەختگرم لە رێی ئەم مەدرەسەیەوە ناسی (بڕ- لقی ١٧ی ئەم فەسڵە) . مەسیحیی ناوچەکە ( زۆرتر یاقوو بیین ) زۆر بە شێخ سەییدا

شاد نەبوون . شێخ پڕۆپاگەندەچیەکی توندی دژی مەسیحییان بوو و، دەستی سەرەکی لە شێواندنی نێوانی مسوڵمان و مەسیحیەکانی ناوچەکەدا هەبوو . مەسیحی لەلایەن مسوڵمان ( ی کـورد ) ەوە پەلامار دەدرێن . مدیات ( لە نیوەڕێی جزرەو ماردین) بە ئەسڵ شارێکی مەسیحییە، دوو بەشە، بەردەوام مسوڵمان لە دێهاتەوە دادەڕژێنە شارەکە، ئێستا مەسیحی ناچاربوون نیوەیەکی چۆڵکەن . گوتیان نەکەی بچیە جزرە،چونکە مەسیحی، تەنانەت ئەگەر ئەوروپاییش بن، لەوێ ژیانیان لە خەتەردایە ( زێدەگوتنێکی درشت، بەڵام دەریدەخا مەسیحیە-کان بە چ ترس ولەرزێك لەوێ دەژین،ناتوانن ئومێدێکیان بەوەهەبێت کە حکومەت پاریزگاریەکیان لێ بکات) . ئیتر ئێستا زۆربەی هەرەزۆری مەسیحیەکانی کە لێرە دەژیان باریانکردووە، ئەمەش خەتای سیاسەتی لەناو-بردنی دڕندانەی تورکی لاو نەبووە ( کە توانیان خۆیان لەبەربگرن)، بەڵام بەهۆی شێوەی زیرەکانەی تر بووە کە ژیانی لێرە هەراسـان کردووە . شاری هـازەخ Hazex ( ناوی نوێی : ئیدیل İdil، لە نێوان مدیات و جزرە ) ناوبانگی قارەمانیی هەیە : لە سەردەمی قەڵاچۆکردنی مەسیحیەکاندا ، یاقووبیەکانی ئەم ناوچەیە خۆیان لێرە



شێخ سەییدا

قایمکردووەو چەندساڵ، تا تەواوبوونی شەڕی جیهانی و شەڕی ئیستیقلالی تورك،هەر بەرگریان لەشارکردووە . ئێستا شار بە سیاسەتی زیرەکانەو ئاشتیانەی شێخ سەییدا کراوە بە شارێکی مسوڵمان . شێخ مزگەوتێکی لەم شارەی١٠٠٪ ( لەسەدا سەد ) مەسیحیەدا دروستکردووە . مزگەوت،خەڵکی لە دێهاتی دەوروبەرەوە کێشاوەتە ئێرە، کە هاتوون و ماڵیان هێناوەتە نزیك مزگەوتەوە . پێوەندیی ئەم مزگەوتە بە شێخ سەییدای پیرۆز، کارێکی زۆری لەم مەسەلەیەدا کردووە . عەشیرەتی کۆچەریش بۆ نیشتەجێ بوون ئێرەیان هەڵبژاردووە، حکومەتیش لەمەدا بەشی هەبووە : مەسیحی هەقیان نەبوو پێش بەم غەزوەی مسوڵمانان بگرن، چونکە ئەوەیان لێ بە نادیموکراتانەو جیاوازی نانەوە دادەنرا . ئێستا زۆربەی خەڵکی شار مسوڵمانن، زۆر مەسیحی باریانکردووەو، هەندێکیشیان بوونە مسوڵمان . دینداران، ئەم بەزمە بە نموونەیەکی زۆر چاکی جیهاد دادەنێن و، ناوبانگی شێخ بە سەرکەوتنی ئەوە زیادبووە .

شێخ، جگە لەو قارەمانیەی بۆ ئاین، سیفەتی تریشی هەن کە لەبەرچاوی تابیعانی دەیکەنە پیرۆز :

" ئەو وەك خەڵکی تری دنیا نەبوو : زستانانە حەمامی بە سەهۆڵاو دەکرد و، لە قرچەی گەرمای هاوینیشدا وادەبوو سۆپای لە ژوورەکەیدا هەڵدەکرد" ؛ "چەند رۆژ لەسەریەك لە دنیای راماندا نقوم دەبوو، هیچ شتێ نەبوو بیتوانیایە بەئاگای بهێنێتەوە، تەنیا بۆ نوێژەکانی رۆژانەی ئەم رامانەی دەبڕی و نوێژی دەکردو دوای ئەوە دەستبەجێ لە رامان هەڵدەچووەوە" . موعجیزەکانی لە ژمارنایەن، هەر لە موعجیزەی بێ بایەخەوە تا بە هی سەیر دەگات . زۆربەی موعجیزاتی لە شێخی دەگێڕنەوە باسی دیتنی داهاتوویان تێدایە . مریدێکی، ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە :

> جارێکیان لە سەردەمی عەسکەریکردنمدا کە هێشتا ساڵێکم مابوو تەواوی بکەم، بە ئیجازەی حەفتەیەك هاتمەوە جزرە . لەپێش گەڕانەوەمدا زیارەتێکی شێخم کرد . شێخ فەرمووی :" جارێ شەش مانگت ماوە عەسکەریەکەت تەواوبکەی ها ؟ " . من گوێم بە" سەهو"ەکەی پیرەمێرد نەدا . ئەوجا شێخ زۆر بەگەرمی پێی گوتم کە حەقمن لە یەکەم جێیەکی کە پاسەکەم ( ئوتوبوس) لە رۆژی داهاتوودا لێی بوەستێ تەلیفۆنی بۆ بکەم، نەیگوت بۆچی و، تێی نەگەیشتم، بەڵام بەڵێنم دایێ کە وا بکەم . لە جاری یەکەم و دووەمی گۆڕینی پاسدا کاتی ئەوەم بۆ نەرەخسا تەلیفۆنی بۆ بکەم . پاسی سێیەم تووشی حادیسە بوو . ئەگەر تەلیفۆنەکەم بۆ شێخ بکردایە، لەو پاسەدا نەدەبووم . لە نەتیجەی حادیسەکەدا برامە خەستەخانە، لەوێ بە یەکێکم گوت

تەلیفۆنێکم بۆ شێخ بۆ بکا . شێخ خۆی لە ماڵ نەبوو، بەڵام کوڕێکی خۆی راسپاردبوو کە بپرسێ بزانێ ئایا بەسەلامەت دەرچووبووم ! . دکتۆرێك کە لە خەستەخانەکە چارەی دەکردم لێی پرسیم : ئەرێ فلان کەس، مەگەر تۆ شێخی ؟ من لە خەونمدا کەسێکم دیت جلی سپیی پۆشیبوو پێی گوتم کە "برۆ خەستەخانە و چارم بکە". چەند مانگێك لە خەستەخانە مامەوە، سەرلەنوێ فەحسی دکتۆری عەسکەری کرامەوە، دوای هەندێ دواخستن و ئەم لاو ئەولا لە عەسکەری مەرەخەسکرام، رێك شەش مانگ دوای حادیسەکە .

من چیرۆکی پتری لەم بابەتەم بیستن، کە ئاشکرا دیاربوو رازێندرابوونەوە، بەڵام دەبێ ئەساسێکی راستییشیان تێداهەبووبێ . رەنگە شێخ بەراستی داهاتووبین بووبێ، بەڵام خەیاڵی ئاینی، لە رادە بەدەر لێیان زیادکردبێ .

## ١٥- مەهدیەت

خەڵك زۆر بەرلەوەی لەوەزعی نابەدڵ و چەوسانەوەی رۆژگارێك بگەنە ئاستی راپەرین،بە رەمزی وەك ئەفسانەی چیرۆك، قسەی گاڵتە و شتی لەوبابەتە نارەزایی دەردەبڕن . ڤێرتهایم Wertheim (١٩٧١) ئەم تەڵەزمە فەرهەنگیانەی ناوناوە " نوختەی بەرامبەر"، واتا ئەم رەمزانە هەستی دەروونی ئەو کەسانە دەردەخەن کە حەز بە هەڵگێرانەوەی دابودەستووری ئەو سەردەمەیان دەکەن . هەندێك لەو بەرهەمانە لەوانی تر پتر بۆ ئەوە دەبن لە دواییدا کردارێکی بەکۆمەڵیان لێ پەیدابێ، بەتایبەتی شتی وەك چاوەڕوانیی هاتنەوەی مەسیحا، دەوڵەتی میسالیی خەیاڵی، کە دەکرێ - زۆرتر بە رابەریی شەخسیەتێکی مەسیحئاسایی - ئەو دەورەیان هەبێ ، لەبەر ئەوە لە زۆر حاڵەتدا دەکرێ بزووتنەوەی مەسیحایی بە شۆڕشگێڕیی سەرەتایی دابنرێ( بەتایبەتی Lanternari لانتەرناری و Worsley وەرسلی بەگەرمی لەسەر ئەم شیکردنەوەیە دەکەنەوە) .

مرۆڤ دەکرێ ئەم مەسەلەیە لە ئیسلامدا لە فکرەی " مەهدی"دا ببینێ ( بڕ- ل١٨-١٩) . منیش کە حەزمدەکرد ئاگاداری ئەومەسەلە شۆڕشگێڕیانە بم، دەستم کرد بە پرسیارکردنی خەڵکی ئەوناوە دەربارەی مەهدی ومەهدیا- یەتی . کەچی پێم سەیر بوو کە خەڵکێکی کەم هەبوون کە هەر ئەسڵەن بزانن مەهدی چیە، تەنانەت ئەوانەی بیر- ێکی دیارتریان دەربارەی مەهدی هەبوو ( وەك ئەوەی کەی مەهدی دەگات و ئەوسا دنیا چی لێ دێ ) کەمتریش بوون . بەهەرحاڵ،وەك دواتر لە نووسراواندا دۆزیمەوە، چەندین راپەڕینی مەهدێتی لە سەدەی نۆزدەدا لە کورد- ستان روویانداوە، کە هەمیشە شێخ دەوری مەهدییان تێدا دیتوون . زۆر دواتر، جا ئەوجا تێگەیشتم کە ژمارەیەك بزووتنەوە هەبوون کە قەت رابەریان بە مەهدی ناونەبراون بەڵام روخساری مەهدێتیان ئاشکرا پێوە دیاربووە، بەنموونە : رەفتاری نائاسایی مەزهەبی هەقە، کە هەڵگێرانەوەی رێبازی رەوشتی ئاساییە، هەندێ بزووتنەوەی مەسیحایی وەبیردەهێننەوە . رابەری نوێی ئەم مەزهەبە " کۆمەڵگایەکی میسالی" ( کۆمونەیەکی یوتۆپیایی ) لە دێیەکەیدا دامەزراندووە، کە هەموو شتێکی تێدا هیهـەموانە، تەنانەت ژنیش . ئەوانەی کە زانیارییان دەدامێ، بەو دێیەیان دەگوت " کۆڵخۆز" و شەیدای ئەو ئازادیە جنسیە بوون کە گوتراوە لێیەتی ( بۆ زانیاریی پتر دەربارەی ئەم مەزهەبە، بڕ- پاشکۆ، جەدوەلی ١ : تێبینیی ٤ ) . بزووتنەوە نەتەوەییەکانی پێشینیش دیارە تەبیعەتی مەهدیایەتیان هەبووە . بەشدارانی ئەو بزووتنەوانە بڕوایان بەوە بووە کە هەرئەوەندە بەتێکڕایی راپەڕن دەتوانن کۆمەڵگایەکی نوێی باشتر دامەزرێنن . بۆئەوە، بەتەمابوون رابەرێك (دیسان شێخێك)

بێت و بێ سێ ودوولێکردن دوایبکەون و دنیابگرن، ئیتر بیریان لە لێکدانەوەی ستراتیجی و نەخشەی درێژ-خایەن نەکردووەتەوە (یا بیریان کەم لێکردووەتەوە) . بزووتنەوەکان زۆرتر وابوون کە بەرگیعیبارەتی ئاینییان بەبەرداکراوە . هەموو لەوەدا یەك بوون کە کاردانەوەی (دژی) وەناوکەوتنی ئەوروپاییان و دژی بەرەنگاربوونی رەوشتی لەمێژینە بوون . رەنگە گرنگترین بزووتنەوەی نەتەوەیی (سەرەتایی) سەدەی ١٩ بە رابەریی شێخ عوبەیدوڵڵا - لە بنەماڵەی بەناوبانگی سەیدانی شێخی نەهری - بووبێ ( بڕ- پاشکۆ،جەدوەلی ٢) .

شێخ عوبەیدوڵڵا ساڵی ١٨٨٠، لە راپەڕینێکی گەورەدا، زۆر عەشیرەتی ناوەندی کوردستانی رابەریکرد. لەپێشدا بەگژحکومەتی ئێراندا چوو و دەیویست دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ . هەڵگیرسانی ئەم راپەڕینە بە گۆڕانی باری نێونەتەوایەتی هان درابوو، کە بە شێوەیەك دەهاتە بەرچاو دەوڵەتێکی کوردی تێدا دروست بکرایە . دەوڵەتیعوسمانی لە شەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨ی لەگەڵ رووسدا دەریخست کە زۆر بێهێز بوو و، ناچارکرا پەیمانێکی تایبەتی بەرگری لەگەڵ بریتانیادا قەبووڵ بکا، کە بۆ ئەوە بوو عوسمانی لەبەرامبەر پەلاماری تری رووسدا یارمەتی بدا و، بۆئەوەش بوو کە مەسیحیەکانی ژێردەستی سوڵتان لە ویلایەتەکانی ئاسیایدا بپارێزێ،کە زۆریان لە کوردستان دەژیان . لە هەکاری، شێخ عوبەیدوڵڵاو مارشیمون ( رابەری ئاینی و سیاسیی نەستۆریەکان ) جۆرە حوکمێکی دوانەییان دەکرد بە بێ کۆنترۆڵی زۆری حکومەتی عوسمانی . کاتێ پەیمانی بەرگریی بریتانی - عوسمانی پێزانرا، شێخ هەوڵی دا ( لە ڕێی : مارشیمون، کلیساییەکانی ئەرمەنی، ئەمریکاییەکانی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت لە ورمێ ) یارمەتی لە ئینگلیسەکان وەرگرێ تاکو دەوڵەتێکی کوردی تەواوسەربەخۆ بە رابەریی خۆی پێکبهێنێ . ئەمریکایی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت شاهیدیی ئەوەیان داوە کە هەست کردنی زۆری کوردان بە پشتگوێخران و چەوسانەوەی نەتەوایەتیان لەلایەن هەردوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئێرانەوە بوو کە شێخی پاڵ پێوەنابوو وابکا. شێخ، لە هەردوو دیوی سنووری ئێران و عوسمانی، رابەری هەرە بەرێز (و بەقسەکراو) ی کورد بوو و، هیواو ئاواتی نەتەوەیی کورد تەبیعیانە لەودا دەدیترا. لەپێشدا تاکتیکی وابوو بەگژ ئێراندا بچێ: ئێران لەعوسمانی بێهێزتر دەهاتە بەرچاو و، حکومەتی عوسمانی وێدەچوو حەزبکا لەو پێنانە خەتەرەدا پشتی بگرێ . عوسمانی نەیاندەویست شێخ لەخۆیان دابڕن، پێیان وابوو دەکرا بۆ دژایەتیی خواست وئاواتی

جیابوونەوەخوازیی ئەرمەنیان بەکاریان بێ . رەنگە لە ئەستەمبووڵ،کاتێ کە بە عوبەیدوڵڵایان گوتووە کە ئامادە بوون یارمەتی بدەن، دروستکردنی دەوڵەتێکی‌کوردی نیوە سەربەخۆیان لە قەڵەمڕەویی ئێران - بەو مەرجەی لە ژێر فەرمانی سوڵتاندا بێ - لەسەردابووبێ .

شێخ لە ئۆکتۆبری ١٨٨٠دا هێزی عەشیرەتیی ( کە نەستۆریە زۆر شەڕکەرەکانی هەکاریشیان رەگەڵ بوو ) نارد لە سنووری ئێران پەڕینەوە . عەشیرەتی کوردی دیوی کوردستانی ئێران ( مامەش، مەنگوڕ، زەرزا، گەورك، بانە، هەرکی/ بەگزادە ) دەستبەجێ رەگەڵیان‌کەوتن . لەشکرێکی بەهێزی ١٥ هەزار کەسی بە فەرماندەیی عەبدولقادری کوڕی شێخ، شاری ساووجبولاق Saûcbulaq(مهاباد Mehabad) ی گرت . شێخ خۆی بە هەشت هەزار کەسەوە ورمێ (رەزاییە)ی ئابلۆقە دا . پیاوانی ئاینیی مهاباد - کە بەرژەوەندی خۆیان خوێندووەتەوە - فەتوایەکیان دەرکرد بەو مانایە کە راپەڕینەکە جیهاد بوو لەدژی شیعەیەتی . شاری میاندواو ( خەڵکەکەی تورکی ئازەریی شیعەن ) ی نزیك، هێرشی بۆ برا، و ٣هەزار کەس لە خەڵکەکەی کوژران ." کۆچران" ی ئەمریکایی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت ( لە ورمێ) قەناعەتی بەعوبەیدو- ڵڵا کرد کە هێرشەکەی بۆ سەر شاری ورمێ دوا بخا . ئەوە کاتی دا بە هێزەکانی لەشکری ئێران کە لە تەورێزەوە بگەنە سەریان، سەر کوردی بێ ئاگا و بێ خەبەر . پیاوەکانی شێخ بە ناوچەیەکی بەریندا بڵاوبوونەوە . بەشێکیان لە رێی چوونە سەر تەورێزبوون کە بچن بیگرن، کە هێزی عەسکەریی پتری ئێرانیان روو بە روو بووەوە ( زۆرترتورکی ئازەری و پیاوانی عەشیرەتی خەمسەی خەڵکی فارس بوون ) . بەزوویی ( لە نوامبردا) هێزی کورد شکێنرا و، لە دیسامبردا شێخ دیسان هاتبووەوە تورکیا . ئەوجا ئازەری کەوتنە تۆڵەسەندنەوە لە کوردە سوننیەکانی ئەو- ناوە . بە هەزاران ماڵ لەگەڵ پیاوانی شێخدا چوونە تورکیا، بەڵام زۆر زۆرتر بەر کوشتارکەوتن و دێهاتیان سووتێنران . ئێران لە رێی رووسیاو ئینگلیسەوە تەوژمی بۆ دەوڵەتی‌عوسمانی هێنا کە رابەرانی یاخی‌بوونەکە سزا بدا . بە بەکارهێنانی شێوەی دێرینی بەگژ یەکتردا کردنی عەشیرەتان، عەشیرەتانی تر ناردرانە سەر شێخ،کە توانیان خۆی و خزمانی بگرن . لەپێشدا برانە ئەستەمبووڵ، دواتر بۆ مەککە دوورخرانەوەو، ئەوەبوو شێخ ساڵی ١٨٨٣ لەوێ مرد .

وێنەیەکی تری کە بیروڕای مەهدیەت و نەتەوایەتیی پێکەوە تێدا دەدیترێ ئەوەی شێخانی بـارزانـە . نزیکەی هەموو شێخانی ئەم بنەماڵەیە ناویان لای تابیعەکانیان بە پێغەمبەرایەتی، مەهدی ئاسایی، و تەنانەت نیوە - خوداییش رۆیشتووە . دێی بارزان هەمیشە جۆرە کۆمەڵگایەکی میسالی بووە . هەمیشە هەرکەسێك،مسوڵمان یا مەسیحی، پەنای بردبێتە بەر ئێرە پەنادراوەو حەواندوویانەتەوە، ئەمەش تەفسیری بۆ ئەوە هەبووە کە ببێتە مەرکەزێکی نەتەوەیی کورد . زەویی دێ مڵکی گشتیان بووە . دوو شێخیان بەراستی لای تابیعانیان بە مەهدی ناوبراون : عەبدوسسەلامی یەکەم و محەممەدی کوڕی ( بڕ- پاشکۆ، جەدوەلی ٢ ) . یەکەمیان، لە سەر- دەمێکی شێواوی شەڕی عەشیرەتی و کێشەوهەرای چەکدار لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلادا، تابیعە دڵگـەرمەکانی کردیان بە مەهدی و گوتیان : دەی وەرە با بچینە ئەستەمبووڵ و مەرکەزی خەلیفە لە سوڵتان بستێنە . کاتێ بە قسەی نەکردن، گرتیان و لێدانێکی پیسیان لێ دا و، بەگوێرەی هەندێ هەقایەت تەنانەت کوشتووشیانە، لە پەنجەرەیەکەوە هەڵیانداوەتە خوارەوە و گوتوویانە ئەگەر بەراستی مەهدی بێ بۆخۆی دەفڕێ و ئەستۆی خۆی رزگار دەکا . محەممەد ی کوڕی، سیاسیانە، چووە لای رەقیبی دەسەڵاتداری، شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، و داوای ئیجازەی ئیرشادی تەریقەتی لێ کرد . بەوجۆرە پێوەندیی دۆستانە کەوتەوە نێوان دوو ماڵە شێخی رابەر، و کاتێ شێخ عوبەیدوڵلا دوای راپەڕینی گەورەی ١٨٨٠ گیرا و دوورخرایەوە، روون بوو ئەم نێوان - خۆشیە بە قازانجی شێخ محەممەد شکایەوە : ئیتر هەموو ( ؟! - وەرگێڕ ) عەشیرەتەکان هەر محەممەدیان بە تاقە سەروەری ئاینیی خۆیان دەزانی . تابیعانی دڵگەرم، دیسان شێخیان کردە مەهدی . ئێمە بەتەواوی نازانین ئەم مەسەلەیە لە چ هەلومەرجێکدا سەری هەڵداوە : دەبێ پێوەندیەکی نزیکی بە راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلاوە بووبێ، کە زۆر لەم تابیعانەی ئێستای محەممەدی تێدا بەشدار ببوون . باشترین سەرچاوە نیکیتین(١٩٢٥)-ـە کە مامۆستای کوردیەکەی سکرتێرێکی پێشووی محەممەدسدیقی نەهری بووە،مێژووی ماڵی بارزان ی بۆ باس کردووە ( باسێکی بە ئاشکرا شێواو و بـەغـەرەز) . ئەمە هـەندێ لەو بـاسـەیـە ( بە شێوە تۆمارکردنەکەی نیکیتین ) :

> مریدانی شێخ محەممەد دیسان کردیانەوە بە مەهدی،بەو بەڵگەیە کە حەدیس دەڵێ دەبێ مەهدی ناویشی محەممەد بێ و کەواتە، گوتیان، شێخی ئێمە مەهدیەکی راستەقینەیە . کەوتنە کڕینی چەك . ئەوە زۆر ئاشکرایە کە زیباری و شیروانی و مزووری لەناوهەموو عەشیرەتەکانی کورد-

ستاندا،هەرە دڕ ئەوانن . هێزێکی دڵسۆزیان بۆ شێخ محەمەد وێکنا، بە ژمارە لە پێنج هەزار پیاوی تێپەڕاندبوو . کاتێ هەموو لێك کۆبوونەوە، رایانگەیاند کە ئیتر کەس نیە خۆیان لەبەر بگرێ . " دەچینە سەر مووسڵ، دەیگرین و، لەوێوە دەچینە سەر شام و، لەوێوە بە سەر ئەستە - مبووڵدا دەدەین، حەمید ( سوڵتان عەبدولحەمید ) ی بێ فەڕ لەلاقەوە دەگرین و لەسەرتەختی فڕێ دەدەین و مەقامی پیرۆزی مەهدی لەجێگە دادەنێین . ئەو دەبێ جێگای نوێنەری پێغەمبەر وەربگرێ " . کاتێ عولەمای ئەم هەمووە عەشیرەتانە بەو کەین و بەینەیان زانی، گـوتیان : " رایگرن ! ، ئەمە ناکرێ، چۆن دەکرێ، حکومەت لەناوتان دەدا " . مرید گوتیان هەبێ ونەبێ ئەم مەلایانە " کافرن، مورتەددن..." (دوای ئەوە کابرا لەسەرباسی چۆنیەتیی سزادانی ئەومەلا- یانە دەڕوا)، دوای چەند کوشتنێکی بێ بەزەییانەی تەنبێ کردن، مەلاکانی تر هەموو رادەکەن خۆ دەگەیەننە نزیکترین شار و خۆ وەدەشێرن . ... ئەوجا لەشکری مەهدی کرا بە دوو بەش، یەکیان بەرەو ئاکرێ و ئەوی تریان بەرەو رواندز کە هەردوو لە ئاقاری مووسڵن، وەڕێکەوتن . قایمقامی ئاکرێ و رواندزیان هەردوو گرتن، تێهـەڵدانێکی باشیان تێهەڵدان وماڵەکانیان وێران کردن . باسی ئەم رووداوانە گەیشتە مووسڵ،کە ساڵح زەکی پاشای ئەوسا لێ والی بوو، ... ئەم والیە پیاوێکی زیرەك دەبێ، بڕیار دەدا خۆی لە شەڕی شێخ لابداو بە فێڵێك بزووتنەوە- کەی لەناوبەرێ . کاتێ لەشکری شێخ نزیکیمووسڵ بووەوە،والی چووە پێشوازیان و پێیگوتن کە بەڵێ خۆی و حامیەکەی (پادگان) ماوەیەکە چاوەڕوانیی هاتنی مەهدی دەکەن، ئارەزووی خۆی و پیاوەکانی پێڕاگەیاندن کە دەیانەوێ خۆبخەنە ژێرفەرمانی مەهدیەوەو بچنە سەرحەمید. لە شێخی گێڕایەوە کە لە ماڵی خۆی(والی)دا میوان بێ و، پیاوەکانیشی ئەگەر بە سێ دەستە دابەش بن دەکرێ لە سەربازخانەکاندا جێبکرێنەوە . شێخی ساویلکەو پیاوەکانی بە شادیەوە ئەم دەعوەتە بەڕێزەیان قەبووڵ کرد، کە ئیتر دەکرێ پیاو نەتیجەکەی پێش‌بینی بکا . شێخ و یاوەرانی لە خانوویەکی بەرزدا زیندانی کرابوون کە دەکەوتە سەر دیجلەوە، توانیان لەوێوە بە پشتێنە درێژەکانیان خۆ شۆڕبکەنەوە و بە مەلەکردن خۆ رزگاربکەن، چونکە " خەڵکی بارزان لە ماسی باشتر مەلەدەکەن و لە ئاو ناترسن" . ئیتر بەهەرحاڵ، لەوەبەدوا بەلای ناوی مەهدیدا نەچوون . ( نیکیتین (١٩٢٥) : ١٥٠-١٥١) .

هەرچەندە بەدڵنیایی نازانین، بـەڵام وێدەچێ شکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بەدەست لەشکری ئێران و تورکەوە و گیرانی، یەکێك لە هۆیەکانی ئەم بزووتنەوەیە بووبێ . ئیدارەی عوسمانی، روون و ئاشکرا بە هێزی خراپە سەیر- دەکرا، کەواتە دەبوو مەهدی بەربەرەکانیی بکا . ئەوەش کە سوڵتانانی‌عوسمانی ناوی خەلیفەیان زەوتکردووە، بەڵگەیەکی تری خستووەتە سەر ، بەهەرحاڵ، زانیاریی پترمان دەربارەی ئەو ناوچانە لەو زەمانەدا پێدەوێ تا بتوانین مەسەلەی ئەو جۆرە بزووتنەوە مەهدی‌ئاساییانە بەتەواوی ساغ بکەینەوە . رەنگە شکستی عوسمانی و داگیرکردنی‌کوردستانی باشوور لەلایەن ئینگلیسەوە،ئەویش تەئسیرێکی لەهەڵگیرساندنی ئاگری بزووتنەوەی لەبابەتی مەهدێتیدا بووبێ ، ئەدمۆندز لە شوێنێکدا دەڵێ :

> لەم کاتەدا (١٩٢٠) شاڵاوێکی چالاکی هیدایەت کردن، لەلایەن شێخانی قادریەوە، لە زۆربەی بەشەکانی لیوای سلێمانیدا کەوتووەتە ئاراوە . دەکرێ لە هەر دێیەکدا،کە دنیا تاریك بوو، تەپە - تەپی هیدایەت‌بووانت بەرگوێ بکەوێ کە بە راکردنەوە زیکر دەکەن . چەند حاڵەتم دیوە کە، پیاو- خراپی زۆر پیس لەپڕ تۆبەیان راگەیاندووەو بوونە هاووڵاتیی میسالی . ( ئەدمۆندز ( ١٩٥٧) : ٢٣٧) .

ئەوجا کۆماری تورکیا گۆڕانی‌کۆمەڵایەتی- سیاسیی هێنانە کایەوە،کە نارەحەتیەکی زۆریان نایەوە، بەتایبەتی لای جووتیارانی نەخوێندەواری کە ئاینیانە بیریان دەکردەوە . ئەتاتورك، بەهۆی ئیسلاحاتی دنیاییەوە، چەند جار لەلایەن شێخانەوە بە دەجال ناوبراوە . دیارە ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوەبوو کە بڵێن ( هەروەك هەندێك بە ئاشکرا گوتیان) لەبەرامبەر ئەوەدا شێخیش مەهدیە . ئەمە لەهەندێ حاڵەتدا بزووتنەوەی خۆشەویستی خەڵکی زۆر بە روخساری مەهدێتییەوە لێ پەیدا بووە، دیسان ئاگاداریمان کەمە، لێرەدا باسێکی (بە زمانی نادۆستانە) راپەڕینێکی وا لە کوردستان وەردەگرم :

> لە١٩٣٥دا، خالیدناوێکی دێی"کاینتار"ی ناوچەی"بەشیری"ی ویلایەتی سێرت، خۆی کرد بە شێخێکی نەقشبەندی ( ئەم ! ) . لە دیسامبری ١٩٣٥دا، شێخ خالید ی کە مریدەکانی ناردە ناوچەی ئەرووخ و دەوروبەری، لە خەڵکەکەی ویست کە بە مەهدیی قەبووڵ بکەن . پیاوەکانی کەوتنە راپەڕینێکی‌گشتی و دەستیان بە خوێنڕێژی کرد . کاتێ شێخ خالید و پیاوەکانی لەلایەن حکومەتەوە پەرت و بڵاوکران و سزادران، شێخ قودوس Qudus ی کوڕی جێی گرتەوە . شێخ قودوس کەوتە چیایان و، دەستی بە پڕۆپاگەندە کرد بۆ شێخایەتی و تەریقەتان . لە نەتیجەی

لێدانی سەختی حکومەت، شێخ قودوس ڕایکردە سووریاو مەسەلەکە بەمە کۆتاییهات .( Özek ئۆزەك (١٩٦٨) : ١٦٠ ) .

تاقە ڕاپەڕینێکی کە مەهدیبابەتیشی بەدەورەوە بووە و توانیومە زانیاریەکی باشی دەربارە وەکۆکەم، ڕاپەڕینی نەتەوەیی بە ڕابەریی شێخ سەعید لە کوردستانی تورکیا لە ١٩٢٥ـە . لەلایەکەوە، هەندێ شتی ئەو ڕاپەڕینە ئەوەی شێخ خالید وەبیردەخەنەوە . لەلایەکی تریشەوە، شتی تریشی تێدابوون کە لەوی جیادەکەنەوەو دەیکەنە بزووتنەوەیەکی پتر سیاسیی پەتی . ڕاپەڕینی شێخ سەعید لە فەسڵی داهاتوودا باس دەکرێ .

## ١٦- لێکەوتنی دەسەڵاتی شێخان

یەك کرداری هەرەگرنگی کە لەهێزو دەسەڵاتی شێخانی دا، داخستنی ساڵی ١٩٢٦ی تەکیەکان و چەوساندنەوەی شێخان بوو لەلایەن ئەتاتورکەوە. ئەتاتورك ئەمەی لە بەرامبەر هەرتك: کوردایەتی و بزووتنەوەی کۆنەپەرستییشدا کرد کە جێ مەترسی بوون بۆ سەر پرۆژەکانی( دنیایی و یەکێتی تورکیا). کۆنسولێکی ئینگلیس لە مارتی ١٩٢٦دا نووسیویە:" تەکیەو زاویەکان،کە بنکەی گەندەڵی و نەزانی و خەرافاتن، وێران کراون. شێخ وا لەناودراون، کە هەرتەنیا ناوی شێخ هێنان ریسوایی لەدوایە". چەند شێخێك کوژران ( بەر لە هەموان شێخ سەعیدوهاوکارانی،دواتر شێخی تریش‌کە پێوەندیی راستەوخۆیان بە راپەرینەکانەوە بوو)،هی تر دوور خرانەوە، واتا بەزۆر ناچارکران بچن لە دەرەوەی کوردستان بژین و لەوێش هەمیشە لەژێر چاودێریدا بوون، زۆر شێخ پەرینەوە سووریاو عیراق. ئیتر وا دەهاتە بەرچاو کە دەسەڵاتی تەریقەتان بەزوویی هاتبێتە سەر هیچ، بەڵام وەك لە ساڵانی ١٩٥٠دا دەرکەوت، لە ژێرەوە هەر چالاك بوون: کە حکومەتی پارتی دیموکرات دەربڕینی ئاشکرای هەستی ئاینیی دیسان رێ دایەوە، هەندێ شێخ لەژێر ئاڵای ئەم پارتیەدا هاتنەوە مەیدانی سیاسەت و تەنانەت رێی ئەوەشیان درا هەستی نەتەوایەتیی کوردیش ( هەرچەندە شارراوە و زۆر نەرمیش) بۆ خۆیان بدوێنن. عەسکەر کۆدێتایان لە پارتی دیموکرات کرد ( ١٩٦٠/٥/٢٧) و ماوەیەك شێخ دیسان نەدەبوو سەر بەرز بکەنەوە، خوێندنی کەم - کەمە باشتر و، دەمەتەقەی ئازادانەتری سیاسی، زۆر لە لاوانی بەتەواوی لە دائیرەی شێخان تەکاندەوە. دیساهەر، لە ١٩٦٥و هەڵبژاردنی ساڵانی دوای ئەوەدا، شێخان و خزمانیان توانیان بچنە پەرلەمانەوە. ئەوەشیان بەهۆی ئەوەوە بوو کە لە ناسراوترین و دەستڕۆیشتووترین کەسانێکی ویلایەتەکانیان بوون،نەك ئەوە بڵێی بەهۆی بیروباوەڕێکی سیاسیی تایبەتیەوە بوو. ئێستاش،هەرچەندە ژیانی نوێ و تەواو شکڵگرتنی بەربەرەکانیی چینایەتی وادەکەن ئاین تادێ دەسەڵاتی لە ناو چینی ناوەندو کرێکاراندا لەدەست دەدا، بەڵام بزووتنەوەی " ژیانەوە(ی ئاین) پەروەران" ( لە لقی دوای ئەمەدا لێی دەدوێین) بە تایبەتی لەناو توێژی خوارووی چینی ناوەندی شارستان و جووتیاراندا هەر هەیە. هەندێ شێخ بەئاشکرا کەڵك لەوە وەردەگرن.

شێخ لە کوردستانی تورکیا، لەچاو نیو سەدەی بەرلە ئێستا، کەمترن و دەسەڵاتی راستەوخۆشیان کەمترە. من چەندین کوڕەشێخم دیتوون کە جێی باوکیان نەگرتووەتەوە ( کەسی تریش جێی نەگرتوونەوە)، کاری ئاینییان

کردووە، بەڵام مەلای دێ بوون، کە زۆرتر وایە دەوڵەت معاشیان دەدا .

شێخ لە سووریا ، نەچەوسێنراونەوە و ناچار نەبوون کاریان بە قاچاغی بکەن، لەبەرئەوە دەکرێ پیاو بە هاسانتر مێژووی لێکەوتنی دەسەڵاتیان وەدەستبخا . وادیارە تا ساڵانی ١٩٥٠ش لەدەسەڵاتیان نەکەوتبوون . بەقسەی یەکێك لەوانەی قسەیان بۆدەکردم، ئەوەندە شێخ لە تورکیاوە رایانکردبوو و رژابوونە سووریاوە، ئاین ئەوەندەی تر بەسەر خەڵکدا زاڵ ببوو،وای لێ هاتبوو کورد لە رۆژگاری پێش ساڵانی ١٩٢٠یش دیندارتر ببوون . بەڵام بار لە دواساڵانی ١٩٥٠و سەرەتای ساڵانی١٩٦٠دا خێرا گۆڕا : رێگاوبان دروست کران، خوێندگەی زۆر کرانەوە، تراکتۆر پێوەندیی بەرهەمهێنانیان لە کشتوکاڵدا گۆڕی، لە شاریشدا دەکرا کارێك لە بەشی نوێی کاردا دەست-بکەوێ ( جارێ زۆر نەبوو)، رادیۆ پەیدابوون کە دەنگی جەمال عەبدونناسریان گەیاندە هەموو دێیەك ( سووریا ساڵی ١٩٥٨ چووە کۆماری یەکگرتووی عارەبەوە )، عەبدونناسر بەتوندی هاواری نەتەوایەتیی عارەبی دەکرد ( لەجیاتی یەکێتی ئیسلامی) و بەوە ( بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ) هەستی نەتەوایەتیی کوردیشی بەهێز دەکرد، خەڵك لە سایەی رادیۆوە زۆر چاك ئاگایان لە دەنگوباسی ئەو شەڕەیکوردیش دەبوو کە ساڵی ١٩٦١ لە عیراق دەستی پێکرد و، لە ساڵانی دوای ئەوەدا تادەهات پێیان پتر لە هەویەتی کوردێتیی خۆیاندا دادەگرت تاوەکو مسوڵمانێتی یا سووریایەتییان . ئاین،خێرا دەسەڵاتی بەسەرلاواندا لەدەست دا. زۆربەی شێخانی ئێرە هەمیشە دژی نەتەوایەتیی کورد بوون و، ئەوا ئێستا دەردی ئەو هەڵوێستەی دژی کوردایەتییەیان و هەڵوێستی رێ دانی خەرافات ( یا تەنانەت هاندانیشی) دەخۆن : لە هەردوو سەرەوە ریسوا بوون، هەم کە کۆنەپەرست و دژی باری سەرنجی دنیایی ( عیلمانی ) بوون و هەم کە خیانەتیشیان بە مەسەلەی کورد کردووە . بەوە، تابیعانیان زۆر پیس لەدەستداوە .

> لە ساڵانی ١٩٣٠دا، ٣٠ یا ٥٠ شێخ لە شاری عاموودێ هەبوون و، هەریەکەو تابیعانی خۆی هەبوون . رۆژانی هەینی، مریدیان بەدواوە و لەسەر دەنگی دەفە بە ڕێژە دەچوونە مزگەوتیگەورەی شار. گرنگیی‌هەرکەسە لەنوێژدا دیاربوو، شێخ ریزی یەکەمیان دەگرت و مریدیان لەدوایانەوە ریزدەبوون، ئیتر دیاربوو کێ مریدی پتر و گرنگتری لەدوو بوو . لەسەدا هەشتا یا نەوەدی دانیشتوان، مریدی ئەم شێخ یا ئەو شێخیان بوون .
>
> فەرەنسیەکان زۆربەی ئەندامانی چالاکی کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد"خۆیبوون"یان بە زۆر هێنانە ئەم شارە کە لەوێ بژین(خۆیبوون رێکخراوێك بوو زۆرتر لە رۆشنبیران پێكهاتبوو،

ساڵی ١٩٢٧ دروست ببوو) . شێخ بە هات وهاوارو کافرکردن دنیایان لەو کوردە نەتە-
وەییانە هێنایەوە یەك، هەر نەیانهێڵا دەم بکەنەوە : " ئەو کافرن، کوشتنا وان حلالە " .
بەتایبەتی شێخانی قادری( کە هەموو سەیدو بەو حیسابە عارەب بوون) پێیان لەسەرئەوە
دادەگرت کە بەگوێرەی ئیسلام هەر دوونەتەوە هەن : نەتەوەی ئیمانداران و نەتەوەی بێ -
ئیمانان، و دەیانگوت نەتەوایەتیی کورد نەخشەیەکی شەیتانە بۆ پارچە - پارچەکردنی
ئیسلام .

خۆیبوون قەت پێیان نـەوێرا . بە کۆششی خۆیبوون نـەبوو کە شێخ لێرە لێکەوتن، و لە
نەتیجەی پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی (ی لەدەرەوەوە ) بوو کە باسمانکردن . ئێستا
هـەر تـەنیا دوو شێخ لە عامووديٚ ماونەوە، کە وەنەبێ مریدەکانیان بەتەواوی هەرە
رێکوپێکەکانی شار بن .

تابیع هەموو لە دڵسۆزی و ملکەچییاندا بۆ شێخ وەکو یەك نین . ئەوانەی لە رووی ئابوورییەوە لەلایەن شێخەوە دادەدۆشرێن ( وەك : ئەو جووتیارانەی لە زەویەکەیدان) بابەتێکی جیاوازن . ئەوانە هەرکاتێك رێزیان بۆ شێخ و بروایان بە وەزیفە خوداییەکەی نەمێنێ، چیتر چەوساندنەوەی لێ قەبووڵ نـاکەن و تەنانەت لەوانەیە بدەنە راپەڕینیش . وێدەچێ راپەڕینی جووتیاران هاندەری لەدەرەوە پێ بوێ تا پێکبێ( وەك دیتمان چۆن پەرەسەندنی سیاسی لە دەرەوەوە دەسەڵاتی شێخانی لەناودا ) . ئەم حاڵەتە نموونەیەکی راپەڕینێکی وایە *:

جووتیارانی بـامەرنی بێ چەندوچۆن پیتاکیان دابوو بە شێخ بەهادین ( لە سەرەتای
ساڵانی ١٩٥٠دا مرد)،کەچی لەوەدا ( دو اساڵانی ١٩٥٠) ملیان بۆ مەسعوودیکوڕی
نەدا .

شێخ بەهادین تا رۆژی مردنی،تەنانەت لە دەرەوەیکوردستانیش دەستی زۆردەڕۆیشت :
پادشای عیراق ( مەلیك) و نووری سەعید(ی دوایی بووە سەرەك وەزیران ) لە مریدانی
ئەو بوون، مەلیك جێیەکی تایبەتی بۆ نیشتنی فڕۆکەی لە نزیکی دێیەکەیدا دروست -

---

* زۆربەی زانیاریم دەربارەی ئەم راپەڕینە لە ئەحمەد بامەڕنی (ی خەڵکی دێی بامەڕنی) وەرگرتووە .

کردبوو تا سەردانی شێخی بۆ هاسان بکاتەوە . ( قسەی خۆمان بێ، شێخ لەسەر پێر لە یەك سفرە خۆی دابین کردبوو،کاتێ ساڵی ١٩٥٨ پادشایی لەناودرا، خزمێکی شێخ ( خالیدی نەقشبەندی) لەو ئەفسەرانە بوو کە نەخشەی کۆدێتایان دانابوو و دەستیان بەسەر وڵاتدا گرت(٩) . شێخ و بەشێکی ماڵە گەورەکەی ( ٢٠٠ کەسێك ) وێرای ژمارەیەك لە مریدانی بەدایمی لە دێیەکەیدا دەژیان . جگە لە دیاری و پێشکەشی، سەرچاوەی داهاتی شێخ زۆرتر لە سێ دێوە دەهات ( سەرسەنگ، کەدش، بێبەت) ، کە خاوەنی هەموو زەویەکە بوو ( دێهاتی، بە شەریکەبەشی وە بەرهەمیان دەهێنا) . لە بـامەرنی، نیوەی زەوی هی شێخ بوو، ئەوی تر ملکی وردە ملکدارانی سەربەخۆ بوو . ئەم دەستەیەی دوایی بوون کە لە شێخ راپەڕین وملیان بۆخواستی نامەنتیقیی ئابووریی نەدا . شەریکەبەشانی بامەرنی و سێ دێیەکەی تر قەت بەشدارییان تێدا نەکرد .

دوای مردنی بەهادین و جێگرتنەوەی مەسعوود، نارەزایی لە دوو شت پەیدابوو :

١- مەیدانەکەی جێنیشتنی فرۆکە : پارەی دروست کردنی درابوو بە شێخ، بەڵام زۆرتر هەر لە ماڵە شێخیشدا مابووەوە، چونکە زۆر بێ مانا کەمیان لێ دابوو بەو کرێکارانە ( دێهاتیانەی بامەرنی) ی کە کاریان تێدا کردبوو . دێهاتی، داوای کرێی‌کاری خۆیان لە مەسعوود کرد، مەسعوود نـەیدا . دێهاتی، سـاڵی ١٩٥٨ دوای رووخانی رژیمی پادشایی، چوونە دادگا .

٢- ئـاودێری : ئاوی بامەرنی تێری زەوی و زاری نیە . شێخ هەمیشە ئاگای لەوەبوو زەوی و زاری ئەو لەپێشدا ئاو بدرێ، ئیتر بەوە هەمیشە وردە ملکدارانی سەربەخۆ بوون کە دەبوو تەواوی دەردی‌کەم‌ئاوی بچێژن . ئیتر تا دەهات دەنگی نارەزایی بەرزتر دەبووەوە . رووداوی لەوەبەدوا، لە نزیکەوە پێوەندیان بە پەرەسەندنی نەتەوایەتیی کورد لە باکووری عیراقدا هەبوو . لە مارتی ١٩٥٩دا، فەرماندەی عەسکەریی (ناسری) مووسڵ عەبدول-وەهاب شەوواف لە سەرەك دەوڵەت قاسم یاخی بوو . زۆر کوردی لایەنگری قاسم، کە جووتیارانی بـامەرنیش لەوانە بوون، چوونە مووسڵ و بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینەکە یارمەتیی هێزی حکومەتیان دا ( لەو کاتەدا قاسم هێشتا هەر باسی سەلماندنی مافە

نەتەوایەتیەکانی بۆ کوردان دەکرد) . کەمێك دوای گەڕانەوەی سەرکەوتوان بۆ بامەڕنی، دەستەیەك لاو بە داس و تەورو شتی لەوبابەتەوە چوونە سەر خانووە مەحکەم کراوەکانی ماڵی شێخ و کۆڵێك هاوارو جنێویان بەسەردا باراند . ئەو لاوانە هەموو لە وردە مڵکدار-انی سەربەخۆ بوون، هەندێکیان لەوانەبوون کە چووبوونە مووسڵ . جووتیاری دینداری بەتەمەن هەوڵیان دا پێشیان بگرن . تەقەیەك کرا، و هەرکەسە چووەوە ماڵی خۆی . چەند رۆژێك دوای ئەوە،لە گردێکی بەرامبەر خانەقاوە تەقە لە شێخ کران . پێشووتر نیشانەی ناڕەزایی هەبوون، تەنانەت جارێك چەند جووتیارێك شەڕیشیان لەگەڵ ژمارەیەك مریددا کردبوو(هەردوولا بە دار)، بەڵام وا لێرەدا مسەلە زۆر زل کرا . لە هەلێکی تردا( ئەویش کەمێك دوای راپەڕینەکەی شەوواف)، دەهۆڵ و زوڕنایان بردە بەر کۆشکی ماڵی شێخ و لەوێ تێر هەڵپەڕین و بەوە سووکایەتیان بە شێخ کرد ( تا ئەوکاتە، زوڕنا لە بامەڕنی قەدەغە کرابوو، شێخ لەمێژ بوو بە ئامێرێکی موسیقای شەیتانی دانابوو و حەرامی کردبوو) . پێکدادانی جووتیاران و پیاوانی شێخ بەردەوام بوو، و زبرتر بوو . لە کۆتایی ١٩٥٩(یا سەرەتای ١٩٦٠)دا دوو جووتیارو سێ مرید کوژرابوون . حکومەت هێزیکی زۆری جەندرمەی نارد نەزم بگێڕێتەوە، بەڵام شێخ هەر لە گیانی خۆی ئەمین نەبوو و رایکردە مووسڵ .

دوای ئەوەی کێشمەکێشەرای نێوان کوردە نەتەوەییەکان ( بارزانی و پارتی دیموکراتی کورد-ستان) و حکومەتی قاسم تەقیەوە، زۆر دێهاتی چوونە ریزی پێشمەرگەکانی بارزانی، لەکاتێکدا کە شێخ مسعوودو خزمانی لایەنی حکومەتیان گرت ( رەنگە کێشمەکێشەرای کۆنی نێوان شێخانی بارزان و بامەڕنی تەئسیرێکی لەوەدابووبێ کە بەوجۆرە شکاوەتەوە . جووتیارانی بامەڕنی ئێستا پەلاماری مەرکەزی پۆلیسی دێیەکەشیان دا . ژمارەیەك جووتیار گیران و برانە حەپسی دهۆك Dehok ، بەڵام پۆلیس لەدواییدا لە بامەڕنی دەرچوون . شێخ لەو دوورییە نەیدەتوانی بەشێکی بەرهەمی دێ وەکۆیکا . بۆ جووتیارە-کان،بەم جۆرە مەسەلەی‌نەتەوایەتی و رزگاربوون لەدادۆشین یەکیان‌گرت . ئەندامانێکی ماڵی شێخ نـاتەبیعی نـیە کە چالاکانە لەگەڵ هێزی سەر بەحکومەت بوون، بە هیوای

ئەوەی زەویەکانیان وەدەست بخەنەوە .

وەك ( نزیکەی) هەمیشە و لە هەموو شوێنێ، جووتیارانی هەرە چەوساوەو بێنەوا نەبوون کە راپەڕین، جووتیارانیناوەندی بوون کە سەربەخۆییان تارادەیەك هەبوو بەڵامهەستیش-ـیان بە چەوساوەییان لـەلایەن شـێخانەوە دەکرد . کاتێ شێخ بەهادین هێشـتا مـابوو، جووتیاران نارەزاییان دەرنەدەبڕی،ڕێزی لێ دەگیراو وادیارە شایستەیی ئەو ئیمتیازانەی تێدا دیتراوە کە داوای کردوون . کاتێ کوڕی کەمترشایستە جێی گرتەوە، پرسینەوە لە رەوایی ئەو داوایانە هاسانتربوو. تەنیا دوای قەیرانێکی دەرەوە بوو کە جووتیاران ئاشکرا راپەڕین و دەریانخست کە دەیانتوانی دەورێکی قەتعی لە سیاسەتدا ببینن، تەنانەت لە ئاستی دەوڵەتیشدا .

دەبێ یەك شتی تریش لە مەسەلەی لێکەوتنی دەسەڵاتی شێخاندا تێبینی بکرێ : شێخ بەتایبەتی لەو شوێنانەدا دەسەڵاتیان نـەماوە کە عەشیرەتگەرییان تێدا نـەماوە،یا حکومەت ( یا : بزووتنەوەی نەتەوەیی، وەك لە عیراق) بەتەواوی دەستی دەرواو دەتوانێ کێشەوهەرای خەڵك چارەبکا. کاتێ بار جیاوازبێ( وەك لەباشووری رۆژهەڵاتی تورکیا )، شێخ دەسەڵاتیان هەر بەردەوامە . ئەمە دەریدەخا دەوری چارەکەریی‌کێشەوهەرایان بۆ مەرکەزی شێخ چەندە گرنگە .

## ١٧- ژیانەوەی ئیسلامی : نوورجوولووك

لە بزووتنەوەکانی ژیانەوەی ئیسلامی، یەکێك لە کوردستانەوە هاتووەو پێوەندیەکی بە تەریقەتی نەقشبەندیەوە هەیە، لەبەرئەوە باسێکی کورتی ئەو دەکرێتە دوا مەبەستی ئەم فەسڵە. ئەو بزووتنەوەیە، بەگشتی وایە هەر بە ناوە تورکیەکەیەتی : نوورجوولووك nurculuk ( نوورچێتی ) و بە خەڵکەکەی دەڵێن " نوورجوو" ( نوورچی ) . نوورجوولووك دوای شەڕی جیهانییدووەم گرنگ بوو و ئێستا ختتی هەرە بەهێزی ئیسلامی شێوەی لەمێژینە-ییە لەتورکیادا . دامەزرێنەرەکەی پیاوێك بوو ناوی خۆی نابوو " سەعیدی کوردی" . پیاوێك بوو لە زۆر شتدا تابڵێی تایبەتی بوو . من لە دوژمنە سەرسەختەکانیم بیستووە کە پەسندی ئازایەتی و دڵسۆزی و رەوشتی بەرز-یان کردووە . تابیعەکانی بە وەلیەکی دادەنێن کە دەکرێ لەیەك ئان وکاتدا لە چەندشوێنی جیاواز بێ،بە دەرگای داخراودا ئەودیو بێ و...ئیدی، و گەورەترین زانایاکی سەردەمی خۆی و شیکەرەوەی هەرە" ئیلهام وەرگرتوو"ی قورئان بووە . سەعید ساڵی١٨٧٣ لە دێی " نوورس" ی ویلایەتی بتلیس لەدایك بووە ( لەبەرئەوە تورك حەز-دەکەن پێی بڵێن " سەئیت نوورسی")، سەرەتای خوێندنی لەگەڵ شێخ نوورمحەمەد ( بڕ- پاشکۆ، جەدوەلی ٥) دا لە خیزان بەئەنجام داوە،بووە بە مەلاو بەزوویی ناوبانگی زانایی بەهەمووکوردستاندا بڵاوبووەتەوە،نەتەوەییەکی نەرمی کوردیش بووە، ساڵی ١٩٠٧ چووەتە ئەستەمبووڵ تا داوا لە سوڵتان عەبدولحەمید بکا " زانکۆی رۆژ-هەڵاتی تورکیا " دابمەزرێنێ ( بە درێژایی ژیانی بۆ ئەوە تێکۆشا) و کە سەر بە زانکۆ و مزگەوتی بەناوبانگی ئەلئەزهەر بێ و لە کوردستان دروست بکرێ . داوایکردنەوەی خوێندگەی بە زمانیکوردیش لە سوڵتانکردووە چونکە خوێندگەی تورکی بۆ زۆربەی منداڵانی کوردی کە تاقە یەك وشە تورکییان نەزانیوە بێکەڵك بووە . لە ئەستەمبووڵ پێوەندیی لەگەڵ کوردە نەتەوەییەکانی ئەوێدا هەبووە و، لە بزووتنەوەیەکی چەکداری ئاینیی کۆنە-پەرستانەی دژی حوکمی تورکی لاویشدا* دەورێکی هەبووە . لە شەڕی باڵکان و شەڕی جیهانیی یەکەمدا فەرماندەیی هێزی میلیشیای کردووەو ناوی بەدەرکەوتووە، هەم بە ئازایەتی و هەم بەوە کە ( گوایا ) ١٥٠٠

---

* ئەم راپەرینە لە مێژووی تورکیادا بە " رووداوی ٣١ی مارت " ناسراوە، بۆ باسی ئەوە بڕ- لیویس (١٩٦١) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا ناوی هێناون .

ئەرمەنیی لە مردن رزگارکردووە و لەجیاتی ئەوە کە- بەگوێرەی فەرمانی پێیدراوە - بیانکوژێ، چووە بە سەلا-مەتی گەیاندوونیە خەتی پێشەوەی جەبهەی رووسان و نەجاتیداون . دواتر لای رووسان بە دیل گیراوە، ساڵی ١٩١٨ لە رووسیا رایکردووە و چووەتە ئەڵمانیا و ( هەمان ساڵ) لەوێوە گەڕاوەتەوە ئەستەمبوڵ . لە شەڕی ئیستیقلالدا لایەنی مستەفاکەمال (ئەتاتورك)ی گرت نەك سوڵتانی خەلیفە، رەنگە لەبەرئەوەبووبێ کە سوڵتان بە داردەستی هێزە ئەوروپاییەکان هاتووەتە بەرچاو . بەڵام زوو لێی روون بووەوە کە ئەتاتورك دەیویست رژیمی تورکیا بەتەواوی بکاتە دنیایی (عیلمانی) و بابەتی رۆژئاوایی، ئیتر لەوساوە هەمیشە دژی بوو . دوای ئەوەش کە لە راپەڕینەکانی کورد درا و هەرچی پێوەندیەکی بە کوردێتیەوە هەبوو قەدەغەکرا، ئەو هەر بە خۆی دەگوت " سەعیدی کوردی"، و تاقەکەسێکی بەدەرەوەی ناوخەڵك بوو دەیوێرا وا بکا . ئەویش، وەك زۆر کوردی تری بەتەشسیر دوورخراوەتەوە و چەندین جار زیندانی کراوە . لەوساڵانەدا، زنجیرەیەکی زۆری نامیلکە نووسین ( دەڵێن ١٣٥ دانەیەکن) ، دوای ساڵی ١٩٥٠ توانی بڵاویان بکاتەوە، بەناوی" رسالەیی نوور" بڵاوی‌کردنەوە ( ناوی " نوورجوو" لەوەوە هاتووە ) . ئەو نامیلکانە بە تورکیەکی دزێوی سەدەی ١٩ی عوسمانی نووسراون ( کەم کەس بەتەواوی تێیاندەگا)، تەفسیری قورئان گوایا بەشێوەیەك دەکەن کە لەگەڵ هەلومەرجی سەدەی بیستەمدا بگونجێ . بەڵام ئەوپەڕی شێوەی لەمێژینەیین ( تەقلیدین) و باسی گەڕانەوە سەر ئیسلامی رووت و پەتیی سەردەمی پێغەمبەر دەکەن . بەوە کە ئەمە مانای ئەوەش دەگەیەنێ کە دەستوور ( قانوونی ئەساسی ) هەڵگیرێ و شەریعەت بخرێتە جێی قانوونی مەدەنیەوە، بیروڕای ئەساسی نوورچێتی دژ بەو ئەساسانەن کە کۆماری تورکیایان لەسەر دامەزراوە،لەبەرئەوە قاچاغ کراوە . لە سەردەمی‌حوکمی پارتی دیموکرات( ١٩٥٠ - ١٩٦٠) دا، محافەزەکاری ئاینی و کۆنەپەرست رێی دەربڕینی بیروڕایان پتر دراییێ، نوورجوو ژمارەیان زۆر زیادیکرد . ئێستاش هەر بە نیوەقاچاغی کاردەکەن، لەبەرئەوە زەحمەتە پیاو ژمارەیان بزانێ . زۆر " مەدرەسە" ( خوێندگەی کۆنەبابەت) بەتایبەتی لە کوردستان مەرکەزی پڕۆپاگەندەی نوورچیانن . چەندین شێخی نەقشبەندی لە کوردستانی تورکیا بەجوانی دیارە کە چوونە ئەو تۆڕەوە . لەوەتای تەکیە لە تورکیا داخراون، نەقشبەندی زۆرتر لە سۆفیایەتیی تەواو دوورکەوتوونەوە و خۆیان خەریکی ئیسلامە رەسمیە قانوونیترەکە کردووە ( نەقشبەندی لەشوێنی تریش وان ) .

شەخسیەتی سەعیدی کوردی، بەوەی لەوبابەتەیە کە کورد پەسندی دەکا : رەوشتی بەرز،ئازایی و، کوردێتی، نەك هەر ئەوانەی کە بەتەعەسوبن، بگرە زۆر کوردی تری بابەتی کۆن هەن نوورجوولووکیان

خۆشدەوێ* ، بەڵام ئەوەی گوایا چوار ملیۆن لە تورکیا هەبن ( هەموو خەڵکی کۆماری تورکیا ٤٠ ملیۆنن ) زیادکردنی لەخۆوەیە .

نوورجوولووك قەت بیروڕاو ئامانجی لە پێڕەو و پرۆگرام ( مەرامنامەوئەساسنامە) دا پوختە نەکردووەتەوە، وادیارە هەموو شتێکی هەر لە " رسالەیی نوور"دایە . زۆر بە توندی هاواری ئەوە دەکا کە دابودەستووری ئیسلامەتی بەتەواوی پێڕەویکرێ و، زۆر شت زۆر بە موبهەمی باس دەکا چونکە ئەو شتانە لەئەساسدا لەگەڵ دەستوور( قانوونی ئەساسی )ی وڵاتدا ناگونجێن . زۆر دژی هەموو نوێکردنێکە و دژی گوایا هەموو چەوتکاریەکە کە کەوتبێتە ئیسلامەوە . زۆر بە وشکی و سەختی دژی ئەو مسوڵمانانەیە کە، ئاینەکەیان بە نەرمتر دەگرن و، تەنانەت ئاگری رق و کینە لە " عەلەویی ئەهلی بیدعەت" خۆش دەکا . زۆر لە ناخی دڵەوە دوژمنی کۆمونیزم و سۆسیالیزمە، لە ئاست دەسەڵات و تەئسیری رۆژئاواییانیش هەروایە ( بەڵام بە توندوتیژیەکی کەمتر) . دەکرێ شێخ بۆ ئەوە رەگەڵ نوورجوولووك کەوتبن چونکە رێك دژی ئەو شتانەیە کە پێبەندیی خەڵك بە شێخان کز دەکەن .

---

* یەکێك لەو ئاغا کوردانەی ساڵی ١٩٦٠ ( لەسەر کوردایەتی) لە کوردستان دوورخرابوونەوە، ( دوای ئەوەی باس دەکا کە چۆن سەعید نوورسی نوورانی و دژی خراپە بووەو، دوژمنایەتیی لەگەڵ شێخانی چەوسێنەردا هەبووەو لەبەرئەوە بەدەگمەن چووەتەوە رۆژهەڵات) لە بەیانێکی گشتیدا گوتوویە : کورد بە " سەعیدکوردی" یان تەنانەت لە " سەعید نوورسی"یش خۆشتر دەوێ، چونکە ئەو یەکێکە لەو پیاوانەی کە ناوی" کوردی" وەناوی خۆ دەخەن . ( بڕ- بێشکچی (١٩٦٩) : ٢٦٠ ) .

## پەراوێزی وەرگێڕ

١- ئەوە کە تەریقەت دەوری لە مێژووی بارزانداهەبووە ئاشکرایە،بەڵام نووسەر مەبەستی لەوەی جەلال تالەبانی شی نەکردووەتەوە ( بەکارهێنانی شێوەی لەمێژینەی شێخ و مەلایان ؟)، و بڕ- ژمارە ٥ی ئەم پەراوێزانە .

٢- ئەم ئەفسانەیە لە دەزگای میر خۆیەوە سەری هەڵێناوە و دوایی نووسەرانی ساویلکەی وەك سەید حوسێن حوزنی موکریانی بڵاویان کردووەتەوە . نووسەری ئەم کتێبە لەوە زیرەکتر بووە لە باسی میری رواندزدا ئەو ئەفسانەیە بە ناوی مێژووی راستەقینە باس بکا، کەچی وا لێرەدا ویستوویە بۆ سەلماندنی دەورێکی گرنگی مفتی لە کوردستاندا بیقۆزێتەوە .

٣- ئەمە درۆ و دەلەسەو بوختانەو هیچی دی، ئەدمۆندز درۆ و دەلەسەی بۆ شێخ مەحموود خۆی هەڵبەستووە، وا ئەم دکتۆرەش - بەهۆی بڕوای تەواوی بە دوو سەرچاوە کوردەکەی - وێنەیەکی هەڵە، یەکجار زۆر هەڵە، بۆ شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود دەکێشێ .

٤- جەلال تاڵەبانی، بە گوێرەی قانوونی ئەوسای عیراق، بە تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ ماوەی سێ مانگ خزمەتی سەربازیی ئیحتیاتی کردووەو تەواو . قەت بۆ تاقە یەك دەقیقەش بە شەخسی خۆی فەرماندەیی تاقە یەك شەڕی نەکردووە، تەنانەت هەمیشە بەلای کەم نیو رۆژ رێی پیادە لە هەر شەڕێك دوور بووە کە پیاوەکانی کردوویانە ، زۆر دوور لە دنیای هەر زانستێکی سەربازی . جۆرەها نوکتەو قسەی پێکەنین لەوبوارەدا هەن . من چاوەڕوانیم لەم سەرچاوە رۆژئاواییە هەبوو کە بیکا بە مێجەرجەنەراڵ یا فیلدماریشاڵ یا بەلای هەرەکەم - وەك کەسانێکی تر - بیکا بە کۆلۆنێل ، نووسەر لێرەدا بێلوتفیی کردووە و هیچ روتبەیەکی نەداوەتێ .

٥ - ئەگەر مەبەستی نووسەر لە مەرکەزی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا ئەم خەون و خەیاڵەی سەرەوبن هەڵگێڕانەوەی راستیە . جەلالی شێخ حیسامەدینی تاڵەبانی، سڕینەوەی باسی هەرپێوەندیەکی بە ماڵە شێخانی تاڵەبانی ( کە بەگشتی بە پیاوی ئینگلیس ناسراون) و خۆ دامەزراندنی لە شاری سلێمانیی دوور لە مەڵبەندی تاڵەبانیەکان، بەردێکی بناغەی سەرکەوتنی بوو ( ئەویش وەك موکەررەم تاڵەبانی) لە پڕۆپاگەندەی خۆ بە چەپ پیشاندان و لە خۆ دوور خستنەوەی قسەی ئەوکەسان ولایەنانەی کە هەرتکیان بە پیاوی ئیمپریالیزمی ئینگلیس باس - کردوون . ( مەگەر مەبەستی ئەوە بووبێت کە ئینگلیس لە رێی شێخانی بنەماڵەکەیەوە پێیانگەیاندووە؟، بە هەرحاڵ مەبەستی لە من تەواو روون نیە ) .

٦- بڕوانە باسی موکەررەم لە پەراوێزی پێش ئەمەدا( ژمارە ٥) .

٧- باری جیاوازیش هـەبووە، بەڵام دیارە کورت بووە : " کۆمیتەی سـەرهەنگان "ی سـۆران ( لە ١٨٤٠ یا ١٨٤١دا) میری لێ‌نـەهاتووی لەسەرحوکم لادا و خستە زیندانەوە،و خۆی راستەوخۆ بە ئیدارەیەکی بەزیپکو-زاکوون و خۆشەویستی گەل دەوری دووساڵ و دوومانگ حوکمی کرد ، سەید حوسێن حوزنی موکریانی ناوی دەنێ سەردەمی " کۆماری رواندز " ( مێژووی میرانی سۆران) .


٨-کێشەو هەرای نێوان برادۆست و بارزان چ کاری بە تیوریی " رەقابەتی شێخانی لێك نزیك لەسەر مریدان " نەداوە . نە شێخی لۆلان ویستوویە بارزانیەکان بکات بە مریدی خۆی و نە شێخانی بارزان ویستوویانە مریدان بۆخۆیان لەوانەی شێخی لۆلان بکەنەوە .

٩- بـەڵام هیچ بەڵگەیەکی کە بتوانێ پێوەندیی ئەو دووانە بسەلمێنێ باس نـەکراوە . نەتیجەگیریی مەنتیقی مەگەر هەر دژی ئەوە بێت، ئەو دووانە لە چینی جیاواز و بیروباوەڕی جیاواز بوون . کـوردیش دەکرێ هەبێ کە دوای بیروباوەڕێکی لەوەی خزمانی جیاواز بکەوێ و،هیچ بەرژەوەندیکی خێزانی و پیلان و شتی وا دەکاری هەڵوێستیدا نەبێت . ئەو بەدبینیە بە کورد ،کەهەرچی بیکات دەبێ لە پیلانێکی‌کەڵەکچێتیەوە سەری‌هەڵدابێ، دەردێکی سەختی پارانۆیزمە . جا بەس نەبوو نووسەر نەیزانیوە کە خانمێکی نەقشبەندی تاجی جوانیی خانمانی کۆماری عیراقی کردووەتە سەرو چووە بووە بە ناودێری شاژنی جوانیی خانمانی دنیا ،ئەینا کێ دەڵێ ئەوەشی لە شێخانی نەقشبەندی نەدەکرد بە شتێك (دەستیان لە مافیای کازینۆ و نازانم چیەکانی جیهاندا کە جائیزە و مائیزەو ئەو شتانە! لەپشت پەردەوە رێکدەخەن ) .

پادشای‌عیراق و نووری سەعیدمریدی هیچ شێخێك نەبوون،پادشا بۆخۆی کۆشکێکی لەهاوینەهەوار دروست - کردبوو کە هاوینانە وادەبوو دەچوو چەند رۆژێکی لێ دەمایەوە، هاوینەهەوارەکە بە رێکەوت لەو مەڵبەندە بوو کە ئەم شێخەش لەوێ پیاوێکی ناوداری ئاینی و خاوەن مڵکی زۆر بوو و تەواو .


# پاشکۆ

Table I    Branches of the Berzencî family mentioned in the text




Arrows indicate transmission of the tariqa (initiation and/or succession), straight lines genealogical links

جەدوەلی ژمارە ١ :  لقی داری نەژادی ماڵی بەرزنجیی کە لەم نووسینەدا ناویان هاتووە




رەمز: ¦ چەند (نۆیەم) پشت؛ | پشتێکی نەژادی ؛ ــــ برا؛ ← ئیجازەی تەریقەت لە.بۆ.. ؛ ( ) بڕ- تێبینیی ژمارە ؛ Δ پیاو؛ ♀ ژن ؛

## تێبینیەکانی جەدوەلی ژمارە ١ :

(١) ئەمە ئەوەیە کە لە سیلسیلەی سەیدوەفا سەلامیدا هەیە .

(٢) ئەحمەدی سەردار تەریقەتی نەقشبەندیی لە مەولانا خالید وەرگرتووەو خۆی بووە بە شێخێکی نەقشبەندیی رابەر .

(٣) حاجی شێخ عوسمان ئیجازەی ئیرشادی نەقشبەندیی لە قادری سوور وەرگرتووە کە دوورەخزمێکی بووە .

(٤) هەرچەندە شێخ عەبدولکەریم (ی سەرگەڵوو) خۆی هەر بە نەقشبەندی ناودەبا، بەڵام ئەوەندە رەفتاری

جیاوازی داهێناوه که پیاو دەکرێ باس لە تەریقەتێك یا مەزهەبێکی نوێ بکا. بە تابیعەکانی دەگوترێ "هـەقـە". چەندین رەفتاریان هەبوون کە هەم لای مسوڵمانی سوننیی دەوروبەریان و هەم لای ئیدارەی ئینگلیسیش وەك یەك، بە پەست و نەنگ سەیرکراون: ژن و پیاویان دیتراون پێکەوە کەوتوونـە حەوزی مزگەوتی دێوە، تەنانەت سەگیشیان لەگەڵ خۆیاندا خستووەتە ئاوەکەوە (لووتکەی ناپاکی!) و شتی تری لەوبابەتە (بڕ- ئەدمۆندز(١٩٥٧): ٢٠٤-٢٠٦). ساڵی ١٩٤٤ مامە رەزا Mame Riza ی جێگرەوەی گیراو ناردرا شوێنێك لەباشووریعیراق زیندانیکرا. (بەقسەی ئەدمۆندز) بە سەدان، یا (بەقسەی عەلی عەسـکەریی ئامۆزای مامە رەزا) ١٢هەزار جووتیاری هـەقـە لە دێهاتیان رۆیشتن و خۆیان گـەیاندە لای رابەرەکەیان. کاربەدەستان بەوە ناچارکران شێخ بهێننەوە کوردسـتان و لە سلێمانی ئیقامەی جەبری کرا، کە تابیعانی دەیانتوانی بەهاسانی بچنە زیارەتی. ئەدمۆندز دەڵێ گرتنەکەی مامە رەزا بەهۆی سەهویەکی سادەی ئیداری بووە. بەڵام عەلی عەسکەری حەزی دەکرد ئەوە روون بکاتەوە کە لەسەر یارمەتیدانی مەلا مستەفای بارزانی بووە، کە بارزانی تازە لە ئیقامەی جەبری لە سلێمانی رایکردبوو و خۆی گـەیاندبووەوە بارزان و لەوێوە رابەریی یاخی بوونێکی نوێی کرد لە حکومەت، مامە رەزا پەنجا پیاوی ناردووەتە بـارزان بۆ یارمەتیی مەلامستەفا.

مەزهەبی هەقە ئێستاش هەیە، خەلیفەیەکی مامە رەزا: حەمەسوور دەستی بەسەر سەرۆکایەتیدا گرتووە. کاری زەوی بەتێکڕاییە. لە هەموو شتدا، لە ژنیشدا، شەریکن((X)).

حەمەسوور خۆی، وادیارە تاقە کسێکە کە لەم "کۆمەڵگای یەکسانی"یەدا لەوانی تر یەکسانترە!: پارەی زۆری بەدەستەو،هەرچەندە ساڵانی تەمەنی بە حـەفتاکان گەیشتووە ئێستاش- وەك خەڵك((XX)) دەڵێن- مافی شەوی یەکەمی بەژن بوونی هەموو کچانی دێی بۆخۆی دابڕیوە.

---

« تێبینیی وەرگێڕ ((X)): خەت بەژێرداکێشانەکە لە منەوە. نووسەر قسەکەی ناداتە پاڵ هیچ سەرچاوەیەك و هیچ بەڵگەیەکی تریشی نـەهێناوەتەوە، کە ئەوە قسەکەی بەهیچ لێ دەکا. ئەگەر ژن لە کۆمەڵگایەکدا مافی یەکسانی لەگەڵ پیاودا هەبێ ماناى ئەوەنیە کە سەرمایەیەکی دارایی پیاوانە کە تێدا شەریك بن، ئەوەندە بێ باکی لە فڕێ دانی قسەدا حەقەن بەڵگەی رەوشتی بەرزی زانستی نیە. ((XX)): ئەو "خەڵك"ـەی وا دەڵێن کێن؟ چەند و چ جۆرە "خەڵك" ێك و لەکوێ؟، ئەمە دیسا قسە فڕێ دانی درشت و گۆترەکاری و زۆر بێ باکانەیە - وەرگێڕ)).

(٥) عەلی عەسکەری و باوکی، شێخ نین . عەلی عەسکەری، رابەرێکی پێشمەرگەیە و سیاسیەکی نەتەوەیی ناسراوە . ئێستا ( ١٩٧٧ ) گرنگترین ( ؟!- وەرگێڕ) رابەری پێشمەرگەیە لەم شەڕەی کە لەگەڵ حکومەتی عیراقدا دەستی دراوەتێ .

(٦) ئەحمەدی خانەقا لە ساڵانی ١٩٢٠دا شەخسیەتی کوردی رابەری شاری کەرکووك بوو، و ( وێڕای تاڵەبانیەکان) رەقیبی سەرەکیی شێخ مەحموودی خزمی بوو بۆ دەسەڵات بەسەر کوردستانی باشووردا. ساڵی١٩٢٣ بەگەرمی کەوتبووە پرۆپاگەندەکردن بۆ تورکان لەناو کورداندا، رەنگە ئینگلیس لەبەرئەوە شێخ مەحموودی رەقیبیان بۆ دژایەتیی تورکیا هێنابێتەوە . بەگرتنی ( لەلایەن خودی ئەدمۆندزەوە)، دەسەڵاتی تورکان لە لیوای کەرکووکدا زۆر لێ درا ( بڕ- ئەدمۆندز (١٩٥٧) : چەند شوێن ) .

(٧) شێخ عەبدولکەریمی کرپچنە (عیراق) رەنگە ئەمڕۆ دەستڕۆیشتووترین شێخی قادری بێ لە کوردستاندا : زۆر خەلیفەی لەکوردستانیعیراق هەن، من لە مهابادو بانەو سنە سەرم لێ دان . لە ساڵانی دوایی شەڕی کوردی عیراق ( ئەگەر ئاگاداریەکەم باش بێ، لە ١٩٦٦ـەوە) لایەنی حکومەتیگرت لەدژی بارزانی .

(٨) کاتێ ریچ سەری لە سلێمانی داوە(١٨٢٠)، مارفی نۆدێ شێخی رابەری بەرزنجی بووە . لەگەڵ " ulama عولەما" دا پیلانی بۆ مەولاناخالید ناوەتەوە . لەوەتای مەولاناخالید لە سلێمانی رۆیشتووە، بەرەی مارفی نۆدێ رابەری سەرەکیی دین و ( لەدوای رووخانی ئەمارەتی بابانەوە) سیاسەتیش بوون لە شارەکەو دەوروبەریدا .

(٩) کاك ئەحمەدی شێخ، ناوبانگی موعجیزاتی زۆر رۆیشتووە . هەرچەندە لەگەڵ مەولاناخالیدیشدا زۆر نارێك بووە ( هەندێ نەقشبەندی دەڵێن تەنانەت ،بە هاندانی باوکی، هەوڵی داوە مەولاناخالید بکوژێ) . دیسا هەر نێوانی لەگەڵ جێگرەوەی سەرەکیی مەولاناخالید( شێخ عوسمانی بیارە)دا زۆر خۆش کردووە، تەریقە - تیشیان لەیەکتر وەرگرتووە . ( ئەدمۆندز (١٩٥٧) : ٧٤-٧٥) .

(١٠) بۆ باسی شێخ مەحموودی کە خۆی کرد بە پادشای کوردستان، بڕ- لاپەڕە ٤٤-٤٥ و ئەم سەرچاوانە : ئەدمۆندز( ١٩٥٧)، لیس Lees (١٩٢٨)، ئێلفنستۆن Elphinstone (١٩٤٨)، رامبوو Rambout ( ١٩٤٧)، جوەیدە Jwaideh (١٩٦٩) .

(١١) شێخ باباسەعید لە تۆرەمەی کاك ئەحمەد بووە، یا خزمێکی دوورتری بووەو پێوەندیەکی رووحیی لەگەڵدا هەبووە . لە عیراقەوە چووە لە دێی غەوسابادی نزیکی مهاباد ( کوردستانی ئێران ) دامەزراوە . لە ناوی

دێیەکەوە پیاو دەڵێ دەبێ ئەویش ناوبانگی بە غەوس ڕۆیشتبێ .

لێهمان- هاوپت ساڵی ۱۸۹۸ لە مهاباد دیتوویە و، نووسیویە دەڵێ هەشت هەزار تابیعـێکی هەبووە . لە ورمێ لە بڵاوکەرەوەکانی مەسیحیەتی بیستووە کە، شێخ باباسەعیدوکەس وکاری بەدزی بوونە مەسیحی، هەرچەندە بە رواڵـەت هـەر مسوڵمان بوون و پێرەویان لە تەریقەتی قادری کردووە( لێهمان - هاوپت، ۱ : ۲۳۲-۲۷۲) .

بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت بە ئازادی چوونە ئەو دێهاتەی بەردەسەڵاتی شێخ بابا و دواتر - ئەوانە تەوژمیان زۆر بۆ هێناوە - مەسیحیەتەکەی ئاشکراکردووە . لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا ،عەسکەری تورك مهابادیان گرتووەوکە بە دینگۆڕینی شێخیان بیستووە بانگیانکردووەو پێیانگوتووە مەسیحیەتەکەی هەڵوەشێنێتەوە، شێخ بەقسەی نەکردوون وئەوانیشکوشتوویانە . ئیتر براکەی (نەجمەدین) جێی گرتووەتەوە(بەگوێرەی Coan کۆن) . حەسەن ی کوڕی نەجمەدین لەم دواییانەدا مرد ، کوڕێکی ( نەجمەدینی دووەم) جێی گرتەوەو ئێستاش هەر لە غەوساباد دەژی . تابیعانی ئەم ماڵە زۆرتر لە عەشیرەتی مامەشن کە زۆربەیان بە ڕێکوپێکی سەرلە غەوساباد دەدەن . من برایەکی ئەم شێخەی ئێستام لە مهاباد دیت، کە خانەقایەکی تابیعانی غەوسابادی لێیەو چەندین جار سەرم لێدا . کۆبوونەوەی دەروێشانی ئەم خانەقایەش لە ئەساسدا لەوەی خانەقاکانی تر جیا نیە . چ لەو خانەقایەو چ لە خانەقای تری قادریان لە شاردا ، قەت لە کەسم نەبیست ئاماژە بە دینگۆ-ڕینی شێخ بابا بکات . وادیارە دیسان کراوەتەوە بەو پیاوە پیرۆزەو تەنانەت شەقامێکیش(یا کووچەیەك)ی بەناوکراوە . ((X))

---


« تێبینیی وەرگێڕ ((X)) : ئەوە سەرنج رادەکێشێ کە نووسەر( ی ئەومندە گوێ قوڵاغ بۆ نهێنیەکانی سیاسەت ) باسی ئەوە لێرەدا ناکا کە کورد خۆیان دەڵێن شێخ بابا لەسەر کوردایەتی ( هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی سـەربەخۆی کوردستان بە یارمەتیی رووسان) کوژراوە » . نووسەر " بۆ کوردستان"ی هەژاری هەیە کە تێدا نووسراوە :

« گیانی خۆی داوە بە تۆ شێخ بابا      باوی شادی بوو ئەگەر ئەو مابا

شێخ بابا شێخی غەوسابات بووە، سەرۆکی کۆمەڵێك بووە کە گفتیان لە رووسیای قەیسەری وەرگرتووە ئیستیقلال بدا بە کوردستان و ئەوانیش دژی تورکان شەڕ بکەن.. تورکان بەو تۆمەتە دەگەڵ حەمەحوسێن خانی سـەردارو سـەیفەدین خانی سەقزی ئیعدامیان کردووە » - بۆ کوردستان ل۹۸ ( بە دەستکاریی ڕێنووس لە منەوە) . »

Table II **The Sadatê Nehrî and the shaikhs of Barzan**

(only those branches that are mentioned in the text)





(S. = Seyyid)

## جەدوەلی ژمارە ٢ : ساداتی نەهری و شێخانی بارزان


( هەر ئەو لقانەی کە لە نووسینەکەدا ناویان هاتووە )

### ساداتی نەهری




---

ساداتی نەهری　　　　شێخانی بارزان



تێبینیەکانی جەدوەلی ژمارە ٢ :

(١) شێخ سەیدعەبدوڵڵا مورشیدی مەولاناخالید بوو لە تەریقەتی قادریدا، دوایی خۆی و براکانی تەریقەتی نەقشبەندییان لە مەولاناخالید وەرگرت و، لەوساوە خۆی و جێگرەوەکانی پێڕەویان تەنیا لە تەریقەتی نەقشبەندی کردووە. هەر لەوسەروبەندەدا بوو کە ماڵیان بردە نەهری ( دێی سەرەکیی ناوچەی شەمدینان، کە ئیتر هەر بەو ناوەش ناسران. ئەو ماڵە بەچەندین سەدە هەر لە ناوەندی کوردستان بوون : ئەفسانە هەن دەربارەی ئەسڵیان کە لە عەبدولعەزیزی کوڕی عەبدولقادری گەیلانین، کە لە بەغداوە هاتووەتە ئاکرێ و کوڕەکەی ( ئەبوبەکر) خۆی لە هەکاری دامەزراندووە ( نیکیتین (١٩٥٦) : ٢١٢) .

(٢) شێخ عوبەیدوڵڵا ئەو کەسە بوو کە ڕاپەڕینی گەورەی نەتەوەیی ڕابەریکرد ( بڕ- ل ١٠٣- ١٠٤ ) .

لە یەکەم روانینەوە وێ ناچێ ئەم راپەڕینە نەتەوەییە لەوەکانی پێش ئەوە، وەك ئەوەی ساڵی ١٨٨٠ ی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ( بڕ- ل ١٠٣-١٠٤)، جیاواز بێتە بەرچاو. بەڵام کە پتری لیٚ وردبینەوە دەبینین : شتی وا لێرەدا هەبوون کە لەوانی پێشووتردا نەبوون. ئەم راپەڕینە لەلایەن رێکخراوێکی سیاسیەوە ئامادەکرابوو، ئەو رێکخراوە شەخسیەتی بەبرستی شێخ سەعیدی بۆ خاتری بزواندنی جەماوەر بەکارهێنابوو، کە خۆی ئەو جەماوەرەی بەدەستەوە نەبوو. هەرچەندە بەهەرحاڵ، شێخ سەعید ئەوە نەبوو کە هەر بەناو رابەر بێ، زۆر لەوە پتر بوو و فەرماندەیی یەکەمی شەڕی خستبووە دەستی خۆیەوە. نێوانیان لەوەدا لەوەی پارتی دیموکراتی کورد- ستان و بارزانیی دەکرد ( بارزانی خۆی شێخ نەبوو بەڵام لە ماڵە شێخان بوو). بەزۆری بەهۆی پارتیەك و بڵاو- کردنەوەی پڕۆپاگەندەی سیاسیەوە بوو کە ئەو ( دوو ) بزووتنەوانە لەوەدا وەك ئەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەبوون بە رۆیشتنی رابەر ببڕێنەوە. شێخ سەعید دوومانگ دوای دەستپێکردنی راپەڕینەکە گیرا و چەند مانگێك دوای ئەوە لەقەنارەدرا، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدا بوون چەن ساڵێك دوای ئەوەش هەر بەردەوام بوون. راپەڕینی ئاراراتیش ( کە لە ١٩٢٩-١٩٣٠دا گەیشتە ئەوپەڕی) لەڕاستیدا هەر درێژە پێدانی راپەڕینەکەی شێخ سەعید بوو.

بە بیروڕای من، بە راپەڕینی شێخ سەعید قۆناغێکی نوێ لەمێژووی نەتەوایەتیی کورددا دەست پێ‌کرا، ئەو قۆناغەی کە کوردی ئێستاش هەر تێدان. لەبەرئەوەی ئەو راپەڕینە نموونەی دەوری ئاغا و شێخ و دەوڵەتیش دەخاتە بەرچاو، فەسڵی دواییم بۆ ئەوە تەرخان کرد(١). بەڵام دەبێ جارێ زەمینەیەکی روون بکرێتەوە.

### تێبینیەك دەربارەی سەرچاوەکانی ئەم فەسڵە

سەرچاوەکانی لقی یەکەمی ئەم فەسڵە، یەکەم قۆناغەکانی " نەتەوایەتی"ی کورد، لە فەسڵەکانی پێشووتردا باس-


کراون و پێویست ناکا باسیان بکەینەوە . لقی دووەم لەسەر بنچینەی سەرچاوە سەرەکیەکانی مێژووی تورکە : لیویس (١٩٦١) ؛ شۆ و شۆ ( ١٩٧٧) ؛ ئاوچیئۆغلو، میللی کورتولوش تاریهی ؛ و نووسینەکانی ئایدەمیر؛ ئەگەر سەرچاوەی تر بەکارهاتبێ لەجێی خۆیدا ئاماژەی پێکراوە . ئەوەی ترم لەسەر بنچینەی ئەو قسانەی کە ژمارەیەك خەڵك بۆیان گێڕاومەتەوەو ،خوێندنەوەی زۆربەی ئەو سەرچاوە نووسراوانەش کە وەگیردێن، نووسیوە . من لە مەرکەزی ناوچەی ڕاپەڕینەکەدا نەماومەوە، بەڵام لە شوێنی تر ( باشووری ئەو ناوچانە) لەگەڵ کەسانێکی بەتەمەندا قسەمکردووەو ژمارەیەك خەڵکیشم لەوانە دیوە کە دوای ڕاپەڕینەکە ڕایانکردووەتە سووریا . زۆرتری باسەکان بایەخیان کەم بوو . ڕاپەڕینەکە بە یەکێك لە فەسڵە گەورەکانی مێژووی کورد دادەنرێ و، ئەوانەی باسیان دەکرد هەر جارە چیرۆکەکەیان سەرلەنوێ ئەوەندە جیاواز دەڕازاندەوە، کە کاری دۆزینەوەی ئەسڵی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانیان زۆر وە زەحمەت دەخست . من زانیاریی سەرەکیم لەم کەسانە وەرگرت(کە هەموو لە سووریا دەژین ) و هەموو لە مەرکەزێکدا بوون کەم تا زۆر باری ڕاستی ببیەن ( و لای کوردان بە سەرچاوەی ئاگادار دەژمێردرێن ) :

مەلا حەسەن هشیار :

لە کاتی دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکەدا تەمەنی بیست ساڵ بووە، ئەفسەر(ملازم، ستوان ) بووە لە لەشکری تورکیادا لە سیلڤان ( مەیافەرقین) . خزمایەتیەکی لەگەڵ شێخ سەعیددا هەیە و لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا هەر لە نزیکی شێخ بووە . لەدوای گرتنی شێخیشدا یەکێك بووە لەوانەی کە شەڕی پێشمەرگەییان درێژە پێ داوە، تابرێندار بووەو گیراوە (١٩٢٧) . دوای بەخشینی ١٩٢٨بەردراوە . هەر لەوساڵەدا بە بیستنی ئەوە کە ڕاپەڕین لە ئارارات هەبووە چووەتە ئەوێ و، لەوێ شەڕی کردووە تا ئەو ڕاپەڕینەش لەناوچووە . ئەوجا سەردەمێك خۆی لە تورکیادا شاردووەتەوەو دوایی هاتووەتە ئەم سووریایە . ئەو، دەوری مەرکەزی شێخ سەعید تەنانەت لە سەرچاوەکانی تریش بە پتر باس‌دەکا، هەرچەندە دڵسۆزیی شێخ بۆمەسەلەی ئاین ئینکار ناکا ،دەڵێ " نەتەوایەتی"بوو کە بە ڕادەی یەکەم شێخی هاندابوو و ڕووی ئاینیی کردبووە ئامرازێك بۆ خزمەت کردنی نەتەوایەتی .

مەمدووح سەلیم :

بەئەسڵ خەڵکی " وان "ـە . ساڵی ١٩١٢ لە دامەزرێنەرانی یەکێتی خوێندکارانی کورد " هێڤی" بووە . لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا ئەفسەر بووە لە ئەرزەرۆم . دوای ئاگربەس، لە ئەستەمبوڵ لەناو



مەلاحسەن هشیار

کۆڕوکۆمەڵە نەتەوەییەکانداسەری هەڵێناوەتەوە، کە ڕۆژنامەنووسێکی زۆر دیاربووە . وێدەچێ ڕاستەوخۆ لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیددا نەبووبێ، هەرچەندە پێوەندییشی بە" ئازادی" یەوە هەبووە . ساڵی ١٩٢٧ لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی" خۆیبوون "ی کورد( بارەگاکانی لە سووریا) و لە نەخشەدانەرانی ڕاپەڕینی ئارارات بووە . لە باسی دەوری شەخسی خۆی ئەوپەڕی خۆی دەبوارد، بەڵام زانیاریی بەکەڵکی دەربارەی شتی کەمتر شەخسیی دامێ . وادیاربوو زۆر باش ئاگادار بوو .

شێخ محەمەد عیسا سەیدا :

لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا منداڵ بووە . باوکی، شێخێکی لە عەشیرەتی جبران و بەشداری ڕاپەڕینەکە بووە . کاتێك کە باوکی لە دەرەوە بووە، لەگەڵ دایکیدا سەردەمێك خراونە زیندانەوە . دوایی، لەبەرئەوە کە دایکی کورد نەبووە، چەرکەس بووە،بەردراون . ساڵی ١٩٢٩ ڕایانکردووەتە سووریا . پیاوی عەشیرەت لە تورکیاوە زۆر سەری دەدەن و زانیاریی دەربارەی ڕاپەڕینەکە لە ڕێی ئەوانەوەیە .

عارف بەگ :

کوردێکی زازای خەڵکی" مادەن "ـە . ساڵی ١٩٢٥ کارمەندێکی دەوڵەت بووە لە دیاربەکر، ئەندازیاری کشتوکاڵ بووە،و زانیاریەکی دەربارەی هەلومەرجی ئەوسەروبەندەی دێهاتی پێدەشتەکانی هەبوو.

لە سەرچاوەی نووسراویش، ئەمانە جێ‌سەرنج بوون :

زنار سیلۆپی Zinnar Silopi، دۆزا کوردستان :

" سیلۆپی" ناوی نهێنیی " قەدری جەمیل پاشا" یە، کە ئەندامێکی ڕابەرایەتیی" کورد تەعالی جەمعیەتی"ی دیاربەکر بووە .

م . شەریف فرات، دۆغو ئیللەری وە ڤارتۆ تاریهی :

فرات لە ماڵی سەرۆکانی عەشیرەتی خۆرمەك بوو،کە بە توندی دژی ڕاپەڕینەکە بوون . نووسەر دەیەوێ لەم کتێبە سەیرەیدا ئیسباتی بکا کە کورد لەڕاستیدا هەموو تورکن و کە عەشیرەتە عەلەویەکان و بە تایبەتی عەشیرەتەکەی خۆی ( خۆرمەك کوردی عەلەوین ) هەمیشە پارێزگارانی دڵسۆزی کۆماری تورکیا بوون، و هەموو کوردە نەتەوەییەکانی بە خاین ناوبردووە . بەڵام دیسا، ئەو کتێبە هەر سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ باسی ڕووداوانی بەری باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی یاخی‌بوونەکە . نووسەر، کە مامۆستای خوێندگە بووە، باسێك دەگێڕێتەوە وێدەچێ ڕاست بێ . ( ئەم کتێبە مێژوویەکی خۆشی هەیە . دوای ئەوە کە یەکەم جار،ساڵی ١٩٤٥، دەرچوو، نووسەرەکەی لەسەر کوژرا . دوای کۆدێتای ١٩٦٠، سەرەك‌کۆمارو سەرەك‌وەزیران " گورسێل" ی کە هێرشێکی بۆ سەر نەتەوایەتیی کورد مل لێ نا، کتێبەکەی بە وەزارەتی پەروەردە( خوێندن) چاپ کردەوەو خۆی پێشەکیەکی پێ‌هەڵگوتنی بۆ نووسی و نووسەرەکەی بە میسالیەکی گەورە هەڵنا . چاپی سێیەمی، ساڵی ١٩٧٠ لە ئەنقەرە دەرچوو ) .

م . نووری دەرسیمی، کوردستان تاریهندە دەرسیم ( دەرسیم دە تاریخی کوردستاندا) :

دەرسیمی بەیتارێکی لاو بوو، ئەندامی" کوردستان تەعالی جەمعیەتی"بوو، دەورێکی چالاکی لە ڕاپەڕینی " کۆچگیری"دا هەبوو و لەنزیکەوە زنجیرەیەك ڕووداوی بەدوای ئەوەیدا دیتوون . باسی ڕاپەڕینی شێخ سەعید بە شێوەیەك دەکا کە لەوەدەکا زۆر لەسەر بنچینەی قسەکانی فرات بێت .

لە سەرچاوەکانی تری ئەو سەردەمانەی کوردان، ئەمانە شایانی ئەوەن ئاماژەیان پێ بکرێ - وێڕای تەبیعەتی

پڕۆپاگەندەییشیان :

ــ س . بەدرخان، مەسەلەی کوردستان لە دژی تورکیا . فیلادلفیا،١٩٢٨، ( بە ئینگلیسی) .

ــ بێ ناو، کوشتاری کوردان لە تورکیا . بڵاوکراوەی کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد " خۆیبوون" . قاهیرە،١٩٢٨. ( بە فەرەنسی) .

ــ دکتۆر بلەچ شێرکۆ، مەسەلەی کورد، ریشەکانی و هۆیەکانی . قاهیرە، ١٩٣٠، ( بە فەرەنسی ) .

هەر سێ نامیلکە بە سەرپەرشتیی خۆیبوون بڵاوکراونەوە و بیروڕای ئەم رێکخراوە دوور- وڵاتە پیشان دەدەن . بەهەرحاڵ نووسەرانیان لە ١٩١٨-١٩٢١دا لە ئەستەمبووڵ چالاك بوون و زانیاریەکەیان راستەوخۆیە . هەرلەو مەسەلەیەی راپەڕینی شێخ سەعیددا، ئەو پەنابەرانەی دارڕژاونە سووریاشەوە، زانیاریەکی زۆر چاکیان داونێ . زانیاریی تری بەکەڵکم لە پەروەندەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس لە لەندەن ( Public Records Office ئیدارەی تۆماری گشتی )دا بەدەستکەوت .

لە سەرچاوە تورکیەکان، رۆژنامەکان جێسەرنجن، باری سەرنجی رەسمی(ی دەوڵەت)یان پیشانداوە کەبەدەگمەن لە هیچ کوێی تردا دەستبکەوێ . من سەیری ژمارەکانی رۆژنامەی "جمهوریەت"ی ساڵی ١٩٢٥م کردن . نووسینی" ئایدەمیر" و" ئاوچی‌ئۆغلوAvcıoğlu" هەندێ زانیاریی وا دەەن کە بەهاسانی لە شوێنی تر وەدەست- ناکەون . کتێبێکی گرنگی کە رەنگە پێوەندی بەم باسەی ئێرەوە هەبێ : بەهچەت جەمال، شێخ سەعیدعسیانی ( ئەستەمبووڵ، ١٩٥٥)، نەمتوانی پەیدابکەم . کتێبی تری کەمترگرنگ، زۆرم بەکاربردوون و لە شوێنی خۆیاندا لە پەراوێزدا ئاماژەم پێ کردوون .

## ٢- مێژووی هۆشی نەتەوایەتیی کورد

نەتەوایەتیی کورد لەم زۆردواییانەدا شکڵی هێزێکی گرنگی وەخۆگرتووە . ئەمە مانای ئەوە نیە بەرلەوە هەستێکی نەتەوایەتی لە کورداندا نەبووە . جیاوازیی زمانیان لەوانی تر ئاشکراو لەبەرچاو بووە و نیشانەی تریش لە زۆر زووەوە هەن کە دەریدەخەن کورد خۆیان پێ لە تورك و عارەب و فارسان جیاوازبووە ( خۆهاوسێ نامسوڵمانەکانیان ئەوە هەرهیچ ) . شاعیری سەدەی حەڤدەی کورد ئەحمەدی خانی، لە دیباچەی مەم و زیندا لە ژێر سەردێڕی"دەردێ مە"دا، شین بۆ دابەش بوون و یەك نەبوونی کوردان دەگێڕێ ،کە کردوونیەتە ژێردەستەی عوسمانی و سەفەویان، یا ئیمپراتۆریەکانی پێشوو . ئاواتی خانی ئەوەبووە پادشایەك لەناو کوردان هەڵکەوێ :

" هەر ئەگەر ڕێك بووینایە

بە قسەی یەکێك لەخۆمان بکردایە

تورك و عارەب و فارسانی هەموو

دەکردنە خولام

ئاین و دەوڵەتی خۆمان تەواودەکردن

و خۆمان بە فێربوون و ژیری پەروەردە دەکرد..." *

خانی لەکوردستاندا زۆرخوێندراوەتەوەو ئێستاش هەر وایە . مەلا نووسیویانەتەوەو بڵاویان کردووەتەوە، فەقێ لەگەڵ سوورەتی قورئان و حافزو سەعدی و چیی تردا لەبەریان کردووە . مەم و زین لە دنیادا بە حەماسەی نەتەوایەتییکوردان دادەنرێ . کەواتە دەبێ شینی خانی ئاوێنەی هەستی خوێندەوارانی کوردی چەند سەدەی

---

* کوردیەکە :

Ger dê hebuwa me îttîfaqek,
Vêkra bikira me înqiyadek,
Rom û Ereb û Ecem temamî
Hemeyan ji me ra dikir xulamî.
Tekmîl dikir me dîn û dewlet,
Teshîl dikir me îlm û hîkmet.

مەم و زین لەم دواییانەدا لەلایەن"م . بۆزەرسلان"ـەوە بە تیپی لاتینی و بە وەگێڕاوی تورکییشەوە بڵاوکرایەوە . چەند بەیتێکی بەشی " دەردێ مە" ،بەهەرحاڵ لەبەر حەساسیەتی سانسۆری تورك، چاپ نەکرابوو .

رابردوو بێ . هەرچەندە رەنگە زۆرکەسی تریش بۆ بەرزی و شکۆی کورد هاوئاواتی خانی بووبن، بەڵام ئەگەر پیاو بڵێ قەت ئەوە بووبێتە هۆی یەکێتی کوردان لەبەرامبەر غەیرەدا بەسەهو چووە . ئەوە قەت نەیتوانیوە ئاغای رەقیبی یەکتر وا لێ بکا دەست لە لایەنگریی بێگانە لەدژی میللەتی خۆیان هەڵبگرن، قەت یەکێتیی کوردانی لەبەرامبەر بێگانەی دوژمندا پێك نەهێناوە . لە راستیدا، گلەیی و هاواری خانیش هەر لەدەست ئەوەیە . هەر تەنیا پادشایەکی بەهێز دەتوانێ پێش بە شەڕی خۆبەخۆی کوردان بگرێ، لە حوکمی بێگانەیان رزگار بکا و پێشکەوتن و ژیانی خۆشیان بۆ بهێنێ . بەڵام فکرەیەکی وا لە خانی نابینین کە بتوانێ ببێتە هەوێنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری . خانی مەبەستی میسالیی رووتی وەك ئەوەی ئەڤین و پێوەندی بە نەتەوەی باس نەکردووە . رابەری بەهێزو ژێر گرنگیی هەر شتێکی تری داپۆشیوە . لە راستیشدا، تا ساڵی ١٩٢٠، پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵك لەبزووتنەوەکانی رەوتی (کەم تا زۆر) نەتەوەیی، زۆرتر بەهۆی پێوەندی بە رابەرەکانەوە بووە تاوەکو بە ئەڤینی نەتەوایەتیەوە . لەوساوە، نەتەوایەتی بووەتە هێزێکی هاندەری زۆرگرنگ، بەڵام دیسا، زۆرتر هەروایە کورد دوای ئەم رابەر یا ئەو رابەر دەکەوێ و بەرژەوەندەکانی نەتەوایەتیان بەقوربان دەکا .

## دەورانی نەتەوایەتی

دەورانی بزووتنەوەکانی (یەکەم شکڵی سەرەتایی-) نەتەوەیی، بەهاسانی لەبەرچاو دیارن . دەوری یەکەم ئەوەبوو کە فەرمانڕەوایانی ناوچەییی دەیانویست خۆ لە دەوڵەتی مەرکەزی سەربەخۆیکەن، رۆژگاری زێڕینی کە بیر لەوە بوو لە رابردوودا بووبێ بژێننەوە،یا نەهێڵن حکومەت لە هەوڵی سەپاندنی مەرکەزیەتی پترەدا سەربکەوێ . پیاو گومان لەوەدەکا ناوی" نەتەوەیی" بۆ ئەو بزووتنەوانە بشێ،ئەوانە بەشێك بوون لە باری سیاسەت لەسەرسنووری ئیمپراتۆرییان . هەندێك لەو فەرمانڕەوا ناوچەییانە، بەهەرحاڵ، بەئاشکرا خۆیان پێ ئەو جۆرە پادشا کوردە بووە کە ئەحمەدی خانی ویستوویەتی . وێنەی هەرە ئاشکرای ئەوە، ئەوەبوو کە بەدرخان بەگ دەیویست حوکمی نزیکەی سەربەخۆی قەڵەمڕەویەکی زۆربەرینترکراو بکا، کە لەبەرامبەر دەسەڵات پەیداکردنی ئەوروپاییان لە کوردستانداوهەوڵی کورتکردنەوەی دەستی دەسەڵاتی لەلایەن عوسمانیانەوە هاتە کایەوە(بڕ- فەسڵی٣- لقی١١). بە رووخانی ئەمارەتەکان ئەم دەورە بەسەرچوو و دەوری دووەم دەستی پێکرد، هەرچەندە عونسوری کاردانەوە لەبەرامبەر هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی مەرکەزیدا لە بزووتنەوەکانی دوای ئەوەشدا هەر هەبوو . ئێمە پێشتر ئەم دەوری دووەمەمان باسکرد (فەسڵی چوارەم - لقی ٨) گوتمان شێخ بوونە رابەرانی سیاسەت . هەلومەرجی ئەم

دەورەیە بۆ پەیدابوونی مەهدیەت لەباربوون و دیارە دەبوو شێخ دەوری مەهدی ببینن . شێخانی بارزان و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، جووتیارانێکی زۆری رەشوڕووتیان تابیع بوو ،چاویان لەوەبوو بیانخەنە دنیایەکی نوێ و باشترەوە . رەنگە راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا " پەتیترین" وێنەی ئەم بارە بێ لە نەتەوایەتیی کورددا ؛ شێخ خۆی مەبەستی نەتەوەیی هەبوو ،وەك لەو نامانەیدا کە بۆ بڵاوکەرەوەکانیمەسیحیەتی نووسیون بەئاشکرا باس-کردووە . دەیویست کوردستانێکی ئۆتۆنۆم ( ؟ - وەرگێڕ) ( و لەسەرەنجامدا تەواو سەربەخۆ ) دابمەزرێنێ، و خەریکی ئەوەبوو یارمەتیی دەرەوە وەدەست بخات و نەخشەی ستراتیجیەتی " هەنگاو بە هەنگاو" ی کێشابوو . مەبەستی " نەتەوەیی" ی شێخ عوبەیدوڵڵا و نەخشە " عەقڵی" یەکانی ( کە لەوانەیە ئاغا عەشیرەتیەکانی رەگەڵیدا لەوەدا هاوبیری بووبن )، بەپێچەوانەی رووحی ناعەقڵیی جەماوەری تابیعانی بوو . ئەو تابیعانە، ئەوەندەی شەیدای شەخسیەتی خودی شێخ بوون و ، ئەوەندەی بەتەمابوون کە بە رابەریی ئەو بە تاقەیەكهەڵمەت چەوسانەوەو هەژاری لەناوبەرن و دنیایەکی نوێ بهێننە کایەوە، ئەوەندە هۆگری نەتەوایەتی نەبوون . ئەگەر دوو هەڵوێستی " سیحری" و " عەقڵی" بۆ گەیشتنە مەبەست بەرامبەربەیەك رابگرین، دەکرێ بڵێین هەڵوێستی بەشدارانی بزووتنەوەکە"سیحری" بوو . بەشدارانیش هەموو یەك شت پاڵی پێوەنەنابوون، زۆر لەوانە(بەتایبەتی پیاوی عەشیرەت) لەبەرئەوە هاتبوون چونکە ئاغاکانیان رەگەڵ راپەڕینەکە کەوتبوون . کەواتە ئەم دەوری دووەمە تەبیعەتی چاوەڕوانیی ( نیوە-) مەسیحایی ( مەهدیەت) ی پێوە دیاربوو و شێخ تێدا رابەر بوون . ئەوەش هەبوو بەشداران بەئاشکرا هەستیان بە باری دادۆشان و چەوساوەیی دەکرد*، هەرچەندە جارێ کەم لەوە دەگەیشتن کە ئەو بارە چۆن وای لێ هاتبوو . ئەم سیفەتانە بە چوونە قۆناغی دواتری نەتەوایەتیەوە لەناونەچوون، زۆرتر ئەوەبوو وردە- وردە گۆڕانیان تێکەوت . ئێمە دیتمان، مەهدیەت هەرتەنیا وەدووکەوتنی رابەرێکی پیرۆز

---

* کاتێ ئەمریکایی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت ساڵی ١٨٣١ چوونە ورمێ، سەیریان کردووە کوردیش بە هاتنیان خۆش بوون، بە رووسیان تێگەیشتوون، چاوەڕوانیی ئەوەیان لێیان بووە کە لە چەوساندنەوەی فارسیان رزگار-بکەن . شوانێکی کورد هاواری کردووە : " ئای ! ئەوە ئێوەن کە من لە کەیەکەوە چاوم لە رێتانە بتانبینم، حکومەتەکەمان لێرە دەمانچەوسێنێتەوە، لێمان دەدا و دەمانکوژێ . ئەمە کوردستانە، کورد زۆرن و قزڵباش (فارس) کەمن . کەی دێن وڵاتەکە بگرن و ئەو هەلەمان بۆ برەخسێنن کە لێیان دەین و بیانکوژین ؟ " ( سمیت و دوایت : ٢٤٥ ؛ کە لە جۆزێف (١٩٦١) : ٤٥ دا باس کراوە ) .

نەبوو کە هێنایە مەیدانەوە،" کوردایەتی"یەکەی ئەو بزووتنەوانەش تادەهات پتر دەبوو . بیری ئەوە کە کورد هەموو یەك نەتەوە پێکدەهێنن، لەیەکترن و شایانی ئەوەن کیانێکی سیاسیی سەربەخۆیان هەبێ، بەرەبەرە وەپێش‌کەوت و گۆی بردەوە .

## کورد : نەتەوەیەك ؟

جاران مانای" کوردێتی" لە چوارچێوەیەکدا خۆی نەگرتبوو . بە گوێرەی بارو ئەوانەی بەکاریان دەهێنا دەگۆڕا . کورمانجKurmanc ( کورد ) بە کوردی عەشیرەت دەگوترا لەبەرامبەر - بڵێین- تورکی عەشیرەت یا خەڵکی شارستانی عوسمانی یا جووتیاری رەعیەتی مەسیحیدا. دەکرا بەوانە بگوترایە کە قسەیان بە شێوازیکرمانجی بوو لە بەرامبەر ئەوانەدا کە قسەیان بە زازایی یا بە شێوازەکانی باشوور بوو . دەکرا مەبەست لە جووتیاران ( ی کورد ) بوایە لەبەرامبەر ئاغاکانیاندا یا لەبەرامبەر ئیدارەی عوسمانیدا. یەزیدیەکان بە هەمان شێوازی کرمانجی قسەدەکەن، کەچی چونکە ( لەبەر شەیتانپەرستی) ناخۆشیان دەوێن، زۆرتر وابووە کوردی مسوڵمان ئەوانیان بە کورد دانەناوە ( ؟!- وەرگێڕ ) . لەلایەکی ترەوە، زۆر سەرۆك عەشیرەت و وابووە تێکڕای عەشیرەتیش بە شانازیەوە ئەسڵی خۆیان ( سا بە درۆ یا بە راست ) بردووەتەوە سەرعارەب . ئەو کوردانەی دەبوونە کارمەندانی دەوڵەت و شارستانیی تریش، زۆرتر وابوو کە بە خۆیان دەگوت " ئۆسمانلی" . ناوی" کورد" لای ئەوان ( وەك ناوی تورك!) مانایەکی دواکەوتوویی و دێهاتیەتیی دەدا .

مانای " نەتەوە" بەو شێوەیەی ئێمە دەیزانین*، بەنیسبەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مانایەکی بێگانە بووە . لە ئیسلامدا لە سەرووی ماڵ ( خێزان ) یا عەشیرەت هەر ئوممەumma هەیە، ئوممەتی ئیسلام واتا کۆمەڵگای مسوڵمانان . باری قانوونیی خەڵك لە ئیمپراتۆریی‌عوسمانیدا بەگوێرەی ئاین بوو : مسوڵمان، یۆنانی( ئۆرتۆ- دۆکس)، ئەرمەنی ( گریگۆری)، جوو . سێ دەستەکەی دوایی جۆرە ئۆتۆنۆمیەکیان لە کاروباری قانوونی و ئیداریدا هەبوو . مسوڵمانیش، سوننی ( زۆربەی ئیمپراتۆری) بەتەواوی لە عەلەوی ( شیعە ) ی کە بە ئەهلی بیدعەت دادەنران جیادەکرانەوە . سوڵتانانی عوسمانی لە ناوەندی سەدەی ١٦وە ناوی خەلیفەیان لە خۆ ناوە و

---

* لەڕاستیدا، ئەوروپاییی لەوەدا یەك نین کە چیە نەتەوەیەك پێکدەهێنێ، بڕ- باسی ل ١٣٤ (ی فەسڵی دووەمی ئەسڵە ئینگلیسیەکە - کە لەم وەرگێڕانەی مندا نیە - وەرگێڕ) .

بە رەسمی خۆیان بە رابەری ئاینیی*هەموو مسوڵمانان (ی سوننی ) داناوە . زەمانیان لێرەدا مەسەلەیەك نەبووە . پیاوی ئاین و ئیدارەیعوسمانییش،هەردوو، باسیان لە یەکێتیی نێوان سوننییکوردو سوننیی تورك و سوننیی عارەب و سوننیی نەتەوەکانی ترکردووە . هەر ئەوانە، بەهۆی رەقابەتی عوسمانی و سەفەویەوە، جیاوازیی نێوان مسوڵمانی سوننی وعەلەویان خۆشکردووە ( لەم حاڵەتەدا کوردی سوننی و عەلەویش) وکردوویانن بە دوژمنی یەکتر . بەتایبەتی سوڵتانعەبدولحەمیدی دووەم (لە ١٨٧٦ تا ١٩٠٩ حوکمی کردو پرۆپاگەندەی پان- ئیسلا- میی لای خۆی و لە وڵاتانی تریشدا هان دا) توانی باوی پێبەندیی زۆری هەموو رەعیەتە سوننیەکان خۆش بکا. میلیشیای حەمیدیەش کارێکی تری سەرکەوتوو بوو بۆ بەستنەوەی کورد(ی سوننی) بە سوڵتانەوە . پێبەندیی پیاوی عەشیرەتیکورد بە سوڵتان وخەلیفەیعوسمانی(هەرچەندە بە ئیمپراتۆرییش نەبوو) لە سەرووی پێبەندیی نـەتـەوایـەتیـەوە بوو، ئەمە تەنانەت کاتێکیش وابوو کە ( لە کەوتنە ئەم سەدەیەدا ) نەتەوایەتی بە مانای نوێی دەستی پێکردبوو خەڵك بجزوێنێ .

چەند دێڕێك لە یادداشتەکانی کوردی نەتەوەیی قەدری بەگ، ئەم بارە باش دەخاتە بەرچاو . هەستی نەتەوایەتیی قەدری بەگ لە سەردەمی خوێندنیدا لە ئەستەمبوڵ، کە یەکەم رێکخراوانی نەتەوەیی دەکاردابوون، بزووتووەو پتەو بووە . ساڵی ١٩١٤ براوەتە عەسکەری و خراوەتە تیپێکەوە کە - بۆ خۆشبەختیی ئەو- نزیکەی هەمووی هەر پیاوی عەشیرەتی کورد بوون ( لە حەسەنان و جبران) . ئەو بەتەمای ئەوە بووە بتوانێ باسی " میسالیاتی نەتەوایەتی" لەگەڵ ئەفسەرانی کورددا بکاتەوە . بەڵام لەوەدا ناکامیی پێبڕاوە : " حەیف! ئەو ئەفسەرە کوردانە، چونکە زۆر پێبەندی خەلیفەی ئیسلام بوون، نـەیانویست هیچ دەربارەی گیروگرفتی کوردان ببیسن** ".

وەنەبێ هەموو ئاغا کـوردەکانی ئەم دەورە هۆشی نەتەوایەتیان نەبووبێ، بەڵام تا خەلیفایەتی ساڵی

---

* ئەم ناوەیان لە ١٥٣٣وە لە خۆ نا ، کاتێ دواکەس لە تۆرەمەی خەلیفە عەباسیەکان، پیاوێکی بێدەسەڵات و بێ ناوبانگ، لە میسر مرد . بەوە کە عوسمانیەکان ئەوسا دەسەڵاتداری واقیعیی وڵاتانی مەرکەزیی ئیسلام بوون، ئەوە ئیتر کێشەیگرنگی رووبەروو نەبووەوە ( لەلایەن ئیسلامناسیهۆڵەندی" سناوك هورخرۆنیە" وە نەبێت . بڕوانە گوتارانی دەربارەی خەلیفایەتی (Snouck Hurgronje,Verspreide Geschriften,Vol3) .

** سیلۆپی : ٣٨- ٣٩ .

١٩٢٤ لەلایەن مستەفاکەمالەوە (ئەتاتورك) هەڵنەگیرا ، شەپۆلێکی ڕاپەڕینی بە ئیلهامیکەم و زۆری نەتەوایەتیەوە نەکەوتە کوردستانەوە .

تەنانەت لە بیری " نەتەوە" ش غەریبتر، بیری " دەوڵەتی نەتەوە" بوو . هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتانی فرە-نەتەوە بوون، و چەندین گەلی وەك کوردو ئەرمەنی ( و جوو ش- ئەگەر بە نەتەوە دابنرێن) لە پتر لە یەك دەوڵەتداهەبوون . بارێکی تری ڕۆژهەڵاتیناوەڕاست ئەوەبووکە یەك قەڵەمڕەوی پتر لە خەڵکی یەك نەتەوەی تێدا دەژیا، نەتەوەی جیاواز کارویپیشەی جیاوازیان هەبوو و تا ڕادەیەك کاریان بەیەکترهەبوو . بەوجۆرە، زۆر ناوچە کوردو ئەرمەنیی هەردوو تێدا دەژیان . هەرچەندە لەوانەیە ئەم قسەیەشم بەدگومانانە بێتە بەرچاو، بەڵام کوشتاری ئەرمەنیەکان بوو وای کرد بکرێ دەوڵەتێکی کوردی ببێ (٢) .

شەپۆلە نەتەوایەتیەکان لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا

لە ئەورووپاوە بوو کە ئەم بیرانە دابارین،هەر ئەورووپاش بوو نەتەوایەتیەکانی دەورووژاند . ئەمە شوێنی نووسینی مێژووی نەتەوایەتیی نەتەوەکانی ئیمپراتۆری نیە*، بەڵام هەر هێڵە درشتەکانی ئەو باسە ئاماژە پێدەکەم .
نەتەوایەتیی یۆنان و سلاڤی لەلایەن ئەورووپاییانەوە زۆر چالاکانە هان دەدران . رووسیاش ئەرمەنیەکانی هاو-پەیمانانی (پەنامەکیی) لە بەرەنگاربوونەوەی عوسمانیدا زۆر مەبەست بوو . لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەدا ژمارە-یەك بیروباوەڕی نوێی تا ڕادەیەك نارێك لەگەڵ یەکدا ریشەیان لەناو خوێندەوارانی ئیمپراتۆریدا پەیداکرد( دوا دە ساڵەکانی سەدەی١٩) . عوسمانیەت جۆرە نیشتمانپەروەریەك بوو لەسەرئەساسیهاونیشتمانێتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، کە باسی لە بەرژەوەندی گشتی هەموو خەڵکی ئیمپراتۆریی عوسمانی بوو، بێ گوێ دانە مەسەلەی زمان یا ئاین . پان- ئیسلامیەت، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ( ١٨٧٦-١٩٠٩) خۆی بەهێزترین پیاوی بوو، ڕەنگێکی ئاشکرای دژی ئیستیعماری هەبوو . پان- تورکایەتی، بیری ڕۆمانتیکی یەکگرتنی گەلانی تورك زمان لە یەك دەوڵەتدا، کە ڕەنگە بەئەسڵ لە کاردانەوەو لاساییکردنەوەی پان- سلاڤیەتی تزار( قەیسەری رووسیا) بووبێ . ئەم بیروباوەڕانە لەناو هەمان چین و توێژاندا بوون : لەناو کارمەندانی عەسکەری و مەدەنی و

---

* تێبینیی جێسەرنج دەربارەی پەرەسەندنی نەتەوایەتی لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا لەلایەن "لیویس" (١٩٦١) ـەوە کراون .

مڵکدارانی شارنشیندا . بزووتنەوەی تورکی لاو لە ساڵانی ١٨٨٠دا لە دەستەی هەرە چاوکراوەو هەرە خوێندە-وارانی ئەوانە( ئەو چین و توێژانە)دا دروست بوو، بزووتنەوەیەکی سیاسی بوو، زۆر لەژێر تەئسیری بیروباوەڕی لیبیرالیزمـ( ئازادیخوازی)ـی فەرەنسی و فەلسەفەی پۆزیتیڤیزم (موسبەتە،وەزعی)دا بوو . تورکی لاو پرۆگرا-مێکیان هەبوو لەسەر بنچینەی " دەستووریەت ( قانوونی ئەساسی) " ( لەبەرامبەر " ئیستیبداد "ی سوڵتاندا) و عوسمانیەت و ئازادیی سیاسی ( بزووتنەوەکە لە سەرەتادا ناوی خۆی نابوو " عوسمانیانی نوێ"، بێگانە پێیان-دەگوت " تورکی لاو" و دوایی ئەم ناوەی دووەم بەگشتی قەبووڵ کرا) . ئەمە خۆی لەخۆیدا شتێکە کە، زۆر لە یەکەم قارەمانانی دەوری یەکەمی ئەمانە مسوڵمانی نـاتورك بوون . دوو ڕۆشنبیری کورد : عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سوکووتی، دەوری گرنگیان تێدا دیت * . دڵسۆزانی سوڵتان دوای پان - ئیسلامیەت کەوتن کە تورکی لاو قەبووڵیان نەبوو : ئینکاری یەکسانیی هەموو خەڵکی ئیمپراتۆریی عوسمانیی دەکرد و بەهانەی بۆ ئیستیبدادی سوڵتان ساز دەکرد . بزووتنەوەی تورکیلاو وردە- وردە بەهەرحاڵ، مەفتوونی بیروڕای ( پـان- ) تورکایەتی بوون . ئەوروپایی دۆستی تورکان، وەك لێئۆ کاهە Léon Cahun ، لە ڕێی پێوەندیان بە ڕۆشنبیرە سەرەکیەکانی تورکەوە دەورێکی گرنگیان لە مەسەلەی قەبووڵکردنی ئەم بیروباوەڕانەدا دیت . بەوە کە نەتەوە مەسیحیەکان وادیاربوو"عوسمانیەت"یان قەبووڵ نەبوو ،نەتەوایەتیی ئەوان و تورکان وێکڕا پەرەسەندنی یەکتر-یان بەهێزدەکرد. دوای شۆڕشی تورکیلاو (١٩٠٨)، کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی، کە هەر لەپشت پەردە مایەوە بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەدەست ئەو بوو، کەم گوێی بەوە دەدا نەتەوایەتیی شۆڤێنیانەی ڕوو لە زیادبوونی تورکایەتی بشارێتەوە . وادیارە نەتەوایەتیی نـەتـەوە مسوڵمانەکانی تر بەزۆری لە وەڵام و کاردانەوەی گیانی نەتەوایەتیی تورك و پان تورکایەتیەوە پەیدابوون .

بۆئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ئەو ڕۆژگارە لە ڕووی مێژووییەوە لە شوێنی تەواوی خۆیدا ببینین، چەند وشەیەك دەبێ دەربارەی جۆشی ڕووداوانی شەڕی جیهانی(ی یەکەم ) و شەڕی ئیستیقلالی تورکیا باس بکەم .

---

* جەودەت بژیشکێك بوو دەستکەوتەکانی ڕۆژئاوای زۆر پەسند دەکرد . لە " ڕۆژئاوایی بوو" ە هەرە بە تەئسیرەکانی ناو تورکی لاو بوو . ئەوەبوو گەورەتر تەئسیری فکریی بەسەر ئەو پەیامبەرە سەیرەی پان - تورکایەتی" زیا گۆکئالپ"دا پەیداکرد ( کە ئەویش - بەخێر- کورد بوو) . جەودەت دوای شەڕی جیهانیی یەکەم ڕەگەڵ باڵی ڕەوتی نەرمی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کەوت .

## ٣- کۆتایی ئیمپراتۆریی عوسمانی و لەدایك بوونی کۆماری تورکیا

ئەفسەرانی تورکی لاو ی کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی، ساڵی ١٩٠٨ سوڵتانیان ناچارکرد دەستوور بژێنێتەوەو هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان قەبووڵ بکا* . دەستوور( ی کە تۆزووکێك دەستکاری کرا) باسی لە یەکسانیی هەموو هاونیشتمانیان ( بێ لێنۆڕینی ئاین یا زمان) و ئازادیی زۆری مەدەنیی کردبوو . سەردەمێکی کورت، خۆش-بینی و نیشتمانپەروەریی عوسمانی باوبوو . بەڵام بەهەرحاڵ، بە زوویی روون بوو کە دەردەکانی ئیمپراتۆری هەر بەو دەستوورە چارنەدەکران . ئیمپراتۆری، بە ماوەی نیوساڵ، قەڵەمڕەویی لەوەندەی تێکڕای ٣٠ساڵی تا ئەوسای پتر لەدەست چوو . گیروگرفتەکانی دەرەوەو هەوڵی سەرنەکەوتووی ناوەوەی لێدانی شۆڕش لە بەهاری ١٩٠٩دا، بەهانەی ئەوەیان دا دەستەی کۆمیتەی ئیتیحادوتەرەقی کە خۆی لە حوکم پتر بکاتە خاوەن : سێ ئەندام ( ئەنوەر، تەلعەت، مەهمەد جاڤید ؛ وەزیرانی - بە ریز - شەڕ، ناوخۆ، دارایی ) ئەوەندەی تر دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەیان زیادی کرد . ئەم سێ‌قۆڵیە، ساڵی ١٩١٤ تورکیایان کردە هاوسەنگەری ئەڵمانیا لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا (٣)، بەوهیوایە کە قەڵەمڕەویە لەدەستچووەکانی ئیمپراتۆری وەدەست بهێننەوەو گەلانی تورکزمانی ژێرحوکمی رووسیا ( قەوقاس و ئاسیای مەرکەزی) " ئازاد بکەن" .

### کوشتاری ئەرمەنیان و هاتنی لەشکری رووس

لە مایسی ١٩١٥دا، فەرمان درا ئەرمەنی لە ئەنادۆڵی رۆژهەڵات دووربخرێنەوە، کە ترسی ئەوە هەبوو لایەنی رووس بگرن و لەپشتەوە لە هێزی تورك بدەن . هەندێ ئەرمەنی گەیشتنە ئەومەرکەزانەی کە لە باکووری عیراق و ناوەندی سووریا دەبوو تێدا کۆببنەوە، زۆریان لە رێگا پەکیان کەوت و مردن یا بەدەست جەندرمەی تورك یا کوردی هاوسێی کە ئێرەییان پێ‌دەبردن کوژران** . زۆر زۆرتر لەوکاتەدا کوژران کە دەوڵەتێکی کەم تەمەنی

---

* ئیمپراتۆری، ساڵی ١٨٧٦ یەکەم جار دەستووری بۆ دانرا کە پەرلەمانی بە پێویست دانا. ساڵی ١٨٧٧ عەبدولحەمیدی دووەم قەیرانی سیاستی دەرەوەی‌کردە بەهانەو پەرلەمانی پەك‌خست . پەرلەمان قەت بە رەسمی هەڵنەگیرا بەڵام ئیتر ئەوەندەی عەبدولحەمید لەسەر حوکم مایەوە هەر قسەی رووتی سەرکاغەز بوو .

** زۆر شت بە گیانی پرۆپاگەندە دەربارەی ئەم کوشتارانە نووسراوە . پرۆپاگەندەی هاوپەیمانان ژمارەی کوژرا-وانی زیادکردووە،ئەوەی ئەڵمان و تورکان کەمی کردووەتەوە . کتێبی خوێندگەی منداڵانی تورکیا باسی ئەوە←

ئەرمەنی لەژێر سایەی رووسان لە" وان " دامەزرا و هێزی پشتیوانیی‌عوسمانی گەیشتن و لەناویان دا( تەمووزی ١٩١٥).

سەرەتای ساڵی ١٩١٦، لەشکری رووس هاتنە ئەنادۆڵی رۆژهەڵاتەوە،کە زۆر لە مسوڵمانانیان ناچارکرد بەرەو باشوورو رۆژئاوا راکەن. رووس لەوساڵەدا تا ئەودیوی ئەرزنجان بوونەوە. لەشکری ئینگلیس لەهیندستانەوە کەوتنە میسۆپۆتامیاوە،بەرگریی‌عوسمانی لەوێ باشتر بوو و لە سەرەتادا هێزی ئینگلیسیان‌گێڕایەوە. لە شوباتی ١٩١٧دا ئینگلیس کووت ئەلعیمارە(٤٠٠ کیلۆمیتریی باشووری بەغدا)یان گرتەوە ( کە جاری یەکەم گیرابوو و چۆڵ کرابوو )، ئەوجا بەرەو باکوور چوون تا خۆ بگەیەننە چاڵە نەوتەکانی کەرکووك و مووسڵ و لەگەڵ هێزی رووس لە باکوور یەك بگرنەوە. لەشکری رووس لەو ناوچانەی داگیریان کردبوون کێشرانەوە، و زۆربەی چەکەکانیان بۆ ئەو ئەرمەنیانەی ئەنادۆڵ جێ‌هێشت کە مابوونەوە. لە باشووری قەوقاس، گورجی و ئەرمەنی و ئازەری کۆمارێکی سەربەخۆیان دامەزراند ( ترانس قەوقاس، دیسامبری ١٩١٧) کە عوسمانی ئیعتیرافیان پێ‌کرد. دەستەی چەکداری ئەرمەنی، چ ئەوانەی لە کۆماری ترانس قەوقاسەوە دەهاتن و چ ئەوانەی هەر لە ئەنادۆڵ پێك‌هاتبوون، کەوتنە تۆڵەسەندنەوە لە مسوڵمانانی کە لەناویاندا بوون و کوشتاری زۆریان لێ کردن. لە سەرەتای ١٩١٨دا، لەشکرەکانی‌عوسمانی بەرەو دیاربەکرو ئەرزنجان کشان و زۆر ئەرمەنیان ناچارکردن رابکەن و بچنە باشووری قەوقاس. میلیشیای کورد دەوریان لەم هێرشانەدا دیت.

## ئاگربەس و دابەش کردنی ئیمپراتۆری

ئەو پێشکەوتنانە لە جەبهەی رۆژهەڵاتدا(تەنانەت باکۆی بەنەوت دەوڵەمەندیش لە سەردەریای قەزوێن،ماوەیەك گیرا) جێی دۆڕانەکانی باشوورو رۆژئاوایان پڕ نەکردەوە: حکومەتی عوسمانی لە ١٩١٩/١٠/٣١دا خۆی ناچار دیت کە ئاگربەس قەبووڵ بکات و مل بۆ داگیرکردنی هێزە هاوپەیمانەکانی بێگانەش بدا. دابەش کردنی

---

← دەکەن کە ئەرمەنی بوون کوشتاریان لە تورکان کردووە، لەجیاتی ئەوەی بەپێچەوانەوە بووبێ.

سەرچاوەی گرنگ ئەوانەن کە لەسەر بنچینەی نامەی دیپلۆماسیەتی ئەو سەردەمەن :

Deutschland und Armenien 1914-1918 ;
The Treatment of the Armenians in the Ottoman Empire ( British government blue book, edited by A. Toynbee : London 1916 );
H. Morgenthau(U.S. Ambassador in Istanbul), Secrets of the Bosphorus (New York 1918).

ئیمپراتۆری، بەگوێرەی ڕێککەوتنی پێشتری نوێنەرانی ئینگلیس و فەرەنسا :" سایکس" و"پیکۆ"،کەوتە کار . فەرەنسا، سووریا ( لوبنانی ڕەگەڵدابوو) و سیلیسیای وەرگرت . ئینگلیس، فەلەستین و ئوردون و عیراقی بۆ خۆی هەڵگرت . ئەستەمبوڵ و تەنگەکان پێشوو رووس داوای کردبوو ( کە بۆ رووس زۆرگرنگ بوون)، بەڵام بەوە کە رژیمی سۆڤیەتی بەهەرحاڵ، دەستی لەهەموو داوایەکی ئیستیعماریانە هەڵگرت، ئینگلیس بەپەلە چوو ئەو شوێنە گرنگانەی داگیرکرد . ئیتالیا هەندێ بەشی باشووری رۆژئاوای ئەنادۆڵی داگیرکردو ،هێزی تێکەڵی هاوپەیمانان (یۆنانی، ئیتالی، فەرەنسی، ئینگلیس) ئیزمیرو مەڵبەندەکانی نێوان ئیزمیرو کەنارئاویان داگیر- کرد . لە باکووری ناوەندی ئەنادۆڵ، کە یۆنانیەکی زۆری لێ دەژیا ، هەوڵ درا حکومەتێکی یۆنانی ( پۆنتەس) دابمەزرێندرێ . ئینگلیس کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ دامەزراندنی ئەرمەنستانێکی سەربەخۆ، کە نەك هەر شەش ویلایەتەکە ( ویلایەتی سیتتە : وان، ئەرزەرۆم، سێواس، مەعمورەتولعەزیز، بتلیس، دیاربەکر) کە سەردەمێك داخوازیی ئەرمەنیان بوون، بگرە ویلایەتەکانی : قارس، ئەردەهان، باتوم یشی دەگرتەوە کە تازە حکومەتی شۆڕشگێڕی مۆسکۆ بۆ تورکیای واز لێ هێنابوون . لە کۆنفرانسی ئاشتیی کە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٩دا لە پاریس دەستی پێ کرد ،نەكهەرئینگلیس و فەرەنساو ئیتالیا ،بگرە نوێنەرانی یۆنانی و ئەرمەنی و سهیۆنی و عارەب و کوردیش داخوازیی قەڵەمڕەوییان هەبوو . بە گوێرەی پەیمانی سێڤر ی کە لەو کۆنفرانسە دەرچوو (١٩٢٠)، دەبوو دەوڵەتێکی ئەرمەنی لە ویلایەتەکانی ترابزۆن، ئەرزەرۆم، وان، بتلیس دروست بکرێ و، بە ئاشکرا شوێن بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم هێڵرایەوە ( بەندی ٦٢و٦٤) .

## شەڕی ئیستیقلالی تورك

پەیمانی سێڤر، بەهەرحاڵ، پێش ئیمزاکران رۆژی بەسەرچووبوو . حکومەتی نوێی کە دوای ئاگربەسەکە لە ئەستەمبوڵ دامەزرێندرا، هەرکەمێك لە ئالەتێکی دەستی هاوپەیمانان پتر بوو . خەڵکێکی زۆری وڵات لەم دەورودووکانە ئەوپەڕی ناڕازی بوون . محافەزەکارانیئاینی ونەتەوەیی تورکی لەهەموو رەنگێك،لە داگیرکەرانی بێگانە(ی کافر) زۆرتووڕە بوون . لیبرالەکان بە هەناسەی ساردەوە سەیریان دەکرد چۆن ئەم حکومەتە زۆربەی دەستکەوتە دیموکراتیەکانی سەردەمی تورکیلاویهەڵدەوەشاندەوە . دەستەی پارتیزانان،لەخۆوە لەسەرتاسەری وڵاتدا پێكهاتن و بەگژ هێزە داگیرکەرەکاندا چوون . لەشکرێکی یۆنانی،بە چاولێپۆشینی ئینگلیس وفەرەنسی و ئەمریکاییان، لە مایسی ١٩١٩دا پەلاماری ئەنادۆڵی رۆژئاوای دا ، کوشتن و تاڵانی زۆر لە مسوڵمانان کرا .

بەرگریی تورکان راماڵران و قەڵەمڕەویی زۆر داگیرکران . دەنگوباسی ئەم رووداوانە عاتیفەی نەتەوەیی تورکان و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەی ورووژاندن . هیچ چاوەڕوانییەك لە حکومەتی ئەستەمبووڵ نەدەکرا، لەبەرئەوە کاتێ لایەنێکی تر هاتە پێشەوە جێی بگرێتەوە بەزوویی گوێ بردەوە . جەنەراڵ مستەفا کەمالی بەتواناو بەبرەو ،کە لە مایسی ۱۹۱۹دا بۆ بەسەرکردنەوەی لەشکر ناردرابووە رۆژهەڵات، دەستی دایە رێکخستنی کۆمەڵەکانی بەرگری و پێکهێنانی فەرماندەییەکی عەسکەری و مەدەنی، کە توانی تورکیا لە داگیرکەرانی بێگانە رزگار - بکات . مستەفا کەمال، هاوکاریی فەرماندە هەرە بەتواناو بەبرەوەکانی دابینکرد و، دوو کۆنگرەی بەست کە بناغەکانی حکومەتی نوێ و مەجلیسی نوێنەران ( پەرلەمان)یان تێدا دانرا . کۆنگرەی یەکەم لە ئەرزەرۆم گیرا ( تەمووز/ ژووئیە - ئاب/ ئووتی ۱۹۱۹) کە تەنیا نوێنەرانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تێدابوون . کۆمیتەیەکی نوێنەران هەڵبژێردرا تا دەوری حکومەتێکی کاتی ( موەقەتی ) ببینێ* . کۆنگرەی دووەم، مانگێك دوای ئەوە ئەیلوول/ سیپتامبری ۱۹۱۹) لە سێواس گیرا ،کە نوێنەرانی لە هەموو تورکیاوە تێدا بەشداربوون . بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە بەگەرمی باسی پاراستنی یەکێتیی بەشە مسوڵمانەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانییان دەکرد، وێڕای سەربەخۆیی نیشتمانی و بڕیاری بەرگریکردن لەوانە ئەگەر بێتو حکومەتی ئەستەمبووڵ ناچاریکرێ دەست لە قەڵەمڕەوی هەڵبگرێ . دواتر لەهەمان ساڵدا، هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی ئەستەمبووڵ کرا . نزیکەی لە هەموو شوێنێ ( بە کوردستانەوە) هەڵبژاردەی کەمالییان دەرچوون . لە شوباتی ۱۹۲۰دا، ئەم پەرلەمانە بڕیارەکانی سێواسی بە تۆزووکێك دەستکاریەوە قەبووڵ کردو، ئەم جارە ناوی نرا " میساقی میللی " . میساقەکە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی ( بە هەمەپرسی) بۆ ئەو بەشانەی ئیمپراتۆریی عوسمانی داواکردبوو کە زۆربەی دانیشتوانیان عارەب بوون، هەموو بەشەکانی تری ئیمپراتۆریی کە زۆربەی دانیشتوانیان مسوڵمان بوون دەبوو

---

* ئەم کۆمیتەی نوێنەرانە( هەیئەتی تەمسیلیە) لە نۆ کەسان پێکدەهات . وێڕای مستەفا کەماڵ خۆی و فەرما- ندەیەکی تر : رەئووف ئۆربای، ئەمانەشی تێدابوون : ئاغای عەشیرەتی کورد حاجی مووسابەگ ( عەشیرەتی خویتی Xwîtî ی مۆدکی)، ئەعیانی شار سەعدوڵلا ئەفەندی ( خەڵکی بتلیس، ئەندامی پێشووی پەرلەمان )، و شێخی نەقشبەندی فەوزی ئەفەندی (ی ئەرزنجان) . ئەم کۆمیتەیە قەت کۆ نەبووەوە(مستەفا کەمال دەیگوت نوێنەرانی کورد قەت لە کۆبوونەوەکانیدا دیارنەبوون ) . لە کۆنگرەی سێواس کۆمیتەیەکی تری نوێنەران هەڵبژێردرا، کە نە حاجی مووسای تێدابوو و نە شێخ فەوزی ( ئایدەمیر، تەك ئادەم، ۲ : ۱۲۲-۱۲۳) .

بە یەك پارچەیی بمێننەوە*. ئیتر ئەوەبوو کە ئینگلیس حکومەتیان ناچارکرد ئەندامانی گرنگی پەرلەمان بخاتە زیندانەوە و پەرلەمان هەڵوەشێنێ. نێوانی نەتەوەییەکان و حکومەتی ئەستەمبوولی سەر بە بێگانە بەتەواوی بڕا. نەتەوەییەکان خۆیان بە تاقە نوێنەرانی خواستی گەل دادەنا. لە نیسان/ ئاوریلی ١٩٢٠دا، مەجلیسی گەورەی نیشتمانی و هەردوو دەسەڵاتی تەشریعی/ قانوون دانان و تەنفیزی/ مجریە ( پەرلەمان و حکومەت ) لە ئەنقەرە کۆبوونەوە. کۆبوونەوە لەو ئەندامانەی پەرلەمانی کە توانیبوویان رابکەن و نوێنەرانی دەستەجاتی ناوچەیی بەرگریکردن پێکهات. مستەفا کەمال کە بە سەرۆکی هەڵبژێردرا، هەموو دەستە پارتیزانەکانی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوەو خۆی بۆ شەڕ ئامادەکرد. سەرکەوتنەکانی یەکەم لە جەبهەی رۆژهەڵات بەدەست خران. ساڵی ١٩١٩ کۆمارێکی ئەرمەنی لە باشووری قەوقاس دامەزرێندرا ( جێی کۆماری ترانس قەوقاسی گرتەوە ). لە بەهاری ١٩٢٠، دەستەی چەکداری ئەرمەنی لەم کۆمارە ئەرمەنیەوە کەوتنە هێرش بردنە سەر ئەنادۆڵی رۆژ-هەڵات تا ئەو ویلایەتانەی پەیمانی سێڤر بۆی دانابوون بگرنە دەست خۆیان، دوای ئەوە کە روون بوو تورکیا هەر وا سووك و هاسان بۆی جێنەدەهێشتن. ئەرمەنی بەهۆی هەراکانی ساڵەکانی پێشترەوە، لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا ببوون بە کەمایەتیەکی زۆر کەم**، و وادیارە هەموو چالاکیەکی عەسکەرییان سەرچاوەی هەر لەو

---

* ئەوە هەنگاوێکی پاشگەزبوونەوە بوو لە داخوزیی ژیاندنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی. وادیارە ئیمتیازێکی " واقیع بینانە" بووە بۆ نەتەوایەتیی عارەب. باشووری کوردستان، کە وەك قەڵەمڕەویەکانی عارەب داگیر-کرابوو ( لەلایەن ئینگلیسەوە )، داوا دەکرا بخرێتە سەر تورکیا.

** تاقە باسی نیسبەتی پێکهاتنی باری نەژادی لەوسەردەمەدا، وێ دەچێ بیەوێ بەلای کوردانیدا بشکێنێتەوە، هەرچەندە وێ ناچێ ئەوەندەش زۆر لە راستی دوورکەوتبێتەوە. ئەفسەرێکی ئینگلیسی دۆستانە لەگەڵ کورد، کاپتن وولی Woolley، دوای سەردانێکی پشکنیاریی ئەنادۆڵی رۆژهەڵات، رایگەیاندووە کە لەسەدا نەوەد تا نەوەدوپێنج (٩٠ تا ٩٥ ٪) ی خەڵکی شەش ویلایەتەکە کورد بوون ( پەروەندەکانی ... ( وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس لە لەندەن - ئیدارەی تۆماری گشتی، سەنەدی ژمارە : ) FO 371/1919:ME44/91479/3050 ).

مێجەر نوئێل دوای گەڕانێکی زۆری بە دیاربەکردا، ئەم ژمارەچنیانەی دەربارەی ئەو ویلایەتە کردووە :

| | پێش شەڕ | دوای شەڕ | |
|---|---|---|---|
| کورد | ٧٥٠٠٠٠ | ٦٠٠٠٠٠ | ← |

دیوی سنوورەوە بووە* . لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٠دا، فەرماندەی جەبهەی ڕۆژهەڵات کازم قەرەبەکر، پاشەکشەی بە ئەرمەنیەکان کردو ئەودیوی سنووری کردنەوەو، حکومەتی کۆمارە ئەرمەنیەکەی ناچارکرد پەیمانێکی ئاشتی قەبووڵ بکات، بەگوێرەی ئەوە دەست لە هەموو داخوازیەکی لە قەڵەمڕەویی ئەنادۆڵ هەڵگرێ و هێڵێکی سنوور قەبووڵ بکا کە ئێستاش ( چەند گۆڕانێکی کەمی لێ دەرچێ ) هەروەك خۆی ماوە . لە جەبهەی ڕۆژئاوادا سەرکەوتن وا بەهاسانی پێکنەهات . یۆنانیەکان هێرشیان بەردەوام بوو و پتر چوونە ئەنادۆڵەوە،و تا ئەیلولی١٩٢١ نەکرا هێرشیان بشکێنرێ و راو بنرێن . لەهاوینی١٩٢٢دا، تورك لەشکرەکانی یۆنانیان لە ئەنادۆڵدا بەتەواوی تێکوپێك شکاند. هاوپەیمانان هەرئەوەیان بۆمایەوە کە واقیعی تورکیای نوێ قەبووڵ بکەن . ئیتر پەیمانی سێڤەر مانایەکی نەما . لە نوامبری١٩٢٢دا کۆنفرانسێکی نوێی ئاشتی لە لۆزان گیرا . پەیمانی لۆزان (١٩٢٣/٧/٢٤ ئیمزاکرا) یەکێتیی قەڵەمڕەویی تورکیای بەوشێوەیەی کە" میساقی میللی" باسی کردبوو قەبووڵ کرد ،جگە لە تاقە یەك شت کە ئەویش مەسەلەی ویلایەتی مووسڵ بوو . ویلایەتی مووسڵ باشووری کوردستانی دەگرتەوە و نەوتی زۆری لە مووسڵ و کەرکووك تێدابوو . ئینگلیس کە هەڵکشانی بەرەوباکووریان زۆرتر بەهۆی ئەم نەوتە زۆرە بوو ،ئامادە نەبوون لەدەستی بدەن . چارەنووسی مووسڵ بۆ گفتوگۆی نێوان تورکیاوئینگلیس هەڵگیرا**.

---

| ← | پێش شەڕ | دوای شەڕ |
|---|---|---|
| ئەرمەنی | ١٢٠٠٠٠ | ٢٠٠٠٠ |
| ئاسووری و کلدانی | ٨١٠٠٠ | ٢٣٠٠٠ |
| تورك | ٣٠٠٠ | ٢٥٠٠ |
| هی تر | ١٠٠٠٠ | ٣٠٠٠ |

( پەروەندەکانی... FO 371,1919: 44A/105775/3050 ) .

* وەسفی کەسێکی خۆی دیتوویە : راولنسون (١٩٢٣)،بەتایبەتی بەشی٢ : ئیستیخبارات لە ترانس قەوقاس .

** بەشی ٣ی پەیمانەکە (٤) گوتبووی " هێڵی سنووری نێوان تورکیاو عیراق بە ڕێیەکی دۆستانە لە نێوان حکومەتانی تورکیاو بریتانیای گەورەدا لە ماوەی ٩ مانگدا بڕیاری لەسەردەدرێ . لە حاڵەتێکدا ئەگەر ڕێککەوتنێك لە نێوان ئەم دوو حکومەتەدا لەو ماوەیەدا پێك نەیەت، مەسەلەکە دەخرێتە پێش کۆمەڵی نەتەوەکان ( قاسملو لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە ( ١٩٦٥) : ٦٦) .

ئەرمەنی و کورد لە پەیمانی لۆزاندا ئاماژەیان پێ نـەکرابوو و حوکمی تورکیا بە سەر ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا بە ئاشکرا سەلمێندرابوو .

## کۆماری تورکیا

سەربەخۆیی تورکیا وەدەست خرا، لە هیچ کۆششێك دریغی نەکرا بۆئەوەی بەزوویی بکرێتە دەوڵەتێکی یەکگر- تووی نوێی کە بتوانێ بژی . مەجلیسی گەورەی نیشتمانی لە ٢٩/١٠/١٩٢٣دا دەستوورێکی نوێی قەبووڵ کرد کە بەگوێرەی ئەوە تورکیا بوو بە کۆمارێك . سوڵتانی کۆن عەبدولمەجید کە پێش کەمتر لە ساڵێك نرابوە سەر تەخت، بە وەزیفەی خەلیفە مایەوە، بەڵام مستەفا کەمال تێی‌گەیاند کە ئەو ناوەی هیچ ناوەرۆکێکی سیاسیی نەبوو، تا لە مانگی مارتی داهاتوودا خەلیفایەتی بەتەواوی هەڵگیرا . زۆر شتی تریش بەدواداهاتن کە دەوری ئیسلامیان لە ژیانی گشتیدا کەم کردەوە : کارمەندانی ئاینی خانەشین کران، نەزمێکی خوێندنی نوێی دنیایی لەجێی " مەدرەسە medrese"ی ئاینی دانرا، مەحکەمەی شەرع هەڵگیران (١٩٢٤) . لە بەرامبەر ئەوەدا، چەند راپەرینی بچووکی محافەزەکارانی‌مسوڵمان بەرپابوون . رابەرانی سەختگیر لەچەندین شوێن جووتیارانی سادەیان قەناعەت پێ‌کردن کە مستەفا کەمال " دەجاڵ " بوو . بـەڵام ئەو راپەرینە مەحەدێتیانە، بەگشتی، مەترسیەکی ئەوتۆ نەبوون بۆ سەر رژێمی نوێ .

دوای نەتەوایەتی و دنیاییەتی (عیلمانیەت)، گەلپەروەری ( هالکچلك) کۆڵەکەیەکی تری بناغەی رژێمی نوێ بوو . بیری بنچینەیی ئەوەبوو کە هەموو هاونیشتمانانی کۆمار یەکسان بوون بێ گوێ دانە چین، پلە، ئاین، یا کاریان . جیاوازی نانەوە بەهۆی ئاینەوە هەڵگیرا . بەرژەوەندی دژبەیەکی چینایەتی ئینکارکرا، کە ئەوەبوو لەدواییدا بە قەدەغەکردنی پارتیە سۆسیالیستەکان و سانديكايانی کرێکاران گەیشت . گەلپەروەری بوو بە بەڵگە بۆ سیاسەتێکی نەتەوەبیناکردن، کە فەرهەنگێکی جیاوازی کوردی (یا لاز، چەرکەس ...ئیدی) ئینکار- دەکردو ،کوردی بە مەرسووم (فەرمان) دەکردن بە تورك . مێژوونووسان فەرمانیان دراێ کە"بەڵگەی زانستی" بۆ ئەوە بهێننەوە کە هەردوو نەتەوە یەکن . قانوونێك بە ناوی لێدانی " دەرەبەگایەتی" دەرکرا کە دەسەڵاتی دا بە حکومەت زەویوزاری زۆری ویلایەتەکانی رۆژهەلات لە خاوەنەکانیان بستێنێ، کە چەکێك بوو لەدژی ئاغاو شێخان . زەویوزاری کە لە خاوەنیان دەسەندران،نەدەدران بە کوردی بێ‌زەویی ئەوناوچانە،و دەدران بەوتورکانە - یا ئەوانەی ببوونە تورك - ی کە لە شوێنی ترەوە دەهاتنە ئەوێ ( زۆرتر" مهاجران mühacirs"، مسوڵمانانی کە

لەدوای ١٩٢٣وە لە باڵکانەوە هاتنە تورکیا ) . ئەوەی راستی بێ، هەر لە ١٩٢٣-١٩٢٤ ـەوە چەندین شێخ و ئاغای دەستڕۆیشتووی کوردستان لەوناوە دوورخرانەوە*. ئەم سیاسەتەی کە دوایی بە نەتیجە مەنتیقیەکەی : " تواندنەوەی بەزۆر" گەیشت،تا ١٩٢٥یش تەنیا سیمایەکی گشتیی دیاربوو . حکومەتی تورک لەبەر مەسەلەی مووسڵ نەیاندەویست لەگەڵ کورداندا هیچی تێدا نەهێڵنەوە .

## مەسەلەی مووسڵ

بریتانیاو تورکیا، بەوماوەیەی کە دانرابوو ( بڕ- پەراوێزی داوێنی ل ١٧٤)، لەسەر وەزعی ویلایەتی بە نەوت دەوڵەمەندی مووسڵ و کێشانی هێڵی سنووری تورکیاو عیراق رێك نەکەوتن . لەبەرئەوە مەسـەلە گەیەندرایە کۆمەڵی نەتەوەکان،ئەویش کۆمیتەیەکی سێکەسیی بۆ لێکۆڵینەوە دانا . تورکیا،کە پیاوەکانی لە کوردستانی باشوور زۆر چالاك بوون و پڕۆپاگەندەیان بۆ تورکیا دژی ئینگلیس دەکرد، پێشنیاری هەمەپرسیەکی لە ویلایە- تەکەدا کرد . ئینگلیس، پێشنیارەکەیان قەبووڵ نـەکرد، مەسەلەکەیان هەر بە کێشانێکی هێڵی سنوور دانا و هیچی دی، و لەو بەینەشدا هەوڵیان دەدا دڵی کوردان بە بەڵێنی موبهەمی ئۆتۆنۆمی یا سەربەخۆیی بـە لای خۆیاندا بهێنن . کۆمیتەی لێکۆڵینەوە لە شوباتی ١٩٢٥دا چووە ویلایەتی مووسڵ تا وەزع ببینێ و بزانێ خەڵکەکەی چیان دەوێ . لەوکاتەدا کە کۆمیتەکە لە مووسڵ بوو، راپەڕینی شێخ سەعید لە تورکیا بەرپابوو و بەزوویی رەفتاری سەختی دامرکاندنەوەی بەدوودا هات . پیاو تێیدەگا کە تورك گومانیان لەوە هەبووبێ راپەڕینەکە پیلانێکی ئینگلیسان بووبێ بۆ تەئسیرکردنە نەتیجەی کاری کۆمیتەکە . بەڵام ئەوەبوو کۆمیتەکە ئەو نەتیجەیەی دایە دەست کە زۆربەی خەڵکی ویلایەتی مووسڵ کوردن و بەڵگەی بەهێز بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردهەن** . نەوت، بەهەرحاڵ،لە زۆرترینی بەڵگان قورسترە، ئینگلیس بەتەما نەبوون دەستی لێ هەڵگرن . لە حوزەیرانی ١٩٢٦دا تورکیاو بریتانیا پەیمانێکیان ئیمزاکرد تورکیا بەوە، لەبەرامبەر

---

* بۆ باسی ئەو رەفتارانە : ئایدەمیر، ئیکینجی ئادەم، ١ : ٣١١-٣١٦ .

** " ... ئەگەر تەنیا باری رەگەزی ببێتە ئەساسی نەتیجەوەرگرتن، دێینە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێ . چونکە کوردەکان پێنج بەش لە هەشت بەشی دانیشتوانن" ( لە راپۆرتەکە، قاسملو ئاماژەی پێکردووە (١٩٦٥) : ٦٨) .

١٠٪ی نەوتی بەرهەمی ناوچەکە و بەڵێنی بریتانیا کە لە داهاتوودا خۆ لە هاندانی کوردو ئەرمەنیان بپوێرێ، وازی لە هەموو هەقێکی لە مووسڵ هێنا* .

داگیرکردنیعیراق لەلایەن ئینگلیسەوە،گۆڕانی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خستە کوردستانی باشوورەوە . هۆشی نەتەوایەتیی کوردی ئێرە لەوەی باکووری پتر پەرەسەندبوو . ئەم فەسڵە بۆ باکووریکوردستان تەرخان - کراوە، لێرەدا کارێك بە رووداوەکانی کوردستانیعیراق و ئێران نیە، مەگەر پێوەندیی راستەوخۆیان بە وەزعی باکوورەوە هەبووبێ .

---

* شۆ و شۆ( ١٩٧٧) : ٣٧٦ . باسی مەسەلەی مووسڵ بە درێژی، لەباری سەرنجی ئینگلیسەوە، لە کتێبی ئەدمۆندز( ١٩٥٧) و لۆنگریك ( ١٩٥٣) دا .

## ٤- یەکەم ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد

ناتەبیعی نیە، کە یەکەم ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کورد لە ئەستەمبوڵ پێکهاتوون، لەلایەن کوردی لەو بنەماڵە ناوبەدەرەوانەی کە مەرکەزی رەسمییان لە ئیمپراتۆرییدا هەبووە و، لەژێر تەئسیری بیروباوەڕە نەتەوەییەکان بوون کە بەئەسڵ لە ئەوروپاوە هاتبوون . یەکەم ڕێکخراو*، کە ناوەکەی بە شێوەی جیاواز هاتووە : " کورد تەرەقی وە تەعاون جەمعیەتی" یا" کوردستان تەعالی وە تەرەقی جەمعیەتی"، ساڵی ١٩٠٨ لەهەلومەرجێکی ئازادانەی دوای شۆڕشی تورکی لاودا لەسەر شانۆ پەیدابوو . لە دەستەی دامەزرێنەرانیدا، نوێنەرانی ماڵە هەرە ناسراوەکانی کورد دەبینین :

محەمەدشەریف پاشا: لە ماڵی بابان، ساڵی ١٨٩٠ سەفیرminister ی عوسمانی بوو لە ستۆکهۆڵم . پشتگیری سەختی سوڵتان عەبدولحەمید و دژی تورکی لاو بوو .

ئەمین عالی Elî بەدرخان : رابەری ماڵی بەدرخان ( تۆرەمەی بەدرخان بەگ ) لە ئەستەمبوڵ .

شێخ سەیدعەبدولقادر: کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری . بوو بە سەرۆکی مەجلیسی سەنای عوسمانی .

ئەم نەجیبزادانە هەمان بیروراعوسمانێتیەکانی تورکیلاویان هەبوون،بەڵام بیروڕا لیبرالیەکانی ئەوانیان نەبوون . هەڵوێستیان بەرامبەر بەگەلی کورد (ی رەمەکی) ئەوپەڕی نیشتمانپەروەرانە بوو . پێوەندیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کوردستاندا نەبوو . قسەی مێجەر نۆئێل دەربارەی ماڵی بەدرخان، بەنیسبەت هەرسێکیان راست بوو : ئەوان " هەر تەنیا ناو" بوون لە کوردستان (ی رۆژئاوا)، بەڵام ناوێکی کە جێڕێز بوو، (...) ماڵەکە ئێستاش هەر جێ دڵسۆزی و وەفاداریی بۆتانن ( ناوچەی ئەسڵیان) ** . سێ کەسی تر لەو دامەزرێنەرانە کە ناوبانگیان لەمانە کەمتر بوو*** ، خوێندگەیەکی بە زمانی کوردی و بنکەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوەیان دامەزراند کە گۆڤارێکی

---

* بێ لە دەستەیەك بەدەوری رۆژنامەی "کوردستان" ـەوە کە لە ١٨٩٨ـەوە لە قاهیرە دەردەچوو، کە وادیارە هەر هەموو ئەندامانی لە ماڵی بەدرخان بوون .


** نۆئێل، لە حەڵەبەوە، ١٩١٩/٩/٢٣. خراوەتە پەروەندەکانی... FO 371, 1919: 44A/141322/3050.

*** خەلیل خەیالی، کوڕی ماڵێکی ناسراوی مۆدکی، لە ئەستەمبوڵ خوێندبووی ؛

میری کاتب زادەجەمیل ، ئەعیانێکی شار، بەئەسڵ خەڵکی دیاربەکر بوو ؛ ←

دەرکرد ( کوردستان) . ناوێکی تری گەورەی کە پێوەندی بەو خوێندگەیەوە بوو، ناوی " سەعیدی کوردی " بوو کە ئەوسا بە سیفەتی زانایەکی ئاینی بەناوبانگ بوو و، دوایی بوو بە داواکارێکی ژیانەوەی ئیسلامی ( بڕ- ل ١١٥-١١٦).

کوردی ئەستەمبوڵ هەموو هەر پیاوی سەرناس و خوێندکار نەبوون : زۆر کوردی لێبوون کە هاتبوون کاری



سەید عەبدولقادر

---

← کوردی زادە ئەحمەد رامز Ramiz، خەڵکی لیجە . (سیلۆپی : ٢٣-٢٤) .

ڕۆژنامەی کوردستان بە سەرپەرشتیی کۆمەڵەکە دەردەچوو، درێژە پێدانی ڕۆژنامەیەکی بە هەمان ناو بوو کە پێشووتر سورەیا بەدرخان لە قاهیرە دەریدەکرد . هەرئەوەش خۆی هاتبووە ئەستەمبوڵ و نووسەری سەرەکی بوو تێدا ( جوەیدە (١٩٦٠) : ٢٩٨-٢٩٩ کە ئەویش لە ژمارەیەك سەرچاوەی وەرگرتووە ) .

پەڕپووت - بەتایبەتی حەماڵی *- یان دەکرد . زۆربەیان لە هەمان گەڕەك ( گەدك پاشا مەحەللەسی) دەژیان کە زۆر عەشیرەت " خان" ( شتی لەبابەتی کاروانسەرا )ی خۆیان لەوێ هەبوون . وادیارە ئەم کرێکارانەی لە کورد-ستانەوە کۆچیان کردبووە ئێرە قەت نەچوونە ئەو کۆمەڵەیەوە، هەر لەسەر چینی سەروو ڕابووەوە .

تورکی‌لاو بەزوویی ئەوکۆمەڵەیەیان داخست، سا یا لەسەر هەڵوێستی دژ بە ئیتیحادوتەرەقیی ڕابەرانیان بوو، یا چونکە کۆمەڵەیەکی کورد بوو ( پتر لەوەی تورکیایی یا عوسمانی بووبێ )، یا لەبەر هەرتکیان . ڕەقابەتی نێوان بەدرخانیەکان و سەیدعەبدولقادر لێدانی کۆمەڵەکەی هاسانکردەوە .

دوای ئـەو، ساڵی ١٩١٢، یەکێتی خوێندکارانی کورد " هێڤی " دروست بوو، کە تۆزێك لەوەی پێشووکەمتر ئەعیانانە بوو . ڕابەرانی لە ماڵی جەمیل پاشا بوون، ماڵێکی دیاربەکری، کە گەورەییەکەیان زۆرتر لەسایەی مەرکەزی ڕەسمییان لە ڕژیمی عوسمانیدا بوو تا ئەوەی لە ڕابەرانی لەمێژینەی کـوردەواری بووبن . زۆربەی ئەندامانی تریش هەر کوڕی ئەو شارستانیە ناسراوانە بوون کە ڕەنگی عوسمانێتیان گرتبوو . لە ڕووی چین و توێژی کۆمەڵایەتیانەوە، وەك زۆربەی تورکی‌لاو بوون . بە عاتیفەو خەیاڵی نەتەوایەتیشیان هاوشانی نەتەوەییە تورکەکانی هاودەمیان بوون . پێوەندیی ئەوانیش بە کورد(ی ڕەمەکی) هوە هەر سەتحی بوو . کە شەڕی جیهانی هەڵگیرسا (١٩١٤)، ئەندامانی هێڤی لێك‌دابڕان، عەسکەریکردن هەریەکەی خستنە لایەك و زۆر لێك دوور-کەوتنەوە . هەناسـەی ساردی قەدری بەگ لە ئاست نـەبوونی هۆشی نەتەوەییەتیی پیاوی عەشیرەتی کورد لەو سەردەمەدا ( کە باسمانکرد )، وێنەی کەلەبەری نێوان کوردەواری و خوێندەوارە نەتەوەییەکانی بەرلە شەڕ دەخاتە بەرچاو .

ڕێکخراوی وەك کوردستان تەعالی وە تەرەقی جەمعیەتی (و بە ڕادەیەکی کەمتر" هێڤی") نەیانتوانی و ناتوانن ڕابەریی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گەل بکەن . سیاسەت لای ئەوان پیشەیەکی ئەغەندیان بوو . کەسانێکی سەر بە ڕێکخراوی یەکەم، هەوڵیان دا لە ڕێی دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ هاوپەیمانانىدا سەربەخۆییکوردستان ( دیارە بە ڕابەریی خۆیان) وەدەست بخەن : محەممەد شەریف پاشا لە دیسامبری ١٩١٤دا ئامادەبوو لە خزمەتی لەشکری ئینگلیسدا بێ لە میسۆپۆتامیا، ئەوان قەبووڵیان نـەکرد** . کەسانێکی ماڵی بەدرخان پێوەندیان

---

* ئەم کارە بەئەسڵ کارێکی ئەرمەنیەکان بوو . ساڵانی ١٨٩٠ زۆر حەماڵی ئەرمەنی بەر کوشتارکەوتن و کورد جێیان گرتنەوە .

** جوەیدە : ٣٧٠، ←

بە رووسـانەوە کرد، وادیارە دووانیان، کامیل و عەبدورەزاق، لەسەردەمی داگیرکردنی رووساندا یەکەمیان بووەتە حاکمی ئەرزەرۆم و ئەوی تریان بووەتە حاکمی بتلیس*. هەروەك لای ئەو جۆرەماڵانە ئاساییە، ئەمانیش هەموو هێلکەکانیان نـەخستە یـەك سەبەتەوە : لە ساڵی ١٩١٩دا دەبینین یەکێکی تریان ( خەلیل ) حاکمی ( عوسمانیی) مەلاتیە بوو **.

شەڕ ،نەك هەرکوردی نەتەوەیی شارستانی وا لێ کرد پێوەندیی بە کوردستانەوە پەیدا بکات،بگرە باری خودی کوردستانیشی زۆر گۆڕی . حەمیدیەی کۆن بەناوی میلیشیا سازکرایەوەو عەشیرەتی زۆر لەجاران پتری تێدا سازدران . زۆر ( بە سەدان هەزار) کـورد لە ترسی پەلاماری رووسان رۆژئاوابوونەوە . کاتێ دوای شۆڕشی ئۆکتۆبر عەسکەری رووس کێشرانەوەو ئەرمەنی دەبوو خۆیان بەرگری لەخۆیان بکەن، هێزی عەشیرەتە کوردە-کان نزیکەی هەموو ئەرمەنیەکانیان بەرەو قەوقاس راماڵی*** . بە نەمانی ئەرمەنیان، زۆربەی ئەنادۆڵی رۆژ-هەڵات قەڵەمڕەویەکی نزیکەی سەرتاسەر هەر کوردی لێ مایەوە**** . دەوڵـەتێکی نەتەوەی کـورد ئێستا (٢)

---

← لە سەرچاوەی رەسمیی بریتانیەوە . شەریف پاشا دوایی چووە ڤیللا کەشخەکەی لە باشووری فەرەنسا. دوای شەڕ ،لە کۆنفرانسی ئاشتی، ڕێك لەو شوێنە بوو کە بەرگریی لە بەرژەوەندی کوردان بکا. بڕ- ئەرفەع :٣١یش .

* دوای شۆڕشی رووسیش عەبدورەزاق لە ئەنادۆڵ مایەوە، تورك گرتیان و لە زیندانی مووسڵدا مرد( دەڵێن بە ژەهر کوشتوویانە) . کامیل، باس هەیە کە ١٩١٩ش هەر لە بتلیس بوویێ ( جوەیدە (١٩٦٠) :٣٧١؛ سیلۆپی : ٨٠؛ نیکیتین (١٩٦٥) : ١٩٥) .

** ناو و کاری لە نامەی دیپلۆماسیدا باس کراوە، دەربارەی رووداوێکی کە هاندانی کوردانی دژی کەمالیەکان تێدابووە، ئەیلوولی ١٩١٩( مێجەر نۆئێل و دەستەیەکی کەمی کوردی کوردستان تەعالی جەمعیەتی لەهەلو-مەرجێکی تووشدا لای ئەم حاکمە بوون ) .

*** زۆربەی کەسانی سەرچاوەی ئاگاداریم دەیانگوت کەهەمووهێزە عەشیرەتیەکانی میلیشیا تێدا بەشداربوون . بەهەرحاڵ، فرات ( مێژوونووسێکی ناوچەیی عەلەوی ) نووسیویە کە هێزەکانی حەمیدیەی پێشوو ( کە هەموو سوننی بوون ) بە هیچ جۆرێك بەشدار نـەبوون، و ئەرکی پیرۆزی بەرگریکردن لە نیشتمانی تـورك بۆ هێزە عەلەویەکان ( بەتایبەتی عەشیرەتەکەی خۆی خۆرمەك) لێگەڕاون . ( فرات : ١٨٠)

**** بڕ- ژمارەکانی پێکهاتنی باری نەژادیی پەراوێزی داوێنی ل ١٧٣-١٧٤ .

دەکرا ببێ . کوردی عیراق و کوردی دووروڵات، دواتر ئەوانەی ئەستەمبووڵیش، مەسەلەی داخوازیی قەڵەمڕە-ویی تایبەتی کوردیان لەگەڵ هاوپەیمانان کردەوە، ئەوانیش مەسەلەکەیان بە گرنگ لێوەرگرتن . دەنگوباسی ئەوانە گەیشتەوە کوردستان و نەتەوایەتیی کوردی پێ ورووژا . زۆر لەو کوردانەش کە لەسەرەتای شەڕدا بە تەواوی لەژێر تەئسیری پڕۆپاگەندەی پان- ئیسلامیەتدا بوون، ئێستا کەوتنە گومان کردن لە نیازی تورکی لاو بەرامبەر بە کوردان . مقۆ- مقۆی ئەوە کەوتە ناو خەڵکەوە کە ئەو کوردانەی رایانکردبوو چووبوونە رۆژئاوا، بە ئانقەست بەشێوەیەك پەرژوبڵاوەکرێن کە لە هیچ شوێنێك لە ٥٪ی دانیشتوان پتر نەبن* .

چیرۆکێك هەیە، ئەگەر بەتەواوی واش نەبووبێ هەر بایەخێکی رەمزیی هەیە، دەڵێ : خالید بەگ، کە ئاغایەکی عەشیرەتی جبران و سەرهەنگ بوو لە لەشکردا ( نەك لە میلیشیادا )، لە گرتنەوەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا زۆر بەدەرکەوت . مەهدی ( برای شێخ سەعید ) کە خزمایەتیی لەگەڵ خالید بەگدا هەبوو، لە رۆژی دواسەرکەوتن بەسەرئەرمەنیاندا کە هەمووکەسێك لە بەزم و شادیدا بوو، سەیری کرد خالیدبەگ زۆر بەکەنەفتی لە خێوەتەکەیدا مات بووە . مەهدی چووە لای دانیشت و هۆی کەنەفتیەکەی لێ پرسی . دوای هەندێ سەرخستنەسەر، سەرهەنگ خالید پێی گوت کە شتێکی بەبیردا هاتووە ئارامیی لێ هەڵگرتووە :" ئەمڕۆ ئەو شیرەمان تیژکرد کە رۆژێك قوڕقوڕاچکەی خۆمان دەبڕێ!"** . خالیدبەگ دوایی بوو بە یەکێك لە نەخشەدانەرانی راپەڕینی شێخ سەعید .

دوای ئەوەی شەڕ تەواو بوو، خەلیفە بە بوونە ئالەتی دەستی هاوپەیمانان (بەتایبەتی ئینگلیسان) لە ناو کورددا

---

* مێجەرنۆئێل لە راپۆرتێکیدا بڕیارەکانی عوسمانی دەربارەی کوردە ئاوارەکان باس دەکا . بەگوێرەی بەندی ٣، دەبوو ئاغای عەشیرەتی و شێخ و مەلا و کەسانی تری بەدەسەڵات، لە پیاوانی عەشیرەت جیابکرێنەوە، لە عەشیرەتەکانیان دووربخرێنەوەو، وا باشتر کە لە شاران دابنرێن و لەژێر چاودێریی راستەوخۆی حکومەتدا بن . بەندی ١٢ بڕیاری ئەوەبوو کە ئاوارەکان دەستە- دەستە دابەش بکرێن، هەر دەستەیە لە ٣٠٠ کەس تێنەپەڕێ و، بنێردرێنە ناوچەی جیاواز، بەجۆرێك کە لە ٥٪ی خەڵکی ناوچە پتر پێکنەهێنن . ( مێجەر نۆئێل، تێبینی...
" Notes on the Kurdish situation", enclosed in FO 371, 1919:44A/112202/3050) .

** دووکەسی سەرچاوەی ئاگاداریم، خۆیان ئەم چیرۆکەیان لە دەمی شێخ مەهدی بیستبوو .

زۆر شکا . پرۆپاگەندەی کەمالیەکان خەلیفەی بە زیندانییەك پیشان دەدا کە هیچی بەدەست نەبوو . باسی دروست کردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا کوردی ورووژاندن و، ئەوەش بێگومان بۆ ئەو یارمەتی دانە گەرمەی تورکان لە شەڕی چەکدارە ئەرمەنیەکاندا بەکاربوو . بەگوێرەی سەرچاوەی ئینگلیسەکان ( کە لەوانەیە بە غەرەز یا بە لێکدانەوەی هەڵبێت )، تورکی نزیك لە ئیتیحادوتەرەقی، رێك دوای ئاگربەس، نەتەوایەتیی کوردیان هان دا تا بیکەنە چەکێك بە رووی ئینگلیسەکاندا، و بەڵێنی جۆرە ئۆتۆنۆمیەکیان دا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی تورك وکورددا* . بیری سەربەخۆیی کورد لەپڕ زۆر بڵاوبووەوە (هەرچەندە چەند شاهید-



خالید بەگ ( جبران )

* بڕ- جوەیدە: ٣٨٣-٣٩٧، کە زۆرسەرچاوەی ئینگلیسان بەومانایە ئاماژە پێ دەکا. هەندێ کەس شتی لەهەمان بابەتیان، بەڵام بە عیبارەتی موبهەم، بۆ باس کردم . مستەفا کەمال کە ساڵی ١٩١٦ بە فەرماندەیی لەشکری شازدەیەم لە دیاربەکر بووە، دەڵێن دۆستایەتیی لەگەڵ زۆرگەورەی کورداندا کردووەو هەمان بەڵێنی داونێ .

یەکی کەمی ئەو سەردەمە قسەیان جیاوازە : هەرکەسەو هۆی خۆی هەبوو کە کوردی ئەودەمە بە کەمتر یا پتر نەتەوەییانە لەوەی هەبووە پیشان بدا)، مانای سەربەخۆیی ( یا ئۆتۆنۆمی)ی کورد، بەهەرحاڵ، یەك نەبوو . نەك هەر نەجیبزادەی کۆنی کە کارمەندانی دەوڵەت بوون و چینی ناوەندیی شارستان سەربەخۆییان دەویست، بگرە زۆر ئاغای عەشیرەت و شێخیش هەر هاواری ئەوەیان بوو . هەرکەسە دەیویست خۆی رابەر بێ و کەس ئامادە نەبوو مل بۆکەس بدا . بۆ جێ قایمکردنی خۆیان، زۆریان پێوەندیان بە هێزێك یا پتر لەهێزێکی دەرەوە کرد: بە حکومەتی ئەستەمبوڵ، هاوپەیمانان ( لەم حاڵەتەدا ئینگلیس) و کەمالیەکانیش ( رووس لەدوای شۆڕشەکەیان ئیتر حیسابی ئەوەیان بۆ نەدەکرا دەوڵەتێکی کوردی تابیع بە خۆیان دروست بکەن و بپارێزن ) .

نەجیبزادە کۆنەکان، زۆر شاهانە سەرگەرمی ئەمەبوون . ئەوەبوو سورەیا بەدرخان ( کوڕەگەورەی ئەمین عالی ) نامەیەکی بۆ حکومەتی ئینگلیس رازاندەوە، داوای ئەوەی کرد قەڵەمڕەویی کە بەدرخان بەگی باوەگەورەی حوکمی کردووە بدرێتەوە بەو - زۆرتر بە ناوی مڵکی تایبەتی خۆی تا ئەوەی بکرێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەژێر حوکمی ئەودا* .

محەمەدشەریف پاشا ( بە نوێنەریی کورد بەشداری کۆنفرانسی ئاشتی بوو)، لە یەکێك لە نامە - کانیدا بۆهەمان حکومەت نووسیبووی کە: زۆربەی ئاغاوەتی کورد جارێ لەوە سەرەتاییتر بوون کە بۆ دیموکراسیی رۆئاواییانە دەست بدەن،هەڵبژاردن مەگەرهەر ئاگری شەڕی نێوانعەشیرەتان ئەوەندەی تر خۆش بکات، ئەوەی پێویست بوو کوردی شارەزای ئیدارەو کاروباری عەسکەری بوون کە مشاوری ئینگلیس و وەزیری کورد یارمەتیان بدەن، ناوی گەورەماڵە کوردەکان بپارێز- رێ بەوە کە لەمەجلیسێکدا کۆبکرێنەوەو، میرێك لەلایەن حکومەتی خاوەن شکۆی ئینگلیسەوە بکرێتە سەرۆکی ئەو مەجلیسەو ... ،خاکییانە ئەوەشی وێخستبوو کە ئەو ئامادەبوو ئەو ئەرکە سەخت و پڕ لە بەرپرسیە بگرێتە ئەستۆی خۆی** .

سەیدعەبدولقادر لەولاوە، هەر لایەنگری حوکمی خەلیفە بوو و هیچ چاوەڕوانییەك یا داوایەکی لە ئینگلیسان نەبوو . هەر لەحکومەتیئەستەمبوڵ نزیك بوو و دەیگوتکە ئەوهەرحکومەتێکی

---

* خراوەتە پەروەندەکانی... FO 371,1919: W44/59486/3050 .

** خراوەتە پەروەندەکانی... FO 371,1919: W44/79991/3050 .

ئۆتۆنۆمی کوردی لە چوارچێوەی عوسمانیداو لەژێر ئاڵای فەرمانی خەلیفەدا دەویست . نەرمیی داواکەی،بێ‌گومان undoubtedly، وەنەبێ پێوەندیی بە مەرکەزەکەیەوە نەبووبێ کە سەرۆکی مەجلیسی سەنای عوسمانی بووە* .

ئەم نەتەوەییە نەجیبزادە شارستانیانە،بەردەوام خەریکی گفتوگۆ دەربارەی داهاتووی کوردستان بوون بەبێ ئەوەی مەسەلەکە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا بکەنەوە . لەلایەکی ترەوە، رابەرانی" لەمێژینە" لەسەر دابی لەمێژینەیان ئەم وەزع تێکچوونەیان بەلای دەسەڵاتی شەخسیی خۆیاندا رادەکێشا . مانای " نـەتـەوایـەتی"یەکەیان کەمێك لە ئارەزووی زیادکردنی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی شەخسییخۆیان گەڕابووەوە . بیری کوردستانێکی سەربەخۆ لایئەوان هیچ ماناو شـەوقێکی نـەبوو . دوژمنایەتی و رەقابەتی لەمێژینە، وەك جاری جاران، بەسەر رەفتاری ئاغایاندا زاڵ بوو . ئەو ئاغایانەی کە هەمووهەر خۆیان بە کوردی نەتەوەیی دادەنا ،لەو چەندین راپەرینە نەتەوەییانەی کوردی کە بەدوادا هاتن، چوونە سەنگەری دژبەیەکەوە .

وێڕای ئەمانە، نەسلێکی نوێی نەتەوەیی شارستانیی دڵسۆزیش هەبوو کە لە ساڵانی داهاتوودا دەورێکی گرنگ ببینێ .

ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی دوای شەڕو کەمالیەکان

بەگشتی، دەکرێ بڵێین کە نـەتـەوەییەکانی شارستان، دوای شەڕ، پێوەندیان بە خەڵکی دێهاتی کوردستانەوە لەوەی دە ساڵ بەرلەوە باشتر بوو( هەرچەندە پێوەندیان زۆرتر بە ئاغاکانەوە بوو تاوەکو بە خەڵکی رەمەکیەوە ) . " کوردستان تەعالی جەمعیەتی" ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەمبووڵ دامەزرا ،و ڕێکخراوانی بەهەمان شێوە لە دیار- بەکر و ژمارەیەك شاری تری کوردسـتانیشدا سازدران . ئەندامەکانی، نەك هەر لە نەتەوەییەکانی نەسلی کۆن ( ی کـورد تەرەقی وە تەعاون جەمعیەتی ی پێشوو ) و لە چینی نـاوەندیی شار بوون، بەڵکو نوێنەرانی دنیای عەشیرەتیشی تێدابوون** . جگەلەوە، کۆمەڵەکە دەیگوت کە نوێنەری دەهەزار- و دواتر ١٥هەزاریش - لە

* سیلۆپی : ٥٩؛ دەرسیمی : ١٢٠ .

** کۆمیتەی رابەری " کوردستان تەعالی جەمعیەتی Kürdistan Taali Cemiyeti" لەمانە پێکهاتبوو :

سەرۆك : سەید عەبدولقادر( کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا) .

←

کوردەکانی ئەستەمبوڵ بوو ( کە دەیکردە نیوەی هەموو کوردی دانیشتوانی ئەستەمبوڵ ) . ئاگادارانی

---

← جێگری یەکەمی سەرۆك : ئەمین عالی بەدرخان .

جێگری دووەمی سەرۆك : جەنەراڵ فوئادپاشا( کوڕی سەعیدپاشای وەزیری دەرەوەی پێشوو،خەڵکی سلێمانی).

سکرتێری گشتی : جەنەراڵ حەمدی پاشا،ئەندامی خانەنشین (بازنشستە،تەقاویت)ی هەیئەتی ئەرکان / ستاد .

بەرپرسی دارایی (خەزنەدار/ ئەمینی سندووق) : سەیدعەبدوڵڵا ( کوڕی سەیدعەبدولقادر) .

ئەندامانی گرنگ :

پیاوی عەسکەری : سەرهەنگ (میرئالای) خەلیل بەگی خەڵکی دەرسیم ( سەرۆکی پۆلیسی ئەستەمبوڵ)؛

سەرهەنگی خانەنشین محەمەدعەلی بەدرخان؛

سەرگورد(پلەیك خواری سەرهەنگ/عەقید)ی خانەنشین محەمەدئەمین بەگی خەڵکی سلێمانی .

قسەڕۆیشتووی ئاینی : خواجە عەلی ئەفەندی، پیاوێکی ئاینیی دەستڕۆیشتوو؛

شەفیق ئەفەندی، مودەڕریس ( پلەیەکی بەرزی ئاینی)ی خەڵکی ئەرواس .

کەسانی تر : بابان زادە شوکروبەگ، لە ماڵی بابان ( سەرنووسەری ڕۆژنامەی تەرجومان) ؛

بابان زادە فوئادبەگ، لە ماڵی بابان ؛

فەتحوڵڵابەگ ( بازرگان) ؛

شوکرو محەمەدMehmedبەگ سەکبان ( پرۆفیسۆری بژیشکی) .

( سیلۆپی : ٥٢-٥٤) .

لیستەیەکی ناوی ئەندامانی بەرز، ساڵی ١٩١٩ بۆ کۆمسیۆنی بەرزی بریتانی لە ئەستەمبوڵ ناردراوە،ئاماژە بەو هەمان ناوانە دەکا و چەندێکی تری لەو هەمان چینانە، چەند ناوێکی لە موحیتی عەشیرەتیش تێدا بەدەر-دەکەوێ، کە لەهەموان ناسراوتر: " ئەلیشانElîşan بەگ" ( سەرناسێکی کۆچ گیری) ؛ ئەلیشان لە رابەرانی راپەڕینێك بوو لە ڕۆژئاوای دەرسیم کە لە دەقەکەدا باس کراوە ( پەر...FO 371,1919: ME44/91082/3050) .

لقی دیاربەکر، وادیارە لەپێشدا سەربەخۆ دامەزرێندراوە ( سیلۆپی : ٤٥) . زۆربەی ئەندامانی، لەپێش شەڕدا، خوێندکارانی زانکۆ بوون و لە " هێڤی"دا خەباتیان کردبوو . دەوری مەرکەزی : ئەندامانی ماڵی جەمیل پاشا دیتیان . زۆربەی ئەندامانی تری کە سیلۆپی (= قەدری بەگ جەمیل پاشا) ناوی بردوون، لە ماڵە دەرەبەگە ←

ئینگلیس لە ئەمستەمبووڵ ئەو قسانەیان بە گرنگ دەگرت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ساندیکا کوردەکانی شار ڕایانگەیاند کە لەگەڵ سەید عەبدولقادردا بوون *. یەکێتی خوێندکارانی کورد " هێڤی"یش زیندووکرایەوە، زۆر ڕۆشنبیری لاو و چەندین پیاوی ناوداری عەشیرەتی تێدا ئەندام بوون. دوای ئەوەی دووبەرەکییەك کەوتە "ك. ت. ج. K. T. C." یەوە، دەستەی هێڤی لەگەڵ عونسورە لاوترو خوێن گەرمترەکانیدا یەکیانگرت و بوون

ئەندامانی کورد تەعالی جەمعیەتی Kürd Taali Cemiyeti ی دیاربەکر کاتی مەحکەمەکرانیان

---

← " گەورەکان " ی شارو ویلایەتەکە بوون . دوو دکتۆریش ( جەودەت و فوئاد) دەوری گرنگیان هەبوو، لە کاتێکدا کە ڕابەرانی ئاینیی وەك : مفتی حاجی ئیبراهیم ئەفەندی ؛ نەقیبول ئەشراف بەکر سدقی بەگ؛ زانای ئاینی خواجەئەفەندی و شێخ ئەحمەد گولشەنی پشتگیریی خێرخوایانەیان لێدەکرد. کۆمەڵەکە هەرتەنیا لە شارەکەدا پتر لە هەزار ئەندامی تێدا ناونووس کرابوو ( سیلۆپی : ٤٥-٤٧) . مێجەر نۆئێل لە حوزەیرانی ١٩١٩دا چووەتە دیاربەکرو، کۆمەڵەکەی پێ زۆر چالاك و دۆستانە بووە لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆدا .

پەروەندەکانی ... (FO 371,1919: ME44/90860/3050)

* پەروەندەکانی... (FO371,1919: ME44/91082/3050,44A/147752/3050 ; 1920: E5063/11/44)

بە " تەشکیلاتی ئیجتیماعیە Teşkilat-i  Içtima'iyye"* .

نوختەی لێرەدا لەبەرچاوە ئەوەیە کە، هەرچەندە زۆربەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە سوننیی کرمانجی شێواز

---

* دووبەرەکی لە ڕێکخراوەکەدا ( ئەویش بەهۆی کێشەوهەرای نێوان سەیدعەبدولقادرو بەدرخانیەکان؟) دوای ئەوەبوو کە سەیدعەبدولقادر بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە ئامانجی ئەو کوردستانێکی سەربەخۆ نەبوو( بەڵام زۆرتر جۆرە ئۆتۆنۆمیەکی مەحدوود بوو ) . بەدرخانیەکان و زۆربەی نەتەوەییە لاوەکان عەبدولقادریان جێهێشت و " تەشکیلاتی ئیجتیماعیە"یان پێکهێنا ، کە ڕابەرانی ئەمانە بوون :

ئەمین عالی بەدرخان ( سەرۆك)  و کوڕەکانی : جەلادەت و کامران ؛

فەریدبەگ بەدرخان ؛

بابان زادە : شوکرو، فوئاد، حیکمەت بەگ ؛

دکتۆرعەبدوڵڵا جەودەت ( ڕۆژئاواییەوو ی تورکی لاو) ؛

دکتۆر شوکرو محەمەد سەکبان ؛

کەمال فەوزی بەگ ( پێشوو ئەفسەر، ڕۆژنامەنووسی بەکاروبەرهەم، ئەندامی  یەکەم هێڤی بوو) ؛

نەجمەدین حوسەین بەگی خەڵکی کەرکووك ( ئەندامی  یەکەم هێڤی) ؛

مەولان زادە ڕفعەت بەگ ( ڕۆژنامەنووس، خاوەنی ڕۆژنامەی کوردیی " سەربەستی" کە ئەوسەردەمە لە ئەستەمبووڵ دەردەچوو) ؛

مەمدووح سەلیم بەگ ( یەکێك لە یەکەم ئەندامانی " هێڤی"ی ئەسڵی، پارێزەر، کوڕی ماڵێکی کەمێ دەوڵەمەندی کارمەندان لە " وان ") .

ئەم ڕێکخراوە وادیارە کەم ژیاوەو زۆر لەئەندامانی پێوەندیان بە سەیدعەبدولقادروکۆمەڵەکەیەوە هەرماوەتەوە . دەکرێ ئەمە بەهۆی شتێکی زۆر سادەوە بووبێ : سەیدعەبدولقادر بوو کە جەماوەری کوردی ئەستەمبووڵی لەپشت بوو .  سانديكايانی کورد ،کە ژمارەیەکی زۆری کوردی چینی خواروویان لە ئەستەمبووڵ لەژێر ئاڵای خۆیاندا کۆکردبووەوە، لەساڵی ١٩٢٠دا سەید عەبدولقادریان بە تاقە نوێنەرێکی خۆیان دانا کە مافی هەبێ بە ناوی ئەوان بدوێ .

پەروەندەکانی ... (FO 371,1920: E5063/11/44)

بوون، کوردی زازایی‌شێوازو عەلەویش هەر ڕوویان تێکردبوو . ئەندامانی لاوی کوردستان تەعالی جەمعیەتی ساڵی ١٩٢٠ ڕاپەڕینێکیان لە ڕۆژئاوای دەرسیم و سێواس لەناوکوردە عەلەویەکاندا هەڵگیرساند. ژمارەیەکی زۆری ئاغاوەتی‌عەشیرەت لەژێرئاڵای داوای ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان یەکیان گرت . دواقسەیان، بە تەلگراف، بە مەجلیسی گەورەی نیشتمانی ڕاگەیاند کە : زیندانیە کوردەکان بەردرێن و کارمەندانی غەیرەکورد لە کوردستان بکێشرێنەوەو ئۆتۆنۆمی بسەلێندرێ و، دوای ئەوە تەنانەت سەربەخۆیی تەواویشیان داواکرد* . داخوازیەکانی ئەم ئاغایانە ( ئەگەر ئەندامانی" ک. ت. ج. "ی لەناویاندا نەشیاننووسیبێ ئەوا بێ گومان تەئسیر-یان تێدا هەبووە ) لە سنووری بەرژەوەندی تەسکی ویلایەتی و تایفەییان تێپەڕاندبوو . کورستانەکەیان سوننی و عەلەویشی تێدابوون و کرمانج و زازاش** . بەڵام یارمەتیان لە بەشەکانی تری کوردستانەوە فریا نەکەوت و

---

* ڕاپەڕینەکە زۆرتر بەناوی ئەو عەشیرەتەوە ناودەبرێ کە دەوری سەرەکیی تێداهەبوو : کۆچ گیری . دکتۆری بەیتار نووری دەرسیمی، کوڕی ئاغایەکی دەرسیم، لەلایەن دەستەیەکی لاوەوە کە لە " کوردستان تەعالی جەمعیەتی"دا بوون ناردرایە لای عەشیرەتە عەلەویەکانی سێواس . دەوری مەرکەزیی لە ڕاپەڕینەکەدا دیت، و دوای ئەوە کتێبێکی لە سەر دانا بە ناوی " کوردستان تاریهندە دەرسیم" . لەم دواییانەدا نامیلکەیەك لە تورکیا دەرچوو کەهەمووی دەربارەی ئەم ڕاپەڕینەیە: (ناوی نووسەری لەسەر نیە)،کۆچ گیری هالك حەرەکەتی ( کۆمەل، ئەنقەرە ١٩٧٥) .

یەکەم ئولتیماتومی‌کە ئاغاکان ناردیان (١٥ی نوامبری١٩٢٠) داوا دەکا : حکومەت هەڵوێستی لە ئۆتۆنۆ-میی کوردستان ڕابگەیەنێت، هەموو زیندانیی‌کوردی ویلایەتەکانی ئەلعەزیز،مەلاتیە، سێواس،و ئەرزنجان بەربدرێن . کارمەندانی تورك لەو شوێنانەی کە زۆربەی خەڵکەکەیان کوردە بکێشرێنەوە، هێزی لەشکری کە حکومەت ناردبوویە سەر ڕۆژهەڵاتی سێواس دەستبەجێ بکێشرێتەوە . ئولتیماتومی دووەم (٢٥ی نوامبری ١٩٢٠)، بە ئیمزای " سەرۆکانی عەشیرەتیی ڕۆژئاوای دەرسیم" پتر دەڕواو داوای کوردستانێکی سەربەخۆ دەکا کە لە ویلایەتەکانی دیاربەکر، ئەلعەزیز، وان، و بتلیس پێکبێت . خاوەن ئیمزا هەڕەشەیان کردبوو کە سەربەخۆیی بەزۆر دەستێنن ئەگەر بە خۆشی نەیاندرێتێ ( دەرسیمی : ١٢٨-١٢٩) .

** پرۆگرامەکەمان وابوو : دەبوو لەپێشدا سەربەخۆیی کوردستان لە دەرسیم ڕابگەیەندرێ، و ئاڵای کورد لە خۆزات ( تونجەلیی ئێستا، شوێنی سەرەکیی دەرسیم- فان برووئەسن) هەڵبکرێ، دوای ئەوە هێزی نەتەوەیی←

لەشکری کەمالییان بەبێ زەحمەتیەکی زۆر توانی لەناوی بدا . یەکێك لەو شتانەی بوونە هۆی سەرنـەکەوتنی ئەم راپـەڕینە، نـەبوونی هاونـەزمی وهاوکـاریی ڕێکوپێکی ناوچەکان بوو، کـە لە خراپیی ڕێی پێوەندی و ڕێکخستنی لاوازەوە بوو . ڕاپەڕینەکە، لە مەرکەزەوە نەخشەی نـەکێشرابوو و، پێش ئەوە پێوەندی بە کەسانی دەستڕۆیشتووی شوێنەکانی تری کوردستـانەوە نـەکرابوو . ئەوەش کە، زۆربەی کوردی سوننیی ئەوکاتە هەر بزووتنەوەیەکی " عەلەوی "یان تێدا دەدیت، ئەوە نـەبوو هەروا لەخۆیانەوە رەگەڵ بکـەون .

لەم رووەوە، ئێستاش زۆر نەگۆڕاوە . کوردی عەلەوی بەگشتی لەپێشدا خۆیان پێ کوردەو جیاوازیی ئاینی دەخەنە پلەی دوای ئەوەوە . تەنانەت عەلەوی هەن کە زمانیان تورکیە و زۆرتر خۆیان - هـەر نەبێ بەدەم - بە کورد دادەنێن تاوەکو بە تورك ، چونکە کوردو عەلەوی هەردوو لە تورکیا جیاوازییان لەگەڵدا دەکرێ . کوردی سوننی، بەهەرحاڵ، لەگەڵ زۆربەی سوننیدا، بیری خراپ لە عـەلەویان دەکەنەوە . لەو ناوچانەدا کە سـوننی و عـەلەوی هەردوو تێدا دەژین ( وەك مـەلاتیە، خـارپووت، ئەرزنجان) سەختگیریی ئیسلامی و پرۆپاگەندەی فاشیستی لەناوکوردی سوننیدا گوێی لێ دەگیرێ، بەرادەیەك کە ئێستا (١٩٧٨) شەڕێکی ئەهلی لەنێوانعەلەویان( تورك و کورد ، لە رووی سیاسیەوە چەپ) و سوننیاندا ( تورك و کورد ، لە رووی سیاسیەوە ئەوپەڕی راست) لەئارادایە .

هۆی گرنگی سێیەمی سەرنـەکەوتنی راپەڕینەکە ئەوەبوو کە زۆربەی ئاغای تری دەرسیم و شوێنەکانی تریش لە کوردستاندا بڕوایان بەمستەفا کەمال هەبوو و پشتگیرییان لێدەکرد . پێیان وابوو مستەفا کەمالیان بۆ پتەو- کردنی یا زیادکردنی دەسەڵاتیان پێویست بوو . مستەفا کەمال ساڵی ١٩١٦ فەرماندەی فەیلەقی ( لەشکری) ١٦یەم ببوو لە دیاربەکر، پێشی رووسانی گرتبوو، و ناتەبیعی نیە کە بە پارێزەری خۆیان داناوە . دۆستایەتیی لەگەڵ زۆر ئاغایاندا پەیداکردبوو و دڵنیای کردبوون کە کوردی زۆر خۆشدەویست . کوردی ناودار - تەنانەت نەتەوەییش -ی بانگ کردبوونە کۆنگرەکانی ئەرزەرۆم و سێواس و،بەڵێنی دابوونێ کە کوردو تورك لە تورکیای سەربەخۆدا مافی وەك یەکیان دەبێ . چەند کوردێك خرابوونە یەکەم کۆمیتـەی نوێنەران ( بڕ- ل ١٧٢) و، کورد

---

← کورد لە ئاقاری ئەرزنجان و ئەلعەزیزو مەلاتیەوە بەرەوسێواس بێن و داوای ئیعتیرافی رەسمیی حکومەتی ئەنقەرە بەکوردستان بکرێ . تورك ئەم داوایەمان قەبووڵ دەکەن مادام داخوازیی ئێمە بە زەبری چەك پێشکەش- دەکرێ . ( دەرسیمی : ١٣٠) .

ئەوەندەی نیسبەتی خۆیان لە مەجلیسی گەورەی نیشتمانیدا هەبوون* . کاتێ یەکەم پشێوی لە دەرسیم دەستی پێکرد ،مستەفا کەمال داوای لە بزوێنەرەکانی کرد کە بچن قسەی لەگەڵدا بکەن . تاقە کەسێکی لەوانە چوو: ئەلیشان ( ئاغای عەشیرەتی کۆچگیری) کرا بە کاندیدا بۆ مەجلیس** .

ساڵانی ١٩١٩/ ١٩٢١، نێوانی مستەفا کەمال و ئاغاوەتی کورد وادیارە لەوەی ڕێکخراوە نەتەوەییە کوردەکان و ئەو ئاغاوەتە باشتر بووە . هەروەك" کورد تەعالی جەمعیەتی" لە دیاربەکر بە مێجەر نۆئێل ـیان گوتووە کە، سەرەڕای هەستی نەتەوەیی زۆرگشتییش (؟) ئەوان نەیانتوانیوە کوردستانێکی سەربەخۆ رابگەیەنن " چونکە تورك دوو ناوداری سەرەکیی ناوچەییان کێشاوەتە لای خۆیان، کە ( ئەو دوو ناودارە) لە ناو عەشیرەتانی دەوروبەردا دەستیان رۆیشتووە..."*** .

به ڕێکەوت، ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیەش ئەو نەتەوەییە میسالیە ناخۆپەسندانەش نەبوون کە دەیانویست لافی لێ بدەن (لە دژی ئاغا بێ رەوشت وخاینەکانی کە پشتگیریی تورکیان دەکرد) . تاکو بەهاری١٩١٩بەگەرمی باسی جۆرە نەتەوایەتیەکی تورك - کوردیان دەکردو لەگەڵ کەسانێکی تورکی لاودا هاوکاریان دەکرد، بەوە کە وێدەچوو ئەوە زۆرترین پاداشی لەدوابێ . لە دواتری ئەوساڵەدا ،لە تورکان هەڵگەڕانەوەو پڕۆپاگەندەیان بۆکوردستانی تەواو سەربەخۆکرد. ئینگلیسێکی ئاگادار بە تەوسەوە ئەمگۆڕانەی بەوە لێکداوەتەوە کە تەماحێك بووە چاردە نوختەکەی ویلسن ( سەرەك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بزواندوویەتی،کە باسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی نەتەوەکانیان قەبووڵ کردووە :

" لەوساوەی تەرجومەی تانتالوسی( ئازاردان بەپیشاندانی خۆشی و ڕێنەدانی پێگەیشتنی) ی بیروباوەڕەکەی ویلسن،بەهەرحاڵ،دەربارەی ئەوە کە دەبێ هەرکەسێك حەزی لەهەرچی کرد

---

* دەرسیمی دەڵێ کە یەکەم مەجلیس ٧٢ نوێنەری کوردی تێدابوو ( هەمان سەرچاوە، پەراوێزی١٢٥) . ئەمە لە ژمارەی تێکڕای نوێنەران، کە ٤٣٧ بووە، نیسبەتێکی بەجێیە . جەدوەلی ژمارەی نوێنەرانی هەر ویلایەتێك لەم مەجلیسانەدا لە : " فرێی Frey ( ١٩٦٥) : پاشکۆی ب Appendix B " دا هەیە .

** دەرسیمی : ١٢٢-١٢٥ .

*** پەروەندەکانی...FO 371,1919: ME44/90860/3050

بیکا، بە هەموو توانای دڵڕفێنانەوە سەری لە ئاسۆیان دەرهێناوە و، ئێستا تورکۆ- کوردە-
کانی جاران پێیان وایە ئەگەر بێتو بەقەو بـقیـڕێن ئەوا سەرۆك ویلسن گوێی لێ دەبێ و
ڕێیان دەدا دیاربەکر بۆخۆیان ئیدارە بکەن و، لەسەر قەڵەوبوون بەو داراییەی مەسیحیـ-
ـیانی کە لە کوشتارەکاندا دزیـان بەردەوام بن، تەنانەت بەبێ ئەوەی تـالانـەکـە لەگەڵ
تورکانیشدا بەش بکەن "* .

تەنانەت مەسەلەی بڕوا پێ‌هەبوونیشی لێ‌دەرچێ، سەیر نیە ئاغای کورد هەر روو لە مستەفا کەمال بکەن : ئەو دەسەڵاتی بەدەست بوو و دەکرا دەسەڵاتیان بداتێ، لە کاتێکدا کە ڕێکخراوە نەتەوەییەکان خۆیان دەسەڵاتیان نەبوو و بەتەمای چاکەی هاوپەیمانان و بەندەکانی "پەیمانی سێڤر" بوون، بەڵام زۆربەی ئاغاکان چاك لەوە گەیشتبوون کە هاوپەیمانان بە ڕادەی یەکەم دۆستی ئەرمەنیان بوون نـەك دۆستی کـوردان . مستەفا کەمال، وێ‌دەچوو لە هـەمووکـەس پتر بیتوانیبا خاکی " کـورد " لە داواکەریی ئـەرمەنیـان بپارێزێ . ئەوەبوو کـە دیسامبری ١٩١٩ وەفدی کـورد لە کۆنفرانسی ئاشتی‌دا دیتیان کە وا هەوڵی گەیاندنی داوای سـەربەخۆیی کـورد بە ریزە تەلگرافێکی ئاغاوەتی کـورد هەڵەنگووت کە بۆ کۆنفرانسی ئاشتی‌یان دەناردن نـاڕەزاییان دەردەبڕی و کە جیابوونەوەیان لە تورکان نەدەویست** .

## ئـازادی

دوای سەرکەوتنی تەواوی نەتەوەییەکانی مستەفا کەمال، ڕێکخراوە نەتەوەییە کـوردەکانی ئەستەمبوڵ لەکار-

---

* بێل (١٩٢٠) : ٦٧ ( جوەیدە (١٩٦٠) وەریگرتووە : ٣٩٦) . دەکرێ ئەم گۆڕانە بە شتێکی تریش روون - بکرێتەوە ." کورد تەعالی جەمعیەتی"ی دیاربەکر، لەناو ئەندامەکانیدا کەسانی وەك دکتۆرعەبدوڵڵا جەودەت هەبوون، کە هەمیشە لە تورکی‌لاو نزیك بەبوو . لەوانەیە ئەم ڕۆشنبیرە جێ‌ڕێزانە بەرپرسی ئەوهەڵوێستە بووبن کە لە سەرەتاداهەبووەو، ئیتر عونسوری رادیکالتر کەم- کەمە دەستیان لێ سەندبێ . سەرچاوەی نەتەوەییکورد باسی هیچ چالاکیەکی دوای ١٩١٩ی جەودەت ناکەن .

** لیستەی ئیمزاکەرانی ئەم تەلگرافە لە پەروەندەکانی... FO 371,1919: 44A/163679/168763/3050 دا و لە کتێبی دەرسیمی دا : ١٢٥ .

کەوتن . ئەوەی راستی بێ، ئەوانە پێش ئەوەش نزیکەی بڵاوەیانکردبوو . ئەنداماتی بەرزی کە ناوی پێوەندیی لە رادە بەدەر نزیکیان بە هاوپەیمانانەوە لەسەربوو، رایانکرد . ژمارەیەکیان دوای ئەوە ساڵی ١٩٢٧ لە سووریا ڕێکخراوێکی نەتەوەییان بەناوی خۆیبوون دامەزراند ،کە بەهۆی هاوکاریی نزیکیان لەگەڵ داشناق ی ئەرمەنیدا دۆستایەتیی ئینگلیس وفەرەنسیەکانیان هەبوو . موحیتی نەجیبزادەیی و رەفتاری پاتەرنالیستی (باوکانە)ی لە خۆیبووندا زاڵ بوو . دواتر دەورێکی لە راپەڕینی ئاراراتدا هەبوو ( بەگوێرەی قسەی هەندێ ئەندامی،هەڵیسووڕاند)، کە دەرکەوت دۆستایەتیی فەرەنسی و ئینگلیسی بۆ بەکەڵك بوو .

لە تورکیا، ڕێکخراوێکی نهێنیی نوێ بە ناوی " ئازادی"* ساڵی ١٩٢٣ دامەزرا . پێکهاتنی لەوانەی پێشوو جیاواز بوو . نەك ئەعیانی شارستان ( جگە لەچەند دانەیەکی زۆر بەتەمەن)، بەڵام زۆرتر پیاوانیعەسکەریی شارەزا بوون کە جەرگەی ئازادی ـیان پێکهێنابوو . لقی مەرکەزی لە ئەستەمبووڵ یا لە ئەنقەرە نەبوو، لەئەرزەڕۆم بوو،کە مەرکەزی لەشکری هەشتەم بوو . کەسانی مەرکەزی بریتی بوون لە : خالیدبەگ ( ئاغایەکی عەشیرەتی جبران) و یوسوف زیابەگ ( لە تۆرەمەی میرانی بتلیس) . ئەوەی یەکەمیان یەکێك بوو لە چەند کوڕە ئاغایەکی کەمی کە چووبوونە ئەو خوێندگە عەسکەریی عەشیرەتی یەی کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دروستیکردبوو تا کادیری بۆ هێزی حەمیدیە بۆ ئامادەبکا، لەلایەن زۆربەی فەرماندە عەشیرەتیەکانی میلیشیاوە ڕێزی لێ دەگیرا . لە لەشکری نیزامیدا سەرهەنگ بوو، رەنگە بەهۆی خوێندنی شارستانیەوەبووبێ کە لە زۆر لە ئەفسەرەکانی تریعەشیرەتی نەتەوەییتر بوو، یوسوف زیابەگ لە بتلیس زۆر دەستڕۆیشتو بوو،

---

* بەتەواوی : " جڤاتا ئازادیا کورد"، دوایی کرا بە " جڤاتا خوەسەریا کورد" ( کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد) . لە نووسراوانی دەربارەی نەتەوایەتییکورددا بەشێوەیەکی زۆرسەیرکەم باسی ئەم ڕێکخراوە هەیە . جوەیدەی کە باسی ژمارەیەك ڕێکخراوی نادیاری وای ئەستەمبووڵ دەکا کە هەر لەسەر کاغەز هەبوون، لە هیچ کوێ ناوی" ئازادی" نابا، کە بەگوێرەی سەرچاوەکانی قسەیان بۆکردووم گرنگترین ڕێکخراوی ئەو سەردەمەبووە . ئەمە رەنگە خەتای ئەوەبێ کە ئازادی لەکوردستاندا چالاك بووە، لە ئاگادارانی بێگانە شاردراوە بووەو قەت هیچ پڕۆپاگەندەیەکی لای بێگانە نەکردووە،کە ئەوانی تر کردوویانە . نەجیبزادەی جیهانی( ئەریستۆکراتانی کۆسمۆپۆلیتی)ی وەك بەدرخانیەکان بوون کە مەسەلەی کوردیان بە ئەوروپا ناساندووە،" ئازادی " ئەندامی لەوانە نەبووە یا کەمی هەبووە .

هەڵبژێراوی ئەویّ بوو بۆ مەجلیسی گەورەی نیشتمانی، کە ئەوە ڕێی ئەوەی بۆ دەکردەوە بەوناوەدا بگەڕێ و پێوەندی بە خەڵکێکی زۆرەوە بکات بەبێ ئەوەی گومان و سەرنج ڕابکێشێ .

یەکەم خۆ ئامادەکردن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکە، ژمارەیەك لە ئەفسەران بەجێیان هێنا، دوای ئەوە لە سەرتا-سەری کوردستاندا کەوتنە پێوەندیکردن بەکسانی بەتەئسیرو دەستڕۆیشتوو(بەوە کە ساڵی ١٩٢٣هەڵبژاردنی نوێ لە ئارادا بوو، زیابەگ توانی بەناوی هەڵبژاردنەوەی خۆی و هەلسووڕاندنی شاڵاوی ئەوهەڵبژاردنە، ئەو کارە بە هاسانی بە ئەنجام بدا ) . ئازادی، لە ١٩٢٤دا کۆنگرەی یەکەمی گرت . لەوانەی تێدا بەشداربوون، یەکێك لە نەتەوەییە هەرە بە حەماسەکانی کورد" شێخ سەعید" بوو، شێخێکی نەقشبەندیی لە ڕێی ژنەوە خزما-یەتی لەگەڵ خالیدبەگدا هەبوو، و لەبەرئەوە بۆ کۆنگرەکە بانگ کرابوو چونکە لە ناو عەشیرەتەکانی شێوازی زازایی ناوچەکانیباکووری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکردا دەستی زۆر دەڕۆیشت . فەرماندەکانی میلیشیا(حەمیدیە)ی کە لەکۆنگرەدا بوون پتر بەپارێزەوە بوون،بەڵام شێخ سەعید پێیسەلماندن، لەکاتێکدا کە سیاسەتی حکومەتی ئەنقەرە تادەهات مەترسیی پتری بۆ سەرکورد پێکدەهێنا، شەڕ بۆ سەربەخۆیی پێویست بوو*. کۆنگرە دوو

---

* ئەندامانێکی ئازادی کە دوای ڕاپەڕینێکی سەرنەکەوتوو چوون پەنایان بردە بەرعێراق ( بڕ- لقی دوای ئەمە) لیستەیەك دادوهاواریان لە دەست تورکان بۆ ئەفسەرانی ئیستیخباراتی ئینگلیس باسکردووە :

١- قانوونێکی نوێ دەربارەی کەمایەتیەکان ترسی لێ پەیدا کردوون کە تورك کوردان بە ڕۆژئاوای تورکیادا بڵاوبکەنەوەو، تورکان لەجێی ئەوان لە ڕۆژهەڵات نیشتەجێ بکەن .

٢- خەلیفایەتی، یەکێك لە دوا پێوەندیەکانی کوردو تورك، هەڵگیراوە .

٣- بەکارهێنانی زمانی کوردی لە خوێندگە و دادگادا نەماوە . خوێندن بەکوردی قەدەغەکراوە، کە بەهۆی ئەوەوە خوێندن لەناو کورداندا لە ڕاستیدا هەر نەماوە .

٤- وشەی" کوردستان" ( زاراوەیەکی جوغرافییە کە بەکاردەهات) لەهەمووکتێبەکانی جوغرافیا هەڵگیراوە .

٥- کارمەندانی گەورەی حکومەت لە کوردستان تورك بوون . هەر لە پلەی خوارتر، کوردی کە بە پارێزەوە هەڵبژێراون دامەزراون .

٦- لەبەرامبەر باجی دەدران، بەهرەیەکی بەرامبەربەوەیان لە حکومەت پێ نەگەیشتووە .

٧- حکومەت لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات دەستی خستووەتە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٣ی مەجلیسی ←

بڕیاری گرنگی دا :

١- ڕاپەڕینێکی گشتی لە کوردستان بەرپابکرێ، ئەوجا سەربەخۆیی ڕابگەیەندرێ . دەبوو هەموو کارێك، بە دوورودرێژی و بە وردی لە نەخشەداناندا حیسابی بۆ بکرێ . دەبوو هەموو بەشدارێك فەرمان و تەعلیماتی تەواوی خۆی پێ بێ و بزانێ دەبێ چی بکا و چیی لێ چاوەڕوان دەکرێ . بەوەی کە ئەوەش کاتی زۆری دەویست، وا دانرا کە بزانن بەڵکو لە مایسی ١٩٢٥دا ڕاپەڕینەکە دەست پێ بکەن .

٢- بەگشتی هەست بەوە دەکرا کە یارمەتی وەرگرتن لە بێگانە پێویست بوو . سێ ڕێگا لەبەر دەم بوون : فەرەنسی ( لە سووریاوە)، ئینگلیس ( لە عیراقەوە)، رووس . زۆر فەرماندەی میلیشیا ،کە هەمیشە رووسیا-یان بە چاوی دوژمنی گەورەیان سەیرکردبوو و لەبەر هۆی ئاینییش، خۆیان پێ زۆر لە تورکان نزیکتر بوو تا بە بۆلشەفیکەکانی دوژمنی دین دەگەیشت، تەنانەت نەیاندەویست هەرباسیشی بکەن . وەك گوتمان،دیسان شێخ سەعید بوو کە بارەکەی هەڵگێڕایەوە و بەوانی تری سەلماند کە یارمەتی وەرگرتن لە کافران لەوە باشتر بوو کە وەك ئەرمەنیەکانیان بەسەربێ* . کەسێك ناردرا گورجستان، سۆڤێتیەکان وەڵامیان وا دابووەوە کە ئەوان چەوسانەوەی کوردان تێدەگەیشتن، بەڵام لە هەلومەرجێکدا نەبوون کە بتوانن یارمەتیان بدەن . بەڵام، بەهەرحاڵ، بەڵێنی ئەوەیان دا کە تورکان لە لێدانی ڕاپەڕینی کورددا یارمەتی نەدەن . ئینگلیسەکانیش،

---

← گەورەی نیشتمانی .

٨- حکومەت بەردەوام لەسەر سیاسەتی بەگژیەکتراکردنی عەشیرەتان ڕۆیشتووە .

٩- عەسکەری تورك زۆر جار دێهاتیکوردستانیان تاڵان کردوون، حەیوانەکانیان بردوون، خۆراکیان بە زۆر لێ ئەستاندوون، زۆرتر وابووە هیچیان لەبەرامبەردا نەداونێ، یا شتێکی کەمتر لە هەقی خۆی .

١٠- کورد لە لەشکردا ڕەفتاری جیاوازیان لەگەڵداکراوە، بەگشتی کاری سەخت و ناخۆشیان خستوونە سەر .

١١- حکومەتی تورك ویستوویە بە یارمەتیی سەرمایەی ئەڵمانی سامانی مەعدەنیی کورد بەکاربهێنێ .

پەروەندەکانی...FO 371,1924 : E 11093/11093/65

* تاقە سەرچاوەیەکم دەربارەی ئەم کۆنگرەیە مەلاحەسەن هشیارە، کە خۆی تێدا نەبووە، بەڵام زۆرکەسی لەوانە ناسیوە کە تێدا بەشداربوون . بەداخەوە، نەمتوانی سەرچاوەیەکی سەربەخۆ بۆ پشتگیریی ئەم قسانە وەدەست - بخەم .

پێوەندیان پێوە کرابوو، بەڵام وەك هەمیشە، هیچ بەڵێنێکیان نەدابوو* .

* بە قسەی مەمدووح سەلیم، بەلای کەم لە سێ شوێنەوە روو لە ئینگلیسان نراوە، لە رێی کۆنسولەکەیان لە ترابزۆن، و لە رێی کوردانی پلەوپایەبەرز لە عیراق .

## ٥- راپەڕینی شێخ سەعید

### هۆکاری ئاینی

سەرتاسەری ساڵی ١٩٢٤، خۆ بۆ راپەڕین ئامادەکرا : هەلومەرج بۆ پرۆپاگەندەی نەتەوایەتی لەباربوون . بە هەڵگیرانی خەلیفایەتی، گرنگترین رەمزی برایەتیی تورك و کورد لە ئارا هەڵگیرا . ئیتر دەکرا حکومەتی ئەنقەرە بە" نائاینی" بوون مەحکووم بکرێ، کرداری تری ئەوحکومەتە باوی ئەو تاوانبارکردنەیان ئەوەندەی تر خۆشکرد . ئەم بەڵگەیە بۆ زۆر کورد(ی زۆر دڵگەرمی ئاین) لە هەربەڵگەیەکی تر گرنگتر بوو . هاوار لەدەست نارەحەتیی تریش هەبوون . ئەگەر قسەی کوردان لەو رووەوە راست بن، ئەوا ترسی نەتەوایەتیی کورد وای لە حکومەتی ئەنقەرەکردووە دەست بداتە کرداری وا کە عاتیفەی نەتەوەیی کورد ئەوەندەی دی تەشەنە بکا : بەناوی گەلپەروەری، زمانی کوردی لە شوێنی گشتیدا قەدەغەکرا (١٩٢٤)؛ بەناوی نەهێشتنی دەرەبەگایەتی، ئاغای کورد و بەڵام رۆشنبیرانیش بۆ رۆژئاوای تورکیا دوورخرانەوە، بەگوێرەی قانوونێکی نوێ ( ژمارە ١٥٠٥) دەکرا دەست بە سەر زەویوزاری خاوەن زەویە گەورەکانی کورددا بگیرێ و بدرێن بەو تورك زمانانەی کە دایاننابوو لە کوردستان نیشتەجێ بن* . ئازادی، دادوهاواری لەدەست ئەو کردارانە لە پرۆپاگەندەیدا بەکاردەهێنا و زۆر گوێی لێ دەگیرا .

بەڵام بەهەرحاڵ وێ ناچێ هیچ نەخشەیەکی ستراتیجی تایبەتی دانرابن . زۆرتری کۆشش هەر بۆ ئەوەبووە کە پشتگیریی کەسانی دەسترۆیشتووی هەموو بەشەکانی کوردستان دابین بکرێ . وادیارە لایان وابووە، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان، بەرپاکردنی راپەڕینێکی گشتی لە هەموو کوردستاندا و راگەیاندنی حکومەتێکی کوردی بەس بوون . دەزانرا کە تورك لەناوخۆدا یەك نەبوون و، شەپۆلێکی بەهێزی محافەزەکاری تا رادەیەك لەژێر تەئسیری ئایندا لە دژی مستەفا کەمال بوو . کەواتە رەنگێکی" ئاینی " یش

---

* قسەی بلەچ شێرکۆ : ٣١، و ژمارەیەك بڵاوکراوەی دوای ئەوە کە رەنگە قسەی ئەوانیش هەر لەسەر بنچینەی ئەم کتێبە بێت . " ئایدەمیر،ئیکینجی ئادەم،١ : ٣١٢"یش بەکورتی ئاماژە بەوە دەکا کە "چەندین شێخ و ئاغا لەوناوە دوورخرانەوە" . بۆ لیستەی دادوهاواری کوردان، وەك لە ١٩٢٤دا دارێژراوە ( و کەواتە نەك هەر تەنیا بە سەیرکردنی رابردوو ) بڕ- پەراوێزی داوێنی ل ١٩٤-١٩٥ .

دانە ڕاپەڕینی کە بەدەستەوەبوو، دوو جار کەڵکی دەبوو : جارێك بۆ زۆر کـوردی کە ئەگەر وانـەبوایە ڕەگەڵیدا نەدەبوون، جارێکیش بەوەی کە بەوە حکومەت و مەجلیسی گەورەی نیشتمانی لە سەنگەری دژی ڕاپەڕینەکەدا یەك ڕیزی پتەو نەدەبوون . لەبەرئەوە هەوڵ درا کە پێوەندی بە سوڵتان وەحیدەدین*ی دووروڵاتەوە بکرێ، ئەگەر ئەو بە ئاشکرا پشتی ڕاپەڕینەکەیانی بگرتایە ئەوا هەلی سەرکەوتنی پتر دەبوو . هەر لەبەر هەمان شت، شێخ سەعید و شێخانی تری هاوکار دەوری گرنگیان لەبەردەم بوو . ئـازادی، بە ئانقەست شێخەکانی بە ڕابەرانی ڕاپەڕینەکە هەلبژارد . شێخ، بەلای کەم، لە سێ ڕووەوە گرنگ بوون :

- خەڵکێکی زۆریان دواکەوتبوو و،دارایییەکی زۆریان بەدەستەوە بوو( سەرچاوە تورکیەکان زۆرتر باسی دووەمەکەیان دەکەن ) . زۆرتر وایە شێخ سەعید بە خاوەنی ئاژەڵی زۆر ناوبراوە . مـەلا حـەسـەن هشیار دەڵێ شێخ بەهۆیکوڕەکانیەوە بوو ئەوەندە دەوڵەمەند بوو ،کە ئەوان چۆدار(بازرگانیئاژەڵ)ی گەورە بوون، شێخ قەت پارەی لە مریدەکانی وەرنەگرتووە .
- ئەوان بوون کە دەیانتوانی ڕەنگێکی ئاینی لە ڕاپەڕینەکە بدەن و بەوە دڵی خەڵکێکی زۆر زۆرتر لە تابیعانی خۆیان ڕابکێشن .
- بەهۆی دەوری لەمێژینەیان لەمەسەلەیکەوتنەنێوان وچارەکردنیکێشەوهەرایاندا حەقەن زۆرپێویست بوون . بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پێویستیە نموونەیەك دەهێنمەوە، کە باسی ڕووداوێکی سەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەمەوهەمان ئەم شێخ سەعیدەی گرتەوە : عەبدورەحمان بـەدرخان Ebdurrehman** کە

---

* مەجلیسی گەورەی نیشتمانی، ڕۆژی یەکەمی نوامبری ١٩٢٢ ، قانوونێکی دەرکرد ، بەگوێرەی ئەوە خەلیفایەتی و سەڵتەنەت لێك جیاکرانەوەو سەڵتەنەت هەڵگیرا . سوڵتان وەحیدەدین کە بە هاوکاریی ئینگلیسان تاوانبارکرابوو، چاوەڕێی نەکرد کەمالیەکان بێنە ئەستەمبووڵەوە، چووە کەشتیەکی شەڕی ئینگلیسەوەو ڕایکرد . مەجلیس، عەبدولمەجیدی دووەم ( کوڕی سوڵتان عەبدولعەزیز ١٨٦١-١٨٧٦) ی بە خەلیفە دانا . لە ٣ی مارتی ١٩٢٤دا خەلیفایەتیش هەڵگیرا . وەحیدەدین لە دەرەوە ( لەپێشدا لە " ماڵتا "وە، دوایی لە عارەبستانەوە )، زۆرتری بێ هوودە، هەولی دا ناڕازیان لە ڕژیم ڕێك بخا . سەرچاوە تورکیەکان تەنانەت بەشێکی ئامادەکردنی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید دەدەنە پاڵ ئەو ( بەغوونە بڕ- ئاوچی ئۆغلو، ٣ : ١٣٣٣- ١٣٣٤) . ** ئەوە بەقسەی مەلاحـەسـەن. ڕەنگە ←

ئەوسا لە تفلیس دەژیا، چووە لای شێخ سەعیدو باسی ئەوەی لەگەڵدا کردەوە کە رووس بەڵێنیان داوە ئەگەر میلیشیای کورد لە تورکان هەڵگەڕێنەوە ئەوا رووس یارمەتیان دەدەن کوردستانێکی سەربەخۆ دامەزرێنن . شێخ سەعید لەپێشدا مەسەلەی لەگەڵ کۆرحوسێن پاشای ئاغاو فەرماندەی میلیشیای عەشیرەتی حەیدەران کردەوە . کۆرپاشا لەوە دەترسا خالیدبەگی عەشیرەتی حەسەنان ( ی ئەوەندەی حەیدەران بەهێز) ی کە بەردەوام دوژمنی بوو، ئەو بەهانەیە بقۆزێتەوەو هێرشی بەرێتە سەر، لەبەرئەوە هاوکاری کردنی بەو مەرجە قەبووڵ کرد کە خالیدبەگیشی تێدا بەشدار بێت . خالیدبەگیش لەوە دەترسا کۆرحوسێن پاشا لەپشتەوە بەسەریدا بدا،و هەمان مەرجی هێنایە پێشەوە . هەرتك زەلام پێویستیان بە شێخ هەبوو کە بکەوێتە نێوانەوە،کە سەرپەرشتیی پەیمانیان بکا و متمانەی بەڵێنیان بێت بەرامبەر بە یەك .

( بەهەرحاڵ پلانەکە پێزانرا، شێخ دوورخرایەوە بۆ دێی باووباپیرانی لە پالوو،کۆرحوسێن وعەشیرەتە-کەی لە جەبهەی خەتەر دوورخرانەوە . هەرتك دوایی بەڵێنی هاوکاریان دا بە ئازادی، بەڵام هەر خالید بەگیان بەشداریی کرد) .

رەنگە بەهۆی ئەم دەوری کەوتنە نێوان و رێزی لەسەروو سنووری عەشیرەتیەوە بووبێ کە لە کاتی راپەرینەکەدا فەرماندەی چوار جەبهە لە پێنج جەبهەکان شێخ بوون، شێخ سەعیدیش خۆی فەرماندەی یەکەمی هەموو شەڕە-کان بوو .

## لێ نۆڕینێکی ئەو سەردەمەی باری ساڵی ١٩٢٤

زۆرترینی سەرچاوەکان باسی ئەو سەردەمە لەباری سەرنجی تایبەتی خۆیانەوە دەگێڕنەوە، و ئەوەندەی بیرەوەریی نووسراو و گێڕانەوەی دەماودەمن، بە بیروڕاو لێکدانەوەی دواتر و بەوجۆرەی کە دڵ حەزی کردووە کە وا ببوایە رازێندراونەوە . لێرەدا ئەوەی چەندئەندامی ئازادی لە سیپتامبری ١٩٢٤دا بۆ لێکۆڵینەوەی ئیستیخباراتی ئینگلیسیان باسکردووە* سەرنج رادەکێشێ . ئەو ئەندامانە ئەفسەرانی لەشکری تورکیا بوون و، دوایی چیرۆکی دەرچوونیان لە لەشکر دەگێڕنەوە . ئەوەی ئەمانە گوتوویانە، زۆر لەگەڵ قسەی ئەو سەرچاوانەی مندا

---

← عەبدورەزاق Ebdurrezzaq بەدرخان بووبێت .

* راپۆرتی" کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد لە ئەنادۆڵی رۆژهەڵات "، خراوەتە FO 371,1924: E11093/11093/65.

کە دارێژراونەوە ڕێك دێنەوە . بەقسەی ئەمان، زۆر ئەفسەری کورد لە لەشکری تورکدا مەیلیان بەلای کوردا- یەتیدا بووە . نیسبەتی ئەفسەرو سەربازو دەرەجەداری کورد لە لەشکری حەوتەم (لە دیاربەکر)دا لە نیوە کەمتر نەبووە، تەنانەت زۆر ئەفسەری تورکیش مەیلیان بەلای کورداندا بووە* . باسی نێوانیان لەگەڵ تورکی دژی کەمالیەکان کردووە، بەڵام باسەکەیان ئەوەندە بەمویەهەمی بووە بڕوای پێ نەکراوە . ئامانجەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیان بەم جۆرە باسکردووە :

ــ هەڵسووڕاندنی زنجیرەیەك یاخی بوونی دەستبەجێ و وێکڕا لە سەرتاسەری کوردستانی تورکیا .

ــ دامەزراندنی حکومەتێکی نەتەوایەتی ( دوای هەندێ پێداگرتن لەسەر پرسیاری ناوی ئەوکەسەی وێ بچێ بیێتە ڕابەر، ناوی ماڵی بەدرخان هێنراوە**) .

ــ بەجێ هێنانی خوێندن، کشتوکاڵ، و بەهرە وەرگرتن لە کانەکان بەسیفەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ .

بەقسەی ئەو ئەندامە، لقە ناوچەییەکانی ئازادی لە ١٨ کەمتر نەبوون،کە زۆربەی ڕابەرانیان ئەفسەرانی لەشکر یا میلیشیا بوون . جگە لەو ڕێکخراوە حیزبەش، لیستەیەکی ناوی ئاغا دەستڕۆیشتووەکانی ویلایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتیان داوە کە ویستوویانە پشتگیری لە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بکەن . ئەو ئینگلیسانەی ئەوئەندامانەی ئازادی‌یان بەر پرسیارولێکۆڵینەوە داون،گوتوویانە کە بەهەرحاڵ فکرەیەکی کەمی ڕێکخراوێکی ڕاستەقینە یا نەخشەی دیارکراویان لێ وەرگرتوون .

لە ڕابەرانی هەرە ناسراو و بەدەسەڵاتی ئازادی، ناوی ئەمانەیان بردووە :

- خالیدبەگ جبران ( سەرۆکی لقی مەرکەزی، ئەرزەڕۆم) ؛

- کۆرحوسێن پاشا، فەرماندەی میلیشیای حەیدەران ( سەرۆکی لقی مەنازگرد Menazgird) ؛

- خالیدبەگی حەسەنان، فەرماندەی میلیشیا ( سەرۆکی لقی ڤارتۆ) ؛

- یوسف زیابەگ، پێشوو ئەندامی مەجلیس ( سەرۆکی لقی بتلیس) ؛

---

* دیارە ئەندامانی ئازادی ڕادەی پشتگیریی مەسەلەی کوردیان بە پتر باس کردووە تاکو سەرنجی ئینگلیسەکان پتر ڕابکێشن و ئامادەترین کە یارمەتیی ماددییان بدەن .

** دەکرێ ئەم ناوە لەپێشدا لەلایەن پرسیارکەرە ئینگلیسەکان خۆیانەوە هێنرابێتە پێشەوە . ماڵی بەدرخان بە دۆستی ئینگلیسان ناسرابوون .

ـ ئەکرەم بەگی جەمیل پاشا ( سەرۆکی لقی دیاربەکر) ؛

ـ سەید عەبدولقادر ئەفەندی ( سەرۆکی لقی ئەستەمبووڵ*) .

لیستەی ناوی ئەو ئاغایانەی کە حەتمەن هەرکاتێك ڕاپەڕین بەرپابوایە پشتیان دەگرت، ئەمانەی تێدابوو : حاجی مووسابەگ ( سەرۆکی عەشیرەتی خویتی Xwîtî و جارێك ئەندامی کۆمیتەی نوێنەران ( بڕ- ل ۱۷۲)، شێخ سەلاحەدینی غەرزان و جەمیلی چەتۆی پەن چناران ( لە بەشی شاخاویی ڕۆژئاوای بتلیس) کە هەموویان لە ئابی ۱۹۲٤ەوە لە یاخی بوونی سەلبیدا ( هاوکاری نـەکردن لەگەڵ حکومەت - وەرگێڕ) بوون، و ئازادی - یان لەپشت بوو . ئاغای تری دەستڕۆیشتووی کە ناویان هاتبوو : مەحموودبەگ کوڕی ئیبراهیم پاشای ملان ( مەحموود ، جارێك، ساڵی ۱۹۱۹ ،بە کاندیدایەکی بەجێ دانرابوو بۆ پادشایەتیی دەوڵەتێکی بچووکی کوردی لەژێر سێبەری ئینگلیسدا) و کوڕەکانی : عەبدورەحمان ئاغا و سلێمان ئاغای شرناخ .

## هەڵگەڕانەوەی ئیحسان نووری لە لەشکرو ڕاکردنی

ناوی ئەو ئەفسەرانەی لە لەشکری تورکیا ڕایانکردبوو و ئەو هەمووە زانیارییەیان دابوو بە ئینگلیسان، لە سەنەدەکاندا نیە، بەڵام ناکرێ هیچ گومانێك لەوەدا هەبێ کە ئیحسان نووری و هەڤاڵانی بوون، کە ڕاکردنیان بۆ عیراق بە یەکەم گەو دادەنرێ لەو زنجیرە هەڵەو چەت تێخستنانەی تا بە ڕاپـەڕینەکە گەیشت** . فەوجێکی لەشکری حەوتەم، کە ژمارەیەك لە ئەندامانی بەرزی ئـازادی ( ئیحسان نووری، رزا- برای یوسف زیابەگ، ڕاسم خورشید ، تەوفیق جەمیل)ی تێدا ئەفسەر بوون، لە ئابی ۱۹۲٤دا فەرمانی درایێ کە بچێتە سەرئاسووریە

---

* سەرچاوەی تری ئاگاداری، هەموو دەڵێن کە عەبدولقادر لە " ئازادی"دا نەبووە . ڕەنگە هەر لەبەرئەوە باس کرابێ چونکە بە یەکێك لە شەخسیەتە هەرە دەستڕۆیشتووەکانی ناو کوردان ناسراوە . لەدوای ڕاپەڕینەکە، سەید عەبدولقادریش گیرا . ئەوەی سەلماند کە عەلی رزای کوڕی شێخ سەعید سەری لێ - داوە، بەڵام ئینکاری ئەوەی کرد کە هیچ دەورێکی لە ئامادەکردنی ڕاپەڕینەکەدا هەبووبێ . دیساهەر لە قەنارە درا .

** چیرۆکەکە لەناو نەتەوەییە کوردەکاندا زۆر بەناوبانگە . دەرسیمی : ۱۷۳-۱۷٤؛ سیلۆپی : ۸۲-۸۳؛ مەمدووح سەلیم و مەلاحەسەن هشیاریش لای من هەر وایانگوت .

نستۆریەکانی هەکاریی کە لە قسەی حکومەت دەرچووبوون . لەکاتێکدا کە لە بەیتوششەباب بوون، تەلگرا-فێکی بەچڤرەیان لە یوسوف زیاوە پێ گەیشت ( کە لە ڕێی ڕێکخستنی ئازادییەوە دەیتوانی تەلگرافی لەشکر بەکاربهێنێ) . ئەم کەسایەتیە، بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی کۆڕوکۆمەڵە تورکەکانی دژیحکومەت، لە ئەستە-مبووڵ بوو . لە تەلگرافەکەدا باسی نەتیجەکانی وەدەستهاتووی کردبوو . رزای برای و ئەفسەرە کوردەکانی تر، بەهەرحاڵ، بەهەڵە ئەوە بە ئیشارەتی دەستپێکردنی راپەڕین تێ گەیشتن . لە لەشکرهەڵگەڕانەوە، چەکی زۆریان برد ،چوونە چیا، چوار گروهان (سَریّە) ـیشیان وەدووکەوتن ( کەواتە ٤٠٠ تا ٦٨٠ کەس - وەرگێڕ) کە نزیکەی هەموو هەر کورد بوون . بێ هوودە هەوڵیان دا عەشیرەتە کوردەکانی ئەوناوچانە قەناعەت پێ بکەن کە رەگەڵ راپەڕینەکە بکەون . کاتێك کە تێ گەیشتن نەخێر هیچ راپەڕینێکی گشتی لەئارادا نەبوو و لە بارێکیخەتەردابوون، چەکی قورسیان تێکدان و رایانکرد چوونە عیراق . لەوێ بەگەرمی میوانداریان لێ کرا . لە ١٩٢٩-١٩٣٠دا ئیحسان نووری ( ئەم جارە بە ناوی "پاشا"وە ) بە سیفەتی رابەری گەورەی عەسکەریی راپەڕینی ئارارات و هەڵکەوتووی تاکتیکی بەرگریی کورد پەیدابووەوە .

ئەم لە لەشکر هەڵگەڕانەوەیە سزای خۆی هەبوو . حکومەتی تورك تێ گەیشت نەتەوایەتیی کورد دەکرا چ مەترسیەکی گەورەی هەبوایە . بەدووی ئەوانەدا دەگەڕا کە هاوکاریان کردبوو، و بەشێکی ئازادیی پێچایەوە . یوسوف زیابەگ و خالیدبەگ (جبران) و ژمارەیەك هەڤاڵ گیران، حاجی مووسابەگی یاخیبووش گیرا و خرایە زیندانەوە . یوسوف زیا و خالید دواتر لە زینداندا کوژران، حاجی مووسا بەردرا* . لیستەی ناوانیش گیران، بەڵام دیساهەر چەندکەسێکی کەم گیران . شێخ سەعیدیش وەك چەندین کەسی تری رابەر، لە مەحکەمەکرانی خالیدبەگدا بۆ شاهیدی بانگ کرا . بەوە کە لەوە دەترسا ئەویش بگرن، نەچووە مەحکەمە، و لەجیاتی ئەوە لە خنس (٥) ( جێی ئاسایی) رۆیشت و چووە چەبەقچوور کە حکومەت جارێ دەسەڵاتی لەوێ کەم بوو** .

---

* ئەم جیاوازیە لە رەفتاری تورکاندا دەریدەخا کە تورك ئەوەیان دیتووە کە لەبەرامبەر دووحاڵەتی یاخیبوونی جیاوازدا بوون . ئاغای لەمێژینە دەکرا باسی مەسەلەی پێبەندییان لەگەڵدا هەڵبسووڕێ،بەڵام نەتەوەیی بەبیرو-باوەڕ نەدەکرا داخوازیی نەتەوەییان بەهاسان بفرۆشن .

** فرات (:١٩٧-١٩٨) دەڵێ شێخ لە خنس شاهیدیی دا، ئینکاری ئەوەی کرد کەهیچ پێوەندیەکی بە ئازادی-یەوە هەبووبێ و گوتی کە ئەو تەنیا کاری بە ئاین داوەو مەبەستی سیاسیی نین . دوای گوێلێگیران، بەردرا .

## نەخشەی نوێ بۆ ڕاپەڕینەکە

بە گیرانی ڕابەرانی مێشکی ئازادی، نەخشەش دەبوو بگۆڕێن . پیاو کە سەیری باری ماوەی ئەو مانگانەی دوای گیرانی ئەوانە دەکا، دەڵێ دەبێ ئاڵۆزی و تێکەڵ- پێکەڵیەکی سەیر بووبێ . زۆر نەخشە پێشنیارکران، بەزەحمەت هیچیان لێ پەسندکرا . چەندین نەخشە بۆ ئازادکردنی خالیدبەگ و یوسوف بەگ لە زیندانی بتلیس دانران و هیچیان جێبەجێ نەکران . زۆرئاغای کە لەپێشدا بەڵێنی بەشداریکردنیان دابوو،ترسیان لێ نیشت و ئیترخۆیان لەوانی تر دەبوارد. تەنانەت ئەوانەش کە دەیانویست بەردەوام بن،دوودڵ بوون ونەیاندەزانی چ بکەن . شێخ سەعیدی کە تا ئەوسا تەئسیری گرنگی هەبوو، لەم بارەدا بە ڕابەری یەکەم هاتە پێشەوە . شێخ سەعید دەیزانی چیی‌دەویست، دەیتوانی بەوانی تری بسەلێنێ، و ناوبانگی دینداری و لە خوا ترسانی زۆری هەبوو کە ئەگەر بەڵگەکانی تریش بەشیان نەکردبا ئەمەش بەکەڵك دەهات . لە خنس ڕۆیشت و ڕووی کردە ناوچەی چەبەقچوور- پالوو- لیجە- هانی، هەم لەبەرئەوەی نەکەوێتە داوی گرتنەوەو هەم بۆ ئەوەش کە بار بۆ ڕاپەڕینەکە بەشێوەی پلانی پێشووی ئامادەبکا . لەناو عەشیرەتە بچووکەکانی شێوازی زازایی ئەم ناوچەیەدا بوو کە ماڵی شێخ سەعید بە چەندین پشت مریدانی دڵسۆزیانهەبوون . شارۆچکەکانی ئەوناوە چەندرمەیکەمیان تێدابوون، و لەدەرەوەشیان حکومەت جارێهەر دەسەڵاتێکیکەمی هەبوو . ئەوجا گەڕانی شێخ لەوناوە سەرنجێکیتایبەتی ڕانەدەکێشا چونکە ئەمە دابێکیساڵانەی زۆر شێخان بوو کە بەسەرمریدەکانیاندا دەگەڕان تا تۆبەیان پێبکەن و باربوویان لێ وەرگرن و کێشەوهەرایان چارەکەن و لەگەڵ خەڵکدا بدوێن ( بڕ- ل ٨٩) . مەسەلەی چارەکردنی کێشەوهەرایان بەتایبەتی ئەم جارە زۆر گرنگ بوو : چونکە ئەگەر بەتەمای ڕاپەڕین بوونایە، دەبوو لەپێشدا کێشەوهەرای نێوانعەشیرەتان چارەبکەن، ئەینا دەکرا هەندێ عەشیرەت،لەداخی عەشیرەتی دوژمنی کە ڕەگەڵ ڕاپەڕین کەوتووە، بووبان بە دوژمنی ڕاپەڕینەکە .

یەکەم کێشەیەکی خرایە پێش شێخ، خۆی لەخۆیدا نموونەیەکی ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە . شێخ سەعید، پێش ئەوەی بگاتە ناوچەی شێوازی زازایی، لەگەڵ ڕابەرانیعەشیرەتی جبران ( شێوازی کرمانجی)ی خزمانی خالیدبەگدا قسەی کرد . چەندعەشیرەتی عەلەوی ( ی کورد)، کە هەرە گرنگە- کانیان خۆرمەك و لۆلان بوون، لە هەمان مەڵبەندی جبراندا ( کارلیۆڤا، ڤارتۆ، بولانیك ) هەبوون . جبران جاران کۆچەر بوون و ئەم عەشیرەتە عەلەویانەیان لەژێردەستدا بوون و، ئەمانە هەمووی لەچەند دە ساڵی دواییدا بوو کە ڕزگار ببوون، دوای ئەوەی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا ببوونە میلیشیا ئیتر

بەگەرمی لەبەرامبەر جبراندا ( کە دەیویست ژێردەستیان بخاتەوە) بەرگریان لەخۆیان دەکرد، و ئـەوە شەڕو دوژمنایەتیی بەردەوامی پێکدەهێنا. خۆ ئەگەر ئەم دوژمنایەتیە لەکاتی راپەڕینیشدا هەربمابایە، ئەوا هێزی بەشەکانی جبرانی لە شەڕدا زۆر پەکدەخست. شێخ سەعیدنامەیەکی بۆئاغاکانیخۆرمەك نووسی، بەناوی ئاینەوە داوای لێکردن کە رەگەڵ عەشیرەتە کوردەکانی تردا بەشداری شەڕی جیهاد بن لەبەرامبەرحکومەتیئەنقەرەدا . بەوە کە خۆرمەك عەلەوین، قسەی شێخ کارێکی زۆری تێنەکردن و شێخ نەیتوانی بیانهێنێتە ریزی راپەڕینەوەو تەنانەت دوژمنایەتیەکەشیانی لەگەڵ جبراندا پێ وەلا- نەنرا . ئەوەبوو، هەر ئەوەندە راپەڕینەکە دەستی پێکرد، دووعەشیرەتەکە دەستبەجێ پەلاماری یەکتر- یان دا . خۆرمەك و لۆلان زۆر لە جەندرمەو لەشکر گەرمتر شەڕیان دژی راپەڕینەکە کرد* .

ئەمە بەهەرحاڵ،وێنەیەکی نموونەیی نیە، چونکە بۆیان باسدەکردم کە شێخ لەو سەفەرەیدا زۆرکێشەو هەرای بچووکی چارەکردوون .

ئەو سەفەرە هەلێکی باشیش بوو بۆ گەیاندنی ئامۆژگاریی دەربارەی راپەڕینەکە بە پیاوانی جۆراوجۆر . رابەرانی تریش هاتنەلای شێخ و گیروگرفتە ستراتیجیەکانیان لەگەڵدا باسکرد . مەلاحسەن دەیگوت ئازادی، لەکاتی سەفەرەکەی شێخدا یا رێك دوای ئەوە، کۆنگرەیەکی بەست و ئەنجومەنێکی شەڕی بەدواداهـات، کە نـەخشە ستراتیجیەکانی تێدا سازکران **. هـەر لە ناوچەکانی ئەمبەرئەوبەری چەمی موراد ( لقی رۆژهەڵاتی فوراتی ژووروو) بەشداری ئەم کۆنگرەیە بوون، کە زۆرتر نوێنەرانی عەشیرەتانی شێوازی زازایی بوون *** . زۆر کەس

---

* فرات زانیاریی زۆر دەربارەی نێوانی جبران و خۆرمەك دەدا ( : ١٤٤-١٨٧) ،و نامەکەی کە شێخ سەعید بۆ ئاغاکانی خۆرمەکی نووسیوە چاپ کردووە ( : ٢٠٠) .

** مەلا حسەن لەم کۆبوونەوانەدا نەبووە . رۆژێك یا دوو رۆژ دوای ئەوە گەیشتووەتە لای شێخ . قسەکانی ئەو و فرات لە زۆرشتدا یەك ناگرنەوە . هەرتك هەڵەی ئاشکرایان هەن . من بۆ باسی نەخشەکانی شەڕ لەگەڵ مەلاحسەندام، بـەڵام پارێزێکیش لێرەدا لەجێی خۆیدایە، زۆر شتی وای دەگوت کە دیاربوو بۆ ئەوە بوون دەیویست بخاتە ژێر تەئسیرەوە . لەبەرئەوە من هەر تەنیا خەتی گشتیی قسەکانی بە رووتترین شێوە باس - دەکەم . رەنگە سەهوشی تێدا هەبن، بەڵام مەگەر سەهوی بچووك .

*** مەلاحسەن ئەم ناوانەی دامێ :

←

دوودڵ بوون، بەڵام هەر بڕیار درا کە لە مارتدا راپەڕینەکە بکرێ* .

نەخشەی لە کۆبوونەوەی دوای ئەوەدا سازکران ئەوپەڕی سادە بوون . دەبوو هەرعەشیرەتەو بە رابەریی ئاغای خۆیان بەشداربن،ناوچەکانیان لەکارمەندان و جەندرمەی تورك پاك بکەنەوە،راویان بنێن یا بیانخەنە زیندانەوە، و بەتەواوی دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن . دەبوو دوای ئەوە بچنە یەکێك لەو جەبهانەی کە دەبوو پێك - بهێنرێن . لەو جەبهانەدا، دەبوو شارەکان بگرن و وابکەن عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانەیان رەگەڵ بکەون، و دەبوو هێرشی حکومەت لەو جەبهانەدا بەربەرچ بدرێتەوە . جەبهەکان - مەیدانی خودی شەڕەکان - دەبوو لەژێرفەرما- ندەیی شێخانێکدا بن کە دەسەڵاتی ناوچەییان هەبوو و شارەزای هەلومەرجی ئەو ناوچانە بوون :

١- جەبهەی باکوور/ باکووری رۆژهەڵات دەبوو لەژێر فەرماندەییی گشتیی" شێخ عەبدوڵڵای مەلەکان"دا بێت .

هەندێ بەشی ئەو جەبهەیە لەژێر فەرمانی ئەمانەدا بن : شێخانی چان ( کیغی - چەبەقچوور) ؛ خالیدبەگی حەسەنان ( مووش، ڤارتۆ)؛ عەلی رزای کوڕی شێخ سەعید ؛ محەمەد Mehmed ئاغای خەلیلێ چەتۆ .

٢- جەبهەی خارپووت - ئەلعەزیزXerput-Elaziz لە ژێر فەرماندەیی " شێخ شەریفی گۆکدەرە" دا .

---

← بابا بەگ جەبری Cebrî ( ئامۆزای خالید بەگ) ؛

محەمەد Mehmed ئاغا خەلیلێ خەتۆ ( ی شەرەفدین، رۆژهەڵاتی چەبەقچوور) ؛

محەمەد Mehmed بەگ ئەنزێر (ی بولانیك) ؛

محەمەد Mehmed بەگێ غەریب ( عەشیرەتی موسیان، چەبەقچوور) ؛

سەرهەنگ حاجی سەلیم ئاغا زیکتێ Ziktê (ی دارایەنی Dareyenî) ؛

سەرهەنگ شێخ شەریف ( ی گۆکدەرە) ؛

تەیب عەلی ( سکرتێری ئازادی، نوێنەری چەبەقچوور) ؛

سەروان (کاپتن) یوسووف ئاغا(ی دارەیەنی) ؛

عەمەری فارووق ( عەشیرەتی بۆتیان Botiyan، خانچووك) ؛

حەقی بەگ (ی لیجە)، و " زۆر کەسی تر " .

* مەلاحەسەن ( کە لە تاریخەکاندا زۆر ورد نەبوو) لای وابوو راپەڕینەکە بۆ مایسی ١٩٢٥ نەخشە کێشرابوو، بەڵام هەموو سەرچاوەکانی تر تاریخی ناوەڕاستی مارت باس دەکەن .

٣- جەبهەی ئەرغەنی Erẍanî لەژێر فەرماندەیی " عەبدورەحیم Ebdurrehîm" ی برای شێخ سەعیددا .

٤- جەبهەی دیاربەکر حەقی Heqqîبەگ فەرماندەی کەناری ڕۆژهەڵات، عەمەری فارووق فەرماندەی کەناری ڕۆژئاوا ( هەرتك ئاغای زازا بوون ) .

٥- جەبهەی سیلڤان ( فەرقین) لەژێر فەرماندەیی " شێخ شەمسەدین" دا .

شێخ سەعید ، بە یارمەتیی ئەنجومەنێکی بچووکی شەڕ ، دەبووە فەرماندەی گشتیی هەموو مەیدانەکانی شەڕ* .

کاتێ، زۆر دوای ئەوە نەبوو، کە ڕاپەڕینەکە پێش وەخت تەقیەوە، ئەم نەخشانە بەزۆری بەجێهێنران .

## هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکە

شێخ سەفەرەکەی دەوام پێدا، چووە لیجە و هانی و پیران . دەچووە هەرکوێ، ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی ئەوانەی کە دەیاندیت دەکردو مەسەلەی ستراتیجی لەگەڵ ئەواندا باس دەکرد کە ئەرکی تایبەتیی ڕابەرییان لە ئەستۆدا بوو .


ڕۆژی ٨ی شوبات/ فیوریە، ڕووداوێکی بچووك لە دێی پیران ڕاپەڕینەکەی پێش وەخت تەقاندەوە . جەندرمە چەند چەتەومەتێیان ڕاونان، ئەوانیش پەنایان بردە بەر شێخ . جەندرمە داوای کردنەوە، باری نـائارام و گـرژ بەوەی گەیاند کە پیاوەکانی شێخ ( کە هێزێکی زۆری چەکداری لەگەڵدا بوو ) و جەندرمە تەقە لەیەکتر بکەن، کە بەلای‌کەم یەکێکی تێدا کوژرا**. شێخ کە دەیزانی جارێ خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینەکە تەواو نەببوو،ویستی هەراکە کپ بکا، بەڵام بار بەزوویی لەدەست دەرچوو . خەڵکی هانی،کە بە ڕووداوەکەیان زانی، حاکم وهەموو

---

* ئەوە بەقسەی مەلاحەسەن، کە گێڕانەوەی بەشێوەیەك بوو وەك کەمێك لەرادەبەدەر ڕێکوپێك دانرابێ . بێ‌گومان قسەکانی دەربارەی نەخشە ستراتیجیەکان لەژێر تەئسیری ئەو ڕووداوانەدان کە لە ڕاستیدا دواتر لە جەبهەکاندا ڕوویاندا . من لێرەدا قسەکانی بەتەواوی دەنووسم، چونکە ئەگەر ڕووداوەکان بەتەواویش وا نەبووبن، هەر بیرێکی ڕوونمان دەربارەی تەرزی بیرکردنەوەکە دەداتێ .

** شێوەی گێڕانەوەکانی ئەو ڕووداوە، هەرکەمێك لێك جیاوازن . تەنیا فرات بەشێوەیەکی هەندێ لەوانە جیاوازی باس دەکا، دەڵێ : کاتێ شێخ هاتە پیران،هێزی جەندرمەی ئەوێ سەرنجی ئەوەیان دا کە لە سەد پیاو( چەکدار) ەکانی لەگەڵیدا بوون پێنجیان قاچاغ بوون، کە ویستیان بیانگرن .

کارمەندانی تورکیان لە شار ڕاونان. لە نزیکی لیجە پەلاماری ماشێنی پۆست (ئۆتۆمبیلی بەرید) درا (١٠ / شوبات). ئیتر نەدەکرا پێش بە ڕاپەڕین بگیرێ، و دەبوو ڕابەران ئەوپەڕی کۆششی خۆیانی تێدا بەکاربهێنن. ١٤/ شوبات دارایێنی Darayenî (داراهنی Darahini ) گیرا، و بە موەقەتی کرا بە پایتەخت و مەرکەزی حکومەت. شێخ، فەقێ حسەنی عەشیرەتی" مۆدان" ی کرد بە حاکم. ئەوجا شێخ گەڕایەوە باشوورو تادەچوو هێزی پتری عەشیرەتیی بەدەوری خۆیەوە کۆدەکردەوە. لیجەو هانی گیران، یاخیەکان لەوێوە ڕووەو دیاربەکر بوونەوە. ئەوسا چەندین هەزار کەس بوون* و بە هاسانی بەتالیۆنێکی هێزی پیادە( گەردان،کەتیبە ، ٣٠٠ تا ٥١٠کەس - وەرگێڕ) ی حکومەتیان تارومارکرد کە لە دیاربەکرەوە ناردرابووە سەریان.




نەخشەی ژمارە ١٤ ناوچەی کە ڕاپەڕینی شێخ سەعید گرتیەوە

---

* بەقسەی فرات (: ٢٠٤) دەهەزارکەس، یەکێکی کە لە دیاربەکرەوە ژمارەی کوردی ئابلۆقەدەری شاری بە " ژمارەیەکی زۆر" باس کردووە، ئەویش بە دەهەزار کەسی داناوە. ( FO 371, 1925: E 3340/1091/44) .

شاری دیاربەکر جارێ هێرشی بۆ نەبرابوو : گرتنی بە بێ چەکی قورس نزیکی لەتوانابەدەر بوو . شێخ سەعید، " تالا"ی لە باکووری دیاربەکر کردە بارەگا . لەوێوە پێوەندیی بە جەبهەکانی ترەوە کرد( لە رێی نامەناردنی بە دەست، خەتی تەلگراف بڕابوون) . داوای هێزی هیمدادی بۆ جەبهەی دیاربەکر کرد، پیاوی نارده لای مەحموود بەگ ( کوڕی ئیبراهیم پاشا) ی ملان کە لە باشوورەوە ئابلۆقەی دیاربەکر بدا . وەڵام نەبوو . هێزی هیمداد لە ناوچەی سیلڤانەوە گەیشت . " کۆمیتەی شەڕ" ی کە دەبوو شەڕەکان پێکەوە هەڵسووڕێنێ، ئێستا کۆبووە . کۆمیتەکە، وێڕای شێخ سەعید خۆی، ئەمانەشی تێدابوون : بیلال ئەفەندی، سەدیق بەگ (ی مەدراگ)، شێخ ئیسماعیل، رەشیدئاغا ( ی تێرکان )، ساڵح بەگ (ی هانی )، سەدیق ( ی پیران )، و مەلامستەفا ( ی لیجە ) : هەموو زازایی شێوازی ناوچەی مەرکەزیی راپەڕینەکە بوون .

هێرشی بەرەو دیاربەکر، لە ٢٩ی شوباتدا دەستی پێ کرد : کوردێکی زۆر ( بەگوێرەی سەرچاوەیەکی شار دە هەزار کەس، بڕ- پەراوێزی داوێنی لاپەڕەی پێش ئەمە ) شاریان ئابلۆقە دا، و داوا لە حامیەی کرا کە تەسلیم بێت . لە ٢/ مارت دا هێرش بۆ سەر شار دەستی پێکرد ،بەڵام بەهۆی شوورەی ئەستوور و حامیەی بەهێزەوە نەکرا بەزۆر بگیرێ . پێوەندی بە کوردی خەڵکی شارەوە کرا و شەوی ٧ لەسەر ٨ی مارت دەستەیەکی بچووک بە یارمەتییکەسانێکی خەڵکی شار توانیان بچنە شارەوە . لە شەڕێکی خوێناویدا ،بەهەرحاڵ، زۆربەیان کوژران و ئەوانی تریش گێڕدرانەوە .

لەوبەینەدا جەبهەکانی تر پێشکەوتبوون و ژمارەیەك سەرکەوتنیان وەدەستهێنابوون :

١- شێخانی چان ( ئیبراهیم،مستەفا ،حەسەن) چەبەقچووریان گرت ( ١٧/ شوبات) . چوون " کیغی"یش بگرن بەڵام حامیەکەی، بە یارمەتیی شەڕکەرانی عەشیرەتی خۆرمەك و عەشیرەتی لۆلان، گێڕایانەنە دواوە* .


٢- " عەبدورەحیم" ی برای شێخ سەعید " مادەن" (٢٩/ شوبات) و" چەرمك " ی گرت . بۆ ئەمەی دواییەن یارمەتیی ٥٠٠ پیاوی ناوچەی" سێوەرەك"ی لە شێخ ئەیووبەوە پێگەیشت کە لەپێشدا شاری مەرکەزی ناوچەی خۆیان گرتبوو . پێکەوە چوونە سەر شاری " ئەرغەنی"ی گرنگ و گرتیان . ئەوجا بۆ یارمەتی- دانی ئابلۆقەی گرنگترین مەبەست : دیاربەکر، رووەو باشوور بوونەوە** .

---

* دەرسیمی : ١٧٨؛ فرات : ٢٠٨/ ٢١٣ . ** تەنیا فرات (: ٢٠٤-٢٠٥) ناوی " شێخ ئەیووب "ی بردووە .

** سەرچاوەکانی تر دەڵێن شێخ عەبدورەحیم بووە کە " سێوەرەك " ی گرتووە .

٣- لە جەبهەی رۆژهەڵاتی باکوور، لە یەك ئان و کاتدا چەندین شەڕ کران . حەسەنان " مەنازگرد Menazgird"-یان گرت؛ و جبران : بولانیك؛ شێخ عەلی رزا ئاگای لەهاوئاهەنگی بوو . جبران زۆرجارو لەچەندین شوێن لەگەڵ خۆرمەك و لۆلاندا شەڕیان کرد . هەر ئەم عەشیرەتانەش بوون لە سەرەتادا نەیانهێشت شاری ڤارتۆ بگیرێ، بەڵام ئەوەبوو دوایی لە ١١/ مارت دا ( بەدەستی " جبران"ان ) و بە هێرشێکی کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ شێخ عەبدوڵڵادا بەئەنجام درا،گیرا . ١٢٠ جەندرمەی لە ڤارتۆ بوون، زۆریان کوردی مریدی نەقشبەندی بوون، لە ئانی خەتەردا یارمەتیی یاخیەکانیان دا . ئەوجا بەشێکی هێزی کورد ناردرایە خنس ( کە لە لایەن حەسەنان و جبرانەوە، بە رابەریی شێخ عەلی رزا و ئاغاکانی ئەوانە حەملەی کرایە سەر) . هێزێکی تر بۆ کۆمەگی یاخیان ناردرایە دەشتی مووش، دەیانویست مووش و بتلیس بگرن و رابەرانی" ئازادی" لە




نەخشەی ژمارە ١٥ ناوچەکانی راپەرین لە کۆتایی مارت دا

( لە رۆژنامەی " جمهوریەت " ی ١٩٢٥/٣/٢٧ . تیری رەش و سپی

- بە ریز - حەرەکەتی هێزەکانی حکومەت و یاخی بوونەکە پیشان دەدەن ) .

زیندانی بتلیس ئازادبکەن . بەڵام عەشیرەتانی ئەوناوە،بەهەرحاڵ، نەچوونە ریزی راپەرینەکەوە . دەنگوباس گەیشتن کە خالیدبەگ ( جبران ) و یوسوف زیابەگ لە زینداندا کوژرابوون . دوای ئەوە تەرکیزی شۆڕش بەرەو باکووری رۆژهەلات بوو* .

٤- خەڵك هەر بەخۆ لای خۆیانەوە، بە لایەنگری کردن لە یاخیان، لە زۆر شوێن تا لە رۆژئاوا بە چەمشکەزەك و پوتورگە(ی مەلاتیە) دەگا، راپەڕین** .

گرتنی یەك شاری گەورە : ئەلعەزیز، بەگوێرەی زانیاریی سەرچاوەی کوردو تورك ( کە هیچ کامیان هی دەستی یەکەم نین ) و بەوەی ئاگادارێکی ئەوروپایی دانیشتووی شارەکەش بەشێوەیەکی بەکەڵك تەواوی کردووە***، وا باسکراوە :

یاخیەکان، بە فەرماندەیی شێخ شەریف یادۆئاغا ( ئاغایەکی زازا، کە فرات بە جەردەی ناوبردووە)، لەپێشدا " پالوو"یان گرت و بەرەو خارپووت و ئەلعەزیز چوون . لەناو خەڵکی ئەلعەزیزدا ( زۆربە تورك) وا بڵاوبووەوە کە یاخیەکان لە ٢٣/ مارت دا دەگەن . لە ٢٤/ مارتدا دەنگی تەقە هات . والی و هەندێ کارمەندانی تر رایانکرد. هەر ئەو رۆژە، ٣٠٠ کورد هاتنە شارەوە****، سەرای حکومەت و ئیدارەی عەدلیەیان تالانکرد ،و دەرگای زیندانیان کردەوە . زیندانیی ئازادکراو،کوردەکانیان بردە سەرماڵە ئەفسەران ودەوڵەمەندان،" تا ئەوانەی یەکەم بخرێنە زیندانەوەو ئەمانەی دووەم برووتێندرێنە- وە". حەماڵ و داربڕ( زۆربە کورد) بەکەیفەوە بەشداریان لە بڕگەی دووەمداکرد . دوایی شێخ شەریف

---

* فرات : ٢١٣-٢٢٤؛ سیلۆپی : ٨٩/٨٧؛ دەرسیمی : ١٧٩/١٧٨ .

** جمهوریەت، ٢/٢٦، ٣/٢ - ١٩٢٥؛ پەروەندەکانی... FO 371,1925 : E2195/1091/65 .

*** لە یادداشتی ئەوروپاییەك کە ناوی نەنووسراوە، لە راپۆرتێکی وابەستەیی ( مولحەقیەتی) عەسکەریی ئینگلیس لە ئەستەمبووڵ، خراوەتە پەروەندەکانی... FO 371,1925 : E2359/362/65 .

**** بەگوێرەی فرات ( : ٢٠٦/ ٢٠٨) و دەرسیمی ( : ١٨٠/١٨١) ئەوانە زۆر زووتر روویانداوە، و یاخیەکان لە ٦/ مارت دا چوونە شارەوە . توانیان بەبێ هیچ شەڕێك بیگرن چونکە خەڵکی شار دینداربوون و بە شەڕکەرانی رێگای شەریعەت و خەلیفایەتیان سەیردەکردن . بەگوێرەی دەرسیمی، شێخ شەریف، محەمەد ئەفەندیی " مفتی"ی کرد بە " والی" .

هاتە شارەوەو بەڵێنی بە خەڵکی شار دا کە نەزمی تێدا بپارێزێ ( بەڵام بۆی نەکرا) ،لە ٢٥/ مارت دا تاڵان بەردەوام بوو، عەنباری لەشکرو ئینحیساری تووتن تاڵان کران . لەشکرو جەندرمە لەبەرامبەر کوردان هیچ دەستیان نەکردەوە، یا لەوێ رایانکرد یا خۆیان شاردەوە ( والیی ئەوسای ئەلعەزیز دوایی گوتی*،کە جەندرمەکانی نەیاندەوێرا تەقە لە کوردان بکەن چونکە کورد قورئانیان بە نێزەی تفەنگەکانیانەوە کردبوو، فیلێکی کە تەنیا چەند ساڵێکی کەم لە خودی قورئان نوێترە) . دوای ئەوە کە زۆربەی هێزی یاخیەکان لە شار دەرچوون - رووەو مەلاتیە -، خەڵکی مەدەنیی شار بەرگرییان رێکخست . کورد کەسێکیان بە فەرماندەی شار دانەنابوو، ئەوەی مابوونەوە دەستەیەک جەردەی بێ ئیدارەو زیپکوزاکوونی بوون،کە وادیاربوو زۆرتر حەزیان لە تاڵان دەکرد . کەسانێکی ناسراو لە شاردا، رابەریی دەستەی دەستکەرەوەی خەڵکیان کرد و لە شاریان وەدەرنان .

لە کۆتایی مارت دا، شەپۆلی هێرشی کوردان کۆتایی هاتبوو، و تورک هێزی تەواویان هێنابووە ئەوناوە تا هێرشی خۆیان بکەن و یاخی بوونەکە لەناوبەرن .

## لەناوبردنی ڕاپەڕینەکە

هێزی لەشکری تورک لە رۆژهەلات( لەشکری حەوتەم لە دیاربەکر و هەشتەم لە ئەرزەرۆم،یەکەمیان بە فەرماندە-یی مورسەل Mürsel ، و دووەمیان کازم قەرەبەکرپاشا) ئەوە نەبوون کارێکیان لەگەڵ راپەڕینەکەدا پێ بکرێ . لەشکری حەوتەم کوردی زۆری تێدابوو . هەرچەندە بەڵگەیەکیش نیە کە کورد ریزەکانیان جێهێشتبێ، بەڵام هەر بوونیان لەوێدا دەکرێ لە بێتەئسیربوونی هێرشی وەڵامدانەوەی کورداندا دەوری هەبووبێ . هێزی حکومەت کە ناردرانە سەر یاخیان، بەهاسانی تارومار کران، ئەوەی کوژرا کوژرا، و ئەوەی گیانیشی خەلەست بەدەستی کوردان بە دیل گیرا . لەشکری هەشتەم زۆر درەنگ جووڵایەوە . سەرچاوەکانی ئاگاداریم ئەوە دەگێرنەوە سەر مەسەلەی نێوانی کازم قەرەبەکرو ئەتاتورک ( کازم سەرۆکی حیزبی محافەزەکاری " تەرەقی پەروەر جمهوریەت فرقەسی" ی ئۆپۆزیسیۆن بوو) . بەگژداچوونی سەرەکیی راپەڕینەکە لەسەرەتادا لە عەشیرەتی

---

* لەلایەن وابەستەیی عەسکەریی ئینگلیسەوە لە ئەستەمبووڵ وتووێژی لەگەڵ کراوە . بڕ- دوو پەراوێز پێشتر ( ی داوێنی ل ٢١٠ بە نیشانەی سێ ئەستێرەوە) .

خۆرمەك و لۆلانی ناوچەی كیغی - ڤارتۆوە بوو، كە بە هاواری حامیە بچووكەكانی ئەم شارانەوە دەهاتن و لە شوێنی تریش هێرشیان دەكردە سەر یاخیەكان ( بەتایبەتی سەر جبران ) .

حكومەتی ئەنقەرە حوكمی عورفی ( عەسكەری) ی خستە ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵاتەوە ( ٢٣/ شوبات ) . وەزع ئەوەندە خەتەر بوو كە مستەفا كەمال بڕیاری دا جڵەوی كاروبار پتر بخاتە چنگی خۆیەوە . سەرەك وەزیران فەتحی( ئۆكیار)ی زۆر دوودڵ كە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا نادۆستانە نەبوو، بەزۆر دەستی پێ لە وەزیفەی كێشرا-یەوە . عیسمەت پاشا ( ئینونو ) پیاوی دووەم و جێ بڕوای ئەتاتورك، كرا بە سەرەك وەزیران ( ٢/ مارت ) . دوو ڕۆژ دوای ئەوە، قانوونێك بە پەرلەمان قەبووڵ كرا ( تەقریری سوكوون ) كە باسی لە پتەوكردنی نەزم بوو و دەسەڵاتی سەیری نائاسایی دا بە حكومەت . لەشكری زۆر ناردرانە ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵات، ئەوەش بەوە پێكهات كە فەرەنسی گەیاندنیعەسكەریان بە ڕێگای ئاسنی بەغدادا( كە بە سووریادا تێدەپەڕێ) ئیجازە دا . هیچ نەبێ، ٣٥ هەزار عەسكەری تورك بە چەكی چاكەوە بۆ لێدانی یاخیان خرانە مەیدانەوە،هەندێ دیپلۆماتی بێگانە ژمارەی لەوە پتر دەدەن*. هێزی هەوایی توركیا بەردەوام خەریكی بوردومانكردنی یاخیان بوو . مستەفا كەمال فەرمانی بە ئاغاوەتی تری كورد دا كە بۆ لەناودانی ڕاپەڕینەكە ڕەگەڵ لەشكر بكەون و یارمەتیی بدەن . ئەوەی ڕاستی بێ، چەندین عەشیرەت چوونە جەبهەی دیاربەكر - نەچوونیان بە یاخی بوون لە سەردەژمێردرا - بەڵام وا چوون كە خۆیان لە شەڕی ڕاستی بوارد . هی تر هەبوون هێرشیان برد، بەڵام تەنیا كاتێك وایان كرد كە كە ڕوون بېۆوە یاخیەكان لە دۆڕان بوون .

كاتێ لەشكری زۆرو زەوەند لە دیاربەكر نزیك بوونەوە، یاخیەكان ئابڵۆقەیان دەست لێ بەردا و لە دەشتەكان كشانەوەو هەڵكشانە چیاكانی باكووری ڕۆژهەڵات ( ٢٧/ مارت) . هێزی تورك بە شكڵی بازنەیەكی یەكجار زۆر گەورە دەوری مەڵبەندی یاخیەكانیان دا، بە جۆرێك كە ڕێگای ڕاكردنیان بۆ بەشەكانی تری كوردستان لێ بگرن . كەم كەمە بازنەكەیان تەسك كردەوەو بەوجۆرە هەموو یاخیەكانیان لە ناوچەی چەبەقچوور - گەنج - لیجە دا حەشاردان . چەند شەڕێكی قورس ( ٣- ٨/ نیسان) نەتیجەی كارەساتیان بۆ كوردان هەبوو : زۆر

---

* وابەستەیی عەسكەریی ئینگلیس لە ئەستەمبوڵ لە حوزەیران/ ژوئەنی ١٩٢٥دا وای داناوە كە پەنجاهەزار عەسكەری نیزامی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بوون ( FO 371, 1925: E3970/362/65) . دیپلۆماتێكی ئێرانی بە هەشتاهەزاری داناوە! (م. فروغی بۆ وەزارەتی خارجەی ئێران، قاسملو باسی دەكا (١٩٦٥) : پەراوێزی ٥٢ .

کوژران، بریندارکران یا بە دیل گیران . تەنیا ئەوسا،کورد کەوتنە سەرئەوە کە، لەجیاتی ئەو لەشکرە گەورانەی عەشیرەتی، هێزی دەستە- دەستەی بچووکی پێشمەرگەیی سازبدەن . ئەو دەستە بچووکانە دەیانتوانی لەو بازنە ئاسنینەی کە بە دەوریانەوە بوو دەربچن ، چەندین لەوانە دەرچوون و دوای ئەوە بە ساڵان هەر بەردەوام شەڕیان ( بە قەوارەیەکی بچووك) دەکرد . لە ١٤/ نیسان ( ئاوریل) دا، شێخ سەعید خۆی و دەستەیەك لە هەڤاڵانی نزیکی، دوای ئەوەی لەو بازنەیە دەرچووبوون، لە پەڕینەوەی چەمی موراد لە باکووری مووش کە دەیانویست بچنە ئێران *، گیران . بەگشتی واباوە کە خیانەتیان پێ کراوە، لەلایەن ئاغایەکی ناڕێك لە عەشیرەتی جبران : قاسم بەگ .

سزادان ئەوپەڕی دڕندانە بوو . بە سەدان دێ وێران کران، بە هەزاران بێ گوناهـ : پیاو و ژن و منداڵ کوژران . مەحکەمەی تایبەتی ( کە بەگوێرەی قانوونەکەی تەقریری سوکوون دانران ) زۆر کەسی دەستڕۆیشتوویان بـە مەرگ حوکم دان، کە چەندین کەسی وایان تێدابوون بەهیچ جۆرێك هیچ جۆرە پێوەندیەکیان بە ڕاپەڕینەکەوە نـەبـبوو . لە ١٩٢٥/٩/٤دا شێخ سەعید و ٤٧ ڕابەری تری کورد لە دیاربەکر لە سێدارە دران . بە هەزاران کوردی تری کەمتر دەستڕۆیشتوو، بەبێ هیچ مەحکەمەکاریەك کوشتارکران . تێکڕای خەڵکی ناوچەهایەك - بە چەندین سەدهەزارخەڵك - ڕەوانەی ڕۆژئاواکران . دەوری شێخان لە ڕاپەڕینەکەدا بووەهۆی دانانیقانوونێك کە بەگوێرەی ئەوە هەرچی تەکیەو شەخس و زیارەتگا بوون داخران ( دیسامبری ١٩٢٥) .

بـەڵام بە هەرحاڵ، ڕاپـەڕینەکە بەوە کۆتایی نـەهات . یاخیەکان هەموو دوچاری کوشتن و زیندان نەببوون، زۆر کەس مانەوە، دەستەی بچووکی پێشـمەرگە بوون، زۆرتر حکومەت ڕاوی دەنان و جاروباریش ئەوان پەلاماری دەوریەی عەسکەریان دەدا . ئەوەی ڕاستی بێ، لە تەمووز/ ژووئیە و ئاب/ ئووتی ١٩٢٥دا یاخی بوونێکی دووەم تەقیەوە . پیاوی عەشیرەتی ناوچەکانی مۆدکی و ساسوون دەستەی پێشمەرگەیان پێکهێنان و هێرشیان کردە سەر عەسکەری تورك . کاتێ لەدواییدا ( نوامبری ١٩٢٥) ئەو ناوچانە ئارام کرانەوەو ئاغاکان گیران یا ناچار ڕایانکرد ( چوونە سووریا )، پێشمەرگەیەتی لە شوێنی تر ملی لێ نرایەوە .


---

* کەسانی تر پێش ئەوان ( لەوانە خالیدبەگی حسەنان) گەیشتبوونە ئێران و هەوڵیان دابوو بیکەن بە بنکەیەك کە لەوێوە بگەڕێنەوەو شەڕی پێشمەرگەیی بکەن ( دەرسیمی : ١٨٠) .

کاریکاتۆری ڕۆژنامەی تورکی ( جمهوریەت) دەربارەی ڕاپەڕینەکە



١٩٢٥/٣/٢




١٩٢٥/٢/٢٦: " بەگوێرەی کاربەدستێك، وەزعی یاخیەکان لە دوو حەفتە زەماندا وا دەبێ . "




١٩٢٥/٣/٧ : " عەمەلیاتی عەسکەری لە ناوچەی یاخی بوونەکە دەست پێ دەکا . "



١٩٢٥/٣/٢٨ : " هێزەکانمان یاخیەکانیان لە سێ لاوە ئابڵۆقەداون، دەخرێنە تەوقێکی ئاسنینەوە کە بە نێزەی لەشکری تورك پێکهاتووە. "



١٩٢٥/٣/٣٠ : " هێزی هەوایی، کوردە یاخیەکان بوردومان دەکا تا ورەیان بشکێنێ ".



١٩٢٥/٤/٤ : " نێزەی تورك تاجی كوردستان لە سەری شێخ سەعید دەستێنێ . "



١٩٢٥/٤/١٤ : " شێخ سەعید لە چیاكانی گەنج، هیچ ڕێگایەكی هەڵاتنی بۆ نەماوە . "



١٩٢٥/٤/١٥ : " چەنگی ئاسنینی جمهوریەت، ئاخری، شێخ سەعیدی لە گوێچكەیەوە گرت . "



١٩٢٥/٤/١٨ : " تورك شیرێكی ڕووتە، هەركەس خۆی لێدا لەت دەبێ ! . "

بەشی هەرەزۆری ١٩٢٦و ١٩٢٧، دەستەی پێشمەرگە لە خنس، ڤارتۆ، مووش، سۆلهان، چەبەقچوور، کیغی، لیجە دا چالاك بوون . لە ڕابەرانی ئەماندا، کەسانێك هەبوون کە لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدیشدا دەوری ڕابەرییان دیبوو *. ساڵی ١٩٢٨ بەخشینی گشتی ( عفوات) دەرچوو . زۆربەی پێشمەرگەی مابوونەوە لە چیایان هاتنە خوارو " بەخشینەکەیان قەبووڵ کرد "، واتا هاتنەوەو چەکیان تەسلیم کرد . تاقە ناوچەیەکی بەتەواوی بەدەستی حکومەتی تورکەوە نەبوو، بەشی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی وڵات، دەوروبەری چیای ئارارات بوو کە مەڵبەندی عەشیرەتی " جەلالی" بوو . ژمارەیەك پێشمەرگەی کە وێڕای عەفواتەکەش لە گیانی خۆیان تەئمین نەبوون، چوونە ئەم ناوچەیە . کوردی نەتەوەیی لە چەندین بەشی کوردستانەوە چوونە لایان لەوێ . کۆمەڵی نەتەوەیی کورد" خۆیبوون " ( لە بنکەی لە سووریاوە) وەکیلی ناردنە ئەوێ . ئیحسان نووری و ئەفسەرانی تری زۆر شارەزا بەرگریی عەسکەرییان ساز دا . ئاغاوەتی عەشیرەتی ڕەگەڵکەوتن . حکومەتێك پێکهێنرا. لە شەڕەکانی یەکەمیان لەگەڵ لەشکری تورکدا، لەشکری تورکیان تارومار کرد . سەرکەوتنەکانیان سەرنجی نەتەوەیی پتریان ڕاکێشا، و ساڵی ١٩٣٠ " ڕاپەڕینی ئارارات " تەنانەت بۆ حکومەتی تورك جێ‌مەترسیی لەوەش پتر بوو کە قەت یاخی بوونەکەی شێخ سەعید بوویێتی . ئەم ڕاپەڕینەش لەدواییدا هەر لەناودرا، بەڵام ئەوە نەبوو کوردستانی تورکیایان هەتا ١٩٣٨یش ( دوای سێیەم ڕاپەڕینی گەورە لە دەرسیم و زۆری تری بچووکتر) بۆ دامرکێتەوە، کە بە زیانی یەکجار زۆری ئینسانی تەواو بوو .

---

* وەك مەلاحەسەن باس دەکا . فرات (: ٢٢٧-٢٣٠) یش دەریدەخا کە چالاکیی پێشمەرگەیی هەر زۆر بووە . ڕاپۆرتی باسی ئەوە گەیشتووەتە ئیستیخباراتی ئینگلیس و فەرەنساش .

( بڕوانە : FO 371,1925: E5648/188/65, E4996/221/65 و هی تریش ) .

## ٦- پشتگیریی دەرەوەو ناوەوە لە ڕاپەڕینەکە

### یارمەتیی ئینگلیس ؟

لایەنێك هەبوو کە بە ڕاپەڕینەکە مەگەرهەر ئەوپەڕی شـاد بووبایە : ئینگلیس، کە لە عیراق کەوتبوونە بەر پڕۆپاگەندەیەکی زۆر بەهێزی بۆ تورکان لەدژی ئەوان لەناو کورداندا . لەندەن کەیفێکی بەکینەی هەبوو : " ڕاپەڕینەکە تەعلیقیکی بەکەڵك دەربارەی ئەولافەی تورکان دەداتە دەست کە بەشێکی گەورە لە مەسەلەی مووسڵ پێکدێنێ کە دەڵێ گوایا تورك و کورد بەپێوەندیی نەژادی و سیاسیەوە بەشێوەیەك یەکگرتوون لە - جیاکردنەوە نـایەن " * . لەبەر ئەوە سەیر نیە کە تورك گومانیان کردووە ئینگلیس ڕاپەڕینەکەی هان دابێ و بە ئاشکراش ئینگلیسیان بەوە تاوانبارکرد . " نـێـونـەتـەوایـەتـیـی سـێـیـەم"یش بە شتێکی حـەقیـی دانا کە ئـیـمـپـریـالـیـزمـی ئـیـنـگـلـیس لەپشت ئەم ڕاپەڕینە بـــوو** . ئینگلیس و کورد هەرتك هەمیشە ئەوەیان ئینکار کردووە . نوێنەرانی " ئازادی " داوای یارمەتیی ماددی و سیاسیان لە ئینگلیس کرد، تەنانەت چەندین جاریش . ئینگلیس لە ڕێی ئەو ئەفسەرە کوردانەوە کە لە لەشکری تورك ڕایانکردبوو ( ئیحسان نووری و کەسانی تر، بڕ- ل ٢٠١-٢٠٢ ) دەیانزانی کە ڕاپەڕینێك بەدەستەوە بوو، بەڵام بەهەرحاڵ لەوە ناکا هیچ جۆرە

---

* نووسینی کارمەندێکی گەورەی وەزارەتی دەرەوە ( بێ ناو ) لەسەر دەنگوباسێکی کۆنسولگەری .
( بڕ- پەروەندەکانی... FO 371, 1925: E1229/1091/44 ) .

** ئەسنادی هەڵوێستی نێونەتەوایەتیی سێیەم دەربارەی مەسەلەی کورد ، لەم دواییانەدا کۆکراونەتەوە و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی تورکی و بڵاوکراونەتەوە : تورك میللی مەسەلەسی - کۆمونیست ئەنتەرناسیۆنال بەلگەلەرندە تورکیە دیزیسی - ٢ . ئەستەمبووڵ ( لە بڵاوکراوەکانی ئایدینلیك ، ١٩٧٧) .

Kűrt Milli Meselesi . Koműnist Enternasyonal Belgelerinde Tűrkiye dizisi – 2 . Istanbul ( Aydinlik yay.), 1977 .

( مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد- ژمارە ٢ لە زنجیرەی " تورکیا دە ئەسنادی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمونیستدا" ئەنتەرناسیۆنالی کۆمونیست لێرەدا : کۆمینتێرن، یەکێتی حیزبە کۆمونیستەکانی سەر بە مۆسکۆ ١٩١٩ تا ١٩٤٣ - وەرگێڕ ) .

یارمەتیەکیان دابێ. تورك قەت بەڵگەیەکی وایان بۆ سەلماندنی ئەوە پێ نەبووە، جگە لە باسی یەك"جاسووسی ئینگلیس" نەبێ بەناوی " تامپلنگ Tampling " یـا " تێمپڵێی Templey " ، کە جاران لای پۆلیسی هاوپەیمانان کاری کردبوو و ئێستاش ببووە " کارئاگا ( مخبر )ی تایبەتی " لە ئەستەمبووڵ . گـوایا نامەی " ئێجگار زۆر گـوماناوی"ی لەگەل سەید عەبدول قادردا هەبووە . ئینگلیس بە درۆیان خستەوە و گوتیان : ناوبراو " بەکرێگیراوێکی تورکانە " *.

رۆژنامەی " جمهوریەت" ، ١٠/ نیسان ( ئاوریل ) :

" چۆن راپەڕینەکە دەستی پێ کرد ، چۆن کۆتایی هات؟ "




" ئاوا دەستی پێ‌کرد ئاوا کۆتایی هات "

" بووکی دەستی بریتانیا بەدەستی عەسکەری تورك کوژرا "

* بڕ- پەروەندەکانی... FO 371, 1925: E3346/3541/1091/44 .

چەك

هەرچەندە كورد بە شادیەوە هەر چەكێكی لە دەرەوەوە دابایاننێ وەریاندەگرت، بەڵام وێناچێ هیچیان وەرگر-تبێ . چەكی گەرمی هەیانبوو لەوەی سەردەمی شەڕی یەكەم و تەنانەت پێش ئەوەش بوو . ئەوانەی میلیشیا، هەركسە چەكی خۆی پێ بوو : سەربازی رووسی كە ساڵی ١٩١٧ كێشراونەوە، زۆر وابووە تفەنگەكەیان بە هەندێك نان فرۆشتووە . چەكی زۆر زۆرتر لە ئەرمەنیان سەندرابوو . یاقووب شەوقی Şewkî، جەنەراڵێكی كورد بوو لە لەشكری عوسمانیدا ( لە جەبهەی قەوقاس ) ، دوای ئەوەی ئاگربەس راگەیەندرا ( هەرچەندە تەعلیماتی رەسمی وابوو كە چەكەكان تەسلیمی ئینگلیس بكەن) بە پیاوەكانی‌گوت چەكیان نەدەن بە ئینگلیس و بە سەر خەڵكی ئەو ناوە ( كە كورد بوون)یدا دابەش بكەن . ئیتر بەم شێوەیە چەكێكی زۆر لە كوردستاندا هەبوو . دوای ١٩٢٣ ، حكومەتی جمهوری دەستی بە كۆكردنەوەی ئەو چەكانە كرد و، ساڵی ١٩٢٥یش ئەو كارە تەواو نەببوو، كە زۆربەی كورد بەهیچ جۆرێك نەیاندەویست چەكیان تەسلیم بكەن* .

دیساهەر، زۆربەی كورد بە چەكی زۆرسەرەتاییش شەڕیان كرد . یەكێك بە چاوی خۆی لە دیاربەكر دیتوویەتی كە كورد بە پاچ و شیر شەڕیان كردووە، بەڵام زۆركەڵانە، و زۆر عەسكەری توركیان بە چەكی باشترەوە بە دیل گرتوون** .

ئۆپۆزیسیۆنی تورك

ئازادی، لە رێی یوسف زیابەگ و سەیدعەبدول قادرو خەڵكی ترەوە، ویستی پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ( موعارەزەی) توركی دژی ئاتاتوركدا دابمەزرێنێ، بەڵام هیچی لێ دەرنەچوو . ئەو دوو بزووتنەوەیە لە هیچ قۆناغێكدا هیچ هاوكارییەكیان نەبووە . هەندێ كورد، " تەرەقی پەروەر جمهوریەت فرقەسی" یەكەی كازم قەرەبەكریان بەدڵ بوو . بەڵام هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نیە كە ئەم پارتیە قەت رووی خۆشی پیشانی كورد دابێ، هەرچەندە مستەفاكەمالیش بەوەی تاوانباركردوون*** . لەشكری هەشتەم بە فەرماندەیی كازم قەرەبەكر

---

* زانیاریی لە دەمی خەڵك . بە قسەی ئایدەمیر ( ئیكینجی ئادەم، ١ : پەراوێزی ٣١٢) تێكڕا : ١٦٠ هەزار چەك، ٣٠ هەزاری چەكی گەرم لەلایەن حكومەتەوە لە ئەنادۆڵی رۆژهەڵات كۆكراوەتەوە .

** بڕ- پەروەندەكانی... FO 371, 1925: E3340/1091/44 .

*** ئایدەمیر ( تەك ئادەم، ٣ : ٢٢٠ و بەدوا) لە هەرتكیان دەدوێ و دەگاتە هەمان نەتیجە ( : ٢٣٠) . ←

لەبەرامبەر یاخیان لە لەشکرەکانی تر نەرمتر بوو، بەڵام ئەمە تەنانەت لە پشتگیریی سەلبییش زۆر بەدوور بوو . لە ئاست ئەو سزادانە سەختەی کورداندا، ناڕازی بوونێکی کەم هەبوو . بە هەمان شێوە، تۆزقاڵێك بەڵگە بەدەستەوە نیە کە ریشەی ئەم ڕاپەڕینە، وەك سەرچاوە تورکەکان دەڵێن، لە هان دانی سوڵتانی پێشوو وەحیدە-دینەوە بووبێ . حەقەن هیچ هاوئاهەنگیەك لەنێوان نەخشەدانەرانی ڕاپەڕینەکەو کۆنەپەرستانی ئاینی لە بەشە-کانی تری تورکیادا نەبووە،وەك تۆینبی نووسیویە : "... ئەوە شایانی سەرنج دانە کە ڕاپەڕینەکە تورکی خەڵکی ئەرزەرۆم و ترابزۆن و ساسوونی نەگرتەوە کە ئەوانیش نزیکەی ئەوەندەی هاوسێ کوردەکانیان دواکەوتوو و کۆنە-پەرست بوون، و زۆر دوای ئەوە نەبوو کە ... خۆیان ... لە دژی ئیسلاحاتی ڕۆژئاواییکردنی حکومەتی ئەنقەرە ڕاپەڕین "* .

---

← مستەفاکەمال لە " وتار"ە بەناوبانگەکەیدا ( " نوتوق" لە کۆنگرەی حیزبەکەیدا، ١٩٢٧ - وەرگێڕ) ویستی ناوی " تەرەقی پەروەر جمهوریەت فرقەسی" خراپ بکا، بەوەی بڵێ پێوەندیی بە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدەوە هەبووە، بەڵام بەهیچ جۆرێك هیچ بەڵگەیەکی پێ نەبوو ( بەرگی ٢ : ٣٨٢-٣٨٤ی وەگێڕاوی ئەڵمانی : Kemal Pascha, Die Nationale Revolution, Leipzig 1928 ) .

* تۆینبی (١٩٢٧) : ٥٠٨، پەراوێزی ٣ .

## ٧- بەشداریی کوردان

راستیەکی‌کە زۆر سەرنجی پیاو رادەکێشێ ئەوەیە کە زۆریەی ئەوکوردانەی بەشداریان کرد ،جەرگەی ئەوهێزەی گورج دوای راپەڕینەکەی پیران راپەڕی، کوردی زازایی شێوازی عەشیرەتە بچووکەکانی ناوچە شاخاویەکانی لیجە - هانی - چەبەقچوور بوون . ئەو عەشیرەتانە بوون کە شێخ سەعید (و شێخانی تری بەشدار) پترین دەسە-ڵاتی بەسەریاندا هەبوو . لە عەشیرەتەکانی تر، وادیارە هەر جبران و حەسەنان دەوری گرنگیان دیت . ئـەمانە مەڵبەندیان - بە ریز- لە کارلیۆڤا - ڤارتۆ - بولانیك و لە مەنازگردو دەوروبەری، ریکی ناوچەی زازایی شێواز . لە ناوچەی مەرکەزیی راپەڕینەکە بەدەر، لە سێوەرەك و پـوتورگەPötürge ( رۆژهەڵاتی مـەڵاتیە) و لە نزیکی چەمشکەزەك تەقینەوەی راپەڕینی لەخۆوە هەبوون . لەدوای ٢٠/ مارت دیسان چالاکی زۆر بوونەوە: ژمارە-یەك‌عەشیرەت (و لەوەندە پتری لێ نازانین) بەگوێرەی نەخشە ستراتیجیە ئەسڵیەکان یاخی بوون و بەوەمەڵبەندی راپەڕینەکەیان پترکرد* .

عەشیرەتە زازاکان، نزیکەی هەر هەموو بەشداربوون . مەلاحەسەن ( ی کە بۆخۆی لە یەکێك لەو عەشیرەتانەیە : زیرکان Zirkan ) دەڵێ : " وەك سەردەمی میلیشیا نەبوو کە ئەوسا هەرعەشیرەتەو بە ژمارەیەکی دیارکراوی پیاوی بەشداری حەملەیەك دەبوو، ئەم جارە هەموو پیاوێك هاتە دەرەوە بۆ شەڕ " .

با لێرەدا ئەوە بزانین کە لەم عەشیرەتانەدا، نزیکەی هەموو پیاوێك پارچەیەك زەویی تایبەتیی خۆی و چەند حەیوانێکی هەبووە . واتا لە رووی چینایەتیەوە لەوانەبوون کە سازبوونیان بۆ راپەڕینی دێهات هەرەهاسانە** . دووەم شت : ئاغاکان دەسەڵاتی ئابووریان بەسەر رەمەکیەکاندا نەبوو، و دەوڵەمەند-

---

* لە وتارێکی عیسمەت پاشا لە مەجلیسدا ( پەروەندەکانی... FO 371, 1925: E2195/1091/44 ) .

** ئەوە چەندجار گوتراوەتەوە کە راپەڕینی جووتیاران لە جووتیارانی هەرە هەژارو بێ‌زەویەوە هەڵنادا، بەڵام لە جووتیارانی ناوەندیەوە واتا ئەو خەڵکە جووتیارەی کە دەستیان لە زەویی خۆیان گیرەو بە خۆو خێزانەوە دەیکێڵن (وولف ( ١٩٦٩ب) : ٢٩١) . ئەمانە تاقە بەشێکی جووتیارانن کە بۆ پێداویستی درێژەپێدانی چالاکیی یاخی‌بوون پشتیوانەیەکی ناوخۆیان هەیە . بڕ- وولف ( ١٩٦٩ ئا) : چەند شوێن ؛ وولف ←

تریش نەبوون . کەواتە، کێشەی بەرژەوەندی جیاواز لەئارادا نەبوو تا لە مەسەلەی بەشداری کردندا بەقسەی ئاغاکانیان نەکەن . سێیەم شت : پیاوی ئەم عەشیرەتانە بە ئەوپەڕی دیندار و تەنانەت لە دیندا سەختگریش ناسرابوون (و ئێستاش وان ) . تەئسیری شێخان لێرەدا تەنانەت لە شوێنی تریش پتر بوو .

روون نیە ئایا جبران و حەسەنان ( کرمانجی شێواز )یش بە هەموویان بەشداربوون یان هەرتك عەشیرەت زۆر گەورە بوون و هیچیان یەك گەورەئاغایان بەسەرەوە نەبووە، هەریەکەو ژمارەیەك ئاغای هەبوون . یەکێك لە ئاغاکانی جبران : قاسم بەگ، دەڵێن خیانەتی بە شیخ سەعید کردووە کاتێ کە شێخ سەعید ویستوویە رابکا بچێتە ئێران، بەڵام هیچ دیار نیە کە بەشێکی تەواوی عەشیرەتەکە لە یاخی بوونەکە هەڵگەڕابنەوە . ئەوە جێ سەرنج رانەکێشان نیە کە هاوئاهەنگیی شەڕی ئەم عەشیرەتانە لەلایەن شێخ عەبدوڵڵا و شێخ عەلی رزاوە، بە راوێژکردن بە ئاغاوەتیعەشیرەتەکان بەئەنجام دراوە .

عەشیرەتەکانی تری کە لە سەرەتادا کاتێ ئازادی دواندبوونی باش هاتبوونە پێشەوە، زۆریان خۆیان لێ دوور گرت . چەندین لەوانە تەنانەت لێشی هەڵگەڕانەوە .

بە نموونە، کەسانێکی ناوچەی غەرزان پێیان گوتم ئەم ئاغایانە ئیمزایان کردبوو کە بەشداری راپەڕینەکە دەبن :

جەمیلێ چەتۆ ی پەن چناران ؛

ئەمین پەریخان ی رەمان ؛

ئەحمەدێ ئەسعەد Eshed ی رەش کۆتان ؛

محەمەدعەلی Mehmed Elî ی رەش کۆتان ؛

کاتێ راپەڕینەکە هەڵگیرسا، هەر ئاغاکانی رەش کۆتان سەلبیانە پشتگیریان کرد . هێزی خۆیان نەناردەکۆمەگی شێخ سەعید ،بەڵام شتێکیشیان نەکرد کە پێبەندیان بە حکومەتیئەنقەرە بسەلمێنن . کارمەندانی تورك ترسان و لە ناوچەکە رایانکرد . فەوجێکی لەشکری تورك لە دیاربەکرەوە ناردرا

---

← ( ١٩٦٩ ب) : ٢٩٠- ٢٩٣ ؛ عەلاوی (/ عەلەوی Alavi) (١٩٦٩) : ٢٤١- ٢٧٧ .

ناوچەی رەشکۆتان ئارام بکاتەوە، ئەو فەوجە تارومار کرا . عەشیرەتەکانی تر هەر دوورەپەرێز بوون ( یا لەوانەیە شەڕو هەرایەك لەنێوان رەمان و رەشکۆتاندا هەبووبێ، ئەوانەی قسەیان بۆدەکردم لە-یادیان نەبوو ئەوە کەی دەستی پێ کردبوو و، ئایا دوژمنایەتیەکی کۆنی خوێن لە نێوان هەردوو عەشیرەتداهەبوو یا نەبوو) . کاتێ هێزی هیمدادی تورك گەیشت، ئەمین پەریخان رەگەڵیانکەوت و وێکڕا هێرشیان کردە سەر ئاغاکانی رەش کۆتان . جەمیلێ چەتۆش بەدەم داوای تورکانەوە چوو و پەلاماری یاخیەکانی دا، دەڵێن رەگەڵ لەشکری تورکی جەبهەی دیاربەکر کەوتووە . ئەو یەکێك بوو لەو ئاغایانەی ساڵی ١٩١٦ لە دیاربەکر لەگەڵ مستەفاکەمالدا ببوونە دۆست . دیساهەر دوای شکاندنی راپەڕینەکە لەگەڵ رابەرانی یاخی بوونەکە کێشرایە مەحکەمەو لە سێدارەش درا* .

لە دەرەوەی ناوچەی مەرکەزی کە راپەڕینەکە سیفەتێکی جەماوەری هەبوو، هەڵوێستی عەشیرەتان بەرامبەر بە راپەڕینەکە، بە بەشداربوون - نەبوون یا تەنانەت بەگژداچوونیش، هەر لەسەر ئەو هەمان بنچینانە بوو کە بە سەدان ساڵ بنچینەی سیاسەتی عەشیرەتی و سیاسەتی بەرامبەر بە دەوڵەت بوون . بزووتنی رەمەکیان - سا بە ئاین بێت یا بە نەتەوایەتی - هیچ دەورێکی نەدیت شایانی باس بێت ، ئاغا بەگوێرەی ئەوەی بۆخۆیان بە باشیان بزانیایەو بەگوێرەی هەڵوێستی رەقیبەکانیان بڕیاریان دەدا رەگەڵ راپەڕینەکە بکەون یا لەدژی بن، رەمەکیش جوان و هاسان دوای ئاغاکان دەکەوتن . کاتێ بەختی یاخیەکان وەرگەڕا، و دیاربوو لە دۆڕان بوون، چەندین عەشیرەتی کە تا ئەوسا بێ لایەن مابوونەوە لەپڕ بەگژیاندا چوون .

بە قسەی فرات،( بەشێکی) " بەریتان" ی کۆچەر لەپێشدا رەگەڵ هێزەکانی شێخ شەریف کەوتن لە رێگای چوونە ئەلعەزیزیاندا، بەڵام دوایی کاتێ ئەم هێزانە دەبوو لەبەر هاتنی لەشکری تورك،بەرەو رۆژهەڵات بکشێنەوە، ئەم بەریتانە ( یا بەشێکی تری ئەم عەشیرەتە) هێرشیان بردە سەریان** .

---

* فرات (: ٢٢٨) دەڵێ گوایا جەمیلێ چەتۆ لە تەمووزی ١٩٢٥دا رەگەڵ ئاغاکانی مۆدکی،ساسوون،غەرزان دا بەشداری راپەڕینێك بووەو وێکڕا بۆسە( کەمین)یان بۆ لەشکری تورك ناوەتەوە . هیچ کەسێك لە سەرچاوەکانی ئاگاداریم ئاماژەی بەوە نەکرد . بەگوێرەی زنجیرە گوتارێکی رۆژنامەی " دونیا"ی تورکی دەربارەی راپەڕینە-کانی کوردی تورکیا، عەشیرەتی " رەمان" و " رەش کۆتان " ی دوژمنی یەکتر، پێکەوە لە ئابی ١٩٢٥دا لە هێرشدا بوون بۆ سەر لەشکری تورك ( دونیا ١٩٢٥/٥/٢٧) .

** فرات : ٢٠٧، ٢٠٨ .

حاڵەتیعەشیرەتی خۆرمەك و لۆلانی عەلەوی دیسا جیابوو . راستە، ئەوان دوژمنایەتیان لەگەڵ جیراندا هەبوو، بەڵام هەر بەهۆی ئەو دوژمنایەتیەوە نەبوو کە بەگژ راپەڕینەکەدا چوون . بیروباوەڕی سوننیەتی و دژی شیعە - یەتی بوو کە جیران هەمیشە بۆ جیاوازی نانەوەو چەوساندنەوەیان بەدەستیانەوە بوو . تورکیای مستەفاکەمال کۆمارێکی دنیایی بوو، جاری یەکەم بوو کە عەلەوی بە رەسمی لە مافدا یەکسان بوون و قانوون دەیپاراستن . کوردستانێکی سەربەخۆ لەژێر ئاڵای دەسەڵاتی شێخانی سوننیدا، دەکرا هەر بە زیانی ئەوان بێ (!!- وەرگێڕ) .

## کوردی ناعەشیرەت

دەشتی دیاربەکر، کوردی ناعەشیرەتی تێدا دەژیان ( و دەژین) ( وێڕای کەمێك مەسیحی و جوو) . زەویان بە ئیجارە وەبەرهەم دەهێنا، شەریکەیش یا وەرزێر بوون . زەوی، زۆرترمڵکی ئاغای شار(ی دیاربەکر)نشین بوو. ئەم جووتیارانەی کە بە رادەیەکی سامناك هەژاربوون، بەشداریی راپەڕینەکەیان نەکرد . وادیارە هەر پێشیان - نەگوتراوە کە بەشداربن،بەوە کە پیاوی عەشیرەتی بە سووکی دەڕوانێتە" رەعیەت" و بە پیاوی شەڕی دانانێ . عارف بەگ، کە باش شارەزای ئەو دەشتە بوو، پێی وابوو ئەو جووتیارانە، هەرئەوەندە ئەگەر ئاغاکانیان پێیان گوتبان، هەر هەموو رادەپەڕین، بەهەرحاڵ من لەوە بەگومانم . راپۆرتی تری هەمان سەردەم دەربارەی شوێنی تری وەك ئەوە لە کوردستاندا ( دەشتی مووسڵ، رۆژهەڵاتی ناوەندی کوردستان ) وا بە بیری پیاودا دێنن کە جووتیاری رەعیەت تەنانەت ئەگەرهەستێکی ناڕوونی نەتەوایەتیشیان هەبێت،هەر رق لە خاوەن زەوی پتریان دەبزوێنێ*. لە راستیشدا، لە راپەڕینی دواییسیکوردستاندا، کە لە راپەڕینی شێخ سەعیدبەرینتر بوو، جووتیاری ناعەشیرەت بە هیچ رادەیەکی گرنگ بەشداریان نەکرد( ؟!!- وەرگێڕ )، بەڵام چەندین جار لەدژی خاوەن زەویان راپەڕیون .

ئیتر ئەوەبوو جووتیارانی دەشتی دیاربەکر نە سەربەخۆیی ئابووریان هەبوو تا راپەڕین شتێك بێ بکرێ ببێ، نە ( رەنگە) بزوێنەرێك بۆ راپەڕین هەبووبێ . راپەڕینەکە لەدژی ئەوانە بوو کە دایاندەدۆشین ، بەڵام لە دژی حکومەتێك بوو کە بەڵێنی دابوو لەدەستی ئەوانە بدا( ؟!! - وەرگێڕ) .

---

* دەربارەی جووتیارانی رەعیەتی کوردستانی مەرکەزی و ناوچەی رەزاییە : نیکیتین (١٩٥٦): ١٩٦ .

دەربارەی ئەوانەی دەشتەکانی باکووری عیراق : ویلسن (١٩٣١) : ١١٢ .

## ئەعیانی شارستان

یەکەم کەسانێکی لەسەر نەتەوایەتیان دەکردەوەو پڕۆپاگەندەیان بۆ دەکرد، ئەعیانی شارستان بوون : خاوەن - زەوی(ی دێهات)ی شارنشین،کارمەندانی گەورەو، خاوەن پیشەی گرنگ . کەمالیەکانیش، بەهەرحاڵ،هێزیان زۆر هەر لە هەمان چین و توێژان بوو . نیسبەتێکی زۆری خەڵکی شارستانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ - بەتایبەتی ئەعیانەکانیان - تورك بوون یا ببوونە تورك، لەبەرئەوە زۆرتر وابوو کە کوردی نەتەوەیی کەمایەتی بوون . بەڵام دیاربەکر جیابوو . لە دوو ماڵە ئەعیانەکەی دیاربەکر : " Pirinççizade پیرینچچیزادە" لەگەڵ کەمالیەکاندا بوون (و وەزیفەی گەورەیان لەپاداشدا دراین)، و جەمیل پاشازادەکان ( تۆرەمەی جەمیل پاشا) بە نەتەوەیی بە - ناوبانگ بوون . یانەیەکی گەورەی کوردان لە شارەکەدا هەبوو ( کورد تەعالی جەمعیەتی ) کە باسی لە هەزار ئەندام دەکرد . بەڵام بەهەرحاڵ، وێ نـاچێ ئەمانە دەورێکی گرنگیان لە راپەرینەکەدا هەبووبێ . حەقەن هەوڵی ئەوەیان نـەداوە راپەرینێك لە شارەکەدا بە پشتگیری لە راپەرینە گەورەکە سازبدەن ( بەڵام ئەوە لەوانەشە خەتای ئەوە بووبێت کە هەندێ لە رابەرانی زوو گیراون) . بە قسەی بێگانەیەکی کە لەکاتی ئابڵۆقەدانی شاردا لەوێ (لە شارەکە) بووە، جەمیل پاشازادەکان پێشەکی بە راپەرینەکەیان زانیوە،بەڵام زۆر لەوە ترساون خۆ تووش - بکەن و بەراستی قەت خۆیان تێ وەرنەدا . گەورەترین پیاوی ماڵەکە : قاسم،لە ترسا، لە شوباتدا لە دیاربەکر رۆیشت و چووە ئەستەمبوڵ . ئەندامێکی تریان : محەمەد Mehmed، تەنانەت دەڵێن کە گوایا چەند شەڕکەر- ێکیشی لە دێیەکەی خۆی کۆکردووەتەوەو شەڕی بۆ تورکان کردووە*. ئەندامانی چالاکی یانە کوردیەکە، پێش ئەوەی بپەرژێنە سەر ئەوە کە کوردی خەڵکی شارەکە لەدژی حامیەکەی حکومەت رابەری بکەن، گیراون . لە مەحکەمەکاریی دوای راپەرینەکە چەندین لەوانە بەوە تاوانبارکران کە پیلانیان بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دانابوو** .

شارەکانی تر، رێکخراوێکی لەبابەتی ئەوەی دیاربەکریان تێدا نـەبوو . لەوانەیە ئەعیانی ئەلعەزیز، کە یاخیە-

---

* بیرخەرەوەی کارمەندێکی بانکی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە دیاربەکر، لە FO 371, 1925: E3340/1091/44 .

** گوتاری رۆژنامەی " وەقت Vakit " ی تورکی رۆژی ٤/٢٠ و ٥/٧ و ٥/١٤ ی ١٩٢٥، لە Les massacres Kurdes en Turquie دا وەرگێردراون . لە رابەرانی یانەی کوردی، دکتۆر فوئادو کەمال فەوزی بە مەرگ حوکم دران .

کانیان بە پارێزگارانی ئاین و خەلیفایەتیی ئیسلام داناون، لە سەرەتادا پێیان شادبووبن و رووی خۆشیان لێ- نابن، بەڵام بەردەوام بوونی راو رووتی دەستە بەرەڵاکان لە شار کارێکی‌کرد هەمان ئەعیان پەلاماریان بدەن و لە شاریان وەدەرنێن و دواتر لە راونانی یاخیەکانیاندا یارمەتیی لەشکری تورکیا بدەن .

## چینی خوارووی شارستان

لەکاتێکدا کە چینی‌ناوەندی زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵات، زۆربەی تورك بوو( کە ئێستاش‌هەروایە)، زۆرترین کارە نزمەکان ئەو کوردانە دەیانکرد کە لە دێهاتی دەوروبەرەوە روویان کردبووە شار . ئەمان - وەك لە لات و لەوار( لومپین پرۆلیتار) چاوەڕوان دەکرێ - رێکخستنیان نەبوو، بەڵام مەیلیان بەلای یاخیەکاندا پیشان دا . لە دیاریەکر، زۆرلەوکوردانەی چینی خواروو زازایی شێواز بوون، لەوعەشیرەتانە بوون کە لەیاخی بوونەکەدا بوون . ئەوان بوون کە لە شەڕێکدا یاخیەکانیان هێنایە شارەوە . ئەوانە بەهەرحاڵ دەستیان نەدا یاخی بوونێکی گشتی ( بە بێ رێکخستن و بە بێ چەك زۆر زەحمەتیش دەبوو) . بەهەمان شێوە،لە ئەلعەزیزیش کوردی چینی خوارووی شار تەنیا لە تاڵانکردنی شاردا رەگەڵ یاخیەکان کەوتن، لەوە ناکا بۆ شەڕیش رەگەڵیان کەوتبن .

## ٨- تەریقەتی نەقشبەندی و ڕاپەڕینەکە

لە چەندین شوێنی ئەم فەسڵەدا باسکرا که شێخان (ی نەقشبەندی) دەورێکی ئەوپەڕیگرنگیان لە ڕاپەڕینەکەدا هەبوو . لەبەر ئەوە ڕەنگە بەراوردکردنی دەوری ئەو شێخانە لەکوردستاندا بەو دەورەی کەتەریقەتی سەنووسیی بەرقەی لیبیا لە خەباتی بەدوەکان لە دژی ئیتالیادا هەیبوو روون کردنەوەیەك پێك بێنێ*. تەریقەتی سەنووسی بەرپرسی هاوئاهەنگکردنی چالاکیی عەشیرەتەکانی بەدو بوو . تەریقەتێکی بە مەرکەزیەت و پەیژەیی بوو . هەرعەشیرەتە یا هەر قەبیلەیە زاویەیەکی هەبوو،کە خەلیفەیەکی سەنووسیی لێ بوو . خەلیفە بەهۆی پیرۆزی و بڕشتی شەخسیەتێکی لە سەنووسی‌یەوە پێی دەبڕا، و بەهۆی ئەوەشەوە کە غەیرە بوو و لە هیچ عەشیرەتێکی تایبەتی نەبوو و بەوە لە هیچ کێشەو هەرایەکدا لەسەر لایەنێك نەدەژمێردرا، دەسەڵاتی دەسەلێندرا . ئەوەی ڕاستی بێ، زۆرعەشیرەت و قەبیلە داوایان لە سەنووسی دەکرد کە خەلیفەیەکیان بۆ بنێرێ . بەوە مەسەلەی ئیعتیبار بۆ عەشیرەتێك کە خەلیفەی تایبەتیخۆی هەبێ . کردنی ئەم هەیکەلە بە بەرکۆمەڵگای بەدوی عەشیرە- تیی کەرت - کەرتدا، ڕێی هاوئاهەنگیی بۆ کردەوەو، ئەو بەدوانەی کرد بە نەتەوەیەکی بەهێزو پێکەوەچەسپاو . بەبێ تەریقەتی سەنووسی، ڕەنگە لیبیایەکی سەربەخۆ نەبوایە .

تەریقەتی نەقشبەندی لەکوردستاندا، وەزعی تارادەیەك جیابوو . نەقشبەندی تەریقەتێکە هەر لە میسرەوە بگرە هەیە تا بە ئاسیای مەرکەزی و هیندستان دەگات ( مریدەکانیشی هەر وای دەبینن )، لەبەرئەوە سیفەتی نەتەوایەتیی لەوەی سەنووسیی کەمتر هەیە ( کە هەر لە بەرقەی لیبیا هەبوو) . جیاوازیی دووەم ئەوەبوو کە، تەریقەتی نەقشبەندی مەرکەزی نەبوو : نە هەموو تەریقەتەکەو نە بەشە کوردیەکەی، سەرۆکێکیان نەبووە (بڕ- شکڵی ل ٥٣- ج ) . ئەمە مانای ئەوە نیە بڵێیی پێوەندیی پەیژەیی تێدا نەبووە . هەندێ شێخ ڕێزیان لە هەندێکی تر پتر لێ دەنرێ و، دەکرێ بشیانەوێ هەندێ شێخی تر،کە خەلیفەیانن یا کوڕی خەلیفەی باوکیانن ( یا خەلیفەی خەلیفەی باوکیانن ... ئیدی) گوێڕایەڵیان بن . بەڵام بەهەرحاڵ، نەزمی تەریقەتەکە هەرتەنیا تا ئەندازەیەك پەیژەییە . بەوە کەیەکێك نیە بەهەموان بە سەرۆکیخۆیانی دابنێن،زۆرکێشەوهەرا لەنێوان شێخانی نەقشبەندیدا دەقەومێن، بەتایبەتی لەنێوان ئەوانەی نزیکی یەکتر دەژین و لە سەرهەمان مریدان ڕەقابەت -

---

* ئیڤانس پریچارد(١٩٤٩)، بەتایبەتی فەسڵی سێیەمی .

دەکەن .

ماڵە شێخانی نەقشبەندی کە دەسەڵاتیان لە کوردستانی باکووردا هەرەپتر دەڕۆیشت، ئەوانەی نوورشین (نێوان مووش و بتلیس، حەزرەتی نوورشین ( شێخ زیادین ) لە دەوروبەری ١٩٢٥دا زۆر بەناوبانگ بوو ) و خیزان ( تۆرەمەی غەوس،بڕ- پاشکۆی فەسڵی چوارەم : جەدوەلی ژمارە ٥) . حەزرەت هەمیشە خۆی لە سیاسەت دوور- گرتووە . یەکێك بووە لەو چەند شێخە کەمەی بەتەواوی خۆیان بۆ ژیانی رووحی تەرخانکردووە . لەدوا- دوای ١٩٢٤دا، دوای گرتنی رابەرانی " ئازادی" ، حاکمی بتلیس قسەی لەگەڵ " مەسوون"ی برازاو جێگرەوەیدا و لەگەڵ شێخ سەلاحەدینی خیزاندا کردو ،بەڵێنی لێ وەرگرتن کە کارێك لەدژی حکومەت نەکەن* . لە راستیشدا، ئەم شێخانەو ئەو عەشیرەتانەی کە ئەم شێخانە دەسەڵاتی راستەوخۆیان لەناودا هەبوون، خۆیان لە راپەڕینەکە دوور گرت . بەڵام خەلیفەکانیان، بەهەرحاڵ بەشێوەیەك بوو، پێیان وانەبوو کە دەبوو خۆ بە بەڵێنی شێخەکانیا- نەوە ببەستنەوە . یەکێك لە خەلیفەکانی حەزرەت ( باوکی شێخ محەمەدعیسا، لە عەشیرەتی جبران ) بەشداری راپەڕینەکە بوو، یەکی تر ( شێخ محەمەد سەلیمی هەزان، لە ئەرزەرۆم) بەشەڕ دژایەتیی راپەڕینەکەی کرد .

